


ڕۆژنامەنووسی ڕاپۆرتە خوێناوییەکان



# سۆرانی مامە حەمە

## ڕۆژنامەنووسی ڕاپۆرتە خوێناوییەکان

ئامادەکردنی: ماڵباتی شەهید سۆرانی مامە حەمە



# سۆرانی مامە حەمە


- ناوی کتێب: سۆرانی مامە حەمە
- ئامادەکردنی:ماڵباتی شەهید سۆرانی مامە حەمە
- دیزاین و کاری هونەری: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم
- چاپخانەی: کوردستان

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی(١٦٠٣)ی ساڵی(٢٠١٧) پێدراوە.

# ناوەرۆک


پێشەکی ........................................................................................ ١١

**پەنجەرەی یەکەم:**

سۆرانی مامە حەمە وەک ڕۆژنامەنووس ........................................... ١٩

**بەشی یەکەم: ژیانکردن تا شەهیدکردنی**

ژیاننامەی سۆرانی مامە حەمە ........................................................ ٢١

ئێوارەیەکی خوێناوی ٢٠٠٨/٧/٢١ ................................................... ٢٧

تراژیدیای ساتی شەهید بوون ......................................................... ٣٠

دوا ئارامگای سۆرانی مامە حەمە ..................................................... ٣٢

هۆکارە نادیارەکانی پشت تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە ................ ٣٣

یەکەم: ئەوڕاپۆرتەی بە خوێنی ڕیپۆرتەرەکەی نووسرایەوە ............... ٣٤

راپۆرتی سۆزانییەکان کەرکوک داگیردەکهن ......................................... ٣٥

دووەم: ئەو وتارەی کەمترین کەس باسی لێوە دەکەن ........................ ٤٠

وتاری خانمەکەی سەرۆک و خانمەکەی کلینتۆن ................................... ٤١

سێیەم: کارکردن لە راگەیاندنی سەربەخۆی ........................................ ٤٣

یەکەمین بهیاننامەی گۆڤاری لڤین ....................................................... ٤٤

هەوڵە نەزۆکەکان، یان هەوڵە لە باربراوەکان ...................................... ٤٦

کەس دەرگا ناکاتەوە ........................................................................ ٤٨

ماسکەکان خەنجەری دەبان نایانبڕێت ................................................ ٤٩

**بەشی دووهم: بەرهەمی رۆژنامەوانی**

چەند نمونەیەک لە وتارە ڕەخنەییەکانی شەهید سۆران ........................ ٥١

ئازادی وتن و یاسا (دروستکراوەکان)ی دەسەڵات ................................ ٥١

وەزیر زادەکان .................................................................................. ٥٣

ئاڵای من ئازادییە..؟ .................................... ٥٤
دۆنکیشۆتەکانی وڵاتی من..!! .................................... ٥٦
چۆن باوەڕ بکەین کەرکوک بەشێکە لە هەرێمی کوردستان؟ .............. ٥٧
باتیرۆریش بخەینەسەر سەدام.. .................................... ٦٠
کێ فریای وانەکانمان دەکەوێت؟ .................................... ٦١
دادوەرانی کورد و دادگایکردنی سەرانی بە عس.. .............. ٦٣
لەتەعریبی نەتەوەییەوە بۆ مەزهەبی.. .................................... ٦٥
ئایا لەداهاتوودا کەرکوک ئارامی بەخۆوە دەبینێت .............. ٦٦
شکستی بیرکردنەوەی"پارتی"لە بەرامبەر کێشەی کەرکوک.. .............. ٦٩
جاش، ناوێک هەمیشە ئامادە، هەمیشە رێک، هەمیشە لەفۆڕمی سەردەمدا.. ٧١
ئەنفال.. .................................... ٧٤
ئەی جاش نابەن بۆ شایەتیدان؟! .................................... ٧٦
کوشتنی عەبدولستار شەریف، واتە: کوشتنی رابردوو .. .............. ٧٨
ئاڵاکانتان داگرنو سەرتان بەرزکەنەوە .. .................................... ٨١
ببورە سەرۆک، بەداوای لێبوردنێک دەربازتان نابێت.. .............. ٨٣
گەنج و متمانەی کۆمەڵگە.. .................................... ٨٥
جەنابی موحافیز چۆن بفڕین؟ .................................... ٨٧
دەسەڵات دوو ستراتیژ و یەک ئامانج.. .................................... ٨٩
لەپەراوێزی وتارەکەی "شوان محەمەد"دا .................................... ٩٢
بەرەی تورکمانی: درەختی ناو ئینجانە.................................... ٩٥
ڕۆشنبیری حیزبی و "سیاسەتکار"ی نەخوێندەوار.................................... ٩٧
بێ ئاگایی سەرانی کورد و سنور شکاندنی تورکان .............. ٩٩

**نمونەی چەند راپۆرت و بەدوادچوونی رۆژنامەوانی شەهید سۆران**

کورد بەرەوحەویجە هەنگاودە نێت.. .................................... ١٠١
پیاوان چۆن دەڕواننە خۆسوتاندنی مێیینە؟! .................................... ١٠٨
تا هەشت مانگی دیکە چارەنووسی کەرکوک نادیارە .............. ١١٠
رەوشی ئەمنی و ژیان لە کەرکوک چۆن دەگوزەرێت؟ .............. ١١٥
بەجێماوەکانی دوای ئەنفال و ژیان لە ناحیەی شۆڕش .............. ١١٨
" ئێران وڵاتی تریاککێشەکان" .................................... ١٢٧

**بەشی سێیەم: سۆرانی مامە حەمەو هاوڕێیەتی**


نموونەی ئەو تێکستانەی بۆ شەهید سۆران نووسراوە .. .................. ١٣٥
چەند وێستگەیەک لە سەفەرێکی غەمگیندا (شێرکۆ بێکەس) ................ ١٣٧
بەشێک لە قەسیدەی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) (شێرکۆ بێکەس) ........ ١٣٨
تاوان .. (شێرکۆ بێکەس) ................................................................. ١٤٠
نامەیەک بۆ شەهید سۆران.. (لەتیف فاتیح فەرەج) ............................ ١٤٢
سۆران و تێبینییەک دەربارەی ڕۆژنامەگەری کوردی (بەختیار عەلی) ١٤٤
من لە دوورهوە خهمم لە پاڵ خەمتانایە (مەریوان وریا قانع) ............. ١٤٧

وتەی چەند هاوڕێیەکی شەهید سۆران ................................................ ١٥١
ئەحمەد میرە .................................................................................. ١٥٣
ئارام شوانی .................................................................................... ١٥٣
گەردەی مامە حەمە ....................................................................... ١٥٤
کارزان نەجم .................................................................................. ١٥٧
مەحمود نامۆ .................................................................................. ١٥٨
محەمەد تاهیر ................................................................................. ١٥٩
لەتیف فاتیح فەرهج ....................................................................... ١٦٠

ڕێزلێنان ......................................................................................... ١٦١
ڕێزلێنان لە دوای شەهید بوونی ....................................................... ١٦٣


**پەنجەرەی دووهەم: سۆرانی مامە حەمە وەک شاعیر**


سۆران، چامەیەکی تەواو نەکراو ....................................................... ١٦٧


**کتێبی یەکەم: وهرزی بێتاقەتی**


پێشەکییەکی سپی بۆ کۆمەڵە شیعرێکی سوور (لەتیف هەڵمەت) ......... ١٧٢
پەرستۆ.. ڕەنگی چوارەمی سروشت .................................................. ١٧٨
ماچە هەڵواسراوەکان ....................................................................... ١٨٤
ماڵئاوایی لە(ئاو) ............................................................................ ١٨٧

وەرزی بێتاقەتی ........................................................................ ١٨٩
مەرگ پێمڕادەبوێرێت!! ............................................................ ١٩٤
شەیتانو باڵی با ........................................................................ ١٩٦
پیاسەیەک لەگەڵ باوکمدا ........................................................ ٢٠٠
چاوەڕوانیی..یانی تەرمینالّی تەرم ............................................ ٢٠٣
دڵنیابن کچەکانی دونیا.. دڵنیابن شەیتانەکان ........................ ٢٠٦
بێسالّی ........................................................................................ ٢١١
تەرمەکەم.. نشینگەی مێروولە پیرەکانە ................................... ٢١٩
گریانی گیانەڵای گیا ................................................................ ٢٢٢
ئاو لەئیلحای تیشکدانەوەدا .. کرژ دەبێتەوە ڕەنگی ................. ٢٢٤
لێرە سێبەرەکانی مردنیش برسییە ............................................ ٢٢٦
بەشێک لە قەسیدەی کۆمەڵێک شەهید لێرەوە تێپەڕین ............... ٢٢٩
درێژترین شیعری دنیا .. ........................................................... ٢٣٣

**کتێبی دووهەم: بەغداد**

گوڵەبەڕۆژەی ئاونگ بەخوێنی هەتاو ......................................... ٢٣٥
نامەیەک لە قوربانییەکی تەقینەوەکەی٧/١٦ەوە ......................... ٢٣٧
شەمشەمەکوێرە ئێژێ: ............................................................... ٢٣٨
قاچاخچییەک بووم لەنێوان هەورو گۆڕستاندا زەندهقم چوو ..... ٢٤١
بهێڵە با سوپاست بکەم ............................................................ ٢٤٦
«قەڵب“ەکان ........................................................................... ٢٤٨
هەڵەبجە ناچێت بۆ بەغداد ........................................................ ٢٥٢
شقارتە ...................................................................................... ٢٥٥
دووانە ....................................................................................... ٢٥٥
شار ........................................................................................... ٢٥٥
کلیل .......................................................................................... ٢٥٦
ستیان.. ..................................................................................... ٢٥٦
وەرز. ........................................................................................ ٢٥٧
ڕاهێنان ...................................................................................... ٢٥٧
زیندان ....................................................................................... ٢٥٧

شـێو ........................................................................ ٢٥٨
قوماش ........................................................................ ٢٥٨
چ ........................................................................ ٢٥٨
تەریقبوونەوە ........................................................................ ٢٥٩
شـیعر ........................................................................ ٢٥٩
نارنجۆک ........................................................................ ٢٥٩
کوێرە با ........................................................................٢٦٠
هـامبـەرگر ........................................................................٢٦٠
تـە رازوو ........................................................................٢٦٠
گـەوجـی پـێو ........................................................................ ٢٦١
مردن هاتە لام ........................................................................ ٢٦١
هـەر بـەتـۆی دەبەخـشـم.. ........................................................................ ٢٦٢
مەسیح دەستەکانی دادەگرێت ........................................................................ ٢٦٣

**کتێبی سێهەم: فوو لە چرای وشە مەکەن**

بۆچی هاتووم؟ ........................................................................ ٢٦٧
جێ ماچ ........................................................................ ٢٦٧
«کۆڕش“، ڕۆیی.. سـەلامیشی نەکرد ........................................................................ ٢٦٨
لە دڵی پایزدا ........................................................................ ٢٧٣
ئاشوب ........................................................................ ٢٧٩
شەوێکی زستان........................................................................ ٢٨٣
دیەی سەفەرکردووم ........................................................................ ٢٨٤
تیرۆر ........................................................................ ٢٨٥
چۆنی ........................................................................ ٢٨٦
فوولە چرای وشە مەکەن ........................................................................ ٢٨٧
دیدار ........................................................................ ٢٨٧
رووتبوونەوە ... ........................................................................ ٢٨٨
وەک منداڵێک ........................................................................ ٢٩٠
زیندووم ئەو کاتەی عەشقی تۆ دەمکوژێت ........................................................................ ٢٩١
ئەوەی بەوتن ناچوێندرێت ........................................................................ ٢٩٢

هێشتا بۆنی سەگەکەم لێدێت ............................................................ ٢٩٣
چەند خۆشە بە تەنیا پیاسە بکەیت ........................................................ ٢٩٤
چرپەیەک ................................................................................... ٢٩٦
دایک ........................................................................................ ٢٩٨
بیرکەوتنەوەی شتەکان لە بێتاقەتیدا ....................................................... ٢٩٩

**وەرگێڕدراو بۆ زمانی عەرەبی**

القبل المعلقة .............................................................................. ٣٠٣
مثل الشوارع.. ............................................................................... ٣٠٥
"أطير نحو الجنون" ........................................................................ ٣٠٥

**کتێبی چوارهم: ئەڤیننامە**

نهێنی ون بوو، گەڕانەوە بۆ سەرەتای خۆم .................................... ٣٠٩
سوپاس بۆ ئەو فرمێسکانەی بۆت ڕشتم ...................................... ٢١٢
تۆ ناسکتری لەباڵی پەپولە، مەمبە بۆ دۆزەخ .................................. ٣١٥
لە پەراوێزی شیعرد ......................................................................... ٣١٧
ئەلبومی وێنەکانی شەهید سۆران .................................................. ٣١٩



# پێشەکی بێبڕانەوە

**سوارە نەجمەدین**

کاتێک، کە ئەرکی پیاچونەوە و ئامادەکردنی ئەم کتێبەی سۆرانمان پێسپێردرا، لە دڵەوە هەناسەیەکی سارد هەژاندمی، چونکە زۆر بە سادەی شریتێک لە یادگارییەکانی من و شەهید سۆران وەک فیلمێکی سینەمایی بەبیرەزامەندی خۆم، خۆی هاویشتە ناو سۆز و لاپەڕەکانی یادگاری من و سۆرانەوە.

ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەو کاتەدا ئازاری دابڕانێکی نەخوازراوی من و سۆرانی جارێکیتر نەک هەر نوێکردەوە، بگرە لە ناخەوە جارێکیتر بردمیەوە بۆ رۆژانی رابردوو و پیاچونەوە بەیادگاری و ژیانی منداڵی و لاوێتیمان، هاوکات رەنگە لەم دنیایەدا هیچ شتێک ئەوەندەی ئەوە دڵخۆشی نەبێت، کە زەمەنێکیتر لە رێگای نووسین و دنیابینیەکانی سۆرانەوە بەرێبخەم، من و هاوەڵانم لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە کاک ئارام شوانی و گەردە خان و سەرجەم ئەو دۆستانەی لەم کتێبەدا جێدەستیان هەیە، ئەوەی دەمانەوێت تەنیا دانەوەی نوتێک قەرزی سۆرانە لە سەر ئێمە و هاوڕێکانی و بەرز و پیرۆز راگرتنی پرسی ئازادی و قوربانیەکانی ئەو رێگایەیە.

سۆران خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی بوو، ئەو دەیویست سەرقافڵەی خەباتی ئازادی و دیموکراسی بێت لە جەنگەڵستانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و توندڕەودا، ئەو دەیویست زۆر بە هێمنانە و دور لە شکاندنی شکۆی جوانی مرۆڤدۆستی بە جەلادەکانی بڵێت ئێوە بە هەڵەدا چوون، من بەزەیم بە ئێوەدا دێتەوە، چونکە دەرئەنجام مێژوو خەڵکانێک دەباتە سەر بەرەی رێز و حورمەت و پیرۆزی و هەندێکی وەک ئێوەش دەخاتە زبڵدانی خۆیەوە.



کتێبی (سۆرانی مامە حەمە) بە تەنها سۆران مامە حەمە خاوەنێتی، پشتبەستن بە خوێندنەوەی خۆم بۆ گەردە خان و کاک ئارام ڕێگە بە خۆم دەدەم، ئەوە بڵێم: ئەوەی ئێمە بۆ سۆرانمان کردووە، کەمترین وەفایە بۆ ناسینی سۆران، یان بە دەربڕینێکی تر، سۆران زۆر لەمە شایستەترە و دەهێنێت زۆر لەمە زیاتر بۆی ماندوو ببین و شەرم بکەین باس لە ماندووبوونی خۆمان بکەین، هەر بۆیە کەسمان بەوە ڕازی نەبووین ناومان چ وەک ئامادەکار، چ وەک کۆکەرەوە، چ وەک پیاچوونەوە بخرێتە سەر کتێبەکە، لە ئاکامدا گەیشتین بەوەی ئامادەکردنەکەی وەکماڵباتی سۆرانی مامە حەمە بناسێنین.

ئەم کتێبە، بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشبووە، بەشێک بۆ دنیای ڕۆژنامەوانی شەهید سۆران و بەشێک بۆ بەرهەمە شیعرییەکانی، لە پرۆسەی کۆکردنەوە و ئامادەکردندا، بە پلەی یەکەم پشت بە کۆمپیوتەرەکەی شەهید سۆران بەستراوە، دواتر ژیانامەی شەهید سۆران لە زاری خانەوادە و هاوڕێکانییەوە، پیشاندنی کەیسی سۆران لەبەر ڕۆشنایی نۆ ساڵ هەوڵ و تەقەلای بێ ئاکام، لەگەڵ ئەو ئەرشیفی ڕۆژنامەگەرییەی پاش خۆی بۆی بەجێهێشتووین.

ئەو درافتەی بە دەست من گەیشت، نزیکەی ٣٢٠ لاپەڕەی (ئەی فۆر) بوو، دوای خوێندنەوەی یەکەم، تێگەیشتم ئەوە هەموو شتێک نییە، چۆن بۆ خۆم لە سەروبەندی شەهیدبوونی سۆرانەوە تاکو ئەم ساتە زیاتر لە بیست بابەتی جۆربەجۆرم لە ڕۆژنامەکان دەربارەی بڵاوکردووەتەوە، لێ لەو درافتەدا هیچیانم بەرچاو نەکەوت، ئەمەش ئەو ڕاستییەی ڕوونکردەوە، دەکرێت دەستمان بە سەدان و هەزاران نووسین و بەیاننامە و ئیدانەکردن و تێکست و بابەتی جۆربەجۆر نەگەیشتبێت، بۆیە پاش ڕاوێژمان ئەوەمان بە باش زانی تەنها چەند نمونەیەکی پەیوەندیدار بە کەیسی شەهیدبوونەکەی و پیشاندانی چەند لایەنێکی ژیانی سۆران و سەرجەم بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییەکانی لێرەدا بەیان بکەین، بە پێچەوانەوە ئەگەر تەواوی ئەو نووسراوانەمان کۆبکردایەتەوە، بە دڵنیاییەوە قەبارەی کتێبەکە زۆر نائاسایی گەورەدەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەم بوو هەموویمان بۆ کۆبکرایەتەوە.



**من و سۆران**

یادگەم هاوکاریم ناکات بیرم بکەویتەوە دوایین یەکتر بینینی نێوان من و سۆران کەی بوو، ئەگەر هەڵە نەبم، لەنێوان رۆژی گەڕانەوەی لە وڵاتی ئێران و ساتی شەهیدبوونیدابوو، ڕەنگە چەند ڕۆژێک بەر لە شەهیدبوونی بووبێت، لێ کاک ئارام چەند کاتژمێرێک بەر لە شەهیدبوونی و گەردەخان تا ساتی شەهیدبوون لەگەڵیدابوون، وردەکاری چیرۆکەکە لە درێژەی کتێبەکەدا بخوێنەرەوە، هەنییە لامخۆشە راگوزەرێکی خێرا بە یادەوەرییەکانم لەگەڵ شەهید سۆراندا بکەم.

پەیوەندی نێوان من و سۆران، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی فام کردنەوەمان، بۆ ئەو کاتەی ئیدی ناوی کەسەکان فێر دەبیت و دەیاناسیتەوە، لێ ئەو زەمەنە یەکانگیر بوو، لەگەڵ دەربەدەری و ئاوارەیی، لەگەڵ ناهەمواری و دەردیسەری، ئەو دەمە لە (کەرکوک)ڕا هەڵهاتین و هەرچۆن بوو خۆمان گەیاندە سلێمانی، چیرۆکی کۆڕەو و ئاوارەیی لێرە شوێنی نابێتەوە، لێ لە سلێمانی لە کوێ و چ گوزەرانێ!؟ ئەوەیان پەیوەندی بە پەیوەندی نێوان من و سۆرانەوە هەیە، پەیوەندی ئێمە بە تەنها ئامۆزایەتی نەبوو، بگرە لە منداڵییەوە هاوڕێبووین تا ساتی شەهیدبوون.

سەرەتای شوێن لەم چیرۆکەدا حامییەی سلێمانییە، ئەو سەربازگە تەندروستییەی ڕۆژانێک دەیان تراژیدیا و مەرگەساتی تیادا روویداوە، پارکی ئازادی ئێستا کە بە پەیکەری ماچ و باخچەی قەشەنگ و فوارەی سەرنجراکێش سیمایەکی قەشەنگی بە سلێمانی بەخشیوە، ڕۆژانێک پاشماوەی نەخۆشخانەی سەربازی و بنکەی سەربازی ڕژێمی بەعس بوو، کاتێک لە کەرکوکەوە ئاوارەبووین، ماڵی ئێمە چەند ژوورێکمان لەو بینایەی دواتر بوو بە ڕێستۆرانتی ڕێڤان و ماڵی مامە حەمەش، چەند ژوورێکیان لەو بینایەی ئێستا بینای پارک تاوەری لەسەر بونیاد نراوە کەمێک رێکخستەوە و بە وشکە کەڵەک و دیواری قوڕ و سەرەتا پەنجەرەکانمان بە نایلۆن و دەرگای حەوشەمان بە تەنەکەی ڕۆن چێکرد، بەشی ئەوەی تیا بگوزەرێین، ئەو کات من تەمەنم پێنج و سۆران شەش ساڵان بوو، دوو منداڵی هاوڕێ بێ ئاگا لەوەی خزم و کەسی یەکین.



چیرۆکە بێشومارەکانی حامییەی سلێمانی زۆر لەوە درێژتر دەبێتەوە لێرەدا بنووسرێتەوە، ئەوەندە هەیە لەگەڵ سۆران لە نێو ماڵە ئاوارەکانی وەک خۆمان، ڕۆژانێک وێڕای بەسەربردنی منداڵی و یاریکردن بە پاشماوەی زیل و چەک و تەقەمەنی سەربازی و موغەزی و کەرەستەی پزیشکی نەخۆشخانەی سەربازگە کۆنەکە، هەر لە دەوروبەری شەش بۆ حەوت ساڵان، لەگەڵ سۆران دەستمان بە کەسابەتی دەستگێڕی کرد، کەسابەتی چی! بەشی ئەوەی تا ئێوارە خۆمان بخافڵێنین، ئەگەر نا کالیار فرۆشتن بە ترش و خوێیەوە، تەبەدۆرێک چلورە تا ئێوارە بتوێتەوە، یان لولە گوڵەبەرۆژە بەو مەرجەی ماڵی خۆمان لێمان بکڕن، دەبێت چی بۆ خێزانەکەمان دەستەبەر کردبێت، جگە لەوەی بونیادنانی بۆ خۆمان بەدیهێنا.

**وەکو (هەردی)، شریتی عومری ڕابردووم دێتە پێش چاو**

ئەو ڕۆژەی فەرمان مامە حەمە پەیوەندی پێوە کردم، بە مەبەستی ئامادە کردنی ئەم کتێبە، وەک هەردی شریتی عومری رابردوو هاتەوە پێش چاوم، هەر لەو نەهامەتیانەی منداڵییەوە بۆ کارکردن لە گوزەری خێمە فرۆشەکانی دارەسوتاوەکە، لەو بازاڕەدا لەگەڵ سۆران لە ناو تەپوتۆزی کۆنە فرۆشییەوە بۆ خوێندنەوە و نووسین هەنگاومان ناو دەستمان بە کاری ڕۆژنامەوانی کرد، بە جۆرێک لە ماوەیەکی کەمدا هەر یەکەمان لە هەفتانەمەیەک گەیشتین بە لێپرسراوی بەش، ئەم مێژووەی بەندە لێرەدا بە چەند دێڕێک باسی دەکەم، دەخوازێت بە کتێبێک بنووسرێتەوە، کتێبێک هەوراز و نشێوەکانی تیادا پیشان بدرێت، ئەم راگوزەرە خێرایەم بۆیە باس کرد، تاکو ئاماژە بەوە بکەم سۆران بە سانایی نەبوو بە سۆران، سۆران و بنەماڵەکەمان بە گشتیی قوربانی دەستی دەسەڵاتە یەک بە دوای یەکەکانی عێراق بووین، لە هەر ڕەشبگیریەکی دەسەڵاتی بەعسدا یەکێکی ئێمەی تیادا بووە، لە هەر چالاکییەکی شۆڕشدا چەندین پیر و لاوی ئێمە بوون بە قوربانی و تۆماری شەهیدەکانمان زۆر لە قەبارەی خۆشمان گەورەتر بووە، ئێمە خەونمان بە لە ناوبردنی دەسەڵاتە دیکاتۆرەکانەوە دەبینی، بەڵام چاوەڕوانی ئەو ڕاستییە نەبووین دەسەڵاتە دیموکراتە کوردییەکەی لەمەڕ



خۆمان بەم شێوەیە لە ناومان بەرێت! دەمانویست دەسەڵاتێکی کوردی حوکممان بکات، هیچ نەبێت نامانکوژێت، بەڵام شەهید کردنی سۆران لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردیدا، بە داخەوە تەواوی ئەو باوەڕ و خەونەی سەروقوچ کردەوە، پێیوتین ئەو خەون و بڕوایەمان زۆر هەڵە بووە .. بە داخەوە ڕاستییە تاڵەکەمان بینی و خوێنی گەشی سۆران ڕژا.

**تەور بەدەستەکان**

هەرگیز تەور لە ژێر ستەمی داربڕدا نەینالاندووە، هەمیشە داربڕ لە دەست سەختی دار نالاندوویەتی .. (وەدیع سەعادە) وتەنی تەور بەدەستەکان، کاتێک دەکەونە وێزەی درەختە سەوزەکان، لایان وایە کۆتایی بە سێبەری درەختێک دەهێنن، بێ ئاگان لەوەی ئەو درەختەی ڕەگی بە خاکدا ڕۆچووبێت نەک تەور هیچ هێزێک لە عۆدەی نایات، کاتێک تەوربەدەستەکان کەوتنە ناوقەدی شەهید سۆرانی مامە حەمە، خەونی لەناوبردنی سێبەر و سەوزاییان دەبینی، کەچی ئەمڕۆ سۆران لە هەموو کوچە و کۆلانێک چرۆ دەکات، ئەمڕۆ هەموو بستێکی ئەم نیشتیمانە سیمای سۆرانی مامە حەمەیە، وەکو شێرکۆ بێکەس دەبێژێت:

لەبێشەلانی زەماندا ڕۆژ ون ئەبێ
مانگ ون ئەبێت، ساڵ ون ئەبێت
هەموو تەوەرەکان ون ئەبن..
بیرئەچنەوە
بەڵام ئەوەی لەناو دڵی ئەم خەڵکەدا
جێنیشتەیە و جێ چۆڵ ناکا بۆ هیچ شتێ و
قەت ون نابێ
((مانگ))ی سەری ئەرخەوانی ..
سۆرانی مامە حەمەیە!

تەور بە دەستەکان بۆ کوێ دەچن! ئێوە جەستەی سۆرانتان شەهید کرد، لێ زۆر دڵنیام سیمای سۆران هەموو ڕۆژێک میوانیماڵی خەجاڵەتیتانە، کابووسی خەونەکانتانە و لەسەر سفرە و لە ناو نوێن و لە بەردەم ئاوێنەشدا،



وێنەی گەشی سۆران هەیە، من نازانم ئێوە کێن و ئێوە چۆنن و چ کارەن و لە کام توخمی مرۆڤ کوژن، وەلێ لەوە دڵنیام هەرگیز سیمای دوا ساتی سۆران لە زەینتانا ون نابێت و بۆ هەمیشە تانەی چاو و گرێی دڵتانە، کە دەشمرن لە ناو گۆڕا سۆران ڕێنویتانە.

ئێوە کە بە هەزار ماسک رووخسارتان پۆشیوە، ئێوە کە هەزار پەردە و دەیان دیواریان بۆ هەڵچنیون، سەدان هەوڵی دیکەش بدەن، هێشتا عەزابی سۆران لە بەرۆکتان نابێتەوە، ئێوەی درابڕ هەمیشە لە ژێر ستەمی بڕینەوەی درەختدان، دڵنیام بۆ هەمیشە عەزابی سەختی ناوقەدی سۆران دەچێژن، هەمیشە بەو داخەوە ئەتلێنەوە کە نەتانتوانی سۆران لە ناو بەرن، نەتانتوانی سێبەری ئەو درەختە لەسەر هەقیقەت لابەرن، نەتانتوانی بۆ چرکەیەک ناوی سۆران بسڕنەوە، گەرووی چاوبرسی ئێوە لەوە تەنگترە سۆران قوت بدات، ئێوە ویستان سۆران لە ناو بەرن و لە پێش چاوتان نەمێنێت، کەچی ئێستا زۆر لە جاران زیاتر لە پێش چاو و لە بەربینتانیە و لە دڵی هەمووماندایە.

زۆر دڵنیام کاتێک ئەم کتێبە دێتە پێش چاوتان، نازانم گەر خوێندەواریتان هەبێت و بە دیارییەوە فرمێسکی خەجاڵەتی بڕێژن یان نا، گەر هەستی بکوژێکی ڕاستەقینەتان هەبێت، لەوە دڵنیا ئەبم جارێکی تر زیاتر بۆتان ڕوون دەبێتەوە ئەوە سۆران نەبوو شەهیدتان کرد، ئەوە خودی خۆتان بوو کوشتان، کاتێک ئەم کتێبە دەبینن جارێکی تر بچنەوە بەردەم ئاوێنەکە و لە سیمای ڕەشی خۆتان بڕوانن، لە خۆتان بپرسن ئەوە سۆران بوو خوێنیتان ڕژان یان مرۆڤبوونی خۆتان.

ئەگەر چی لەوە دڵنیام بکوژان جگە لە فەرمانبەرێکی ئاسایی هیچی تر نین، سۆران زۆر لەوە مەزنترە بخرێتە بەرانبەر چەند بکوژێکی ناچیز و زەلیل، ڕەنگە ئەو بکوژانە ئێستا لە لایەن خۆیانەوە لە ناوبرابێتن، ئەوان مەقاشی دەستی ترسنۆکەکانن، زۆر لەوە دڵنیام ئەگەر تا ئەم ساتەش نەکوژرابێتنەوە، بە دڵنیاییەوە ئاکامیان هەر کوشتنە لە لایەن خودی بەرپرسەکانیانەوە، ئەوەی بەو کارە هەستاوە دەزگایەکی تیرۆرستی گەورەیە، دەزگایەک کاری لە ناوبردنی ئومێدە و بۆ ئەوە دروستکراوە



بەربەرەکانێی هۆشیاری و ڕۆشنایی بکات، بۆیە یەکەمین کاریان ڕەنگە هەر ئەوە بێت مرۆڤ بوون لە ئەندامەکانیان دابماڵن و نەهێڵن هۆشیاری بێتە بەربینیان، هەر ئەم خەسڵەتەشیانە بووە بە هۆکاری ئەوەی نەزانن بەو کارەیان سۆرانیان نەکوژاندەوە، بەڵکو هەزاران سۆرانیان لە خۆیان ڕاستکردەوە، ئەوان کۆتاییان بە سۆران نەهێنا، سۆران پێشەکی شۆڕشی ڕۆشنایی بوو، سۆران پێشەکی بێ بڕانەوەیە، هەمیشە بەردەوام دەبێت و هەمیشە وەک ڕەمزی بوێری و ڕۆشنکردنەوەی تاریکییەکان دەمێنێتەوە.

**داوای لێبوردن لە سۆران و هاوڕێکانی دەکەین**

لە دوا بەشی ئەم پێشەکییە کورتەدا بە پێویستی دەزانین، بەر لە هەر کەس داوای لێبوردن لە سۆران بکەین، ئەگەر وەک پێویست مافمان نەدابێت بە بەرهەمەکانی و نەمانتوانیبێت تێکڕایان کۆبکەینەوە، دوای لێبوردن لەو هاوڕێ و دۆستانە دەکەین یادگەمان نەیانی دۆزیوەتەوە تاکو پەیوەندیان پێوە بکەین و بەرهەمەکە بە بڕشتر بکەین، لەوە دڵنیاین دەیان بابەتی پەنهانی دیکە هەیە، هێشتا ئێمە پەیمان پێنەبردووە و بە دڵنیاییەوە شایەنی پێزانین و سوپاسن، هەر دۆست و هاورێیەک گەر لەسەرو پەڕەکانی ئەم کتێبەوە ڕاستیەک یان یادەوەرییەکی لایە، یاخود تێکیستێک، دەتوانێت بیگەیەنێتە یەکێک لە وێستگەکانمان تاکو لە چاپی داهاتوودا یاخود لە بەرهەمێکی دیکەدا بەیانی بکەین. کتێبی سۆران مامە حەمە بەم چاپە تەواو نابێت و بەردەوامە، هەر چۆن سۆران هەمیشە ئامادەگی هەیە، بە هەمان شێوە کتێبەکەش بە کراوەیی دەمێنێتەوە.



# پەنجەرەی یەکەم:
# سۆرانی مامە حەمە وەکو ڕۆژنامەنووس:

لەم پەنجەرەیەوە ئەڕوانینە ژیانی ڕۆژنامەگەری شەهید سۆران و گوزەرێکی خێرا بە ناو بەرهەم و کارە ڕۆژنامەوانییەکانیدا دەکەین، لە دەستپێکەوە تا شەهیدبوونی.



# بەشی یەکەم:
# ژیاننامەی (سۆرانی مامە حەمە)

سۆران محەمەد عەزیز محیّدین، ناسراو بە سۆرانی مامە حەمە، لە ١٩٨٦/٣/٣ لە گەڕەکی (لەتیفئاوا/شۆریجە)ی کەرکوک لەدایکبووە، بەڵام خۆی سەبارەت بە رۆژی لەدایکبوونی دەڵێت:" بەرواری تەمەنەکەم لەسەر پێناسەکەم پێدەچێت دروست نەبێت،چونکە دەگێڕنەوە ئەوڕۆژەی منی تێدا لەدایکبووم، هاوکات ساڵڕۆژی لە دایکبوونی سەدام حسێن بووە"، بەو پێیەی ئەو کات لە میدیاکانەوە بە رۆژی لە دایکبوونی "سەرۆک" وەک بۆنەیەکی گەورە پیشان دەدرا.

سۆران لەبنەماڵەی (جەباری)یەو خەڵکی گوندی (مۆردانە)ی ناوچەی جەباری سەر بە قادرکەرەمە، خێزانەکەی لەساڵی ١٩٨٤دا بەهۆی راوەدوونانی رژێمی بەعسەوە لەگوندی مۆردانەوە روویان کردووەتە شاری کەرکوک.

سۆران دەڵێت: ئێمە دوو بنە بووین، واتە ماڵێکمان لە شاربووە و ماڵێکیشمان لە گوند (مۆردانە)، من لە ماڵێکی تەنگەبەرو رووخاو و بێتامی گەڕەکێک بەناوی (لەتیفئاوا) لەدایکبوومە، کە بەشێکە لە گەڕەکی شۆریجە، خانووەکەمان زۆر کۆن و بچووک دەهاتە پێش چاو، بەهۆی بچووکی ئەو



شوێنە و بەرزی دیوارەکانییەوە هەمیشە لەوماڵەدا هەستم بە تارماییەک دەکردا! ئێستاش کە دەچمە ئەوماڵە، هەمان هەستم بۆ درووست دەبێت.

باوکی سۆران، محەمەد عەزیز، ناسراو بە مامە حەمەی مۆردانە، کەسایەتییەکی ناسراوی جەبارییەو رۆڵی دیاری هەبووە لە کاروبار و پرس و راکانی ناو بنەماڵە، لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایکبووە و لە ٢٠٠٣/٨/٩ لە شاری موسڵ لە کاتی سەردانی بۆ مەزاری نەبی یونس بە نەخۆشی شێرپەنجە، کۆچی دوایی کردووەولە گۆڕستانی شێخ سەعید لە چەمچەماڵ نێژراوە.

دایکی سۆران، شازادە حسێن محەمەد، لە ١٩٤٢/٧/١ لە دایکبووەو تا ئێستا لە ژیاندایە، یەکێکە لەو خانمانەی دەکرێت بە نمونەی خۆڕاگری و کۆڵنەدان بناسێنرێت، شازادە خانم، دایکی سێ شەهیدە و بە درێژای تەمەنی قوربانی دەستی راگواستن و دەربەدەری بووە، بەو پێیەی سێ جار جەرگی سوتاوە و چەندەها جار ماڵوێرانی و دەربەدەری دیوە، دەکرێت بە شازادەی خەمەکان بناسرێت.

جگە لە شەهید سۆران، مامە حەمەو شازادە خان، خاوەنی چوار کوڕ و چوار کچی دیکەن، سۆران، بچوکترین ئەندامی خێزانەکە بوو.

لە کۆڕەوە گەورەکەی ١٩٩١دا، خێزانەکەیان ئاوارەی سلێمانی دەبێت، لەگەڵ چەندین خێزانی کەرکوکی دیکە لە ناو سەربازگەی (حامییە) نیشتەجێ دەبن، ئەو سەربازگەیەی رۆژانێک شوێنی ئەشکەنجەدان و کارە قێزەوەنەکانی دەسەڵاتی رووخاوی پێشووی عێراق بوو، دواتر بوو بە شوێنی مانەوەی ئاوارەکان و لە ئێستاشدا یەکێکە لە سیما جوانەکانی سلێمانی و پارکی ئازادی لەسەر بونیاد نراوە.

سۆران، لە باسی نەهامەتی خێزانەکەیاندا دەڵێت:" ژیانی ئێمە پێش لە دایکبوونی منیش، کەشێکی نا ئارام و پڕ لە تراژیدیای هەبووە، بەهۆی ئەوەی خانەوادەکەمان لە شۆڕشەکانی کورددا بەشدار بوون، بەردەوام تووشی شەڕ و گرتن و کوشتن بوونەتەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە خێزانەکەمان راهاتووە لە هەر شوێنێک بن سەربەرز بژین، منیش پەروەردەی ناو ئەو خێزانەم، لەم سەردەمەشدا ئەوەی بییەوێت بە سەربەرزی بژی، باوەڕناکەم ژیانێکی خۆشی هەبێت".



سۆران، منداڵێکی خوێنشیرین و جوان بووە، هەمیشە لە لای دەرودراوسێ نازی دراوەتێ و گەمەیان لەگەڵدا کردووە، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە رووبەڕووی (مەکە، ئاقڵبە، بۆ خۆت ببە بە پیاو، چەندین دەستەواژەی تر) بووەتەوە، بۆیە لەسەرەتاوە کەسایەتییەکی کەمدوو و دابڕاوی لێ دروستبووە و دەوترێت بەو منداڵییە وەک پیاوی گەورە مامەڵەی کردووە.

لە بەرئەنجامی ئەو نەهامەتیانەی پێیدا تێپەڕیوە و دۆخی خێزانەکەیان، سۆران دەڵێت:" لەناو کۆمەڵێکدام کە کۆمەڵێکی خەمۆکە، لەناو بنەماڵەیەکدا درووستبووم،لەناو ئازاردا گەورە بووم، ئەوانەی دەینووسم و ئەوانەشی دەیخوێنمەوە، دەچمە هەر شوێنێکیش هەر ئازار و خەم و خەفەتە".

لە سلێمانی دەچێتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی لە خوێندنگەی (حەمدی تێکەڵاو) تەواو دەکات و دواتر بۆ ناوەندی سەرەتا دەچێتە ناوەندی (وەتەن)ی کوڕان و دواتر ناوەندی (شۆڕش)ی کوڕان و ناوەندی (بەکرەجۆ) ی کوڕان، دوای رووخانی دەسەڵاتی بەعس، بە خێزانەوە دەگەڕێنەوە شاری کەرکوک و لە ناوەندی (سەرکارێز) درێژە بە خوێندن دەدات، هەر لە شاری کەرکوک دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی (بیستن و بینین)، تا ئەو ساتەی شەهید بوو خوێندکاری ئەو پەیمانگایە بوو.

شەهید سۆران، هاوشانی خوێندن هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی کار و کەسابەت بووە، سەرەتا بە دەستگێڕی و دواتر لە مەزادخانەی سلێمانی هاوکاری باوک و براکانی بووە، لە دوای گەڕانەوەشیان بۆ کەرکوک، لە بازاڕی شۆڕیجە پەڕاوگەیەکی داناوە و کاری تیادا کردووە.

سۆران جیاواز لە ئەندامانی تری خێزانەکەی، لەگەڵ ئەوەی دەستبەرداری خوێندنەکەی نەبووە، هاوکات پێی لە کار و کەسابەت نەبڕیووە، خولیای خوێندنەوە و نووسین بووە، لەو کتێبخانە خنجیلانەیەی بونیادی نابوو، کتێبەکانی (رۆمان، شیعر، چیرۆک، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئاینی ..هتد) دەبینرێت.

ئەزموونی نووسین لای سۆرانی مامە حەمە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩، بەڵام چوار ساڵ دواتر نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە، یەکەمین کاری



له بواری ڕۆژنامەگەریدا له ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) له بەرواری ٢٠٠٣/٨/٢٣دا به ناوی تەنیا جەباری بڵاودەبێتەوە، به ناونیشانی (خولی پیشەیی ڕێکخراویUNOPS)، هەر لەو ساڵەدا باوکی وەفات دەکات و له گۆڕستانی (شێخ سەعید) له چەمچەماڵ به خاک دەسپێردرێت، کاتێک دەبینێت گۆڕستانەکه هیچ پەرژینێکی نییەو ئاژەڵ به ناو گۆڕەکاندا دەسوڕێنەوە، یەکەمین وتاری دەنووسێت به ناونیشانی (پەرژینکردنی گۆڕستانی شێخ سەعیدی خێرخوازان)و ڕووی دەمی له بەرپرسانی ئەو ناوچەیه دەکات، تاکو پەرژین بۆ گۆڕستانەکه دروست بکەن.

دوای گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک، به خۆبەخش وەکو پەیامنێر کاربۆڕۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ) دەکات، که زمانحاڵی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی پارێزگای کەرکوک بوو، هاوکات له تەلەفزیۆنی (العراقیه)پەخشی کەرکوک وەک پەیامنێر کاردەکات، له هەمان کاتدا پەیامنێری کەرکوکی هەفته نامەی (کوردش گلۆپ) بووە، له هەولێر به زمانی ئینگلیزی بڵاو دەکرایەوە.

له ٢٠٠٦/٣/١ لەگەڵ سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت)دا، دەبێت به پەیامنێری ئەو ڕۆژنامەیه له کەرکوک، دواتر دەبێته به بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی ڕۆژنامەکه.

له ژماره (١١) تاکو ژماره (٢١) له ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ستوونێکی هەبووه بەناوی (نیشتیمانی بێ ئارایشت).

هەروەها بەرپرسی ڕاگەیاندنی (ناوەندی چاک) بووه له کەرکوک.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (نووگرەسەلمان) بووه له شاری کەرکوک.

هەر له ساڵی ٢٠٠٦دا له ڕێگەی هاوڕێیەکییەوه پەیوەندی لەگەڵ گۆڤاری لڤین دروست دەکات و له هەمان ساڵدا یەکەمین دیداری ڕۆژنامەوانی بۆ گۆڤاری لڤین لەگەڵ (نوری تاڵەبانی) سەبارەت به بارودۆخی پەرلەمان ئەنجام دەدات و له ژماره (٣٧) ئەو گۆڤارەدا بڵاو دەبێتەوە، له ژماره ٤٢ گۆڤارەکەوه به فەرمی دەبێت به بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی گۆڤاری لڤین، تا ساتی شەهیدبوونی بەردەوام دەبێت و دوا کاری له گۆڤاری (لڤین)



دا له‌ ژماره‌ (٦٩ حوزه‌یرانی ٢٠٠٨) بڵاوبووه‌ته‌وه‌ به‌ناوی (سۆزانییه‌كان كه‌ركوك داگیر ده‌كه‌ن).

هاوكات له‌ ڕۆژنامه‌كانی (ڕۆژنامه‌، ئاسۆ، هه‌واڵ، چه‌مچه‌ماڵ، كه‌ركوكی ئه‌مڕۆ و .. هتد) گۆڤاری (بانه‌ڕۆژ) و سایته‌كانی (ماڵێك له‌ ئاسمان، ده‌نگه‌كان، كوردستانپۆست، ئارامی و .. هتد،) نووسینی بڵاوكردووه‌ته‌وه‌.

شانۆ، یه‌كێكی تر بووه‌، له‌ خولیاكانی شه‌هید سۆران، ساڵی ٢٠٠٥ له‌ كه‌ركوك په‌یوه‌ندی به‌ تیپی شانۆیی(هه‌نگاوی نوێ)ه‌وه‌ ده‌كات و هه‌مان ساڵ به‌ بۆنه‌ی یادی ١٧ ساڵه‌ی كاره‌ساتی (ئه‌نفال)ه‌وه‌ شانۆی (دێین و ده‌چین) له‌ زانكۆی سلێمانی پێشكه‌ش ده‌كه‌ن.

له‌گه‌ڵ ڕێكخراوی هاموون، له‌ پارێزگای هه‌ڵه‌بجه‌ بۆ یادی كاره‌ساتی كیمیا باران شانۆگه‌رییه‌ك پێشكه‌ش ده‌كه‌ن، یه‌كێك له‌و دیالۆگانه‌ی كه‌ خۆی زۆر لای خۆشه‌ویست بووه‌، له‌و شانۆییه‌دا ئه‌م دیالۆگه‌ی خواره‌وه‌یه‌:

(ئه‌ها!! ئه‌وه‌ سه‌رپۆشه‌كه‌ی سه‌ری دایكمه‌ كه‌ چه‌ندین جار منی پێ داپۆشیوه‌..

ئه‌ها.. ئه‌وه‌ بێڵه‌كه‌ی ده‌ستی باوكمه‌، كه‌ چه‌ندین جار ئه‌م خاكه‌ی پێ كێڵاوه‌..

به‌ڵێ...

ئه‌وه‌ كراسه‌كه‌ی به‌ری كاكمه‌،ئه‌ها چۆن زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕاوه‌! ڕه‌نگی ماته‌می پۆشیوه‌..

ئاخ هه‌ڵه‌بجه‌كه‌م..ئاخ.. ئاخ ..)

جگه‌ له‌ ڕۆژنامه‌گه‌ریی و شیعر و شانۆ، ئاره‌زووی زۆری بۆ وه‌رزش هه‌بووه‌ و له‌ ساڵی (٢٠٠٠)ه‌وه‌ له‌ خوله‌ میللییه‌كاندا به‌شداری یاری تۆپی پێی كردووه‌ و بۆ تیپه‌كانی (دواڕۆژ له‌ به‌كره‌جۆ، ئه‌ستێره‌ی ئازادی، قه‌ڵای كه‌ركوك) یاری كردووه‌، لێ له‌ ساڵی ٢٠٠٣دا به‌هۆی ناوبژیوانی كردنی دووكه‌سه‌وه‌ كه‌ سۆران نایه‌وێت شه‌ڕه‌كه‌یان ته‌شه‌نه‌ بسێنێت، ده‌كه‌وێته‌ نێوانیانه‌وه‌، به‌ڵام كێشه‌كه‌ گه‌وره‌ ئه‌بێت و ته‌قه‌ی تێده‌كه‌وێت، له‌و نێوه‌نده‌شدا چه‌ند گوله‌یه‌ك به‌ر قاچ و ڕانی سۆران ده‌كه‌وێت و به‌ سه‌ختی



بریندار دەبێت، چەند نەشتەرگەرییەکی لە سلێمانی و بەغداد بۆ ئەنجام دەدرێت و بۆ ماوەی شەش مانگ لەسەر جێگە دەبێت، پاشان هەوڵی دووبارە گەڕاندنەوە بۆیاری کردن دەدات، بەڵام بەهۆی ئەو قاچ شکانەیەوە توانای یاریکردنی نابێت و بە ناچاری واز لەیاریکردن دەهێنێت.

ئەم ڕووداوە بەسەر سۆرانێکدا هات، کە هەمیشە بێدەنگ و لەسەرخۆ و ئارام بوو، هەمیشە حەزی لە ئارامی کردووە، ئەوەی لە دوورە دیبێتی وایزانیوە بێدەنگێکەی خۆبەزلزانینە، کاتێک لە نزیکەوە ناسیبێتی و لە کەسایەتییە راستەقینەکەی سۆران تێگەیشتووە، زیاتر حەزی بە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسایەتییە بەتواناکاندا دەکرد، تاکو سود لە ئەزموون و تواناکەیان ببینێت، زۆربەی کات گوێگر و گێڕایەڵ بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ چواردەورەکەیدا بەپێی تەمەنی بەرانبەرکەی دەگونجان، خۆشەویستیەکی زۆری بۆ منداڵان هەبوو، تاقەتێکی باشی یاریکردنی لەگەڵیاندا هەبوو، دیاری و گۆڤار و نامیلکەی منداڵانی دەدانێ و خۆشیاندەویست.

خەونی بینین و سەفەری وڵاتانی زۆر زۆر بووە و مەخابن تەنها فریا کەوت سەفەرێکی ئێران بکات و بە ماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوەی شەهید بوو.



# ئێوارەیەکی خوێناوی

٢٠٠٨/٧/٢١

لە دوای روخانی دەسەڵاتی بەعس، کەرکوک بۆ رۆژنامەنووسان بە زۆنی مردن ناودەبرا، یان بە زۆنی مەترسیدار، چونکە ناوچە دابڕێنراوەکان بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی بۆشایی دەسەڵاتی هەبوو، لە نێوان بەغداد و هەولێردا، لە نێوان عێراق و کوردستاندا بە هەڵواستراوی مابووەوە، تەنانەت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشدا، گونجان و تەبایی نەبوو، بە نمونە تەنها شەقامی سەرەکی ئەو شارە، کە دوو سایدەکەی گەڕەکی شۆریجەیە، لە نێوان پارتی و یەکێتیدا بەش کرابوو، لاییەکی زەرد بوو بە ناوی شەقامی (شەهید ئەرپە)وە ناو نارابوو، لایەکی سەوز و بە ناوی شەهید (کامیلی مەلا وەیسی)یەوە ناو نرابوو، جگە لە فرەدەسەڵاتی، فرە نەتەوەیی و فرە کوێخای ئەو ناوچانەی کردبوو بە زۆنی مەترسیدار و کوشتن و لەناوبردن هاوشانی تەقینەوە و پەلاماری تیرۆرستی زۆر ئاسایی ببوو، لەم دۆخەدا سەخترین کار، کاری رۆژنامەنوسی بوو، جگە لەوەی کانگای هەواڵ و ڕاپۆرت و کاری رۆژنامەنووسیش بوو، کانگای پاکتاوکردن بوو لە رێگای گولە و کوشتنەوە، بۆیە کارکردنی سۆران لەم زۆنەدا بۆ خۆی سەروەرییەکی گەورە بوو، لەم بارەیەوە سۆران لە دیدارێکدا دەڵێت:" لەم وڵاتەدا کاتێک ئێمەی رۆژنامەنووسان بکوژرێین وەک ئەوە وایە سەربازێک یان پۆلیسێک بکوژرێت، یان بڕفێندرێت، چونکە کوشتن و رفاندن لەم شارەدا بەلای هەموو مرۆڤەکانەوە ئاسایی بووەتەوە، ئیدی گرنگ پیشەو کارو پلەو پایە نییە".

رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢١ لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، نە لەبیر دەکرێت و نە دەشاردرێتەوە، لە یەککاتدا سومبولی بوێری رۆژنامەگەرییە و پەڵەی رەشی دەسەڵاتدارانیشە، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کەرکوکدا دابەش دەبێت بەسەر پێش ٢٠٠٨/٧/٢١ و دوای ئەو دیرۆکە.



بەپێی زانیارییەکان و وتەی خانەوادەکەی، هەڕەشەی تیرۆرکردنی سۆران لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە واز لەڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت دەهێنێت،ئەوڕۆژنامەیەی بە ڕوونی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، وازهێنانی سۆران لەو ڕۆژنامەیە هۆکارەکەی بۆ ئایدیای شەهید دەگەڕێتەوە، کە بابەتەکانی بەگشتی ڕەخنەئامێز بوون و بەرۆکی گەندەڵی و گەندەڵکارانی دەگرت، بوێر و چاونەترسانەو بێ سڵمینەوە ئەوەی ڕاستی بووایە دەیوت، بۆیە سەنگەری کاری ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەیەکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەگوێزێتەوە بۆ گۆڤاری لڤین، کە گۆڤارێکی سەربەخۆی، ڕەخنەیی سیاسییە.

لەسەرەتای مانگی حەوتی ساڵی (٢٠٠٨)دا، سۆران سەرەداوەکانی هەڕەشەکردنی بە تەواوەتی لا زەق دەبێتەوە، بۆیە بەڕێوبەری پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کە رکوک، لەو مەترسییە ئاگادار ئەکاتەوە.

لە رۆژی (٢٠٠٨/٥/١٥)دا بە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٧٠٥٩٧٢٠١٥) هەڕەشەی تیرۆکردنی لێ دەکرێت، ئەویش خانەوادەکەی و چەند بەرپرس و لایەنێکی شاری کەکوک و سەرنووسەری گۆڤاری لڤین و سەندیکای رۆژنامەنووسان و لقی کەرکوکی سەندیکاکە و هەندێک لە هاوڕێ رۆژنامەنووسەکانی ئاگادار ئەکاتەوە، هاوکات بەپێی راپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ناوی وەک رۆژنامەنووسێکی هەڕەشەلێکراو تۆمار کردووە.

شەهید سۆران، هەستی بە جدیەتی ئەو هەڕەشانە کردبوو، دەیزانی بەڕاستی ژیانی لە مەترسیدایە، بە هاوڕێکانی ڕاگەیاندبوو بیری لەوە کردووەتەوە بگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ ببێت، بەڵام لەبەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی بۆ دایکی هەیەتی، نەیویستووە شاری کەرکوک بەجێ بهێڵێت و وتویەتی:" شانازی بەوەوە دەکەم کە توانیومە لە مەترسیدارترین ناوچەدا زۆرترین کاری ڕۆژنامەوانی بکەم، لەبەر دایکم ناتوانم کەرکوک بەجێ بهێڵم".

شەهید سۆران لە پاڵ خۆشەویستی بۆ کەرکوک، خوشەویستییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ پیشەکەی هەبوو، سەرەڕای هەموو هەڕەشە و



مەترسییەکان، ئامادە نەبوو دەستبەرداری ببێت، لە ڕیپۆرتاژێکی رۆژنامەی (هاوڵاتی)دا دەربارەی هەڕەشەی سەر ڕۆژنامەنووسان، بەم شێوەیە باس لە دۆخی خۆی دەکات:" هەر کەسێک لەنزیک ئاگردان دانیشێت پریشکی بەردەکەوێت، خۆم چەند جارێک بە نامەو بەتەلەفۆن بۆماڵەوەمان هەڕەشەم لێکراوە و دوامکەوتوون و نەشمزانیوە کێن، تەنها لەبەر ئەوەی دەمانەوێت وێنەیەکی واقعی و روونی کەرکوک بە کوردان و دونیا پیشان بدەین ،ئەوانیش لەگەڵ ئەم هەڵوێستەماندا نین، زۆرجاریش بە ناچاری وتارەکانمان لە ئینتەرنێت و ڕیپۆرتەکانمان بەناوی خوازراوەوە بڵاودەکەینەوە، بەڵام لێیان ناترسم، چونکە رۆژنامەگەریم خۆشدەوێت و ئامادەم لەپێناو خۆشەویستەکەمدا"ڕۆژنامەگەری" خۆم بەختبکەم، لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆر شوێنیش خۆم وەک رۆژنامەنووس ناناسێنم، بەڵام گەشبینین ئەگەر بشکوژرێین، کەسانێک هەن تا لەشوێنمان دروست ببنەوە".

رۆژی ٧/٢٠ سۆران لە سلێمانی دەبێت، ئەو شەوە لە ماڵی برایەکی دەمێنێتەوە و بۆ بەیانییەکەی کاتژمێر نۆ بە مەبەستی کارێکی ڕۆژنامەوانی دەچێتە چەمچەماڵ و دوای کارەکە چاوی بە هاوڕێیەکی دەکەوێت و نیوەڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوک و مەخابن کاتژمێر ٩ شەو بە پیلانێکی داڕێژراو شەهید دەکرێت.



# تراژیدیای ساتی شەهیدبوون

چیرۆکی ساتی شەهیدبوونی سۆران، هیچ کەسێک وەک گەردەی خوشکی نایگێڕێتەوە، چۆن خۆی لە تەنیشتیەوە بووە و لە باوەشیدا گیانی سپاردووە، دەقی گێڕانەوەی کارەساتەکە وەک خۆی لە زمانی گەردە خانەوە بەم شێوەیەیە:

کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ بوو، من لە قوتابخانەی رزگاری بووم لە گەڕەکی ڕەحیمئاوا، تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: بێم بە شوینتا؟
وتم: ئێستا لە کوێی؟
وتی: وا لە بازگەی کەرکوکم.
پێموت: نا لەگەڵ هاوڕێکانم دێمەوە.
وتی: ناشرین من بۆ تۆم بوو خوات لەگەڵ.
سۆران گیان(گەردە خان دوای چەند ساڵ هێشتا هەر بە "سۆران گیان" ناوی دەبات) زۆر ئاسایی بوو، تەلەفۆنی بۆ دایکم کردبوو، کە ئەو کاتە دایکم لە نەخۆشخانەببوو، پێیوتبوو وەرەوە میوانمان هەیە، دایکم گەڕایەوە ماڵەوە، تا کاتژمێر ٣:٣٠، خوشکەکەم نەخۆش بوو، بۆیە سۆران گیان دایکم و براژنەکانمی بردە ماڵی خوشکەکەم، دوای گەڕایەوە ماڵەوە و نووست، بانگی عەسری فەرموو و ئەو هەر هەڵنەستا، هەوڵمدا خەبەری بکەمەوە تا نوێژەکەی بکات، دواتر مۆبایلەکەی چەند جارێک زەنگی لێدا، منیش بردمە بن گوێیەوە وتم: هەستە جەڕەسە،هەستاو وەڵامی دایەوە،وتی: نەتانهێشت بخەوم، تا خۆی شۆرد و نوێژی کرد دایکم و ئەوان گەڕانەوە بۆ ماڵ، خوشکەزایەکی ترم نەشتەرگەری بۆ کرابوو، سۆران گیان و دایکم و براژنەکەم چوون بۆلای لەڕەشیدئاوا، سۆران گیان (دالیا و کانی و دانا)ی خوشکەزامی زۆر خۆشدەویست، ئەو ڕۆژە بۆ دواجار لە ژیانیا دیاری بۆ (دالیا) کڕی.



کات درەنگی کردبوو، گەڕانەوە بۆ ماڵ، دەمەوئێوارەدایکمی بردەوە بۆ نەخۆشخانە و گەڕایەوە، پێکەوە نانمان خوارد،ئەوە دوا نانخواردنمان بوو پێکەوە، وەک هەموو جار لە تەنیشتم دانیشتبوو، (فەرمان)ی براشمان لەگەڵ بوو، بەڵام دوای نانخواردن یەکسەر چووە دەرەوە.

دوای نان کەمێک قسەمان کرد، ئەوە دوا گفتوگۆی نێوانمان بوو، پێیوتم: ناوی تۆ و پەیمانی مامم نووسیوە بۆ چاودێری سەر سندووقەکانی دەنگدان،منیش پێموت: ئێمە دەنگ نادەین چۆن چاودێر بین؟ وتی: دڵت چاک دەبێت دەنگ بدە.

ئەو ئێوارەیە وەک زۆربەی کاتەکان تەقەینەوەیەک لە ناو شار ببوو، نزیکەی نیو کاتژمێر دوای دەنگی تەقینەوەکە، دەنگی دەرگاکەمان هات، بەڵێ لە دەرگا درا و تەقینەوەکەی ناو دڵی من ڕوویدا .. نزیکی کاتژمێر نۆ بوو، وامزانی میوانمان هاتووە، سۆران گیان بێ هیچ دوو دڵیەک بەپەلە گەیشتە دەرگاکە، بە یەکێک لە برازاکانم وت: بە دوای مامەتا برۆ بزانە کێیە، برازاکەم نەگەیشتە ناو دەرگای مەدخەلەکە گوللە ژەهراویەکانیان بەرەو ناوحەوشە و ماڵەکەمان هات، لەگەڵ براژنەکەم هاوارمان کرد (سۆران)یان کوشت! دەنگی تەقەکان ناو ژوورەکانی پڕ کرد، کەس لە حەوشە نەبوو، وامزانی سۆران لەبەر دەرگایە، بە پەلە گەڕامەوە و چەکەکەم هێنا کەس لەوێ نەمابوو، بەداخەوە فریانەکەوتم بشیان بینم، سۆران گیان شەڵاڵی خوێن بوو، بەرەو ڕووم لەتری ئەدا و دوایین دەنگی لە گوێم ئەوە بوو وتی "ئای..." بە براژنمی وت "کوشتمیان" لاشەی سۆران گیان لە باوەشی خوشکەکەم و براژنەکەما لەناو خوێنە گەشەکەیدا زەرد هەڵگەرابوو، ڕەنگی زەرد و ئاڵی خوێنەکەی تێکەڵ ببوون.

لە ناو کۆڵان هاوارمان دەکرد فریامان کەون، بە دەست بە قایمی ئەمکێشا بە سەیارەکەی سۆران گیاندا و داوای یارمەتیم دەکرد، ئەپاڕامەوە ئەموت بە پاڵیش بێت با سۆران بگەیەنینە نەخۆشخانە، دراوسێکەمان سەیارەکەی هێنا و بە خێرای کەوتینەڕێ، لە خوا ئەپاڕامەوە سۆران بەس بمێنێت، ئەموت خوایەگیان نەزرێکی گەورەم لەسەر سۆران گیان نەمرێت، خوایە گیان بیکە بە خاتری دایکم با سۆران هیچی لێنەیات، نەگەیشتینە کۆڵانەکەی



پشتەوە براژنم وتی: سۆران مرد، بەڵام هەر بردمانە نەخۆشخانە، (فەرمان) ی براشم کەمێک دوای ئێمە گەیشت، لە تاو هاوار دەنگم دەرنەئەهات، نەمهێشت پۆلیسەکان بێن بە لایا و هەر پزیشکەکانم لێی نزیک ئەکردەوە، بەڵام بێ سود بوو، دەمویست هیچ نەبێت دایکم بانگ بکەن، بەڵام پۆلیسەکان بە قوماشێکی شین دەم و چاویان داپۆشی.

ئەمە بوو ئەو شەوەی، کە من هەرگیز بیرم لێ نەدەکردەوە، ئەو شەوەی هەرگیز بیریشم ناچێتەوە، لە خوا دەپاڕێمەوە کەس نەیبینێت و ئەو داخە نەچێت بە دڵی کەسا، داواله حکومەتی هەرێم دەکەم بکوژانی سۆران ئاشکرا بکەن و بیدەنە دادگا، داوا لە هەموو لایەک ئەکەم، هەرچیان بۆ ئەکرێت بیکەن، بۆ ئەوە چیتررۆژنامەنووسان بە ناهەق نەکوژرێن.

## دوا ئارامگای سۆرانی مامە حەمە

بە پێی وتەی شایەد حاڵەکان، بکوژانی سۆرانی مامە حەمە، بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (BMW) دەچنە بەردەرگای ماڵەوە، دوای ئەوەی لە دەرگا ئەدەن و سۆران دەرگاکە دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ یەکێکیان تەقەی لێ دەکات، لە هەمان کاتدا ئۆتۆمبێلێکی نیسان دەبڵ کابینەش لە سەرسوچی کۆڵانەکە هاوکار و چاودێری گروپە تیرۆرستییەکە بووە و چاودێری ناوچەکەیان کردووە، ئەو چەکەی سۆرانی پێ شەهید کرا، جۆری دەمانچە بووە، چەندین گولە بە ڕان و ناوسک و دڵییەوە دەنێن.

هەمان شەو کاتژمێر یەک بە ئامادەبوونی زۆرێک لە خزم و کەس و کار و هاوڕێیان و رۆژنامەنووسان، شەهید سۆران لە گۆڕستانی (خالۆ کەریم) لەچەمچەماڵ بەخاک دەسپێردرێت.



## هۆكاره نادیارەكانی
## پشت تیرۆركردنی سۆرانی مامه حەمه

ئەگەرچی دوای دە ساڵ، هێشتا نە بكوژانی سۆران دۆزراونەتەوە و نە ئەو هێزەی لە پشت تیرۆركردنەكەوەیە، تەنانەت بێ ئومێدی و ڕەشبینی لە دەستكەوتنی سەرەداو و هۆكاری شەهید كردنی سۆران، هەمووانی گرتووەتەوە، لێ سۆران چیتر بە تەنها شەهیدێك نییە و ڕووداوەكە تاوانێك نییە، بەڵكو سۆران سومبولی ئازادی بیروڕاو بوێری ڕۆژنامەگەرییە، شەهیدكردنی بە تەنها كەیسێكی دادگا نییە، بەڵكو شۆرشێكە بەدوای خۆیدا چەندین شەهیدی دیكە هاتن و لە سایەیدا ژیانی چەندان ڕۆژنامەنووس لە مەترسی رزگاری بووە و تیرۆرستان ناتوانن وا بە ئاسنی دەست بەرنەوە بۆ خۆڵەمێش چونكە دەزانن بە دەموچاویاندا كڵپە دەكات.

سۆران لە ماوەی كاركردنیدا، دەستی بۆ چەندین كەیسی گرنگ و هەستیار بردوە، لەپێناو خزمەتكردنی شارەكەی و بەرەوپێشبردنی رەوتی ڕۆژنامەگەری چەندان راپۆرت و بەدواداچوونی بۆ گەندەڵی و ناعەدالەتی و نابەرپرسیارێتی كردووە، شەهید سۆران رەمزی بوێرییە و دەكرێت لێرەوە وەكو براندێك ناوەكەی بەكار بهێنرێت، بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بوێرانە سڵ لە هیچ شتێك ناكەنەوە لە پێناو دەرخستنی راستییەكاندا.

لەبەر ئەوەی نە لیژنە بێشومارەكان و نە بەڵێنە ڕەنگا و ڕەنگەكان و نە هەوڵە نەزۆكەكان و نە هەوڵە دڵسۆزەكانی رۆژنامەنووسان و هەندێك لایەنی وەفادار و نە هیچ ڕێگایەكی دیكە، ئەنجامێكی نەبوو، تاكو نەك هەر بكوژان و لایەنی پشت بكوژان ئاشكرا بكات، بەڵكو تەنانەت هۆكارەكەشی بە وردی نەزانرا، بۆیە دەنگدانەوەی هۆكاری شەهید كردنی سۆران، لە نێو ڕاگەیاندنەكاندا بۆ یەكێك لەم سێ خاڵەی خوارەوە گەڕێندرایەوە، ئەگەرچی بە دروستیش نازانرێت كامیانە و ناشكرێت لەم سێ هۆكارە بەدەر بێت، لە هەمان كاتدا دەكرێت هەر سێ هۆكارەكە پێكەوە لە پشت تیرۆركردنیەوە بن.



# یەکەم: ئەوڕاپۆرتەی
# بە خوێنی ڕیپۆرتەرەکەی نووسرایەوە

ڕاپۆرتی (سۆزانییەکان کەرکوک داگیردەکەن) دوا کاری ڕۆژنامەوانی، شەهید سۆرانە، بە ماوەیەکی کەم دوای بڵاوبوونەوەی تیرۆر کرا، زۆرێک لە بۆچوونەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕۆن، کە ئەو ڕاپۆرتە سۆرانی گەیاند بە شەهیدبوون، وەک لە ڕاپۆرتە جیهانیەکاندا بڵاو کرایەوە ئەو ڕاپۆرتەی ڕیپۆرتەرەکەی بە خوێنی خۆی نووسییەوە، یان بە خوێنی خۆی باجەکەی دا، چونکە لەو راپۆرتەدا ئاماژەوە بەوە دەکات ناوی چەندین بەرپرسی سەربازی و ئاسایشیان لایە کە تێوەگلاون لە کارکردن لەگەڵ لەشفرۆشەکاندا، بەڵام لەبەر ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بڵاوی ناکەنەوە، هەندێکیش هۆکاری بەدوادانەچوونی تاوانەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە سۆران لە ڕاپۆرتەکەیدا باس لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی کەرکوک دەکات و نهێنی پەیوەندیەکانیانی بە سۆزانییەکانەوە ئاشکرا کردوە، بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەو ڕاپۆرتەی جگە لەوەی بە خوێنی ڕیپۆرتەرەکەی نووسرایەوە، لە هەمان کاتدا خوێنی تاوانەکەشی ونکرد.

بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ئەم هۆکارە بەرچاو ڕوونی بدات، بە خوێنەر، بە باشی دەزانین ڕاپۆرتەکە وەک خۆی دابنێینەوە، ئەوکات خوێنەر بڕیار ئەدات، لە هەڵبژاردنی هۆکارەکەیدا:



# سۆزانییەکان کەرکوك داگیردەکەن

**"چەندین لەشفرۆش لەکەرکوک نەخۆشی ئایدزیان هەیە"**
**"زۆربەی ئەو کەسانەی کچەکان دەردەکەن، پۆلیسو ئەفسەری پۆلیس و ئاسایشیان مەسئولن"**

**راپۆرتی سۆران مامەحەمە / کەرکوک**

لەشفرۆشەکان لەزۆربەی گەڕەکەکانی کەرکوکدا بڵاوبوونەتەوەو هەندێکیان چەند بەرپرسێکی حزبییان لەپشتە،یەکێک لەوانیش داوا لەحکومەت دەکات بەشێوەیەکی یاسایی"مەلها"یان بۆبکرێتەوە.

دایکی لەتیف دەڵێت"ژمارەی ماڵە لەشفرۆشەکان لەکەرکوکدا زیاتر لە٢٠٠ یەکەیە"، هەریەکێک لەو ماڵانەش چەند سۆزانییەکی تێدایە، کەژمارەیان لەنێوان٢-٦ کەس دەبێت، ئەو بێوەژنێکی کوردەو بەعەرەبی قسە دەکاتو زۆربەکەمی کوردی دەزانێت، لەروخسارو رەفتاریدا دەیەوێت پیاوانەو دەسەڵاتدارانە مامەڵە بکات، بەچوارمشقی و بەتراکسۆتێکی شینی کۆنەوەو لەبلوزێکی سوری گەورەدا لەسەر قەنەفەیەکی کۆنی دڕاو جگەرەی دەکێشا، کوڕە هەرزەکارەکەی بەدەستکاریکردنی مۆبایلو کامێراکانمان بەرەو بێزاریی دەبردین، بەڵام نەماندەویست زویری بکەین، گۆرانییەکی"یاس خزر"ی خستبوە سەر دەنگی مۆبایلە دەمعەکەیو بەبەردەوام پەیوەندی هەبوو، من داواملێکرد مۆبایلەکەی دابخات بۆئەوەی زوو پرسیارەکانمان تەواو بکەین، ئەو لەدوای روخانی رژێمەکەی سەدامەوە لە (٢٠٠٣) دەستی بەم کارە کردووە، بەپێچەوانەی ئەو لەشفرۆشانەی قسەم لەگەڵ دەکردن، دایکی لەتیف وتی"فەرمانگەکانو هاتوچۆی بنکەکانی پۆلیس منیان فێرکرد"، چیرۆکی ئەوەی گێڕایەوەکە"لەدائیرەکاندا گەندەڵی ورۆتین هەیە،یان بەپارە یان بەکچ نەبێت ئیشت ناڕوات"، ئەو دووەمیان هەڵدەبژێرێت، وەکیلە ژنەکە دەڵێت"بەهۆی ئەوەی کچم بۆبردوون، سجنم لەزیندان دەرهێناوە، لەجەوازاتو نفوسی کەرکوکیش ئیشیان بۆکردووم بەوشێوەیە".



(نەدا)یش کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵی ئەسمەری باڵابەرز بوو، لە کاتی دیدارەکەی ئێمەدا خۆی کرد بەماڵدا، پێش چەند کاتژمێرێک لەشکرێک لەگەڵ خۆی بردبووی، (نەدا) کەئێمەی لەژوری وەکیلەکەیاندا بینی نەهاتە ژوورەوە، بەڵام دوای ماوەیەک داوای کرد قسە لەگەڵ ئەویشدا بکەین، لەکاتی هاتنە ژورەوەیدا هەستت بەبێهۆشی دەکرد، وەکیلەکەی وتی"زۆربەی کچەکان دەخۆنەوە، مادەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنن"، (نەدا) هۆکاری ئەمەی رونکردەوە"هەمیشە خەفەت دەخۆمو بێتاقەتم، هەرکاتێک دێمە ماڵەوە دەخۆمەوەیان حەپ دەخۆم"، ئەو چیرۆکی تووشبوونی خۆی گێڕایەوە کەماڵیان لەسامەڕابووەو لەدەستی براکانی هەڵهاتووە، دوای ئەوەی مێردەکەی لەشەڕی نێوان شیعەو سوننەکاندا دەکوژرێت، ئەو خوێنەواری نییەولەترسێکی گەورەو نادیاردا ژیان بەسەردەبات"هەمیشە دەترسم دەستی براکانم پێبگاتو لەناوم بەرن"، نەرمین نەجمەدین، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیيە پێیوایە"جگە لەوەی ئەو کەسانە بەهۆی نەبوونی وکێشەوە توشی ئەو کارە دەبن، بەڵام فاشیلیشن"، ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە پێیوایە ئەو لەشفرۆشانە لەدروستبوونی کەسایەتییانەوە، نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ کەشە قورسەکاندا رابهێنن، بۆیە دەڵێت"کاتێک گەورەدەبن دەیانەوێت لەڕێگای کارێکەوە کەلەرووی کردارییەوە هیلاکیان ناکات، ژیان دابین بکەن"، نەرمین زیاتر قسەکانی روندەکاتەوە:"هەرنەبوونی مەرجی لەشفرۆشی نییە، خەڵکی نەبویش هەیەو لەشفرۆشیش ناکەن، ئەوان حەزیان بۆئەو کارە هەیە"، ئەو لەشفرۆشی بەرێگایەکی"ئاسان"بۆ بەدەستهێنانی پارە دادەنێتو دەڵێت"ئەگەر لەشی خۆت فرۆشت، ئیدی هیچ شتێکی دیکە لەوجوددا لات گرنگ نییە، بۆیە هەموو شتێکی دیکە دەکەن".

ئەو لەشفرۆشانە مەترسیان کەم نییەو دەزگاکانی پۆلیسیش ئەگەر ویستیان لێیان بێت دەسگیریان دەکەن، دایکی لەتیف دەڵێت:"جاری واهەیە عەقیدێک یان موقەدەمێک تەلەفۆن دەکەنو هەڕەشە دەکەن"، لەبەر ئەوەی بەبێبەرامبەر لەشفرۆشی پێنەداون، ئەو نمونەی یەکێک لەبنکەکانی پۆلیسی هێنایەوە کە"کچێکیان بەناوی (نورا) برد، گوایە دەستگیریان کردووە، دوای ئەوەی کچە هاتەوە وتی: لەناو مەرکەزەکەدا لەگەڵم رایانبواردوە"،



لەبەدواداچوونی ئەم راپۆرتەدا ناوی ٣عەقیدی پۆلیس‌و چەندین موقەدەم‌و رائیدو ئەفسەری دیکەی پۆلیس‌و ئاسایش‌و دەزگای ئەمنی دیکەی کەرکوک‌و چەند بەرپرسێکی باڵای ئەو شارەو ناوی چەند بنکەیەکی پۆلیسمان دەستکەوت، کەلەگەڵ لەشفرۆشەکاندا رادەبوێرن، بەڵام لەبەر ئاکاری رۆژنامەوانی ئەو ناوانەمان بڵاونەکردوەو لای"لڤین"پارێزراون، تەنانەت باسی لەوەکرد لەبنکەکانی پۆلیسدا موقەدەم هەیە کچی بۆدەهێنن بۆئەو کارە"تائێستا چەندین کچیان بۆمهێناوە"، لەگەڵ ئەوەشدا ئوم لەتیف دەڵێت:"زۆربێزارمان دەکەن، هەموومانگی جارێک شوێنەکەم دەگۆڕم، سەرەڕای ئەوە، ئەو پشتی بەهێزی هەیەو بەناوی حیزبەوە قسەدەکات"من پارتیم، پارتییەکی تۆخم‌و کاربۆئەوانیش دەکەم، تائێستا ٣ تیرۆریستم تەسمیلیان کردووە"، هێمای بەوەشدا"چەندجارێک تیرۆریست هاتون کچەکانیان بۆرابواردن دەرکردووە"، تام‌و بۆنی لەشفرۆشەکان کەرکوک تێدەپەڕێنن‌و لوتی گەنج‌و بەرپرسەکانی سلێمانی‌و هەولێریش پڕدەکەن لەشەهوەت"ژمارەیەک بەرپرس لەهەولێرو سلێمانییەوە، چەند کچێکیان لام بردووە، بۆهەفتەیەک یان ١٠ رۆژ یان دووهەفتە، بە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ دۆلار"، ناوی ئەو بەرپرسە سەربازی‌و مەسئولانەی سلێمانی‌و هەولێریشمان لایە، کەکچەکانیان بۆ رابواردن بردووە، موشتەرییەکانی ئەوان زۆربەی پیاوە چەکدارەکانن"زۆربەی ئەو کەسانەی دێن پۆلیسن یان ئاسایشن"، ئەو دڵتەنگە لەوەی"کچەکان چەندجارێک لێیان دەدرێت‌و ئازار دەدرێن، بەتایبەت لەلایەن ئاسایشەوە، ئاسایشی یەکێتی زۆر خراپن".

زۆربونی ئەو ئافرەتە لەشفرۆشانە لەکەرکوکدا بووە بەدیاردەو دایکی لەتیفیش دەڵێت"گەڕەک نییە لەکەرکوکدا ماڵێک یان دووماڵی لێنەبێت"، تەنانەت لەگەڕەکە کوردییەکانی وەکو شۆرێجەو رەحیماواو ئیسکانیشدا ماڵی تایبەتیان هەیە، ئەو کەسانەش زۆربەی زۆریان عەرەبن وخەڵکی شارەکانی ناوەراست‌و باشوری عێراقن.

پشکۆ کوڕێکی تەمەن ٢١ ساڵەو خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەییە، ئەو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا چەندین جار لەگەڵ لەشفرۆشەکاندا رایبواردووە، پشکۆ دەڵێت:"باوەڕم بەژنهێنان نەماوە، چونکە بۆم دابین نابێت، ئەم



کچانە ئەوشتەیان لەمێشک دەرکردووم"، ئەوپێشتر لەدارتاشخانەیەک کاری کردووەو هێمای بۆئەوەکرد:"جارێکیان وەستاکەم تەلەفونێکی بۆهاتو پێیوتم بڕۆرەوە، من خۆم تاخیرکرد، بینیم کچێکی زۆرجوان هاتە دوکانەکەمان"ئەو چاوەڕێی دەکات تا کچەکە دەچێتە ژوورەوە"، منیش خۆمکرد بەژورداو بینیم لەسەر تاک قەنەفەیەک رادەبوێرن"، وەستاکەی لێی تورە دەبێتو داوای لێدەکات شوێنەکە بەجێبهێڵێت، بەڵام پشکۆ زۆر لەو سەرکێشتر دەبێتو وەستاکەی ناچار دەکات، رابواردنەکەی لەگەڵدا بەش بکات"ئیتر هەمووجارێک پێکەوە ئەو سۆزانیانەمان دەهێنا"، باسی لەوەشکرد شەوێکیان کچێکی ئیماراتییان بۆ هێناون"ئەتوت ئەسپەهێندە بەرزوبەخۆ بوو، ئەوشەوەم قەت لەبیر ناچێتەوە"، لەکەرکوکدا ئافرەتی سوری و فارسو مەسیحیو کوردوتورکمانو لەهەمووان زیاتریش عەرەب خەریکی ئەو ئیشەن.

هەندێک لەو لەشفرۆشانە چونەتە سوریاو ئەردەنو دواتر گەڕاونەتەوەو مەترسی نەخۆشی ئایدزیان لێدەکرێ، ئێمە لەماڵی دایکی لەتیف بووین، کچێک بەخۆیو دووجانتای گەورەوە هاتەوە، وتی:"ئەو کچە لەسوریاوە دێت، مانگێکە چووەو لەوێ زەواجی کردووە"، کچە زۆرهیلاکبوو کاتی ئەوەی نەداینێ قسەی لەگەڵ بکەین، بەڵام وەکیلەکەیان ئەوەی نەشاردەوە کە"چەندین لەشفرۆش لەکەرکوک هەیە کەتووشی نەخۆشی ئایدزبوونەو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە"، ئەو دڵنیایی دەدات بەوانەی موشتەری ئەون"کچەکانم هەموو دەرمان بەکاردەهێننو ئەو کەسانە ناگرمە خۆ"، لەگەڵ ئەوەداباوەڕی بەبەکارهێنانی"کۆندۆم" نییە"کۆندۆم فشەیەو هیچ ناگەڕێنێتەوە"، وەکیلی کچەکان وای گێڕایەکەوە، ئەو لەشفرۆشە نەخۆشانە ئێستا لەهۆتێلەکانی کەرکوکدان بەشەو کاردەکەن، وەکو"هۆتێل نەرجسو جیهانو تەئمیمو دیوانو زۆری تر، بەشەو دێنو بەرۆژ دەڕۆنەوە".

سەرچاوەیەکی پۆلیسی کەرکوک وتی"لەماوەی رابردوودا چەند لەشفرۆشێک لەتەسفیراتی پۆلیس بوون، دواتر حوکمی ئەبەدییان بۆدەرچوو"، بەڵام ئەوان هەموو لێبوردنێکی گشتی دەیانگرێتەوە، ئەوکەسانەی گیرابوون تەمەنەکانیشیان لەخوار هەژدەساڵەوە دەبێت، بۆنموونە: کچێک بەناوی



”هودا موسا“، خەڵکی موسڵ بووەو تەمەنی تەنها پانزە ساڵ دەبێ بەپانزە ساڵ حوکم دراوە، لەکاتێکدا ئوم لەتیف دەڵێت“لەگەڵ ٣کوڕ دەرچوو پۆلیس گرتیانی ٣کوڕەکە ئازادکران، هودا و گەوادەکەی بەپانزە ساڵ حوکم دراون“، بەڵام بەلێبوردنێکی گشتیی ئازاد کراون، هەرچەندەئەوکەسانە زۆربەکەمی دەستگیر دەکرێن لەچاو ئەو رێژەیەی لەکەرکوکدا بوونیان هەیەو بەردوەام لەگۆڕاندان.

بۆئەوەی کەس سەرئێشەیان بۆدروست نەکاتو بە“ئازادی“کارەکەیان بکەن، وەکیلی کچەکان دەڵێت:“داوا دەکەم مۆڵەتی یاساییمان پێبدەن بۆکارکردن، مەلهەیەکمان بۆبکەنەوە“، ئەو ئاماژەی بۆئەوەکرد کەئەو کارەیان کردووە بەپیشەو لەسەری بەردەوامن، بۆیە“حەقەیاسا پشتگیریمان بکات“.



# دووهەم: ئەو وتارەی
# کەمترین کەس باسی لێوە دەکەن

وتاری (خانمەکەی سەرۆک و خانمەکەی کلینتۆن) یەکێکە لە وتارە توندەکانی شەهید سۆران، ماوەیەک بەر لە شەهیدبوونی لە (رۆژنامەی هاوڵاتی) بڵاوی کردەوە، هەندێک وای دەبینن هۆکاری سەرەکی تیرۆرکردنی ئەم وتارە بێت، لە کاتێکدا چوار ڕۆژ دوای ڕووداوەکە سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەیەکەدا بە فەرمی تیرۆرکردنی شەهید سۆران ئیدانە و شەرمەزار ئەکات، بەڵام دوای ئەوەی مەسعود بارزانی لە (٢٠٠٧/٨/٨)دا هاتە کەرکوک و بەڵێنی بەدواداچوون و پێکهێنانی لیژنەی بۆ تیرۆرکردنی سۆران دا، هەندێک لە گومانەکان بۆ ماوەیەکی کاتیی ڕەوینەوە.

ئەگەرچی ئەم هۆکارە دوای شەهید کردنی سەردەشت عوسمان لە ٢٠١٠/٥/٥دا لە سەر بابەتێکی هاوشێوە، ئەم ئەگەرە جارێکی تر هاتەوە بەر باس، بەڵام بە تێکڕا کەمترین کەس بوێری ئەوەیان هەیە باسی لێوە بکەن، خودی شەهید (سۆران)یش لە بارەی ئەم وتارەوە دەڵێت:"وتارێکم بڵاو کردەوە، لە چەندین شوێنەوە ئاگادار کرامەوە کە وریا نەبم ئەوا(ئەمکوژن) دوای کوشتنی د.عەبدلستارهاوڕییەکم ئەم مەسیجەی بۆ ناردم "کوڕە دوایی وەک شێخ ستارت لێدەکەن، واز بێنە، مانمان لە نەمان باشترە" چونکە ئەوە روونە کە کوشتنی من ئاسانە و زۆری پێناوێت و تێناچێت".

لە یەکەمین بەیاننامەی گۆڤاری لڤیندا کە لە خاڵی یەکەمدا دەقەکەیمان بڵاو کردۆتەوە، ئاماژەوە بەوە ئەکرێت، کە تیرۆرکردنی شەهید سۆران هاوشێوەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی لوبنانی (سەمیر قەسیر)ە، ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێک دەربارەی دیکتاتۆریەتی رژێمی سوریا کوژراوە، بۆیە ئەم چواندنە دەچێتە ئەو بوارەی کە سۆران زیاتر لە ڕاپۆرتی سۆزانیەکان لەسەر ئەم وتارە شەهید کرابێت.

بەم هەمان شێوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەینە دەستی خوێنەر، وتارەکە وەکو خوی لێرەدا بڵاو دەکەینەوە:



# خانمەکەی سەرۆك و خانمەکەی کلینتۆن

**سۆران مامە حەمە**

"هێرۆخان"، خێزانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو خانمی یەکەمی عێراقە، زۆرجار لەمیدیاکانەوە بەدەر دەکەوێت، دەزانین کێیە و کێ نییە و ئاستی هۆشیاری وسیاسی و کۆمەڵایەتی چەندە وچەند نییە، ئەوەتا باس لەوە دەکرێت کوتلە دروست دەکات و مونافەسەی مێردەکەی و سەرکردەکانی ناوحیزبەی دەکات، ئەگەر بۆناویش بێت لەکارە خێرخوازی و مرۆییەکاندا بەدەر دەکەوێت باس لەبەهەدەردانی پارەی حزبەکەی دەکەن لەلایەن ئەوەوە، باس لەسەفەرە بەردەوامەکانی بۆدەرەی وڵات هەرناکرێت، وەک زۆربەی زۆری بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، کورەکانی لەمەرحەمەتی دەسەڵاتی حزبوحکومەتدا پشکی شێریان بەکەوتووەو لەپێشەنگایەتیدان لەقۆرغکردنی دەسەڵاتەکانی حزبو حکومەت.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئەو وبەرپرسانی هەرێمەکەی و سەرانی پارتەکەی و سەرۆکی حکومەت وهەوادارانیان، هەمیشەوبەردەوام باس لەمافەکانی ژن وئازادی تاکە کەسی وهێنانە ناوەوەی ژنان دەکەن بۆنێو کایەی سیاسی کوردستان، ئەوان وەکدەڵێن، دژی رێگرییەکانی بەردەم ژنان ودەیانەوێت شان بەشانی ئەوان "خەبات" بکەن، بەڵام پێتان وانییە ئەم هوتافانە تەنها قسەیە و بۆمەرامە تایبەتی وبەرژەوەندییە لاوەکییەکانی دەسەڵاتیان وپەردەپۆشکردنی ناشرینییەکانی حیزبن؟!

ئەگینا، تاکو ئێستا کچو ژنی کامە بەرپرس چەند گەرەکێکی هەژارنشینو کەمدەرامەتی بەسەرکردووەتەوە، کێ خێزانی سەرۆکی هەرێمی دیوە، کێ دەزانێت چی لەبەر دەکات؟ کێ دەزانێت چۆن دەروات؟ کێ دەزانێت رەنگی ئەسمەرە؟ سپییە؟ رەشە؟ باڵای بەرزە؟ کورتەباڵایە؟ قەڵەوە؟ لاوازە؟ جوانە؟ ناشرینە؟ ئاستی خوێندەواری چەندەو تاچەندی خوێندووە؟ پێشینەی



چییە و ئێستا هەر لەماڵەوە دادەنیشێت و تەماشای سەتەلایت دەکات و بەشداری لەئاهەنگە زۆر تایبەتییەکانیان دەکات، یان بەدوای خەمی ژنانی وڵاتەکەیەوەیەتی؟! یان وەکو هیلاری ودانیاڵ میتەران مێرکڵو ڕایسو مارگریتو ئۆڵبرایت، ڕکەبەرێکی سەرسەختی پۆستە باڵاکانی دەوڵەتە، لەبەرامبەر بەرپرسە پیاوسالارەکانماندا دەیەوێت، موژدەی ژیانێکی نوێی پڕ لەدیموکراسی ویەکسانیمان بۆبهێنێت!!

لەم وتارەمدا هیچ مەبەستێکم لەناوزڕاندنیان کەمکردنەوە لەکەسایەتی بنەماڵەی مەسعود بارزانی نییە، بەڵکو لەبارەی شتێکەوە دەدوێم کەئەوان بانگەشەی بۆدەکەن.

"جەنابی سەرۆک"، کوڕەکەی تۆ گەیشتە ئاستی مەکتەبی سیاسی وبوو بەسەرۆکی ئاژانسی پاراستنی هەرێم و دەسەڵاتێکی زۆرت پێبەخشی وکردت بەجێنشینێکی کورسییە بۆماوەییەکەی خۆت، ئەدی نەدەکرا کچەکەت یان خێزانەکەت بەشدارییەکیان لەو دەسەڵات بەڕێوەبردنەدا هەبایە؟ بەڵکو کەس نایان بینێت ونازانێت چ کارەن، لەکام کایەی ژیاندا سەودا دەکەن، کەئەمە مافی هەموو تاکێکی کوردە بزانێت سەرۆکەکەی و خێزان و بنەماڵەی سەرۆکەکەی چۆن دەژێن.

"جەنابی سەرۆک"، ئەو هەموو ژنە کوژرا، سوتێنرا، زیندەبەچاڵکرا، خنکێنران، پارچە پارچەکران، ئەتککران، خێزانەکەی تۆ لەکوێ بوو؟ دروست نەبوو بچێتە ماڵی کەسێکیان؟ نەدەکرا پرسەی ئاراستەی ماڵی کەسێکیان بکردبا؟ بۆ لەئاهەنگێکی ژنانەدا بەدەر نەکەوت وپەیامی خۆی نەگەیاندو دژی پیاوسالاری کۆمەڵگەی کوردەواری نەیوت"ئیدی بەسە"؟ بۆ؟ بۆ؟ بۆ بۆ..

بمبورە!! "سەرۆک" کەتۆم بەنمونە هێنایەوە، لەبەرئەوەیە لە سەرووی هەرەمی دەسەڵاتەوەی لەم هەرێمەدا، خۆلەنێو هەموو بەرپرسەکان وپلەدارو دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەدا هەمان عەقڵییەت و هەمان برین هەیە، ئەمەش بۆئەوە دەگێڕمەوە، هێشتا عەقڵییەتی خێڵو فیوداڵی و دابونەریتوئاینو کلتوری پیاوسالاریو چەوساندنەوە لە نێو دەسەڵاتدارانماندا هەرماوەو دەمێنێت، لەسەر مینبەرەکانیشەوە داوای ئازادی ژن دەکەن!!



ئەوە دەسەڵات و بەڕێوەبەرانێتی کەئازادی و ستراکتوری کۆمەڵگە دەستەمۆ دەکات وئیفلیجی دەکات، ئەوە "پیاوەکان"ن مافەکانی ژن بەپێوەری ویستەکانی خۆیان پێوانە دەکەن، ئەوە حکومەت ودەسەڵاتی پیاوەکانە، مافەکان ودیموکراسی وچەمکە ئینسانییەکان بەدیدی خۆیان ماکیاژدەکەن ودەیکەن بەدیاری و شانازی بۆم..

"سەرۆک"، هەرچەندە لەسایەی سادەیی و زووباوەڕی تاکی کۆمەڵگای کوردییو ئەو مافپەروەرانەی لەفەرمانڕەواییدان و بۆخزمەتی دەسەڵات کاردەکەن، هەموو ناشرینیی و عەقڵە کۆنەکانی خێڵ ونەریتسالاریتان لەگەڵ ئەمسەردەمەدا گونجاندو بەپێوەری مۆدێرنە بەمیللەتی دەفرۆشنەوە، بەڵام هێشتا درەنگ نییە بۆ ئەم قسانە، ئەم سوکایەتی پێکردنەیش بەکەرامەتی ژنانی کورد وشاردنەوەی تاوانبارانیش لەلایەن حزبەکانەوە کەزۆربەیان بەرپرسن، نمونەیەکی جوانە بۆدیموکراسییەتی کوردستان..

لەکۆتایدا دەڵێم: هەرکەسێک بخوازێ گۆڕان ودیموکراسی وئەو کۆمەڵەشتانەی دەسەڵاتە کوردییەکەمان بانگەشەی بۆدەکات ڕووبدات، دەبێت یەکەم کەس لەبەرپرسەکان ودەسەڵاتدارەکانەوە چەکەرە بکات وپاشان بۆنێو کۆمەڵگە، نەک هەر بۆکۆمەڵگەبێت!!

## سێهەم: کارکردن لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ

مێژووی ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە کوردستاندا تا ساتی شەهیدبوونی سۆران، هیچ کاتێک بە ڕاستەوخۆ نەکراوەتە ئامانج، ئەگەرچی هەمیشە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بێلایەنەکان، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبەردەم هەڕەشەی دەسەڵاتدابوون، لێ شەهیدبوونی سۆران دەبێتە یەکەمین قوربانی ڕۆژنامەگەریی ئازاد، وەک لە یەکەمین بەیاننامەی گۆڤاری لڤیندا هاتووە، شەهیدبوونی سۆران یەکەمین گورزی ڕاستەوخۆیە بەر ڕۆژنامەگەریی ئازاد ئەکەوێت، سۆران شەهیدی بوێری و هەقبێژی و چاونەترسی بوو، شەهیدی دەستبردن بوو بۆ بڤەکان و بۆ ئەو بابەتانەی هێڵی سوری بۆ دانرابوو، چونکە سۆران باوەڕی وابوو، لە پێناو خزمەتکردن و بەرەوپێشچوون نابێت هیچ هێڵێکی سور هەبێت.



## یەکەمین بەیاننامەی گۆڤاری لڤین:

کاتژمێر ۹ی شەوی (۲۰۰۸/۷/۲۲.۲۱) لە ڕووداوێکی تیرۆریستیی ترسناکدا، ڕۆژنامەنووسی دیارو بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی گۆڤاری لڤین (سۆرانی مامە حەمە) لە بەردەم ماڵی خۆیاندا لە گەڕەکی (ڕەشید ئاوا) ی شاری کەرکوک کە یەکێکە لە گەڕەکە هێمنەکانی ئەو شارە لە لایەن چەند چەکدارێکەوە تیرۆرکرا.

ئێمە لە گۆڤاری لڤین سەرەڕای سەرەخۆشیی لە خۆمانو بنەماڵەو دۆستو هاوڕێیانی شەهیدی ڕێگای قەڵەم (سۆران مامە حەمە)، زۆر بە توندی ئەم ڕووداوە تیرۆریستییە گەورەیە ئیدانە دەکەینو بە هەڕەشەیەکی ترسناکی دەزانین بۆ سەر ڕۆژنامەگەریی ئازادو سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستانو عێراقدا.

دیارە پێشتریش ڕووداوی تیرۆریستیی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە، بەڵام تیرۆرکردنی سۆران مامە حەمە جیاوازە لەوانی پێشووتر، چونکە ئەمە بۆ یەکەمجارە میدیای ئازاد لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەر دەم مەترسی تیرۆرەوە، بۆیە وەک گۆڤاری لڤین لەگەڵ ئەوەی پێمانوایە جێگەی ئەو هاوڕێ ئەزیزەمان بە هیچ شتێک پڕنابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێکۆڵینەوەی ورد لەو کارە تیرۆریستییە دەکەین. لەمەشدا بە پلەی یەکەم بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانو سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانو پەرلەمانی کوردستاندایە، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسەی گۆڤاری لڤین لە شاری کەرکوک تیرۆرکراوە (کە بەرپرسیارێتییە ئەمنییەکەی لە دەستی پارتیو یەکێتییدایە).

هەر لێرەوە وەک گۆڤاری لڤین داوای لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتیی لەو ڕووداوە دەکەین بە هەمانشێوەی ئەو لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەی لە ڕووداوی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی لوبنانی سەمیر قەسیر-دا ئەنجامدرا، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا هەست بە تارماییەکانی دەستێک دەکەین کە دەیەوێت



له ڕێگەی تیرۆرو تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسانەوە میدیای ئازاد له کوردستان لەناوبەرێت که چەند ساڵێکه لەم هەرێمەدا خەریکه دەکەوێته سەرپێی خۆی. لڤینو ڕۆژنامەنووسانی دیکەی ئازاد له کوردستان گومانی ئەوه دەبەن که پلانێک له ئارادابێت بۆ کپکردنی دەنگەکانو داخستنی دەرگای ڕۆژنامەکان که بەداخەوه تا ئاستی تیرۆری جەستەیی ڕۆیشتو ترسی ئەوەش هەیه ئەم هەڵمەته ترسناکه بەردەوامبێت. هەرلەبەرئەوە داواکاریشین له ڕێکخراوه نێودەوڵەتییەکانو لەسەرووی هەمووشیانەوه ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکانو ڕێکخراوەکانی تایبەت به ئازادیی ڕۆژنامەوانییو مافەکانی مرۆڤ له خستنەڕووی ئەم دۆسییەیەدا هاوکاریمان بکەن، چونکه بەبڕوای ئێمە گرەوی ئازادی ڕۆژنامەنوسی لەم هەرێمەدا بەستراوەتەوه به سەرکەوتنو شکستی ئەم دۆسیەیەوه.

هاوکات داوا له سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو تەواوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین که له هەڵمەتی گەڕان به دوای ڕاستییەکانی ڕووداوی تیرۆرکردنی هاوکارەکەیاندا لەگەڵماندا بن، چونکه ئازادیی قەڵەمو ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەم وڵاتەدا بەستراوەتەوه به ڕادەی سەرکەوتنمان له دۆزینەوەی دوژمنەکانی وشەو ئازادییو قەڵەمدا.

هەر لێرەدا به پێویستی دەزانین ئاماژه بەوه بکەین که تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوسێکی بوێری وەک سۆرانی مامه حەمه، سەرەڕای ناسۆره قووڵەکەی دەبێته هاندەرێکی گەوره بۆ بەردەوامبوونمان لەسەر کاری پیشەیی خۆمانو ورەی زیاترمان دەداتێ لەو ڕێگا سەختەدا که گرتوومانەتەبەر.

دووباره پەرۆشییو نیگەرانیی خۆمان بۆ ڕووداوەکه دووباره دەکەینەوەو سەرەخۆشی له خۆمانو کەسوکاری ئەم هاوڕێیەمان دەکەین..

**شەوی ٢١-٢٢/٧/٢٠٠٨**

**گۆڤاری لڤین- سلێمانی**



# هەوڵە نەزۆکەکان
# یان هەوڵە لەباربراوەکان

بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، دوای دە ساڵ لە تیرۆرکردنی شەهید سۆران دێت، لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا، چەندین لیژنە پێکهێنرا، چەندین بەڵێن دران، چەندین ئومێد پەیدا بوو و کوژایەوە، چەندین سەرداو دەرکەوت و راست نەبوون، چەندین رێکخراو و دەزگا، لایەنی بەرپرس، لایەنی دەرەکی و ناوەکی هەوڵەکانیان، جگە لە بەڵێن و بەیاننامە و ئیدانە کردن هیچ شتێکی دیکەی لێ سەوز نەبوو! دە ساڵ کات و توانای هەموو لایەک چوار تیرۆرست و دوو ئۆتۆمبێلی بۆ نەدۆزرایەوە!

دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک ژمارەیەک لەڕۆژنامەنووسانی شارەکانی کوردستان بەتابووتێکەوە، کە کەلوپەلەڕۆژنامەوانییەکانی شەهیدی تێدا بوو، لەشاری هەولێر چوونە بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان، (چوونیان بۆ هەولێر بۆ ئەوە بوو کەنەتەوەیەکگرتووەکان بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە بکەن، بەڵام وەک دەڵێن (جگە لە دەرکردنی بەیاننامەیەکی فەرمی هیچ بەدواداچوونێک نەکرا).

لەسەردانێکی مەسعود بارزانی دا بۆ شاری کەرکوک لە ٢٠٠٨/٨/٨ دا بەڵێنی ئەوەی بە هاوپیشەکانی شەهید سۆران دا، کەلیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە پێکبهێنرێت و تۆمەتبارانی دەستگیر بکات.

هەر لەو ماوەیەدا لیژنەیەکی پێنج کەسی بەناوی (گروپی عەمەل) لەسەر بڕیاری بەڕێز لیوا جەمال دروستکرا.

ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین لەسەرەتای ڕووداوەکەوە گەشبین نییە بە لێکۆڵینەوەکان و دەڵێت: لێکۆڵینەوەی پۆلیسی کەرکوک لەسەر دۆسیێی شەهید سۆران تابلێیت خاو و بێئەنجامە، پۆلیس یان



ناتوانێت، یان ناوێرێت لێکۆڵینەوەی جدی لەو مەسەلەیەدا بکات.

سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ (شوان داودی) لە گۆڤاری خێزاندا ئاماژەی بەوە کردووە کە «هەفتەی یەکەمی ڕووداوەکە، پۆلیس هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی لەدۆسییەکەدا نەکردووە، تەنانەت پشکنینی بۆ شوێنی ئەنجامدانی ڕووداوەکەش نەکردووە».

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوبەری پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکوک، کە شەهید سۆران بە چەند رۆژێک بەر لە تیرۆرکردنی ئاگاداری کردبووەوە کە هەڕەشەی لێکراوە، لە چلەی ماتەمینییەکەیدا لە (٣١/ئابی/٢٠٠٨)دا ئەوەی خستەڕووکە "لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆر کردنی شەهید سۆران پێکهێنراوە، ئەو زانیارییانەش لەکەس وکار و دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوکەوە پێمان گەیشتووە بەدڵنیاییەوە سوودی زۆری بۆ دۆزینەوەی بکوژانی کاکە سۆران هەیە".

هەر لە چلەی ماتەمینییەکەدا ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، ئاماژەی بەوە کرد: ستافی لڤین لەگەڵ قۆنسوڵخانەی ئەمریکا لەکەرکوک کۆبوونەتەوە، بەرپرسانی قۆنسوڵخانەکە بەڵێنی بەدواداچوون و پشتگیرییان لە کەیسی سۆران دووپاتکردوەتەوە و ئاماژەشیان بەوە کردوە کەئەوان بەشوێن ئەو پرسیارەوەن کە: ئایا تیرۆرکردنی سۆران، تیرۆرێکی مەترسیدارەیان ڕێکەوت؟ لەبەرامبەردا ستافی لڤین باڵیۆزخانەیان ئاگەدارکردوتەوە، کە ئەو بەڵگە سەرەتاییانەی لەبەردەستدان ئاماژەن بۆ بوونی باندێکی ئیغتیالاتی ترسناک لەشاری کەرکوکدا، هەر ئەو باندەش پێشتر کردەی تیرۆرکردنی (د. عەبدولستار تاهیر شەریف)یان ئەنجامداوە، (هەمان گروپ، هەمان ئۆتۆمبێل).

پاش (٧٣) ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی سۆران، لەڕاپۆرتێکی گۆڤاری (شەن) دا، بێستوون فەخری بەڕێوبەری پۆلیسی ئازادی و گروپی عەمەل ئاماژە بەوە دەکات کە: خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین و بەردەوامن لەلێکۆڵینەوە، هەر لەوڕاپۆرتەدا عەمید هەڵۆ نەجات باس لەوە دەکات کە: بەداخەوە ئێمە وەکو بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک کەس فەرمووی لێ نەکردووین بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی کاکە سۆران، هیچ دەزگایەکی ڕەسمی بانگهێشتی



نەکردووین، هیچ نووسراوێکمان پێنەگەیشتووە، بۆیە ئێمەش وازمان لێهێنا، هەروەها دەڵێت: پێمان خۆشە و ئێستاش ئامادەین بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەک، وەیاخود هەرکەسێک لەلای ئێمەیە وەکو پارتی یان وەکو ئاسایش، کە خەڵکێک گومانی لەسەربێت خوانەخواستە، ئێمە وەعد دەدەین بۆیان ئامادە بکەین، چونکە پەنجەی تۆمەت سەبارەت بەتیرۆرکردنی شەهید سۆران ئاڕاستەی حزبی پارتی کراوە، لە بارەی ئەوەی پارتی تۆمەتبار دەکرێت، عەمید هەڵکەوت عەبدوڵا بەرپرسی ئاسایشی (ی.ن.ک)لەکەرکوک دەڵێت:" ئێمە دەزگایەکی تایبەتین، تاوەکو نەگەینە نەتیجە ناتوانین هیچ لایەک ئیتیهام بکەین.

## کەس دەرگا ناکاتەوە

پارتی ژینگەی سەوزی سویدی لەبەیاننامەیەکدا داواله سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران و هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) دەکات، وەکو دوو پارتی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عێراق لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بکەن و بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان هەبێت بۆڕێگرتن لە هەر مەترسییەک کە بەرامبەررۆژنامەنووسان دەکرێت.

هیوا مامە حەمە، برای شەهید سۆران دەڵێت: ئێمە سکاڵامان لای ئاسایشی شاری کەرکوک تۆمار کردووە، وە لە ئاسایشی سلێمانی و ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەهەمان شێوە داوامان تۆمار کردووە، داوامان لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمان کوردستان و بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی کردووە، تەنانەت نامەمان ئاڕاستەی سەرۆک (مام جەلال)یش کردووە، هەروەها پۆلیسی کەرکوکیش لیژنەیەکی دروست کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە بەڵام بێسوود بوو، هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبوو، بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتییەوە، پۆلیسیش زۆر کەمتەرخەمبوو لەو کەیسە، چونکە حیزب زاڵبوو بەسەر هەموو دام و دەزگا ئەمنییەکاندا.



فەرمان مامە حەمە، برای شەهید سۆران دەڵێت: لەسایتی کوردستان پۆست، لەژووری پێشمەرگە دێرینەکان، بەرپرسی سایتەکە کاک هەڵمەت گۆرانە، پێیوتم من هیچ شتێکم نییە بۆ جەنابتان، بەڵام وەک موژدەیەکی خۆش پێتان دەڵێم جۆری دوو سەیارەکە و هی کێیە و رەنگ و ژمارە و ناوی کەسەکانیان پێداوم، منیش وتم زۆر سوپاست دەکەم گەر پێمان بڵێیت، بەڵام ئەو وتی: داوای لێبووردن دەکەم پێتان ناڵێم، وتم: ئەگەر بەئێمە ناڵێیت بە لایەنی پەیوەندی دار بڵێ، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بەخۆم بڵێ، چۆن دەچێتە بەردەم دادگا!

دوای ساڵێک و چەندین هەوڵی دیکەی هاوشێوە، عەمید سەرحەد قادر، بەشێک لە ئۆباڵی دواکەوتنی لێکۆڵینەوە لەدۆسێی تیرۆرکردن یشەهید سۆران دەخاتە ئەستۆی ڕووداوەکانی شاری کەرکوک (ڕووداوەکانی ٢٠٠٨/٧/٢٨)!.

## ماسکەکان خەنجەری دەبان نایانبڕێت

لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا، نەک دەیان بگرە سەدان هەواڵی هاوشێوە و لێدوانی جۆر بە جۆر لە بارەی لێکۆڵینەکانەوە بڵاو کرانەوە، بەڵام هیچیان ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە. وێڕای هەوڵە ناوخۆی و دەرەکییەکان، زۆرینەیەک هەیە کە کۆکن لەسەر ئەوەی ئەبێت ئەم ڕووداوە پەردەپۆش بکرێت و ئەنجامدەرانی ونبکرێن، لەم نێوەندەدا ئەگەرچی دەستگەیشتن بە پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە وەک خەون وایە، بەڵام لە گەڕانێکی ئەلیکترۆنی نێو ئینتەرنێت ئەوەت بۆ ڕوون ئەبێتەوە، کە نەک هەر هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، بەڵکو هەوڵەکان بۆ بەلاڕێدا بردنی کەیسەکە زۆر زیاترە لە هەوڵەکانی دۆزینەوەی بکوژان،

بۆیە دەکرێت تێکڕای هەوڵەکان بە نەزۆک ناوبەرین، یان بە لەباربردن بیانچوێنین. ئەو ماسکانەی بەسەر ڕووی بکوژانی سۆرانەوەن، زۆر



لەوە قایمترە بە خەنجەری دەبانیش ببڕدرێت، ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە ماسەکەکانیش لاببرێت، پێستی روویان هەر قایمە، چونکە ئەگەر ماسکی رووی بکوژانیش لاببرێت، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە وەک خانەوادەکەی ئاماژەی بۆ ئەکەن، بکوژان جگە لە فەرمانبەر و جێ بە جێکار زیاتر هیچ نین، مەترسییە گەورەکە لەوەدایە ئەو هێزەی لە پشت تیرۆکردنی سۆرانەوەیە، نەک هەر توانای شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووسی هەیە و بەردەوامە لەسەر ڕەوتی خۆی، بەڵکو دەتوانێت کەیسەکان بە لارێدا بەرێت و دەسەڵاتی بەسەر دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و ناوەندەکان و لیژنەکان و لایەنەکانی تریشەوە هەیە، جگە لەوەی هەڵدەستێت بە شاردنەوە و ونکردنی کەیسەکە، توانای بێ دەنگکردن و دوورخستنەوەی لایەنەکانی دیکەشی هەیە.



# بەشی دووهەم:
# چەند نمونەیەك لە وتارە رەخەنییەكانی شەهید سۆران

## ئازادی وتن و یاسا (دروستکراوەکان)ی دەسەڵات..

قسەکردن لەسەر سنوردارکردنی ئازادی وتن، خۆی لەخۆیدا مانای بوونی لەمپەرە لەبەردەم پرۆسەیەکی ئەخلاقی، مەدەنی، ئینسانی.. کە زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسییەو هەر کۆمەڵگایەک ئازادی وتن و بەتایبەتی ئازادی رۆژنامەوانی کەوتۆتە بەر هەڕەشە و هەوڵ بۆ لەقاڵبدان و سنوردارکردنی درا، ئەوە مانای ئەوەیە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، خۆ لەوە ترسناکتر ئەوەیە کۆمەڵگاو دەسەڵات خۆیان بە دیموکرات و مەدەنی و یاسا سەروەر بزانن، لەولاوە بێت ئازادی ڕادەربڕین بەپێی ویست و جۆری بەرژەوەندی و کاتی بەرژەوەندی و چۆنییەتییەکەی دابڕێژێت.

مۆنتیسکۆی گەورە لە کتێبی ڕۆحی یاساکاندا دەڵێت: یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی یاسای نەتەوە بەربەرەکانی ئەوروپا ئەوەبوو، کەیاساکە تایبەت نەبوو بەوڵات و هەرێمێکی تایبەتی و دیاریکراوە، بەڵکو تایبەت بوو بە خێڵەکان، فەیلەسوفێکی وەکو مۆنتیسکۆ پێش چەند سەدەیەک دێت خوێندنەوەیەک بۆیاساکانی ئەو سەردەمەی نەتەوە و خێڵەکانی ئەوروپا دەکات وەکو هەمان یاسای ئێستای کوردستانی باشوور وایە، کەبەدەستی



دوو حزبە بەسەرەکییەکەوەیە، تایبەت بە شارەکانی بن دەستیان، ئەوان دێن بە ئارەزووی خۆیان ئازادییەکان بۆ خۆیان تایبەت و بەش دەکەن، لەکوێدا پێویستیان پێبوو هەندێکی دەفرۆشن بە میللەت، ئەگەررۆژنامەنووسان یان نووسەرێکی ئازا و نەترس دوو وشە لەسەر گەندەڵی و ناعەدالەتییەکانی ئەوان بنووسێت، ئەگەر بەر نەفرەتی حیزب و دەزگای ئاسایش و پاراستن نەکەوێ و لە چەپە رێدا تیرۆر نەکرێت، ئەوان حەتمەن دەستگیر و سوکایەتی پێدەکرێت  و بەجوێن فرۆش و تەشهیرچی ناو دەبرێت.

لەم وڵاتەدا ئەوەی بیەوێت ئازاد بێت دەبێت قسە نەکات، ئەوەشی بیەوێت قسە نەکات دەبێت ئەندامی دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان بێت، گرتن و سوکایەتی پێکردنی ئەوانەی بەئازادی قسە دەکەن جگە لەوەی سیمایەکی ناشرینتر لای هاوڵاتییان دروست دەکات  ئەوەش دەسەلمێنێت لەم وڵاتەدا زۆر شت هەیە لەسەرووی یاساوەیە، نەک یاسایەک، بەڵکو هەر بەرپرس و حیزب و دەسەڵاتێک یاساکانی ئازادی وتن، وڵات و بەفیرۆدانی پارەی ئەم میللەتە بۆ خۆی تەفسیر دەکات و یاسای دیکە بەناوی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتییانەوە دەردەکەن.

پەیوەندی ئازادی ڕادەربڕین و دەسەڵات پەیوەندییەکە کە هەمیشە تووڕەیی و ڕەخنە گرتن و گرفت و ئاڵۆزی تیایە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات نایەوێت ڕەخنەی لێ بگیرێت و نایەوێت گەل لە فرمان و یاساکانی ئەو دەرچێت، ئەوانەی ئازادی وتنیش بەکاردەبەن پێیان گرانە و مافی خۆیانە ناعەدالەتییەک هەبێت ئاشکرا نەکرێت، بۆیە بەبەردەوامی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و نووسەرە ئازادەکان، دەنگی میللەتن و نایەڵن دەسەڵات سوکایەتییان پێبکات.

پێموایە مەحاڵە بتوانین بەئازادی وتن دەسەڵات چاک بکەین، یان بگۆڕین، ئەگەررای گشتی و جەماوەر دروست نەکەین، دروستکردنی ڕای جەماوەریش بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک دێت  و کەوا لە خەڵک بکەین ئیدی لەدەوری دوو حیزبەکە و دەسەڵات کۆنەبنەوە و بێدەنگی هەڵنەبژێرن، دەبێت بهێنرێنە سەر جادە و داوای ئاشکراکردنی هەموو نهێنییەکانی پشت پەردەی دەسەڵات بکەن و بە مافەکانیان شاد ببنەوە.



# وەزیرزادەکان..

بێ شەرمی نەبێت لە رووی ئەو هەموو وەزیرانەی کە بۆ دڵڕازیکردن و ناوچەگەری و ئینتیمای حزبایەتی و دەستەگەری دامەزراون ناویان دەنێم وەزیر زادەکان، لە چەند دەیەیەک پێش ئێستا لەو سەردەمە تاریک و داخراوەی کۆمەڵگای کوردیدا، کورد کەسانی نەجیب زادە و مەلا زادە و شێخ زادە و .. ئەمانەی هەبوو، ئێستاش کۆمەڵێ پیاو و هەڵسوڕێنەری حیزبەکان چەندین ساڵە وەزیرن و لەم وەزارەت بۆ ئەو وەزارەت و لەم پۆست بۆ ئەم پۆست و لەبریکارەوە بۆ وەزیر و بە پێچەوانەوە، وەزیری وا هەیە ١٠ ساڵ وەزیرە و چەندین وەزارەتی کردووە ئایا کەسی تر نییەجێگەی ئەوانە بگرێتەوە؟؟

کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتوومان بینی، ئەو قسە کرچ و کاڵانەمان بۆ دەرکەوت کە دەوترا دەبێ کەسی تەکنۆکرات و زانستی و بەئەزموون بن لە بوارەکەیدا، دەبێ وەزیرەکان هەمووی حیزبی نەبن و کەسانی گەنج ئەو پۆستانە بگرنە دەست و یەکێتی و پارتی ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە ئەم کەسانی ئەقڵ پیرو دوور لە ئینتیمای نەتەوەییان کۆکردووەتەوە و چەندین ساڵ هەمان دەمووچاومان پێدەفرۆشنەوە.

تۆ بڵێی ترسی ئەوەیان نەبێت کە رۆژێ میللەت بەڕوویاندا بتەقنەوە؟

ئەمەیە ناشرینکردنی ناوی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی، ئەمەیە لەکەدارکردنی حکومەتی تەکنۆکرات و پسپۆڕی، ئاخر وەزیری وا هەیە فڕی بە وەزارەتەکەیەوە نییە،ئەگەر بێدەنگی و ماتی و ناهۆشیاری کۆمەڵگاکەمان نەبێت نەدەکراڕێگە بەو کەسانە بدەن کە لەو شوێنانەدا بن، ئەگەرشۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی دێرین سەرچاومان،یەکێتی و پارتی پارەی دنیایان هەیە بۆ لەماڵەوە خزمەتیان ناکەن؟ چیان دەوێ بۆ بۆیان ناکەن؟ ئەو قسەیەش هەیە کە دەڵێ "کۆمەڵگای نەخۆش، دەسەڵاتی نەخۆش بەرهەم دێنێ".

لەکۆتایدا پیرۆزتان بێت وەزیرزادە تەکنۆکرات و زانستییەکان.!!



## ئالاّی من ئازادییه..؟
## ئه وکاتهی ئازادیم پێدرایهوه شهڕی ئالاّش ده كهم

ڕهنگه زۆر كهس قسهی لهبارهی "ئالا"وه كردبێت، بهوپێیهی زیاتر لهههر شتێكی دیكه ههستی نهتهوهیی و ناسیۆنالیستی دهبزوێنێت، لهسهرهتای ئهم مانگهدا سهرۆكی ههرێم بڕیارێكی سهبارهت به داگرتنی ئالاّی ئێستای عێراق دهركرد، ههرچهنده پارتهكهی ئهو چهند ساڵێك بهر له ئێستاش له ناوچهكانی ژێر حهكمی خۆیاندا ئهو ئالاّیهیان داگرتبوو؟ ئهو ئالاّیهی عهرهبه فاشیزمه توندڕهوهكان پێی دهڵێن ئالاّی نیشتیمانی عهرهب و دهڵێن ناوی "الله اكبر"ی گهوره و پیرۆزی تیدایه، كوردیش به ئالاّی بهعس و كوشتن و بڕین و تۆقاندن و خوێنی دادهنێت.. ڕهنگه سهرۆكی ههرێم بهبێ مهبهست ئهم مهسهلهیهی وروژاندبێت، كه له مادهی (١٢)ی دهستوری ههمیشهیی عێراقیشدا ئاماژه كراوه به دانانی سروود و ئالاّی نوێ بۆ عێراقی فیدراڵ!!، كهچی ئهو ههڵا گهورهیهی له بێ ئاكاری میدیایی عهرهبی و نا تێگهیشتنی عهرهبهكانهوه بۆ ههڵچوونی ههستی ڕهگهزپهرستانهی عهرهب بهگشتی نایهوه، نهدهكرا ئالاّی سهردهمی شۆڕشی عهبدولكهریم قاسمیشی ههڵبكردایه، چونكه بهشێكه له خۆدزینهوه له ههڵنهكردنی ئالاّی عێراق، من كه خاوهنی ئالاّی خۆم بم ئیدی ئالاّی ولاّتێكی ترم بۆ چییه؟ ئێوه ناوی دهنێن چیی، گرنگ نییه، گرنگ ئهوهیه كامهیهئالاّی نوێ و سمبوولهكانی چین و لهژێر ئالاّی نوێدا چهن پشوو دهدهیت و چۆن دهحهسێیتهوه؟ یاخو ئایا ئێمه بهڕاستی ئالاّمان خۆش دهوێت؟ئایا تا چهند توانیومانهڕێزله ئالاّ و گهورهیی ئالاّ بگرین؟ لهكاتێكدا ئالاّی ئازادی و مافی مرۆڤ و یهكسانی



و دادپەروەری و دیموکراسی و لێبووردەیی و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و .. لەزۆر شوێنی ئەم وڵاتەدا بوونی نییە، من بۆ شەڕی ئاڵایەک بکەم کە ئاڵای حزب لەو پیرۆزتر بێت؟!

بەهەرحاڵ ئەم بڕیارەی کوردستان لە کاتێکی ناسکدا بوو، جگە لەوەی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئاسایی کردنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری دەبێت و جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ی لەلایەن هەندێک لە عەرەبەکانەوە قورستر کرد لەبەرامبەردا سەرانی سیاسی کورد و هەردوو پارتی خاوەن حکومەت خەریکە کێشەی کەرکوک وەک مەسەلەی قودس لێ دەکەن و هەر بەدەم و وتار دەڵێن کەرکوک ئەمەیە و ئەوەیە.

دەکرێت سەرۆکی هەرێمێ داوای مافێکی سروشتی بۆ هاونیشتیمانییەکانی بکات، ئەگەر کێشەی لەوە ئاڵۆزتر و گرفتی لەوە نالەبارتری نەبێت، ئاخر سەرۆک، ئێمەش دەزانین ئەوە ئاڵای بەعس و ئەنفال و هەڵەبجەیە! بەڵام نازانیین کامە ئاڵای ئازادی ڕادەربڕینە؟ کامە دروشمی پشت ئەو ئاڵایەیە کە من خۆم بە خاوەنی بزانم؟! ناکرێت نازانم کەمن چیم وبۆچی لە نائارامی و دەردەسەری و نەبوونی و دڵ تەنگیدا بژیم، هێشتا کورد نیوەی لەتێکی لە دەمی عەرەبە ناسیۆنالیستەکان دایە خەڵکی ئەو ناوچانەش بە گومان و ڕەشبینییەوە دەڕواننە هەوڵەکانی کورد بۆ کەرکوک و دەورووبەری.

کەی من بوومەوە بەخۆم و توانیم ئازاد بم،کەی شەڕی خاک و ئاوەکەم تەواو کرد ئەوسا دەتوانم شەڕی ئاڵاکەشم بکەم.



# دۆنکیشۆتەکانی وڵاتی من..!!

ئەگەر هەرکەسێک رۆمانی (دۆنکیشۆت)ی خوێندبێتەوە و تاوێکی چاک پێنەکەنیبێت، دەکرێت تۆزێ بە تێفکرینەوە لێکدانەوەیەکی خێرای بۆ بکات بەڕەوشتی ئێستای بەرپرس و خاوەن مۆنیکا و تەلار و فرۆکە و کۆمپانیا بازرگانییەکان، بەڵام بە شێوەیەکی دی.

دۆنکیشۆتەکانی ئێمە دارێکی باریک ناکەن بە ئەسپە شینەی ژێریان بەڵکو نیسان پترۆڵی علوج و ئەڤەلۆنی بەرتیل و فرۆکەی خوێنی شەهیدان بەکاردێنن لە کەیف و سەفاکانیاندا، دۆنکیشۆتەکانی وڵاتی من هەر خۆیان نین بە تەنیا، بەدەیان دەمڕووتی چەک بەدەست و گەنجی ملهوڕیان لەگەڵدایە بۆ سوکایەتی کردن بە هاوڵاتی، دۆنکیشۆتەکانی ئێمە لە دژی کەسێک ناجەنگن جگە لە میللەت، گیرفانی میللەت دەبڕن، نانی هەژاران و نەداران دەخۆن، سوکایەتی بە دایکی شەهید و باوکی پیری ئەنفالکراوان دەکەن.

دۆنکیشۆتەکانی ئێمە ئامانجێکیان نییە لەوە بترازێ بۆ تێرکردنی شەهوەتە بۆگەنەکانی خۆیان و گرەوکردن لەسەر باشترین سۆزانییەکان، دۆنکیشۆتەکانی وڵاتی ئێمە سەدان پیاوی حیزبن سەرەڕای ماستاوچی و مەرایی کەرەکانی دەوروپشتیان، مەسەلەکەش لەوە دایە بەرپرسەکانی لای ئێمە ئێستا خۆیان بە باوک و سەروەر و قارەمانی نەبەرد و پیاوی بە ویقا و شۆڕشگێڕی بەوەفا و خۆبەختکاری دەستکەوتەکانی نەوەی نوێ دەزانن و نەوەی نوێش بەبێ مەعریفە و هەڵەشە و ئاژاوەگێڕ و ناڕۆشنبیر وەسفدەکەن، دەکرێت بەرپرسەکان ئەوە نەزانن کەڕۆژێک وەک دۆنکیشۆت دەبن بە بنێشتە خۆشەی دەمی چەند نەتەوەیەکی دوای خۆیان و ئەو سەروەرییانەی ئێستا تۆماری دەکەن چەندرۆمانێکی باشی لێ دەردەچێت بۆ پێکەنین!



# چۆن باوەڕ بکەین کەرکوك بەشێکە لە هەرێمی کوردستان؟

پێدەچێت کوردێکی ناسیۆنالیست پێچەوانەی ئەو مانشێتە پرسیار بکاتو بڵێت:"چۆن باوەڕ بکەین کەرکوک بەشێک نیە لە هەرێمی کوردستان"، بەڵام گەر واقیعبینانەو مەیدانییانە تێفکرینە مەسەلەکە، بڕوانین لەو هەوڵو چالاکیو بەرنامانەی"هەرێمی کوردستان" لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە پێشکەشی ئەو شارەی کردووە، ئەنجامێکی ترسناکمان بەرچاو دەکەوێت.

"کەس بۆی نیە موساوەمە لەسەر کەرکوک بکات"و چەندین دروشمو سەرە دێڕی کوردانەی وامان بیستووەو بەبەردەوامی بەر گوێمان دەکەون لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردو رۆشنبیرە کاربەدەستەکانی حیزبو حکومەتەوە، بەدەر لەوەی هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیو تەندروست نرابێت بەڕووی ئەو مەسەلەیەدا، دەبێت گەلی کوردو سەرکردایەتی کوردو کاربەدەستانی ئەو راستییە باش بزانن  لە کەرکوکدا تورکمانو(عەرەبی رەسەنو ناڕەسەن)و مەسیحیو تەنانەت نەوەی جولەکەیشی تیادا دەژی، نابێت تەنها بە ووتە ئەم راستییە بسەلمێنین،  هەر کەرکوکییەکی غەیرە کورد، تەنانەت بەشێک لە کەرکوکییەکە کوردەکانیش دەڵێن:"ئەمانەن رێبەرانی دیموکراتیو پیاوەکانی سەردەمی ئازادیو مافی مرۆڤ؟"، شۆخییان بە دیموکراسییەتو مەدەنییەتی هەرێمی کوردستان دێت، بەڵگەی روونو ئاشکرایش دەخەنە روو، بۆ پاڵپشتی رەخنەکانیان، بەوەی دوای سێ ساڵونیو دوای رزگارکردنی کەرکوک، دەسەڵاتدارانی کوردو هەرێمی کوردستان چ خزمەتێکی پێشکەش کردوون، تا چەند توانیوێتی ئارامیو ئاسایش بەرقەرار بکاتو دەستی تیرۆرو توندو تیژیو دووبەرەکی لەناو بەرێت، "بە هەڵە تێگەیەندراو لادەرەکانیش" بگەڕێنێتەوە سەر رێی پێکەوەژیانودۆستایەتی و گفتوگۆ"،بۆدرێژەدان بە مێژووی هاوبەشی



کلتوریو کۆمەڵایەتی ئەم شارە، یاخود هەرێمی کوردستان جگە لە بانگەشەی میدیایی، کەیو چۆنو بە چ شێوەیەک دەرگای حیوارو دیالۆگی لەلایەنە(نەیارەکان) یاخود ئۆپۆزسیۆنەکان والآ کردووە، تا بزانێت چ لە هەگبەی سیاسیومەعریفیو فەرهەنگیو عەقڵییەتی ئەو گروپانە هەیە، کورد لە کەرکوکدا پێویستی بەوەیە بچێت لەگەڵ هەموو" لایەک "دانیشێت، نەک دیواری بەردەم بارەگاو فەرمانگەکانو مێزی گفتوگۆکان وەکویەک هەڵپەسێردراو بن، دیارە هەرێمی کوردستان ئەوەی لەبیر چووە "دیالۆگو داوا کردنی ماف"، بەشێکن لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیو ئازادی بیروڕا دەربڕین، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز پرسیارگەلێکی لە خۆی کردووە، (بەرەی تورکمانیو گردبوونەوەی عەرەبیو رەوتی سەدری) بەرنامەیان چیەو داوای چی دەکەن و چییان لەگەڵ بکرێت باشە، هەرێمی کوردستانو بەرپرسەکانی نەک ئەمەیان نەکردوە، بەڵکو چەندین پارتو لایەنو گروپی کوردیشیان لە کەرکوک پشتگوێ خستووە، نایانەوێ لەگەڵیاندا دانیشن، کە ئەمە بووەتە هۆی روخاندنی پردی پەیوەندی سیاسیو وا بەرە بەرە بۆ نێو ریزەکانی کۆمەڵگەی کەرکوک دادەبەزێت، جگە لەمانە هەرێمی کوردستان تائێستا چەند لێکۆڵینەوەو دیراسەی لەسەر رەوشی کەرکوک کردووە، چەند کۆنفرانسی بۆ(کەرکوکییەکان) بە هەموو پێکهاتەکانەوە ساز داوە, ئەی هەرێمی کوردستان تاکەی دەمی "عەریزە نووسەکان"ی ناگرێتو بەرەڵلای ناوی "کەرکوک"ی کردوون، هەریەکەو لە شارۆچکەو گوندو کۆلانێکدا، لەنێو سایتو رۆژنامەو گۆڤارو میدیاکاندا گیرفان بە کەرکوک گەرم دەکەنەوە، تا ئێستا چەند بەرپرسی حکومەتی هەرێم سەردانی کەرکوکی عەرەبیو تورکمانی کردووە، تائێستا چ شۆڕشگێڕێکی حکومەتی هەرێم حەویجەو زابو ریازو سلێمان بەگی بەسەر کردووەتەوە، لەکاتێکدا کوردە کەرکوکییەکان لەناو ئەم شارەدا لەواقیعو راستی رەوشو مەسەلەکە گەیشتوونو لەدوورەوە زەردەی چاویان دێتو کەس گوێ لە خەمو رازەکانیان ناگرێت، لێکدانەوەکانیان بە(سووک) تەماشا دەکرێت، هەرێمی کوردستان لە کەرکوک واتا(یەکێتیو پارتی) لەنێوان ئەم دووانەشدا پارتی دەسەلاتداری یەکەمی هەرێمی کوردستانە،



کەچی ئەو هەوڵە کەمەی یەکێتی بۆ کەرکوک دەیدات‌و دەیەوێ هیچ نەبێت ڕەوشەکە وەک خۆی ڕاگرێت، پارتی وازی لە کەرکوک هێناوەو خەریکی حیزبایەتییە، جا نازانم نوێنەرانی پارتی لەم شارەدا شیاوی ئەوە نین کە لەو پۆستەدا بن‌و دەنگی شارەکە ناگەیەنن بەسەرووی خۆیان‌و هەر خەریکی بەرژەوەندی تایبەتین، یاخود بەرنامەو پرۆگرامی ناوخۆی پارتی ئەوەیە کار بۆ کەرکوک نەکات، خۆ ئێمەی کەرکوکی ئەوە قسە نابەرپرسیارێتییەی حکومەتی هەرێممان چاک لا روونە کە دەڵێت:“با کەرکوک یەکلایی ببێتەوە ئەوسا هەموو شتێکی بۆ دەکەین“، کاتێک کار بۆ کەرکوک نەکەن، پڕۆژەو ستراتیژو بەرنامەی خۆتانی تیا بەکار نەخەن، کەرکوک چۆن دەبێتەوە بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان، ئەو دەمەی کەرکوک یەکلایی ببێتەوە، ئیدی کەرکوک پێویستی بە هەرێمی کوردستان نییە، خۆی دەوڵەمەندترین شاری ناوچەکەیە، چ جای لەسەر هەرێمی کوردستان بێت یان حکومەتی ناوەندی یان هەرێمێکی فیدراڵی سەر بەخۆ بێت، ئەوە دەتوانێت خۆی دەوروبەرو مەسئولەکانیش تێر بکات، نازانم سەرباری ئەم بێ بەرنامەیی‌و بێ پلانی بێ خزمەتی‌و گەندەڵییە زۆرەی بەرپرسە کوردەکانی کەرکوک‌و تێگەیشتنی عەرەب‌و تورکمان‌و ئەوانی دیکەی شارەکە، لەوەی“ئەگەر کەرکوک ببێتەوە بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان“ ئەمان زیندە بەچاڵ دەکرێن, ئیدی کورد چۆن رووی دێت بڵێت:“کەرکوک بەشێکە لە هەرێمی کوردستان.



# باتیرۆریش بخەینەسەرصەدام..

تیرۆر، دیاردەیەکی جیهانییەوبەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست یان وڵاتانی ئیسلامیدابڵاوە، مەبەستەکانی تیرۆر زۆرە، بەڵام لەعێراقدابۆتێکدانی ئارامی و ئاسایش و ریگەگرتن لەدیموکراسی، ئازادی، هاوڵاتیان، لەرێگەی توندووتیژییەوە، یاخود بۆچەسپاندنی دەسەڵات، ئەم دیاردەیە بەتایبەت بەعسییەکان و یاریدەدەرانی دەرەوەی وڵات یارمەتیان دەدەن، ئەمان بەناوی (مقاومە)وە دژی داگیرکەرو خەڵکی سڤیلی بێ تاوان و بەرپرسانی حکومی، یان پیاوانی ئایینی دەکوژن بەناوی ئیسلامەوە، سەرچاوەکەی هەمووی حزبی بەعسە، بەزۆری لەسوریاو ئێران و چەند وڵاتێکی دیکەوە یارمەتی دەدرێن بۆ ئاژاوەنانەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی.

بەهەرحاڵ سەدام وبەعس بەهەزاران کەسی کوردوعەرەب و شیعەو تورکمانیان کوشت و زیندەبەچاڵکردنی مرۆڤی ئاسایی و لەسێدارەدانی سەدان پێشمەرگە، بەڵام دوای نەمانی دارودەستەکەی سەدام، تیرۆر رووی لەعێراق کرد و زۆرترین ئامانجەکانیان بۆسەر دام ودەزگاکانی حکومەت و لەهەمووی خراپتر شەهیدکردنی دەیان سەرکردەو پێشمەرگەی بەتواناو قارەمانی خاوەن سەروەری، تیرۆرکردنی ئەم کەسایەتییە قارەمان و رۆشنبیروپایەبەرزانە، هەروەکو لەسێدارەدانەکانی کاتی بەعس و گۆرە بەکۆمەڵەکان و ئەنفال وایە، چونکە ئەوساخەڵکی ئاسایی دەبووە ئامانجیان، ئێستا پلەدارو لێپرسراوان و هاوڵاتیان و پارێزەرانی ئارامی و ئاسایش، چونکە زیاد هەر زیادە، ئەگەرتیرۆریش بخەینە پاڵ تاوانەکانی سەدام و سەرانی بەعس، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەم دیاردەیە روو لەکزی و لاوازی دەکات، چونکە تیرۆرستەکان زۆربەیان بەعسی وفیدائی قودسەکانن لەگەڵ رێژەیەک لەتیرۆرستە بیانییەکان، ئەوکات لەبەرخاتری سەرکردە دۆڕاوەکانیان، ناتوانن درێژەبەکارە ناشرینەکانیان بدەن، لەترسی مەرگی پاڵەوانەکانیان!!



# کێ فریای وانەکانمان دەکەوێت؟

لەدوای نزیکەی دووساڵ لە ئازاد کردنی شاری کەرکوک و گەڕاندنەوەی بۆ باوەشی نیشتیمان و زمانی کوردی، کەچی ئێستاش نەتوانراوە لە وەزارەتی پەروەردەی هەردوو ئیدارەکە و ئەو هەموو بەڕێوبەر و مامۆستا و سەرپەرشتیارە کەرکوکییەوەکتێبێک ئامادە بکەن بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکوک، چونکە هەر مەکتەبە و لە ئاوازی پەروەردەیەکیان دەخوێنێت، خۆ هەقی ئەوەمان نییە گلەیی لە وەزارەتی پەروەردەی سلێمانی و هەولێر بکەین لە کتێبی وانە کوردییەکان لە کەرکوک،چونکە کەرکوک کەمتر لە دووساڵە ئازاد کراوە، بەڵام ئەوان ئەوە چەندین ساڵە لە هەر وانەیەک دوو کتێبی جیاواز دەخوێنن، جگە لەو کتێبانەی لە بەغداد چاپ دەکران، بەهەرحاڵ زۆر سوپاسیان دەکەین کە هاوکاری زۆریان کردووین، بەڵام لە مەیاندا نا، چونکە(دەستە چەورەکەی خۆیان بە سەری ئێمە سڕی)، هیچ لایەکیان ئامادە نەبوون کتێبی لایەکەی دیکە بڵێنەوە، جگە لەوکتێبانەی خۆیان دایان ناوە و ئەوانەی بەغداش، بەڵام لە کەرکوک هەردوو پەروەردەکە کتێبە چاپکراوەکانی خۆیان دابەش دەکەن بەسەرماندا، نازانم دەیانەوی فێری(سۆرانی و بادینیمان بکەن)بەیەکەوە،یان مەسەلەکە پەروەردەکردنی کوردانەیە، نموونەش کتێبی کوردی ئێمەیە..نزیکەی چوار مانگە کتێبی سلێمانی دەخوێنین، کەچی ئێستا دەڵێن کتێبی کوردی هەولێر بۆ بەکەلۆری داخڵە، کە نزیکەی دومانگ لە خوێندنمان ماوە و زۆربەشی بە بادینی نووسراوە،یان مێژووی کورد پاش سێ مانگ لە خوێندن، ئێستا مەلزەمەیەکی دەستنووسیان بەهەردوولا بۆ کردووین، چەندە باسی کورد دەکات ئەوەندەش باسی عەرەب دەکات و لەسەر حیسابی خۆمان لەچاپمان داوە، جوگرافیا لە هەندێک مەکتەب جوگرافیای کوردستان دەخوێنن و لە هەندێکی دیکەش هی عەرەب، بۆ پەروەردەی ئیسلامیش بەخوا وا بڕوات



بۆ ساڵێکی دیکە نیوەی قورئانمان پێ لەبەر دەکەن.

ئەوەندە مەلزەمە کانمان پێ دەگۆڕن، ئاخر بۆ منی خوێندکار مافی ساڵێکی خوێندنم بەفیڕۆ بچێت؟ کە چەند مانگێکە دەخوێنم و لە دواییدا کتێبێکی دیکە بخوێنم، سەرباری ئەم بارو دۆخە ناهەموارەی تێیدا دەژین و ترس و ناوخێمە و بێ کارەبایی و شتی دیکەش، ئەوە لە هەموو خوێندنگەکانداڕووی داوە، ئەی نازانن ساڵێکی خوێندنمان بەفیڕۆ دەچێت؟ ئێمەی کورد ڕۆژێکی خوێندنمان بۆ زۆرە چ جای ساڵێکی خوێندن، ئەمەیاری کردن نییە بە مێشکی خوێندکار، من مێژووی عەرەب و جوگرافیاکەیم بۆ چییە لە کاتێکدا مێژوو جوگرافیای خۆم نازانم، یان لەوانەی مێژووی کورد و زمانی کوردیدا ناوی یەک کەسایەتی و قارەمان و سەرکردەی کەرکوکی تیا نەبێت بە دەگمەن نەبێت، بەهیوایین زوو چارە بکرێت با خوێندنەکەمان بە فیرۆ نەچێت، دەکرێت لێژنەیەک پێک بهێنن لەهەردوو لا بۆ دانانی پرسیار.



# دادوەرانی کورد و دادگایکردنی سەرانی بەعس..

دادگایکردنی سەرانی بەعس بەتایبەتی سەدام و عەلی کیمیاوی نزیکبووەتەوە، بۆ ئەوەی مەینەتییەکانمان دوایی پیبێت و ژیانێکی زامنکراومان هەبێت و برینی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدکردنی رۆڵەکانمان ساریژبێت، پێویستە چی بکەین لە دادگایکردنی سەدام و دارو دەستەکەیدا؟ لەکاتێکدا بەدەیان دادوەری باڵاو شارەزامان هەیە، کەدەتوانن وەک دادوەرەعەرەبەکان داکۆکی لەمافی خۆمان بکەین و ئەوتاوانبارانەدادگایی بکەن و بڕیاری سزادانی دەربکەن، ئەوە هەڵوێستێکە دەیکەم، بۆچی دادوەرانی کوردبەشداری ناکەن؟ ئایا ئاست و بڕوانامەکانیان ڕێگرە یان جیاوازی نەتەوەیەیی؟ یان ترس؟ یان کەم زیرەکی و بێ ئەزموونی؟ یان ڕای شەقامی عەرەبی ڕێگرە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لای دادوەرانی کورد و بێدەنگییەکەیانە، لەکاتێکدا زۆربەی زۆری تاوانەکانی سەدام و رژێمەکەی دژ بە نەتەوەی کورد بووە، بۆ لەناوبردنی کورد لە عێراقدا،یان وەکو نەتەوەی دووەم مافی ئەوەمان هەیە بەڕێژەیەکی بەرچاو دادوەرمان هەبێت لەو دادگایی کردنەدا بە هەرسێ قۆناغی دادگایی کردنەکەوە، هەر لە ئاشکرا کردنی بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتی تاوانەکان و شاهیدیدان و دواتر دادگاییکردن و لێپرسینەوە و بڕیاری سزادان، لە قۆناغی دوودا پێنج دادوەر بەشدارە و لە قۆناغی سێ دا نۆ دادوەر بەشدارە، ئەگەر بڵێین: ترسی تیرۆرکردنی دادوەرانمان هەیە وەکو ئەو دادوەرەی تیرۆر کرا، ئەوە دەڵێین: ئێوە لە کوردستانی ئارامدا دەژین و ترستان نەبێت، ئەی ئەوە نییە (جوحان) دادوەری عێراقی زۆر بە ئازادانە باسی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعسی فاشی دەکات، دەڵێت: من ئەو دادوەرەم کە ناوم ئاشکرایە لە دادگاییکردنی سەرانی بەعس دا، خۆ ئێمەش دادوەری گەورەمان هەیە وەکو (دارا نورەدین) ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمی پێشوو، یان مافناس شێخ لەتیف شێخ مستەفا، زۆر



دادوەری تر کە لە توانایاندایە بەبێ ترس وەکو پێشمەرگەیەک بەرەو رووی ئەو تاوانبارە ببنەوە.

بۆیە باشتروایە هەوڵ بدەین گەر بەیەک دادوەریش بێت، بەشدار بن لە دادگاییکردنی سەدام و عەلی کیمیایی و سەرانی بەعسدا، بۆ ئەوەی خۆمان بڕیار لەسەر چارەنووسی دوژمنە سەرسەخت و لە مێژینەکەمان بدەین و برینی دڵی سەدان و هەزاران دایک و باوکی شەهید و کچ و کوڕی ئەنفالکراو، سارێژ بکەین، یان داوا بکەین دادگاییکردنی هەموو سەرانی بەعسی فاشی بهێننە کوردستان، چونکە ئارامترین ناوچەیە لە عێراقدا.



# لەتەعریبی نەتەوەییەوە بۆ مەزهەبی

هەرچەند سوننەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، بەڵام (٣٧)ساڵ بەر لە ئێستا بەهۆی شەڕەنگێزی و کودەتای تۆتالیتارییەوە توانییان بەتەواوی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن.

خراپترین سەرکردە و خراپترین ماوەی دەسەڵات حکومڕانی(سەدام)ی دیکتاتۆر بوو کە دەبینین لە بەندینخانەدا گۆڕەوییەکانی دەشوات .. ماوەی دەسەڵاتی سەدامی سووننە مەزهەب، ناوچە کوردییە سنوورییەکانی پڕ کرد لە عەرەبی هاوردە و کوردەکانیشی ڕاگوێزکرد بۆ ناوچەکانی عێراق، لەنێو ئەوانیشدا عەرەبی شیعەیش هەبوون، ناوچە سنوورییەکانی (کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، حەویجە، خورماتوو)و دەورووبەری پارێزگای کەرکوک بەر ئەم شاڵاوە دڕندەییە کەوتن، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی(٢٠٠٣)ەوە ئێمەی کورد دەمانەوێت و دەیڵێینەوە کە تەعریب ناشرینترین دیاردەیە کە کار لە گۆڕینی ژیانی مرۆڤ بکات لەڕووی نەتەوە و ئایین و جوگرافیا و زمان و ڕەگەزەوە، تەعریب گۆڕانی بەسەر عەقڵ و ئایدیا و ژیانی مرۆڤی کورددا هێنا، ئەوەتا هەر سوونەکان لە ناوچەکانی (لەتیفیە، دۆڕا، مەحمودییە)و زۆر شوێن تەعریبی مەزهەبی بەڕێوە دەبەن و شیعەکان زۆر پێی قەڵس و نیگەرانن و دەڵێن: ئەم کارە قێزەونە دژی ئاین و ژیان و سروشتی مرۆڤایەتییە و داوا دەکەن ئەو شیعانەی ناوچەکانی خۆیان پێ چۆڵکراوە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئێمەش دەڵێین: زۆرڕاستە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، باشتر بزانن کورد زۆر لەوە خراپتری پێکراوەو پتر لە (٦٥) ساڵ تەعریب و تەبعیس کراوە، تەنانەت داوای گۆڕینی نەتەوە و ئاینیشی لێکراوە، وە ئێستاش مافی خۆیەتی داوای گەڕاندنەوەی ناوچە تەعریب کراوەکان بکات، کە لە ژێر دەستی عەرەبی هاوردەدا وێرانکراوە، بۆیە دەڵێم:(جەعفەری) بڕگەی فیدراڵی لامەدە، ڕۆژێک هەر پێویست دەبێت، چونکە تەعریب هەر تەعریبە گەر مەزهەبی بێت یان نەتەوەیی و برایانی شیعەش با دڵگران نەبن، کە داوای گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە دەکەین بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە خاکی کورد و کوردستانە و دەسەڵاتیش وەکو (سەدام) بۆ کەس ناچێتە سەر!



# ئایا لەداهاتوودا کەرکوك ئارامی بەخۆوە دەبینێت؟

هەمووان داوای ئارامی زیاترو پاراستنێکی باشترو شارێکی هێمن دەکەین، شارێک دووربێت لە تەقینەوەو کوشتنو رفاندنو هەڕەشەو تۆقاندن، گوزەران تیایدا مەحاڵ نەبێت و تاکەکان تیایدا سەرگەردان نەبن، ئاسوودەیی تاک لەو کاتەوە فەراهەم دەبێت کە شار ئاسودە بێت، شار وەک پنتێکی یۆتۆپیایی لە دانیشتوانو ئەنتی جیاوازو فرە بۆچوون، چونکە شار پێگەی کۆبوونەوەی دەنگ و روانینە دوورو نزیکەکانە، بۆیە شار پێویستی بە ئارامی هەیە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت، ئارامی شار، ئارامی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو رۆشنبیری دابین دەکات، ئەم لایەنانەش ژیان دەبەن بەرێوە.

لە شارێکی وەکو کەرکوکدا، ژیان بۆخۆی جەنگەو ترس لە شۆستەکان دەبارێتو هەناسەکانت ون دەبن، لەو شارە ژیان لە مەترسیدایەو هەمیشە مردن لێتەوە نزیکە، بەڵام پێیت نەگەیشتووە! کەواتە ئاسۆیەک، یان کلیلێک هەیە ژیان بگێڕێتەوە بۆ ئاسودەگیو ئارامی، سەرباری ئەوەش نزیکەی "حەوت سەد هەزار کەس" ژیان دەکەن لەو شارەدا، باری ئەمنی ئەم شارە زۆربەمانی بێتاقەتو بێزار کردووە، زۆربەمان پێی دڵگرانین، نارەحەتین بەو رەوشە، بەڵام هێشتا بێهیوا نەبووینەو باوەڕێکی تەواومان بەدوا رۆژی شارەکە هەیە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم: مادەی ١٤٠ "قومارە بێماناکەی سەرکردایەتی کورد" کە ئەگەر خوا نەخواستە جێبەجێ بکرێت ئارامی بۆ کەرکوک دەگەڕێتەوە، کە لەو بارەوە زۆر رەشبینم، لەبەر ئەوەی "ئەو کڵاوەی حکومەتی بەغداد دەیکاتە سەرمان،سەرکردەکانمان بۆیان دووریوین".

دووهەم: لەو شارە کۆمەڵێک کەسی دڵسۆزو خەمخۆری بە ئەمەک هەن کە ئارامیو ئاسایشی کەرکوک دابین دەکەنو لەناو ئەو بەرپرسە گەندەڵو تاڵانچییانەدا بەویژدانو ئاکارەوە کار دەکەن، بۆ نموونە "عەمید خەتابو عەمید سەرحەد" کە زیاد بگۆیی نییە، بڵێم لە ٦٠٪ی ئەم رەوشە ئەمنیەی ئێستای کەرکوک ئەوان رایانگرتووە، چونکە لە نزیکەوە چاودێریی



کارو ئیشەکانی بەرپرسەکان دەکەم، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری ئەمنیدا کار دەکەن، ئەمە موجامەلە نیەو ئەوان شایەنی ناوهێنانو ڕێز لێگرتن، ئەوان پشکنینەکان ئەنجامدەدەن و بەدوای کەلێنە ئەمنییەکاندا دەگەڕێن و بۆشاییەکان پڕ دەکەنەوە، هەروەها ناوهێنانی ئەفسەرێکی یەکێتیو ئەفسەرێکی پارتی نییە، باهەریەکەیانیش سەر بەیەکێک لەوحیزبانە بن، ئەوان خزمەتی کەرکوک دەکەن، هیوای سەرکەوتنو بەردەوامیان بۆ دەخوازم، ئاگاداری ئەوەشم بەبەردەوامی لەلایەن چەکدارە توندڕەوو گروپی چەکداری لاوە عەرەبەکانەوە، پیلان بۆ لەناوبردنیان دادەنرێت و ژیانیان لەئێمە زیاتر لەمەترسیدایە، لەبەرامبەریشدا تاکوئێستا نەمانبیست ونەمانبینی ئەفسەرێکی عەرەب یان تورکمان هەڵمەتێک ئەنجام بدەن و چەند "تیرۆریست"ێک دەستگیر بکەن، یان بکەونە بەر هەڕەشەی چەکدارەکانەوە.

سێهەم: خەڵکی کەرکوک بە هەموو نەتەوەکانەوە هۆشیارییەکی گشتی زیاتری پەیداکردووە و بێزدەکات لە تیرۆریستو کەسە توندڕەوەکان، چونکە کەم ماڵ هەیە قوربانیەکی دەستی تیرۆری نەبێت و ژەهری لە دەستدانی کەسە ئازیزەکانیان نەچەشتبێت، ئەمەش وادەکات نەیەڵن جێگەی کەسە توندڕەوەکان لەگەڕەک وناوچەکەیاندا ببێتەوە.

چوارهەم: خەڵکی کەرکوک دوای چوار ساڵ گەیشتوون بەو بڕوایەی ئەگەر خۆیان ژیان بۆ خۆیان دابین نەکەن کەس فریایان ناکەوێتو بەدەنگیانەوە نایات، تابێت هەستی غەریبیو تەنهایی زیاتریان لا دروست دەبێت، بۆیە ئێستا بیرلەوە دەکەنەوە خۆیان پێکەوەهەڵکەن و دەستەکانی دیکە پشتگوێ بخەن.

پێنجەم: لەعێراقیش بەگشتی کردەوە توندوتیژییەکان ڕوویان لەکەمی کردووە، گروپە چەکدارییەکان ئەو قورساییەی پێشووتریان لەدەست داوە، کەرکوکیش بەدەرنییە لەوعێراقەی ئێستا و ڕەوڕەوەی توندوتیژییەکان تێکشکاوە، ئەگەر هێزە ئەمنییەکان دیسپلین بکرێنەوە دەتوانن زاڵبن بەسەر ناوچەکەدا.

لێرەدا پرسیار دەکەین، هەرچەندە لە لەکۆتایی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نزیک دەبینەوە ئایا لەچەند مانگی داهاتوودا رەوشی کەرکوک ئارامتر



دەبێت یان خراپتر دەبێت؟ لەبەرئەوەی هەرکاتێک گروپە چەکدارییەکان لە شارەکانی بەغداد و موسڵو دیالەوە فشاریان بۆ دروست ببێت ئەوا کەرکوک دەکەن بە ماڵی خۆیانو زیان بە خەڵکی کەرکوک دەگەیەنن، بەڵگەش بۆئەوە لەماوەی ١٠رۆژی ڕابردوودا گروپە چەکدارییەکان دوای ماوەیەک لەئارامی دەستیانکردۆتەوە بەپشێوی، بەتایبەتی گروپی ئەنسار ئەلسوونەو تەوحیدوجیهاد و دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق.

بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانو سنورردارکردنیان و بنبڕکردنی گروپە چەکدارییە توندڕەوەکان پێویستە بە بەردەوام پلانی ئەمنی نوێو کاتیی، لە کەرکوک جێبەجێ بکرێت، بەتایبەت لە باشورو رۆژئاوای کەرکوک.

هەروەها پۆلیسو هێزەکانی دیکە خولو کۆڕی پڕ زانیاریان بۆ بکرێتەوە لە بوارەکەی خۆیانداو لە مەترسی ئەو گروپو کەسانەش ئاگادار بکرێنەوە، لە ئەمانەش گرنگتر دروستکردنەوەی متمانەیە لەنێوان پۆلیسو ئەفسەرو پلەدارەکانداو دەستنیشانکردنی کەسە گەندەڵو خراپەکارەکان بۆ ئەوەی کەسانی دیکە سیناریۆکانی ئەوان دوبارە نەکاتەوە.

دوا خاڵیش پێم وایە ئەو گروپە چەکدارییانە کۆتاییان نایەت ئەگەر لەگەڵ شێخو عەشائیرەکانی ناوچەکەدا بەتایبەت لە "حەویجەو ریازو رەشادو دووبزو ئەو ناوچانەدا" ڕێککەوتن نەکرێت، هەرکاتێک ئەوان بەڵێنی ئەوەیاندا کە گروپەکان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا گوزەر نەکەنو گورز نەوەشێنن، ئەوا توندوتیژییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو کەم دەکات.



# شکستی بیرکردنەوەی"پارتی"
# لە بەرامبەر کێشەی کەرکوك

ڕەنگە هەڵە نەبم، کاتێک چارەنووسی نەتەوەیەک دەکەوێتە ژێر رکێفی چەند پارت و کەسایەتییەکی بازرگانەوە،یاخود وتە پەمەییەکانی ئەوان چەند ملیۆن هاوڵاتییەکی کورد فریو بدات، ئەمە ئەو پەڕی نا بەرپرسیارێتی و هەست نەکردنە بەوەی هاوڵاتیگەلێک جگە لەوەی بە بەردەوامی چەپۆکی فاشیستانەی نەتەوە و دەوڵەتەکانی دراوسێکانی، هەڕەشە لەو جوگرافیا بریندارە دەکەن، ئەشێ بۆ هەمیشە زامەکانی ساڕێژ نەبێت، کەچی ئەو لێپرسراو و کاربەدەستانەی ئەمڕۆکە بۆ ماوەیەکی دور و درێژە بە بێ ویستی میللەت جڵەوی حوکمیان لەدەستە، بە ستایڵ و ستراتیژو پرۆگرامی فرەوە راستییەکانیان لێ ئاوەژوو بکەن، دوای ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییەی کورد چەشتی، ئێستا هەموو مەسەلە و خەباتی کورد، تەنانەت نەک لەکوردستانی باشوور، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، مەسەلەی کەرکوک لە دیارترین ئامانجێکی ناسۆنالیستییەبۆ کورد، لە هەمبەر ئەوەدا پارتە سەرەکییەکانی کوردستانی باشور و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان کە" سەرۆک بارزانی و بنەماڵەکەی "دەیبەن بەڕێوە، دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی من بدەنەوە، کە ئایا پارتی چی بۆ کەرکوک کردووە جگە لەو لێدوانانەی پەرچە وەڵامن بۆلێدوانی دیکە؟

ئایا پارتی بۆچی هاتووەتە کەرکوکەوە؟ ئایا پارتی چەند توانای هەیە کە کەرکوک ئاوەدان بکاتەوە و خزمەتی بکات؟ ئایا پارتی بۆچی بەوشێوە بەرچاوو پراکتیکییە گرنگی بەمەسەلەی کەرکوک نادات؟ ئایا پارتی خۆی مەسەلەی کەرکوکی لا گرنگ نییە،یاخو ئەوانەی نوێنەری ئەون لە شارەکەدا هەڵگری ئەو مەعریفە و بیرکردنەوە نەتەوایەتییە نین بەرامبەر بە کەرکوک؟ ئایا پارتی تاکەی کارێک بۆ ئەو هەزاران ئاوارەیەی ژێر دەسەڵاتی ناکات و نایاننێرێتەوە زێدی خۆیان؟ ئایا پارتی تەنها بۆزیادکردنی ژمارەی



ئەندامەکانی هاتە کەرکوکەوە، یاخود وەک پارتێکی خاوەن بەرنامە بۆ کەرکوک و هەستکردنی بە دۆزە نەتەوایەتییەکەی؟

"هیچ پارتێکی کوردی و سەرکردایەتی کورد بەرنامەی نەبووە بۆ کەرکوک و هاتنە ناوەوەی کەرکوک"، پارتی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە مرۆڤگەلێکی بە ئینتیما و ناسۆنالیست ماون،لەدژی ئەو دابەشکردنە بوەستنەوە کە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لەسەر مەسەلەی"ناوچە تازە ئازاد کراوەکان" رێککەوتوون، بە تایبەتی لەسەر شاری کەرکوک و موسڵ.

دەکرێت پارتی وەکو زیادکردنی ڕێژەی ئەندامەکانی لە کەرکوکدا، خۆی بەسەر کەوتوو بزانێت، نەک لەبەر ئەو کارو خزمەت و هاوکاری و هەوڵانەی بۆ کەرکوک کردویەتی، بەڵکو لەئەنجامی بێ بەرنامەیی و مژۆڵی و لاوازی سیاسەتی یەکێتی و پارتە کوردییەکانی دیکەوە بووە لە کەرکوک.



# جاش ناوێك هەمیشە ئامادە، هەمیشە لەفۆڕمی سەردەمدا

وشەی جاش لەفەرهەنگی سیاسی کورددا تازە نییە، جاشایەتیش کردەیەکی نوێ نییە کەمۆدێرنێتە بۆی هێنابین! هەر لەسەردەمی شێخ مەحموودەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ، جاش دەورێکی باڵای هەبووە لەبەرەنگاربوونەوەو شکستپێدانی شۆڕش و جوڵانەوە کوردییەکاندا، بەڵام جاش ئێستا فۆڕم وستایلێکی دیکەی وەرگرتووە، جاشەکان لەسەردەمی شۆرشی ئەیلولدا و دواتر بۆلێدانی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی ئەوسای ئێراقەوە دروستبوون، جاشی ئەنفال، جاشێکە جیاواز لە جاشی هەموو قۆناغەکان.. جاشی ئەنفال، بێویژدانترین و بێ ئەمەکترین و حەرامزادەترین کەسانێک بوون کە بەرژەوەندی تاکی خۆیان هاوشان لەگەڵ بەرژەوەندی رژێمی بەعسی عەرەبی عیراقدا گرێدا، بۆسڕینەوەی نەتەوەیەک و دەرکەوتنی ئەوان وەک فیداکارو خاوەن نەوت شجاعەو قارەمان و شۆڕشگێڕ، جاشەکانی ئەنفال، تاقم ودەستەوهێزو مەفرەزەوفەوجیان هەبووە،رجبەخانەوچەکی نوێ وکەرەستەی جەنگییان پێ بووە، پیاوی بەرەعییەت وخاوەن ناوبوون وکەسوکاریان هەبووە.

دەکرێ جاش لە هەموو کەس تاوانبارتربێت، گەر جاش نەبوایە سەربازێکی زەلکاوەکانی بەسرە لەکوێ دەگەیشتە ناوچەی گەرمیان و بلە وبەرزان ودۆڵی جافەتی وبادینان؟

خوێندنەوەی جاش، خوێندنەوەیەکی کاتیی بەرژەوەندیخوازی کورتبینانە بووە، بۆیە هەر زوو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بێ نرخ و بێ رێزکران بەئێستاشیانەوە.

پێموایە جاشەکان هەریەکەوهۆیەکی هەیە بۆ جاشێتی و چەند جۆرێکن:

– ئەو جاشانەی لە پێشمەرگە یاخی دەبوون و لەلایەن شۆڕشی ئەوساوە داواکراوو یاساغ بوون.

– ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان تەباو هاوتەریب بوو لەگەڵ دەرەبەگایەتی



ودیکتاتۆرییەتی بەعسدا، کەئەمە پێچەوانەی سیاسەت وبەرنامەی شۆرش بووە.

– ئەوانەی لەبەر هەبوونی سامانێکی زۆر وزەوەند لەزەوی داگیرکراوی هەژاران ومەڕومالاَت کە ترسی لەدەستدان، یان قۆرغکردنیانیان هەبووە لەلایە ن حکومەتەوە.

– ئەوانەی هیچ نەبوون ودەیانویست لەرێی بەجاشبوونیانەوە ببنە خانەدان وخاوەن سامان.

– ئەوانەی کەلەترسدا دەبوونە جاش وحکومەت گومانی بەردەوامی لێدەکردن، بۆیە ویستیان بەم کارەیان حکومەت دڵنیابکەنەوە لە خۆیان.

بەداخەوەلەگەڵ ئەمانەشدا کورد هەمیشە دەستی خیانەتکاری تیابووەومێژووش ئەمەی سەلماندووە، جگە لەوەی چەندین بەهانەوتەکنیکی تر هەبووە بۆ بوون بەجاش.

جاش لەسەردەمی ئەنفالدا دەستی لەئەتککردنی کچ ودایکەکانماندا هەبووە، جاشی ئەنفال تاوانبارە بە بەفەرهوودبردنی سامانی نەتەوەیی وژێرخانی ئابووری کوردستان وتایبەتتر لادێکان، هەروەها سوتاندنی ئەو گوندو شارۆچکانەی کوردستان ولە سێدارەدان وگرتن وکوشتن وجاسوسیکردن بۆ بەعس لەئەستۆی ئەمانە.

لەدوای راپەرینەوە جاش ماڵوێران وسەرگەردان وپەرتەوازە بوو، دەستیانکرد بەئاژاوەنانەوەودزی وقاچاغچێتی، لەبەرامبەر ئەمەدا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بۆ کۆکرنەوەی خەڵک لەخۆیان وبۆمونافەسەی حیزبایەتی هەستان بەجێکردنەوەی جاشەکان بەبیانووی لێبووردنی گشتییەوەوهەرچی بەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتیمانی هەبوو وەلایان نا، کە لە (٩٠٪)ی جاشەکانیان گرتە خۆیان وگەڕاندیاننەوە بۆ ناو کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ومیللەتی کورد، کە لەدواییدا بوون بەپیاوو دەسیسەی خۆیان وهەر ئەوانیش بوون شەڕی براکوژییان هەڵگیرساند وبوون بەکاربەدەستی حکومەت وگەل، هەر جاشەکانن خەریکی سەنگەر گواستنەوەو ئەملاوئەولا کردنن وبەدوای پاروی چەوردا دەگەڕێن.

گاڵتەشم بەو قسەیە دێت کە دەڵێن:"هەندێک جاش هاوکاری خەڵکیان



کردووه ولەپرۆسەی ئەنفالدا کوردیان دەرباز کردووە"، چونکە ئەوانەی وا دەڵێن پیاوو کەسوکاری جاشەکان خۆیانن، ئەگەر ئەو قسەیەش راست بێت، ئەوا بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ودەکرێ هۆکاری کۆمەڵایەتیش هەبن نەک نەتەوایەتی ودڵسۆزی خاک وئاوی کوردستان، ئەگینا باجاشایەتییان نەکردایەو بچونایەتە شاخ، ئەوقسانە تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانە زۆرو زەوەندەکانیانە دەرهەق بە نەتەوەکەی خۆیان سەرەڕای ئەوەش خۆ کفر نیە لە (٣٦٠) فەوج و (٣٦٠) موستەشار و زیاتر لە (١٥٠)هەزار جاشدا چەند کەسێک هەبن.

جاشی ئەمڕۆ وان لەکوردستانی رۆژهەڵات.. وان لە کوردستانی تورکیا وکەواسووری بەر لەشکری دوژمنن ودژی برا شۆڕشگێڕەکانمان دەجەنگن ودەبنە دەلیل و رێ نیشاندەری بنکەوبارەگاکانیان، جاشی لای خۆمانیش ئەمڕۆ لەبەرگی واسیتەچی و ماستاوچی و مەراییکەراندایە.. جاشی ئەمڕۆ لە راگەیاندن و لەسەر نووکی قەڵەمی پیاوەنەخۆشەکاندایە، بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بەباسەکەم نەدەم، پێموایە چەندە سەدام وعەلی کیمیاوی ونزار خەزرەجی و..هتد، تاوانبارن، سەد هێندە جاش تاوانبارە و دەکرا کورد ئەوەندەی هەوڵی بۆدادگاییکردنی سەرانی بەعس دەدات، هێندەش کاری بۆ دانانی دادگاییەکی عادیلانە بکردایە بۆ لێپرسینەوە لە جاشەکان، چونکە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش هێندەی چاوەڕێی لابردن ودوورخستنەوەو وەلانانی جاش دەکەن لە دەسەڵات و حکومەت و حزب، نیو هێندەچاوەڕێی دادگاییکردنی سەدام ناکەن.. سەدام کەسێکە مەگەر بەس لەtv و ڕوپەری رۆژنامەکانەوە بیبینن و دەزانن پەتکراوە و چارەنووسی مەرگە، بەڵام جاشەکان لەسەر جادە ولەنێو کۆڕوکۆبونەوە وکورسی دەسەڵاتدان و دەمڕاست و دەمسپی میللەتن.



# ئەنفال...

ئەنفال، ناوێکەسواری پشتی مێژووی خوێناوی میللەتێک بووە، پڕە لە مردن وزیندووبوونەوە، لەژیان و نەمان، لەونبوون ودۆزینەوە، لە چاوەڕوانی و نامۆبوون .. جیهانێکە حەقیقەت نەزۆکە تیایداو ناتوانین راستیەکانی بڵێین، (ئەوراستیانەی کە ئەنفالی عەرەبی هێنایە ناو دیرۆک و عەقڵی تاکی کوردەوە) بەعس وکلتووری بەعس، ئەنفال وەک دابێک بووتیایدا؟یان تازکردنەوەی پەیمانێکی شۆڤێنی ناسیۆنالیزمی دینی وناهۆشیاریانەی عەقڵی عەرەب بوو؟بەهەرحاڵ دەکرێت زۆرلێکدانەوەی جوداهەبێت بۆئەنفال وبێسەروشوێنکردنی گەلێک، نامۆبوون ئەونمایشە رۆحیەی کە سووتووی دوای ئە نفال بەرجەستەی دەکات.

هێگڵ دەڵێ:“ ئەوجیهانە بابەتیەیەکە نمایشی ئەوروحە نامۆیانە دەکات“ وپڕکردنەوەی نامۆبوونیش دەکرێت بەمەعریفەوخوێندنەوەی فەلسەفی بێت، بزربوونی قیامەتێ لەمرۆڤ، نەک وەک ئەوەی کە کلتوورونەریتی ئێمە بەدوورکەوتنەوەو دابڕان لە خەڵک وتێکەڵ نەبوون  بە خزم وهاوڕێیان وەسفی دەکات، دەکرێت نامۆبوون وپاشماوەی بێ سەروشوێنەکان لەوەوە سەرچاوە بگرێت کەوالێکبدرێتەوە ژینگەکەی دەخوازێت بۆچەندبارەبوونەوەی ئەنفال بە فۆرم وتەکنیک وستایلی جیاوازەوە، نامۆبوونی کوڕوکچە بێ باوکەکانیش لە نەبوونی شوێن ونان وپێداوستیە سەرەتاییەکانیانی ژیانەوە هەڵدەتۆقێت، وەکو داخکردنی زمان وسەردەستیان بەهۆی تفکردن لەئاگری کۆمەڵگاو شکانی بێدەنگی نەتەوەیە .. نامۆیی بۆتەساڵژمێری باوکەپیرەکان و داپیرەپشت کۆمەکان، بەهۆی بەستنەوەیەکی ڕۆحی و زهنی و خەیاڵییەوە بەڕابردووەوە، دەیەوێت هەمیشە لەڕابردوودا بژیت و دەست بە پرچی ڕۆژگارە ونبووەکانی ئەمەشدا بهێنێت.

دەکرێت پاشماوەی ئەنفال بکەین بە دوو بەشەوە، لەڕووی نامۆییانەوە بەشێکیان پاشەکشە بەتەمەنیان بکات و ئاڕاستەی گەڕاندنەوە بەرەوڕابردوو



دەکات و دەگەڕێتەوە بەرەو ئەندێشەو شوێنێک کە ناکرێت دووبارە ببێتەوە و ناشیەوێت تێکەڵ بەم دونیا جەنجاڵە ببێت، بەشی دووەمی نامۆکانی دوای ئەنفال، ئەو نەوەیەیە کەنایەوێت ئاوڕ لەو مێژووە تاریک و هەڵچنراوە بەخیانەت و خوێنڕێژییەوە بداتەوە و دەیەوێت تێکەڵ بەجیهانی یەکەم بێت و هەنگاو بە هەنگاو لە رابووردوڕادەکات و هەوڵ دەدات تێڕوانینێکی دیکەی هەبێت بۆ ئەنفال و رابووردووی، ئەویش بە نامۆبوونێک دەڕوانێت و کە فەلسەفە و رۆشنگەری و هۆشیاری و گەڕانەوە بەڕووی دنیا و تەکنەلۆژیا و سروشتی مرۆڤەکان و وەدەستهێنانی مافەکانی، وەک مرۆڤێک فۆڕمەلەکردنی کرداری ئەنفال و لەبێژنگدانی ناشرینەکانی ئەو پرۆسەیەو دووبارە نامۆبوونەوەی بەشێکیان، بەدوورکەوتنەوە لە نیشانەکانی وەک پەردەپۆشکردنی نامۆییان بە ژیان و شۆڕدنەوەی عەقڵی کوردی بە پێشکەوتن دادەنێت.



# ئەی جاش نابەن بۆ شایەتی دان؟!

(٨/٢١) نزیک بوەتەوە، میدیای دەولی و لۆکاڵییەکان، سەبارەت بە دۆسییەی ئەنفال و لەسەر چۆنێتی دادگایی کردنی سەدام و دارو دەستەکەی دەدوێن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گەورە، پرسیارێک کە گەلێک لە چاوەڕوانی ئەودایە، ئەو پرسیارە چەند لقێکی لێدەکەوێتەوە و دەیەوێت حکومەتی کوردی بۆ بسەلمێنێت و ئەو وەڵامی بداتەوە، نەک دادگایی، سەدام دەتوانێت بە جاشەکان بسەلمێنێت کە ئەوان ڕێنیشاندەر و دەلیلی سەربازی عێراقی، ئەی ئێستا بۆ هەمان جاش کە دێهاتەکانی دەسوتاند ببێتەوە بە دەمڕاست و وتاربێژی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان، ئایا بەرپرسانی شاخ هەرگیزا و هەرگیز ئەو پرسیارەیان لە خۆیان نەکردووە کە کۆنە بەعسی و جاش و مەرایی کەرانی ئەوجا، وەکو ئەوان ئێستا لەسەر سفرەی حازرین،یاخود لەبری ئەو گەنجە ئازا و بوێرانەی لەسەر خۆپیشاندانێک توندیان دەکەن لە زیندان و دەتانەوێت ئابڕووی خۆیان و بنەماڵەکەیان بەرن و بە گێرەشێوێن و ئاژاوەچی ناویان دەبەن، دەسەڵاتی کوردی بیری لەوە نەکردووەتەوە کە دادگاییەکی کوردی بۆ جاشەکان دابنێن و هەر هیچ نەبێت دەست نیشانیان بکات، یان ئەوەیان پێ بسەلمێنێت کە تاوانبارن و داوای لێبووردن لە کەسوکارەکانیان بکەن، ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە دڵنیام دەسەڵات یەکە بەیەکەی جاشەکان دەناسێت و پێدەچێت دیوەخانانە و پیاوماقوڵانەی بۆ زۆربەشیان بڕیبێتەوە، هەر هیچ نەبێت دەسەڵات دەتوانێت سوود لە زانیاری و دەلیلێتی ئەوان وەر بگرێت، تا لە بەرامبەردا سەدامی پێتاوانبار بکرێت و بڵێین ئێمە جاشایەتیمان بۆ تۆ کرد و تۆ ئەنفالت بەسەر کورددا هێنا، بەس تەنها حکومەت قسەیەکی لە جۆرە بکات دەشێت هەندێک جاش ئەمە بکەن، چونکە پاکبونەوەیەکی جوانەو ئەم کردەیە بۆ خۆی بەشێکە لە گێڕانەوەی ئەخلاقیات بۆ بە کوردبوونەوەی جاش و هەر هیچ نەبێت پاکبونەوەیەکی بچووکە بەرامبەر بە جاشێتییان، لەگەڵ ئەمانەشدا پرسیارێکی جەوهەری تر هەیە کە ئایا کێن ئەوانەی



لەسەر ئەنفال لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت؟ شۆڕش و سمود (ڕزگاری).

گەر دەسەڵات و حکومەتی کوردی یەک تۆز ویژدانی هەبێت بۆ ئەوەی بزانێت حاڵ و گوزەرانی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان چۆنە و بیر لەوە بکاتەوە وەزارەتێکی گەورەیان ناو ناوە، ئەوە دەکرێت سەردانی هەردوو ناحییەی (ڕزگاری و شۆڕش) بکات، تا بزانێت ئەوانەی ئەوسا خاوەن دیوەخان بوون و پیاوی گەورە و بەڕێزی ناو دێهاتەکان بوون و هەر ئەوان نان و بەرگی پێشمەرگەیان دابین دەکرد، ئێستا لە سایەی حکومەتی کوردییەوە ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبەن، وەزارەتێکی گەورە دامەزراوە، دەبێت بەڕێوبەرایەتییەکی گەورە لەو دوو شوێنە بکاتەوە، دەبێت خانمە وەزیری تازە هەوڵ بۆ ئەوە بدات چۆن شاری خەونەکان و پاک سیتی و زۆری تر دروست دەکرێت، یەکێک بۆ هونەرمەندان و یەکێک بۆڕۆژنامەنووسان و یەکێک بۆ ئەندازیاران و.....هتد، ئاواش دەبێت ناحییەی (شۆڕش و سمود) بکات بە نموونەی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان، بەڵام خانوویان بۆ بکەن و موچەی باشیان بۆ دابین بکەن، پزیشکی تایبەتی بۆ نەخۆشەکانیان دابین بکەن، خوێندکارەکانیان بنێرنە زانکۆکانی دەرەوە.

ئەگەر دەتانەوێت برینی ئەنفال ساڕێژ بێت بەم کارانە دەبێت، نەک پیشاندانی کەلەسەر و ئێسک و پروسکی ئەنفال کراوەکان، بۆیە چەند بۆ دادگایی سەدام دەدەن دەبێت سەد هێندەش خزمەتی پاشماوەی ئەنفال بکەن، گەر دەتانەوێت لە کۆمەڵگا دانەبڕێن.



# کوشتنی عەبدولستار شەریف، واتە:کوشتنی ڕابردوو

نازانم چی وایلێکردم کەمۆبایلم بۆ بەرپرسێکی ناسیاوم کرد، تووشی سەرسوڕمانی کردم کاتێک پێیوتم:“ ئەزانی شێخ ستاریان کوشت؟!“، من نەمتوانی بەئاسایی وەڵامی بدەمەوە، ئەو کات ٣٠خولەک بەسەر تیرۆرکردنەکەدا تێنەپەڕیبوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو چەند رۆژێک بەرلەوە لەگەڵ هەمان بەرپرس لەسەر دیدارەکانی ئەم دواییەی ئەو قسەمانکردو مەترسییەکانی سەر ژیانی ئەومان شرۆڤە کرد.

کوشتنی ئەو بۆمن لەهەمووان جیاوازتر بوو، لەماوەی رابردوویەکی نزیکدا وتارێکم بڵاوکردەوەو لەچەندین شوێنەوە ئاگادارکرامەوە کەوریا نەبم ئەوا“دەمکوژن“، دوای کوشتنی د.عەبدلستاریش هاوڕێیەکم ئەم مەسجەی بۆناردم“کورە دوایی وەک شێخ ستار لێدەکەن، وازبێنە، مانمان لەنەمان باشترە“!!

رۆژانە لەکەرکوکدا مرۆڤ دەکوژرێت، رەنگە کەسی دیارو بەرچاویشبن، بەڵام وەکو کوشتنی دکتۆر ومامۆستایەکی زانکۆو پیاوێکی سیاسی کە دەتوانین بە“میمۆری سیاسەت وشۆڕشی کۆنو نوێی گەلی کورد“، ناوی ببەین جێگای مەترسی نییە، کوشتنی عەبدولستار کەتەمەنی نزیکەی (٧٥) ساڵ دەبوو، زەنگێک بوو بۆئەوەی ئێمەڕابردوو لەبیر بکەین، ئێمە نابێت ئیدی راستییە تاڵەکان وەکو خۆیان ببیستین، نابێت وابیربکەینەوە کەسەرکردەکانمان خەوشێکیان هەبووە، هەموویان پیاوی چاکو پاکو بێهەڵەبوون، کوشتنی ئەم پیرە سیاسییە چرپاندی بەگوێماندا:هێشتا ئازادی لەم وڵاتە لەژێر گوللەی دیکتاتۆرییەت و بیرۆکراتییەتدا، جگە لەنوکتەیەی سواو هیچ تر نییە، هەر لەم سۆنگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کوشتنی مرۆڤێک، دەتوانێت زۆر نهێنی رابردووی شوێنێک، میللەتێک، شۆڕشێک، ون بکات، بەڵام ئەو، ئەوەی ویژدانی پێئاسوودە دەبوو



گوتی، ئیدی کوشتنیشی، جگە لەسەرفرازی بۆخۆی، پڕبوو لەنهێنیو وانەی گرنگ بۆئێمە، ئێمە لێرەوە دەبێت وابیربکەینەوە لەم وڵاتەداڕامان لەمێژوو، ڕامانە لەشتە حەرامکراوەکان وقسەکردن لەتابۆکان، قسەکردن لەموقەدەساتی ئاسمانی زۆر مەترسیدار! چونکە، خۆشێخ ستار نە تەقەی لەتەلارەکانی دەسەڵاتکردبوو، نەبینای پەرلەمانو وەزارەتەکانی بەردەباران کردبوو، کۆمەڵێک یادەوەری خۆی بوو بۆئێمەی دەگێڕایەوە، ئێمەی بێئاگا لەڕابردوو، بەڵام ئێستا ئەوە روونە کەقسەکردن لەسەر وتنو دەرخستنی ڕاستییەکانو بوونی بۆچونێکی جیاواز، یاساغەو ژیان دەخاتە مەترسییەوە، داهاتوویەکی تاریک وەک بیرکردنەوەکانی ئەوان چاوەڕوانی رۆژنامەگەری ودنیای میدیاو ئازادی وتنە، رەنگە لەو تاریکییەدا خۆمان لێ ون ببێت و لەپاسارێکدا بەفیشەکێک نوزەمان لەبەر ببڕن.

لەهەر شوێنێکدا کوشتنو بڕین وئازاردانی نووسەران ورۆشنبیران ودەمکوتکردنی بیروڕا جیاوازەکان بوونی هەبێت، ئەوا مانای وایە گفتوگۆ و قسەکردنو ئاخاوتنی ئازادانە قسەیەکی پوچەوجێگای هیچ ناگرێت، ئەو شوێنەی گوللە ببێتە زمانی دیالۆگیی و کوشتن وئەشکەنجەدان جێگای قەڵەم بگرێتەوە،باشترە مرۆڤ لێی هەڵبێت،هەڵهاتن بەو مانایە نا، وڵاتەکە بەجێ بهێڵێتو ساحەکە چۆڵ بکات، بەڵکو لەڕێگایەکی دیکەوە بەدووی ئامانجەکەوە بیت، ئەو ئامانجەی بۆ مرۆڤایەتی سوودی هەیە، بۆ بەرەوپێشچوون وگۆڕانی دنیا دەستدەدەن، لەوەش تۆقێنەر تر ئەوەیە، بۆئەوقەتڵوعامەی رۆشنبیران لەکەرکوکەوە دەستپێدەکات، کەرکوک رەنگە ئاسۆی رۆشنبیری داهاتووی کوردبێت، بەوەی چەند نەتەوەیەکی تێدا دەژین وئازادییەکان زیاترن ودەسەڵاتی حزبیەکان وکوردیش کەمتربێت لەشارەکانی دیکە، کوشتنو ئەتککردنی رۆژنامەنووسو نوسەرانی کورد بەدەستی دەسەڵاتدارو حیزبە کوردییەکان، شەرمەزارییەکی دیکەیە بۆئێمە، بۆئەو حوکمڕانانەی دڵیان چەند وشەیەکی ناجۆری تێدا جێنابێتەوە.

مەترسییەکانی کوشتنی عەبدلستار تاهیر شەریف لەسەر نوسینەوەی یاداشتەکانی، هێندە تۆقێنەرە، وامان لێدەکات هەست بەشەرمێکی گەورە بکەین کەپیاوێکی بەوڕێژەیە ناسراوی کورد وبەو نرخە دەگمەن لەکەرکوکدا



تیرۆر بکرێت، ئەوە ئێمەی گەنج، کوشن و لەناوبردنمان ڕەنگە بەمەسجێک ئەنجامی بدەن و بەمەسجێکی دیکەش کۆتایی پێبهێنن، بۆیە دەسەڵاتی ئەمریکی لەعێراق پێیوایە"کوشتنی عەبدلستار زیانێکی گەورەبوو لە زانست وداهاتووی عێراق وکەرکوک".

بەڵام باپرسیار لەخۆمان بکەین، چی ڕوو دەدات ئەگەررابردوو لەبیر بکەین؟ چی ڕوو دەدات ئەگەر "ئێستا"مان "ڕابردوو"بکوژێت؟ ئەزانن چی ڕوو دەدات؟

ئەو کاتە ئێمە دەبێ بنوسین"سەوز وزەرد"، بنووسین بژی"ناعەدالەتی وگەندەڵی ونائاکارییەکانی کۆمەڵگە"، دەبێت هەموومان داهاتوویش لەبیر بکەین، چونکە ئێستای ئێمەڕابردوویەکە بۆ نەوەکانی دوای ئێمە.



# ئاڵاكانتان داگرن‌و سەرتان بەرزكەنەوە

مێژووی شەڕەپەڕۆ، لەنێوان حزبە كوردییەكاندا، كۆن نییەو دوریش نییە، پەڕۆ زۆر كەسی بەكوشتدا، خۆڵی كردە چاوی میللەتێكەوەو، سەردەمانێك چەندین ملیۆن كەس دوای دوو پەڕۆی ڕەنگ جیاواز كەوتبوون، كەچی ئێستاش ئەو گەمەیە، گەمەی شكاندنی یەكتری‌و خۆ فەرزكردن بەسەر ئەویدیدا، بەشێوەیەكی دیكەو لەشوێنێكی دیكە چەكەرە دەكات.

لەدوای روخاندنی رژێمەكەی سەدامەوە، هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری كوردی، بەبێ بەرنامەییەكی تەواوەوە هاتنە كەركوكەوە، بەبێ بەرنامەییەوە كۆمەڵێك خەڵكی خراپ‌و بەعسی‌و تەنانەت پیاوكوژو، خەڵكی تۆقێنەریشیان گرتە خۆیان، ئەوانەی تا دوێنێ لەبازگەكان‌و گەرەكەكاندا كوڕە كوردیان بەرەو زیندانەكانی بەعس دەبرد لەسەر جاسوسییەكانی ئەوان ئەشكەنجەدەدران‌و لەسێدارە دەدران، ئێستا بەهەمانشێوە بەناوی یەكێتی‌و پارتییەوەو لەنێو رێكخستنەكانی ئەوانەوە، سوكایەتی بەخەڵكی سادەو هاوڵاتیانی كەركوك دەكەن، ئەوان بوون بەخەتیبی هەردوو دەسەڵاتەكە، بۆیەهەمان بەرنامە لەنێو پەیڕەوی ئەم حیزبانەدا دەچێنن.

لەهەمووی ئازاربەخشتر ئەوەیە: یەكێتی‌و پارتی لەكەركوك، لەشەڕی خزمەتكردن‌و جوانكردنی شارو، گرنگیدان بەژێرخانی داتەپیوی كەركوك‌و، ئاگاداربوون لەكێشە نەتەوایەتییەكان‌و خوێندنەوەی نەیارەكانی كورد لەیەك دوربینەوە، ململانێیەكی بێدەنگی ناشایستەیان دەست پێكردووە، ئەوەی لەسلێمانی‌و هەولێر لەڕوویان نایەت بیكەن، لەكەركوكدا بەزیادەوە دەیكەن، ململانێكە خەڵكی كەركوكی بێزاركردووە، وای بۆدەچن ئەم حیزبانە ناتوانن ئەو حیزبە خەیاڵییەی مێشكی ئەوانبن، كەپێشئەوەی بەدیداریان شادبنەوە خۆزیایان بۆدەخواستن.

قسەیەك هەیە باس لەوە دەكات: تەلارسازی‌و پەیكەرەكان تەعبیر لەشار دەكەن‌و دەتوانی بەو شتانەدا شار بناسیتەوە، بۆئەوەی رەوشی كوردو پەیوەندییەكانی نێوان حیزبەكان لەكەركوك بناسیتەوە: تەماشاكردنی ئەو هەموو ئاڵا زەردو سەوزەو سورە بەسە بۆئەوەی هیوات پێیان



نەمێنێت،داگیرکردنی قوتابخانەو فەرمانگەو تەنانەت پردو ڕێڕەو شوێنەگشتیو شەقامەکانی کەرکوک بەئاڵای زەردو سەوز، کافییە تائەوەی پرسیار لەکەس نەکەیتو لەو واقیعە تێبگەی، دواجار دەسەڵاتی کورد نابێت ئەوەی لەبیربچێت: خەڵکی کەرکوک زۆر لەوە هۆشیارترەو، دەزانێت کێ خزمەتی دەکاتو کێ حیزبایەتی دەکات، وەکو شارەکانی دیکە بیرناکەنەوەو بەهاشوهوشی پێش هەڵبژاردنەکان خەنی نابن، ڕەنگە قیرتاو نەکردنی گەڕەکێکو نەبوونی ئاو وئاوەڕۆو پرۆژەی خزمەتگوزاری لەکۆلانێکدا، هۆکارێکی لاواز بێت، بۆئەوەی کەسێک چارەنووسی نەتەوەکەی بخاتە مەترسییەوەو لەکاتی هەڵبژارندا دەنگ نەدات، بەڵام هاوڵاتییەکی هیوا لێبڕاوی نائومێد لەم حیزبانە ئەوە لێکناداتەوەو خزمەتی دەوێت، شەرمندەییەکی گەورەیە بۆیەکێتیو پارتیو تەنانەت شیوعییەکانیش ئەم نەخۆشی ئاڵا هەڵکردنەیان تێدا مابێت، هەڵکردنی ئەو ئاڵایانە جگە لە جیاکردنەوەی یەک گوتاری کوردو، حیزبییانە بیرکردنەوە شتێکی ئەو تۆ نابەخشێت، بەراستی کەرکوکییەکان چاوەڕوانی پەیامێکی دیکەی لەپارتە کوردییەکان دەکرد، پەیامێکی فرە ڕەنگودەنگو جیاوازی بیرکردنەوە لەچوارچێوەی ستراتیجێکی یەکگرتوودا، کەبتوانێت تەغتییەی شەقامی سیاسی شارەکە بکات، ڕەنگدانەوەی ئەو شەڕە پەڕۆیەی ئێستا لەکەرکوک دەکرێت بەڕوونی لەئەنجومەنی پارێزگای شارو کۆبوونەوەکانیشدا دیارە، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم: ئەگەریەکێتیو پارتی ”ڕێککەوتنی ستراتیجی“یان پێکەوە نەبوایە بۆماوەی دوو خولی هەڵبژاردن، ئەوە نەیاندەتوانی لەکەرکوکدا پێکەوە هەڵبکەن، بۆیە باشترە ئاڵاکانیان داگرنو سەربەرزبکەنەوە، ئەو هەموو کەموکوڕییو خراپەکارییەی دەستی خۆیان ببینن وشەرمی نارەزایی خەڵک بیانگرێت.



# ببوره سەرۆك، بەداوای لێبوردنێك دەربازتان نابێت

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لێبوردنێک لەپای چی؟ تازە داوای لێبووردن لە کێ دەکەی! کە فیشەک نەما نەینەن بەکوڕی ئەم میللەتە هەژارەوە؟ داوای لێبوردن بۆ؟! دوای ئەوەی پارەی خوێنی لاوەکانتان لە بانکەکانی دەرەوەی وڵات بلۆک دەکرێت.

سەرۆک تۆ پێمبڵێ داوای لێبوردن لەچی دەکەی؟! خوا بتان پارێزێت ئێوە لە شۆڕش و دەردەسەری و فیداکاری و خۆبەختکردن زیاتر چیتان کردووە؟! خوا ئەوە دەگرێت بڵێت: یەکێتی و پارتی غەدریان لە میللەت کردووە! دەمی ئەوە گێڕ دەبێت بڵێت: ئەوان سوکایەتییان بەدایک و باوکی پیری شەهیدان کردووە!

دەبێت ئەوانەی وا دەڵێن بە سزای گەل و نیشتیمان بگەیەنرێن، زمانیان بە بڕین چێت هەرکەسێک لەعەلەی ئێوەمانان بڕوات، ئەوە نییە هەموو هەفتەیەک گوندێکی سووتاو بەسەردەکەنەوە و هەرجارەی سەردانی ماڵە شەهیدێکی شەڕی براکوژی دەکەن و دەست بەسەری منداڵ پێ پەتییەکانیاندا دەهێنن و روومەتیان ماچ دەکەن.

ئاخر نازانم سەرۆک چۆن زات دەکەی لەبەردەم دەیان کەناڵی ڕاگەیاندندا دەڵێیت : من بەس داوای لێبووردن لە کەس و کاری شەهیدانی شەڕی ناوخۆ دەکەم، ئەی بۆ ئەوکات لە خۆتت نەبووری و ئەو شەڕەت کرد کوڕی ئەو عالەمەتان بەناهەق بەکوشتدا؟ ئەوسا نەتدەزانی دایکی ئەو گەنجانە هەست و سۆزیان هەیەو جەرگیان دەسووتێ؟ کە بەبلۆک سەریانتان پان کردەوە! ئەی لەبەرەی جەنگدا بیری ئەوەت نەدەکردەوە وا ئێستا بیری لێ دەکەیتەوە؟

من ئەزانم دایک هەیە لەسەر تەرمی شێواوی کوڕەکەی وتویەتی:"بەخوا دەبێ بەکەلەپچەکەی دەستییەوە بینێژن خوا حەقم بکات من بەمانە ناوێرم"! سەرۆکی وڵات چۆن لێت خۆش بین؟ تۆ پێمان بڵێ؟



خۆ بە وتارە ئالآو والآکانی سەر کەناڵەکانتان نابێت، پێویستە پلانتان هەبێت بۆ داوای لێبوردنەکانتان، دەبێ بڕیار بدەن کە مووچەکەی ئێوە و دایکی شەهیدێک وەکیەک بێت، ئا.. دەبێت سەروەت و سامان و کۆمپانیاکانتان ئاشکرا بکەن وەکو ئاشکرایی سەروەت و ماڵی شەهیدان.

واز لە پاکانەکردن بێنن.. تکایە سەرۆک ئیتر مەڵێ: داوای لێبوردن لە کەسوکاری شەهیدان دەکەم، چونکە برینی بە سوێی جەرگی دایکم دەکولێتەوە ئەوەش بزانە دایکم دەڵێت: قەت لە خوێنیرۆڵەکەم خۆش نابم کە بەناهەق لەبەینی ئێوەدا شەهید بوو.. دڵنیابە هەموو دایکی شەهیدەکان وادەڵێن، لەبەر ئەوەی دڵۆپەیەک ئاو بەشێکە لە دەریایەک، بۆیە زەمەنی گەندەڵی و وتاری کرچ و کاڵ بەسەرچووە، ئەگەر لێپێچینەوە نەکەن و سزای ئەندامەکانتان نەدەن ئەوە بۆتان ناچێتەسەر لەم سەردەمی بیرکردنەوەیەدا.

**سۆرانی مامە حەمە**

**لەبری دایکم**



# گەنج و متمانەی کۆمەڵگە

باوکان، باپیران، دایکان، داپیران، لەیەکێک لەقۆناغەکانی تەمەنیاندا بەگەنجێتی و هەڕەتی لاویدا تێپەڕبوون، ئایا ئێستا دەتوانن هێزی جاران بخەنەگەڕ؟ ئایا هەمان متمانەیان بە خۆیانە بەرەو سەرکەوتن؟ ئایا هەوڵ بۆچی دەدەن؟ بێگومان پرسیارەکان ڕوونن بەهۆی لەدەستدانی هەندێک ئارەزوو و کوشتنی بەشێک غەریزەی تایبەتی خۆیانەوە، خۆیان بە دۆڕاوی ئەو قۆناغە دەزانن! بەڵام کێشە لێرەدایە بۆچی ئێمەکۆمەڵگایەکی گەنجمان هەیە، بەعەقڵیەتێکی پیرەوە کاردەکەن، بۆچی بەرپرس و کاربەدەستەکان بەتایبەت کەسە سەربازی و سیاسییەکان هەمیشە دروشمی پڕدراو و قسەی بریقەدار لەسەر زاریانە سەبارەت بە لاو، کەچی لەکاتی کاریزمەکردنی ئاوات و خولیا و مافەکانی لاواندا دیوێکی تر خۆیان پیشان دەدەن، کە (عەلی وەردی)بەجوانی باسی کردوە تاکی عێراقی دوو کەسن، یاخود دوو دەمو چاون، دوو مرۆڤی لەیەک جودان، لاوەکانیش نەوەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و سەردەمی بەجیهانیبوونن، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە لە جیهانی سێیەم دایە و هەنگاو رووە و دیموکراسی و عەولەمە و تێکەڵبوون بە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان دەبێت،دەکرێت ئەو متمانەیە بە لاو ببەخشرێت کە دەڵێن شۆڕشی نوێ لەسەر دەستی لاو درووست بووە، متمانە بەخشین بەلاو متمانە بەخشینە بە کۆمەڵگا، بەسەردەمی لێشاوی پێشکەوتن، بەڵام حەیف کۆمەڵگای کوردی نەک متمانەی بەلاو نەداوە بەڵکو بەرەو هستریاو لەبیرکردنی بردووە، بۆنموونە: کام لە سەرکردایەتی پارتەکان دەبینی لاوێکی تیا بێت، لەکام وەزارەت لاوێک بەرپرسە، لەچی سەردەمێکدا دەسەڵاتی کوردی هاتووە گوێی لەگەنج گرتووە تا بزانێ چی پێیە و دەیەوێ چی بکات؟

ئایا ئەمانە هەموو لەدەستدانی متمانە نییە؟ ئەمانە هەڵوەشاندنەوەی نەوەی نوێ و دابڕاندنی تیرۆری کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی نییە؟لە چی شار



و شارۆچکەیەک دەبینن لەجێگەی گازینۆیەکی بلیاردیان چایخانەیەک سەنتەرێکی خزمەتگوزاری بۆ پەرەپێدانی تواناکانی لاوان کرابنەوە، دەکرێت جوانترین نموونە بۆ بێهیوابوونی لاو لەسەرو خۆیەوە بوون بە پۆلیس و کارگوزار و کۆچکردنە بەرەو دەرەوەی وڵات.

یەکێکی تر لەو خاڵ لاوازانەی نێوان گەنج و کۆمەڵگە نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی کارایە لە پەروەردە کردنی تەمەنی لاوێتیدا لە قۆناغەکانی خوێندندا بێتیان لەناو خێزان و ژینگەی دەورو بەرەکەی کە زانایانی دەروونناس زۆر گرنگی پێ دەدەن.

لەکۆتایدا دەڵێم کاتێک کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست دەبێ کە گوێ لەچینێکی باڵای بگرێت و کاری بۆ بکات ئەویش لاوانە ئەگینا بەرە و ڕووخان و توانەوە دەچێت.



# جەنابی موحافیز چۆن بفڕین؟

هەمووان لەوە دڵنیاین، ڕەوشی کەرکوک ئارام نییە، دەبێت بەئاگاییەوە هاتوچۆ بکەیتو بگەڕێیت، بەتایبەت بۆئەوکەسانەی ناسراون یان بەرپرسن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی هاوڵاتیان ئیستغلال بکەیتو، بەو هۆیەوە سوکایەتی بەئازادییەکان بکەیتو مافەکانیان پێشێل بکەیت، ئەوەی لەکەرکوکدا مایەی نیگەرانییەکی زۆرە، بەرپرسەکانی کەرکوکن، هەمیشە بۆشاییەکی گەورەو فراوانیان لەنێوان خۆیان وهاوڵاتییاندا چێکردووە، پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش ئاسان نییە، چونکە هاوڵاتیان لەدوو حاڵەتدا بەرپرسەکانی کەرکوک دەبینن،یەکەم: کاتێک هەموو شەوێک شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان لێ قۆرغ کردوین، هەرئەوان لەبارەی هەموو کایەکانی ژیانو، لەسەر زۆر تەوەر دەدوێن. دووهەم: کاتێک بەکەژاوەی ئۆتۆمبێلە زۆرو بێژمارەو جامتاریکەکانیانەوە، بەخۆیانو پاسەوانە نارۆشنبیرەکانیانەوە، لەجادەو بانو شەقامەکاندا، دەبە ئاومان تێدەگرن،یان جوێنمان پێدەدەن، یان تەقەمان بەسەردا دەکەن، تەنها بۆئەوەی ئەوان تێپەڕن، وەک ئەوەی خەڵکی ئەوشارە مافی ڕۆیشتنیان نەبێت جگە لەئەوان.

دوو ساڵ بەرلەئێستا، بەهۆی کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی پارێزگاری کەرکوکەوە، لە تاقیکردنەوەیەکم دواکەوتمو، تیایدا دەرنەچووم، ئەمساڵیش هەمان سیناریۆ دووبارە بوویەوە، بەزەحمەت فریای تاقیکردنەوە کەوتم، هەر ئەو ڕۆژەی بەهۆی تێپەڕینی جەنابی پارێزگارەوە لەدەوامی خوێندنەکەم دوا کەوتم، بەچاوی خۆم بینیم، بەگوێی خۆم بیستم: پاسەوانێک جوێنێکی زۆر نەشیاوی بەپیرە پیاوێکی نەخۆشداو میلی تفەنگەکەی لێهێناوە بۆئەوەی بگەڕێتەوە تا گەورەی تێدەپەڕێت!

لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە، لەوکاتەوە بەڕێز عەبدولڕەحمان مستەفا بووە بەپارێزگاری کەرکوک، هەموو بەیانیانێکی دەوام، بۆماوەی (١٠-٣٠) خولەک شەقامێکی سەرەکی کەرکوک دادەخرێت تاکو بەڕێزیان تێپەڕببن، چەندینجار بەوهۆیەوە پاسەوانەکان لەخەڵکیان داوەو تەقەیان لەخەڵک کردووە، کە ڕەفتارێکی ناشرینو نەشیاوە، پارێزگارەکەمان خۆی محامییە،



دەبوو زوو هەستی بەو پێشلێکارییە بکردایە کەدەرهەق بەو خەڵکە دەیکات، بەڵام لەم وڵاتەدا ئەوەی دەستی گەیشت بەکورسی، ئیدی هیچ شتێکی لەبیر نامێنێت، جگە لەوەی چۆن خۆی بەسەر بچوکەکاندا بسەپێنێت، ئەگەر لەوە بترسین بەڕێز پارێزگار پیاوی یەکەمی حکومەتی کەرکوکەو دەبێت بپارێزرێت، خۆ چەندینجار "بەرهەم ساڵح"ی جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق هاتۆتەکەرکوک، کەچی نەتەقەی کردووە، نەپاسەوانەکانی خەڵکیان بێزارکردووە، تۆ بڵێی کامیان هەڵەبن، پارێزگاریان جێگری سەرۆکوەزیران!

بەرێز پارێزگار لەهەفتەیەکدا چوار رۆژو نیو دەوام دەکات، لەکاتێکدا کەرکوک پێویستی بەوەیە رۆژانی پشویش دەوامی تێدابکرێت، هەربۆیە فەرمانەگەکانی دیکەش چاو پارێزگار دەکەن‌و لەکارەکەیاندا کەمتەرخەمن، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم: زۆربەی کەمتەرخەمییەکان دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسە کوردەکان، چونکە زۆربەی پۆستەکان‌و فەرمانگە دیارەکان بەدەست کوردەوەیە، ئەوان هێندە کەمتەرخەمن، ئێمە کاتی ئەوەمان نەماوە، بەدووی گەندەڵی بەرپرسی نەتەوەکانی دیکەدا بچین!

ئیشکردنی کورد لەکەرکوکدا، دەبێت بەشێوەیەک بێت بەتەواویی دڵی هاوڵاتیانی شارەکەڕازیبکات، بەشێوەیەک بێت منێکی کوردو کەسێکی تورکمان‌و عەرەبێک، هەست بەوە نەکەین، جیاوازیمان هەیە، کاتێک تورکمان یان عەرەبێک دەبینێت، پارێزگارە کوردەکەی کەرکوک، بەو رەفتارانە مامەڵەی لەتەک دەکات، ئیدی ئەوان هەست بەوە ناکەن، کەپارێزگاری ئەوان بێت، چونکە کەسێکی سادە پێشئەوەی لەبارەی گرێیەکی سیاسیەوە هەڵوێست وەربگرێت، لەسەر شتە سادەولاوەکییەکان هەڵوەستە دەکات.



# دەسەڵات دوو ستراتیژ و یەك ئامانج

پەیوەندی خەڵک ودەسەڵات، پەیوەندییەکە لەسەر بەرژەوەندی و خزمەتکردنی میللەت وسوودمەنی گشتیی بونیادنراوە، کاتێک ئەم سیستمە تێکدەچێت ولەسەنتەری خۆی لادەدات، تێکشکان وتەشەنوجێک لەنێوان خەڵک ودەسەڵاتدارڕوودەدات، ئەمەش بڕواو متمانەو پشتگیری و هیوای هاوڵاتیان بۆدەسەڵات کەمدەکاتەوە،هەر ئەوکاتەی هاوڵاتی ژیانی لەوپەڕی مەترسیدایە، ئیدی قسەیەک نامێنێتەوە بۆ بوونی دەسەڵات و دەستەیەک کەخەڵک بەڕێوە ببەن، لەم گۆشەنیگایەوەڕوانینی میللەت بۆ دەسەڵات، هەمان ڕوانینە کەتەماشای چەکدارە توندڕەوەوو یاخییە چەکدارەکانی پێدەکات، ئەمەش بەو مانایە نییە دەسەڵات خەڵک سەرببڕێت و تەقینەوەکان ئەنجامبدات، بەڵکو چاوپۆشیکردن لەدزەی ئەوان و دروستکردنی بۆشایی بۆ گەمەی توندڕەوەکان و نەوەستانەوە لەڕوویان و نەبوونی پلانی سەرکەوتوو و درێژخایەن دەمانگەیەنێت بەم قسانە.

لەمێژە خەڵکی ئەم شارە بێز لەدەسەڵات دەکەن و پێی چەوساونەتەوە، لەم سۆنگەیەوە هاوڵاتیانی شاری کەرکوک، بێزاری و تورەیی خۆیان دژی دەسەڵات وحکومەتی کەرکوک و تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەردەبڕن"باسی حکومەتی بەغداد ناکەم، چونکە بەغدادا وازی لەکەرکوک هێناوە،هەرچەندە کەرکوک واز لەبەغداد ناهێنێت"، دەسەڵاتێک بەدەیان هەزار ئاوارەی لەشارەکەی خۆیاندا ئاوارە کردووەتەوەو لەمافە سروشتییەکانی وەکو دابینکردنی ئاو وخۆراک وکارەباو گاز ونەوت و شوێنی نیشتەجێبوون و لەسەرو هەمووشیانەوە پاراستن وئارامی، کەئەمانە ژیانیان لەسەربەندە بێبەشکردووە، خۆ چەکدارە توندڕەوەکان کارەباو ئاو..هتد، یان بەدەست نییە، تاکو گلەییان لێ بکەین، ئەوان گەندەڵیش نین وەکو دەسەڵاتی کەرکوکی فشەڵکردووە، خەڵکی متمانەیەکی کەمیشی پێیان نەماوە.

تەقینەوە خوێناوییەکەی (٢٠٠٧/٧/١٦)ی ئەم دواییەی شاری کەرکوک، مەترسییەکی گەورەی خستە دڵی کوردەکانی ئەوشارەوەو ئەمەش وایکرد بەدەیان ماڵە کورد شارەکەیان بەرەو سلێمانی و هەولێر بەجێبهێڵن،



پۆلیسیش دان بەوەدا دەنێت کە کەمتەرخەمی لەوان بووەو زانیارییان هەبووە لەسەربوونی لۆرییەک بۆتەقاندنەوە، پارێزگارو ئەنجومەنی کەرکوکیش لەو پەڕی بێئاگاییانەوە سوکایەتییەکانی حکومەتی ئێراقی بەسەر قوربانی تەقینەوەکەدا دەسەپێنن، ئەوەبوو لەڕۆژی پشوودا، رۆژی هەینی بوو وەفدێکی چەند وەزیری حکومەتی مالیکی بە قەولی خۆیان بۆقەرەبووکردنەوە سەردانی کەرکوکی کرد، لەکاتێکدا هێشتا پرسەی هاوڕێ و کەسە ئازیزەکانمان تەواو نەبووبوو، هێشتا کراسەڕەشەکەمان لەبەر دانەکەندبوو، هێشتا فرمێسکەکانمان وشکنەبووەوە، هێشتا بریندارەکان لێیان دەمرد، بەبیانووی قەرەبووکردنەوەو دەربڕینی دڵسۆزییەوە کۆمەڵێک پارە دەهێنن بۆشەهید وبریندارەکان، لەبەر ئەوەی پارێزگاری کەرکوک و دەسەڵاتی کەرکوک پێشیان بکەوتنایەو یەک بەیەک پرسەی شەهیدەکان و ماڵی بریندارەکانیان پێ بەسەربکردنایەتەوە، بانگەوازی بریندار وکەسی شەهیدەکان دەکەن بۆ وەرگرتنی سێ ملیۆن دینار بۆشەهیدەکان و یەک ملیۆن دینار بۆبریندارەکان، ئەمە ئەوپەڕی سوکایەتی پێکردنی حکومەتی ئیراق و کەرکوک بوو بەقوربانییەکانی ئەو تەقینەوەیە، کە هێشا زامەکانیان تیمار نەکراوە، هێشتا خامی شەهیدەکان زەرد نەبووە، لەنەخۆشخانەوماڵەکان دەریاندەهێننە دەرەوە بۆبینای پارێزگا، ئەمەیە رووخان و کۆتایی دەسەڵاتی ئیدارەی شارێک، ناتوانێت لەرۆژانی پشووشدا سەردانی چەند ماڵێک بکات، سەرەڕای ئەوەی خوێن و گیانی گشت هاوڵاتییەکی ئەوشارە لەئەستۆی دەسەڵاتە، چونکە هاوڵاتی دەنگی پێداوەو ئەو وەکو نوێنەری خۆی تەماشای کردوە، دەسەڵات چۆن ڕوویهات بە رۆشنبیرو نوسەرێکی وەکو"لەتیف فاتیح فەرەج و ئیدریسی حاجی سەعید و مێژوونووس سمکۆ بەهرۆز" و زۆر لەهاوەڵانی ئەوان بڵێت: وەرن ملیۆنێک دینار وەرگرن لەبینای پارێزگا، بەڵام ئەوان زۆر لەوە بەشەخسییاتتر بوون و نەچوون، حکومەتی کەرکوک شەرمەزار نەبوو بەکەسوکاری شەهید "مستەفا گەرمیانی" بڵێت: وەرن قەرەبووی شەهیدبوونەکەی وەرگرنەوە، پیاوێک زیاترلە١٦ساڵە لەسوید دەژی و هاتەوە بۆخزمەتی کەرکوک ولەپێناوی کەرکوکیشدا گیانی بەخشی.

لێرەوە دەبێت بگەین بەو بڕوایەی چەمکی دەسەڵات لەم شارەی ئێمەدا



تەنها وەرگرتنی موچە و لوشدانی پارەی پرۆژەکانی کەرکوک و کۆکردنەوەی چەند گەنجێکی نەگبەت و نەخوێندەوار لەدەوری خۆیان کەبەو رۆژی ڕووناکە شۆخی بەخەڵک دەکەن و تەقە بەسەریاندا دەکەن، عەبقەرییەتی ئەم بەرپرسانە لەوێوە دەردەکەوێت وادەزانن کەس نییە لەمان شارەزاتر، لەمان ئازاو جەربەزەتر، لەمان دڵسۆزتربێت، بەڵام بیر لەوەناکەنەوە ئەوان زیرەکنین و ئەوان شارەزا و ئازاو بوێرنین، بەڵکو خەڵکی ئەمشارە دەیەوێت بەهەرچۆنێک بێت بژێت، ژیانێک تۆزقاڵێک جیاوازی لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس دروستبکات.

ئەمەیە دەمانگەیەنێت بەوەی بڵێن: حکومەت و توندڕەوەکان یەک بینینیان هەیە لەدوو گۆشە نیگای جیاوازەوە، یەک ئامانجیان هەیە بەدوو سیستم وستراتیژی جیاوازەوە، حکومەت بەبرسێتی و نەبوونی کارەبان و بێ پڕۆژەیی و ئامادەکرنی مەترسی دەمانکوژێت و چەکدارە توندڕەوەکانیش بەشی دووهەمی ستراتیژەکە تەواو دەکەن، بەکوشتن و رفاندن و تەقینەوەو هێنانی ماڵوێرانی بۆمان.

پێمخۆشە کاربەدەستانی حکومەتی کەرکوک، ئەگەر بەرپرسیارێتییەکەیان پێنابرێت بەڕێوە، بادەست لەکار کێشانەوەی خۆیان بنووسن.



## له‌ په‌راوێزی وتاره‌كه‌ی "شوان محه‌مه‌د"دا
## تكایه‌، ئه‌وانه‌ی ئاگایان له‌كه‌ركوك نییه‌، باقسه‌ی له‌باره‌وه‌ نه‌كه‌ن

سه‌ره‌تادا، ده‌مه‌وێت ئه‌وه‌ رونبكه‌مه‌وه‌، مه‌به‌ستم"ئه‌وانه‌ی ئاگایان له‌كه‌ركوك نییه‌، باقسه‌ی له‌باره‌وه‌ نه‌كه‌ن"، ئه‌و وتاره‌ی كاك شوان و هه‌ڵوێستی ئه‌ونییه‌، به‌ڵكوماوه‌یه‌كی زۆره‌ تێڕامانم له‌باره‌ی نووسینی نێو رۆژنامه‌كان‌و میدیای كوردییه‌وه‌ هه‌یه‌، له‌سه‌ر ئه‌و نووسه‌رانه‌ی به‌هه‌ڵه‌و به‌بێ ئاگاداری له‌ره‌وشی راسته‌قینه‌ی كه‌ركوك و زانیاری وه‌رگرتنی واقیعی شتی زۆر سه‌یرو سه‌مه‌ره‌ ده‌ڵێن، هه‌ندێكجار كه‌ركوكییه‌كان تۆمه‌تبار ده‌كه‌ن، به‌كه‌مته‌رخه‌م‌و بیرته‌سك‌و ساویلكه‌و نادیموكراتی‌وزۆر وشه‌ی هاوشێوه‌، ئه‌مه‌ بۆخۆی به‌شێكی زۆریان دوورن له‌واقیعه‌وه‌، ئێمه‌ زیاتر له‌هه‌ركه‌سێكی ده‌ره‌وه‌ی كه‌ركوك ده‌زانین، چی له‌گۆڕه‌پان‌و شه‌قامی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ئابوری كه‌ركوكدا ده‌گوزه‌رێت، بیركردنه‌وه‌ی لایه‌نی به‌رانبه‌ریاخود"ناكورد"ه‌كان به‌پراكتیكی ده‌خوێنینه‌وه‌و شرۆڤه‌ ده‌كه‌ین، نه‌ك له‌میدیاكانه‌وه‌ بۆی بڕوانین، چونكه‌ باوه‌ڕی ته‌واوم به‌وه‌ هه‌یه‌، ئه‌وه‌ی له‌ میدیادا ده‌وترێت له‌(٥٠٪)ی له‌ئه‌رزی واقیعدا له‌باره‌ی كه‌ركوكه‌وه‌ بوونی نییه‌.

حیزبه‌كانیش به‌تایبه‌ت یه‌كێتی‌و پارتی‌و به‌ره‌ی توركمانی، به‌رپرسیاری یه‌كه‌می خراپی چاره‌نووسی كه‌ركوك‌و خه‌ڵكی ئه‌وشاره‌ن، نه‌ك ته‌نهایه‌كێتی‌و پارتی، چونكه‌یه‌كێتی‌و پارتی نه‌ك له‌كه‌ركوكدا "بیری ته‌سكی نه‌ته‌وه‌یی"یان نییه‌، به‌ڵكو ئه‌وه‌ی بیریلێنه‌كه‌نه‌وه‌"نه‌ته‌وه‌"یه‌، به‌شێكی فراوانی به‌رپرسه‌كانی ئه‌وان، هێنده‌ی خه‌یاڵی گیرفان‌و خۆده‌وڵه‌مه‌ندكردن‌و كچی جوان‌و ركه‌به‌رییه‌كتری له‌بازرگانی‌و سه‌رمایه‌داریدا ده‌كه‌ن، "نه‌ته‌وه‌"شتێك نییه‌ له‌نێو پانتایی خه‌یاڵی سیاسیاندا، ته‌نانه‌ت به‌رپرسێكی باڵای حیزبی‌و ئیداری له‌كێشه‌یه‌كدا وتبووی"كورد چییه‌، خۆ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ شێكی بۆمن تێدانییه‌، نه‌پارچه‌ زه‌وییه‌ك، نه‌ئۆتۆمبێلێك"، ئه‌مه‌ بیركردنه‌وه‌ی كه‌سێكه‌



کەلەمیدیاکانەوە خۆی زۆر بەنەتەوەیی‌و دیموکراتی‌و کورد دەزانێت! بەرەی تورکمانیش بەرپرسی یەکەمە لەهەر هەڵەیەک کەڕووبدات لەبەرانبەر تورکماندا، چونکە سیاسەتێکی جێگیرو زانراویان نییە، نازانن داوای چیدەکەن‌و چیان دەوێت، تەنهایەک ستراتیجیان هەیە نەگۆڕبێت، ئەویش دژایەتی کردنی کوردە!

لەوتارەکەیدا شوان محەمەد باسی ئەوە دەکات، بەهۆی نەبوونی "یەک گوتاری"یەوە، مافی نەتەوەکانی دیکەی "ناکورد" پێشێلکراوە، من بەپێچەوانەوە دەیبینم، لەو مەسەلەیەدا ئەوەندەی کورد زەرەرمەندییەکەم بووە، هیچ لایەنێک زیانی نەبووە، چونکە هەر کەلێنێک لەپرۆگرام‌و پلانی سیاسی کورد لەکەرکوک، بەبەرژەوەندی لایەنەکانی دیکەدا دەشکێتەوە، پێمخۆشە هەمووولایەک لەوە ئاگاداربێت، کەکورد لەکەرکوک زۆربێپلان‌و بەرنامەیە، ڕێژەیەکی زۆری بەرپرسە کوردەکان، لەنێوەندە سیاسییەکەو چارەنووسی کەرکوک دوورکەوتوونەتەوەو تەنانەت لەگەڵ ئەندامانی بەرەی تورکمانی‌و گردبوونەوەی عەرەبیدا، پێکەوە پرۆژەکانی کەرکوک لە چوارچێوەی یەک تەندەردا بۆخۆیان قۆرخ دەکەن‌و مژۆڵی ئەوەن چەندیان لێی دەست دەکەوێت!

دواتر ناکرێت هێندە بەسادەیی بڕوانینە، دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکوک، ئەگەر بەرەی تورکمانی‌و عەرەبەکان، گازندەی کەمی دەسەڵات بکەن، ئەوە داوای سێ پۆستە گرنگەکەی کەرکوک دەکەن"پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەن‌و قائیمقام"، چونکە لەپۆستی دیکەدا لەخۆیان زیاتریان پێدراوە، نابێت کوردیش بەبانگەشەکەی ئەوان هەڵبخەڵەتێت کەکورد غەدر لەنەتەوەکانی دیکە دەکات، ئیدارەیەک هەیە غەدر لەخەڵکی کەرکوک بەگشتی دەکات، نەک هەر نەتەوەیەک،گەندەڵ، بۆهەموو خەڵکی کەرکوک هەروایە، نەک هەرنەتەوەیەکی دیاریکراو، تورکمان لەئەنجومەنی پارێزگا نۆ کورسییان بەدەستهێناوە چەندین فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی گرنگیان بەدەستەوەیەیاخود کارمەندی تورکمان لەهەموو نەتەوەکان زۆرتری تێیدا، وەکو: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک‌و فەرمانگەی کارەباوڕەگەزنامەوپاسپۆرت‌و تەندروستی‌و شارەوانی



کەرکوکو شارەوانییەکانو کۆمپانیای نەوتی باکورو بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانو پردەکانی کەرکوکو لەپۆلیسیش ڕێژەیەکی زیاتر لەخۆیان هەیە، ئایا چیریان پێبدرێت باشە!

عەرەبەکانیش لەئەنجومەندا خاوەنی شەش کورسین، هەموو ناوچەی حەویجەو زابو عەباسیو ریازو ڕەشادو لەناوکەرکوکیشدا کۆمپانیای نەوتی باکوروچەند شوێنێکی دیکەیان هەیەو لەپۆلیسیشدا ڕێژەیەکی زۆر زیادیان هەیە لەچاوخۆیان، تەنهایەک پۆلیسی کورد چییە لەناوچەکانی ڕۆژئاواو باشوری کەرکوک نابینی، کەچی پۆلیسێکیان ئەفسەرەرە عەرەبەکان لەناحییە کوردییەکاندا زۆربەیان کاربەدەستن، بەراستی دەبێت بەوشێوەیە بڕوانینە پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی کەرکوکو دابەشکردنی پۆستەکان، نەک ئەوەی ئەوان داوای دەکەن، چونکە ئێمەی کورد لەکەرکوکدا سازشی زۆرمان کردووەو تەوافوق لەئێستا تەوافوقتر نابێت، پێموایە ناکرێت سازشی زیاتر بکەین، ئەگەر ئەوانیش لەسەر مەسەلەی گرنگ بۆکورد سازش نەکەن.

لەکۆتایدا، پێشنیار بۆشوان محەمەدی بەڕێز دەکەم، سەردانی کەرکوک بکاتو، لەنزیکەوە هاوکێشەکان شرۆڤە بکات، هەرچەندە ئەو و ڕۆژنامەکەیشیان خاوەنی هەڵوێستو کاری شیاون لەبارەی کەرکوکەوە، بەڵام ئەمانە ڕاستین ناکرێت بەهەڵە لێکبدرێتەوە، هەڵەیەکی میدیای کوردی لەدوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدامەوە، ئەوەیە، نەهاتن جوانییەکانی کەرکوکو ئاوێتەبوونی مرۆڤەکانی ئەو شارە پیشان بدەن، ئیشی زۆربەی ئەوان لەسەر ئەوەبوو، هەواڵێکی تەقینەوەیان کوشتنو مادەی(١٤٠) بڵاوبکەنەوە، ئیدی کاریگەری چیدەبێتو چۆنە گرنگ نییە!



# بەرەی تورکمانی: درەختی ناو ئینجانە

هیچ کات هێندەی ئەم چەند ساڵە بەهێز نەبووە، مەگەر هەڵەو مامەڵەی خراپی کوردەکان لەوە بەهێزتری بکەن، ئەگینا پارتێکی وەکو بەرەی تورکمانی مەحاڵە لەوە زیاتری بۆ"کێشەی تورکمان"پێبکرێت، گەرچی تورکیا دایانی ئەوە، بەڵام قەبارەو نفوزی تورکمان هەرئەوەندە گەورە دەبێت.

هەردوو پارتی دەسەڵاتبەدەستی کوردستان، بزوێنەرێکی تەواوی دروستبوونی پارتێکی تورکمانی بوون، لەدوای دانانی هێڵی (٣٦) لەو ناوچانەی لە (١٩٩١)ەوە کوردەکان خۆیان تێدا بەڕێوە دەبرد، بەتایبەت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە ئێستا سکرتێرەکەی سەرۆکی عێراقە، رەنگە ئەوحیزبانە خۆشییان بەدەموچاوی پارتێکی دیکەدا نەیەت لەگۆڕەپانەکەدا، یان لەروانینی ئەوانەوە نەبێت بۆ دیموکراسی، بەڵکە ئالایەک بوو تاکو تورکیا لە هەندێک کاتدا بیانبینێت، هەر لەغیابی عەقڵییەتی ئەوانەوە دەوڵەتانی ئێران‌و سعودیەو چەندێکی دیکە توانیان بزمارێک لەژووی کوردەکانداهەڵبواسن، تا هەرکاتێک مەبەستیان بێت لاشەیەکی گەنیوی بەقددا بکەن‌و، ببنە مایەی ئەنجامدانی ئەوەی دەیانەوێت.

بەرەی تورکمانی لەدوای روخانی رژێمەکەی سەدامەوە، پنتێکی جێگیربووە لەکەرکوکدا، لەبەرامبەر هەڵوێست‌و خواستەکانی کورد، لەراستیدا هێندە بەهێز نەدەبوو، گەر کورد گرنگی زیاتری بەکەرکوک بدابا، بەڵام کورد تەنها هەندێک لێدوانی ئاگرینی لەبارەی کەرکوکەوە هەیەو، لەبواری مەیدانیشدا نیو هێندەی بەرەی تورکمانی کارا نین، چونکە کورد خاوەنی چەند گوتارێک بووە لە کەرکوکداو ستراتیجێکی یەکفۆڕمیمان نەبووە، یەکێتی لەلایەک کاری دەکردوو، پارتی لەلایەکی دیکە، هەردوو پارتەکەیش لەروانگەی حزب‌و ستراتیجێکی موقەدەسی حزبییەوە کارەکانیان دەکرد،



هەردوو پارتەکە پارەیەکی بێشوماری ئیدارەی سلێمانیو هەولێریان هێنا، بەڵام بەناوی حزبەکانەوە بەهەدەریاندا، ئەوان چەند پارتێکی کارتۆنییان بۆچەند"تورکمان-کورد"ێک دروستکرد، کەتوانای داڵدەدانی ئەندامەکانی خۆیانیانیش نییە، ئەمە وایکرد تورکمان لەکورد بڕەنجێت، تورکمانی کەرکوک تاڕوخانی رژێمەکەی سەدام، شەیدای ئەوەبوو لەکورد نزیک ببێتەوەو ئەوان حوکمیان بکەنو مافەکانیان پێبدەن، بەپاڵەوانو ئازاو مافپەروەر ناسرابوین لای ئەوان، وایان دەزانی ئێمە نوێنەری محەمەدی مەهدین وغەدر لەکەس ناکەین، بەڵام بەهۆی دروستبوونی بۆشایی کوردەوە، تورکیا یاریکەرێکی نەزانی هێنایە گۆرەپانەکەوە، ستراتیجی"ئەگەریاریم پێنەکرێت، یاریم پێتێکدەدرێت"ی پەیڕەوکرد، ئەویش بەرەی تورکمانی بوو، بەراستیش ئەو ستراتیجەی پەیڕەو کرد، توانی یارییەکە لەکورد تێکبداتو بۆ تورکیاش یاریکەرێکی باش بێت، ئەگینا بەرەی تورکمانی لەناوەڕۆکدا پڕن لەدژایەتیو کوتلەبازیو بەرژەوەندچییەتی، ئەو دەستەیەی بەڕێوەی دەبەن، مەگەر هەرتورکیایەکیان بخات، ئەگینا بیروڕاو بیرکردنەوەو پلانی کارو ئایدیایان زۆرلەیەکەوە دورە، تەنها ئەوە نەبێت تورکمانن.

لەمنێوەندەدا، کورد نەیتوانی خوێندنەوە بۆ بەرەی تورکمانی بکاتو بەدیلێک بۆبەرەی تورکمانی دروست بکات، ماوەیەکی زۆر پەراوێزیان خستن، ئێستاش زۆر بەبێسەرەوبەرەیی لەگەڵیان کراونەتەوەو حیوار دەکەن! هەردوو رێگاکە زیان بەکورد دەگەیەنێت، چونکە پلانمان نییە بۆئەومامەڵەکردنە.

ئێستا بەرەی تورکمانی خەریکی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمێتی، کەکونسوڵی تورکیا سەرپەرشتی دەکات لەموسڵ، ئەو کۆنگرەیە دەبەستێتو دەستەیەکی لەئێستا بەهێزتر دێتە ناوەوە، چونکە تورکیاو تورکمانەکانیش لێیان بێزاربوون، هاتنی ئەو دەستەنوێیە، وادەکات لەهەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوکدا، بەرەی تورکمانی دەنگێکی باشتر بەدەست بهێنێت، بەهاوپەیمانی لەگەڵ عەرەبەکاندا.



# ڕۆشنبیری حزبی و "سیاسەتکار"ی نەخوێندەوار

"ڕۆشنبیر" لەهەر سەردەمێکدا وەکو نوخبەیەکی جیاواز و بیرکەرەوە و کاریزمەی دەنگی گەل دێت و دەکرێت "ڕۆشنبیر"، وەکو نوێنەری بەشێک لە هاوڵاتییانی گەلێکی هەقخوراو و ئۆپۆزسیۆن، بێنە هەژمار و تەنانەت دەتواندرێت بەگوتەبێژی "هاوڵاتییە یاخییەکان" ناوببرێت، بەڵام لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا گومانو لەسەر وەستانێکی ترسناک هەیە لەسەر بوونی"ڕۆشنبیر"، چ جای قسە لەسەر ئەوە بکرێت کە ڕۆڵو موهیمەی ڕۆشنبیر چییە، "ئەگەر ڕۆشنبیر تەمی ئەو گومانەی لەسەر بڕەوێتەوە کەباسمکرد"، ئەوە ڕۆشنبیری کورد لەپێش ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)ەکەوە دوو بەرە بوون، بەرەیەک خۆیان بە بزوێنەری لاوانو "قەڵەم تیژ"و هاندەری خەباتی چەکداری گەلی کوردستان دەزانی، کە ئەم بەرەیەش دابەشی چەند بەرەیەکی دیکەی ناوچەییو حزبیو بەرژەوەندخوازی بووبوون، بەرەی دووەم ژێردەستو "خزمەتکار"ی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەبوون و هەمیشە کاریان بۆ ئاسوودەبوونی گیرفانو سەلامەتی سامانەکەیان کردووە و لەسەر حیسابی "دژ بەگەلی دایک"و "دەوڵەت دۆستیو نیشتیمانپەروەری"و لەدژی ڕۆشنبیرەکانی شاخو نووسەرە ئازادیخوازەکانی ئەو سەردەمەبوون، لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕۆشنبیر ئەرک و وەزیفەی خۆی لەدەست دەداتو، دابەشی ئەمری واقیعی دووحیزبی دەسەڵاتداری کوردستان دەبن و وەکو بەرەی دووەمی پێش ڕاپەڕین کە ئەمان بەشێکیان هەر لەبەرەی دووەمی پێش ڕاپەڕین و بەشێکی دیکەشیان ڕۆشنبیرە چەکدارەکان بوون کە بە بەرەی "شۆڕش" دەژمێردرێن، بەرەی دووەمی ڕۆشنبیر لەدوای ڕاپەڕینەوە دەکرێنە چەند بەشێکەوە، ئەوڕۆشنبیرانەی لەتاراوگە و وڵاتانی دەرەوەی کوردستان ژیاونو لە هەڵوێستی "نا ڕۆشنبیرانەی"دەسەڵاتی کوردی دەگەن و ڕەخنەی دەکەن، بەشێکی دیکەی بەرەی "ڕەخنەگر" ئەوڕۆشنبیرانەی "شۆڕش"ن کە



ئێستا دەسەڵاتی کوردی پەسەند ناکەن،بەشەکەی دیکەشی ئەولاوە تازە پێگەیشتووانەن کە لەوەگەیشتوون، ئیدی دەسەڵات ناتوانێت ئەو باوکە بێت ئەوان بژێنێتو پەروەردەیەکی مۆدێرنو هاوچەرخانەو نەتەوەییو تەندروستیان بکات، لەگەڵ ئەمانەدا فاکتەری مادیو بەرژەوەندی تایبەتیو پارەزۆری حیزبەکان وایکرد "ڕۆشنبیری حیزبی"دروست ببن و تەنها ئەرکی ئەوان ئەوەبێت لەکاتی توڕەبوونو هەڵوێست وەرگرتنی هاولاتییانی کورد و ڕۆشنبیرە ئازا ودادپەروەرەکاندا، میللەت چەواشە بکەنو حیزب چی پێووتن لەسەر شاشەو کەناڵە میدیاییەکانی دیکە وەکو "تووتی" بیلێنەوە بەزیادەوە، هەروەها ئەم ڕۆشنبیرانە هیچ ڕۆڵێکیان نییە لەبڕیارە سیاسی و چارەنووسسازەکاندا جگە لەئەرکی چەپڵەلێدانو "بەڵێ"، هەر ئەمەش وایکردوە"سیاسەتکار"ە نەخوێندەوارەکانی ئێمە خۆیان لێبگۆڕێتو سووربوونی خۆیان لەسەر، دانی چارەنووسو بڕیارەکان دەربڕن کە هەموو شتێک لەژێرڕکێفی ئەواندایە، بۆیە بەشێکی ئەو بیرۆکراتییەتەی دەسەڵاتی کوردی بۆڕۆشنبیرە حیزبییەکانی دەگێڕمەوە، چونکە ئەوان مەسەلەکانیان ئاوەژوو کردۆتەوە و سیاستکارەکانیش گوێ لەوان دەگرن، نەک لەدەنگە"ئازادەکان.



# بێ ئاگایی سەرانی کورد و سنور شکاندنی تورکان

سیاسەت و عاتیفە، دوو جەمسەری لەیەک جودان و ناتوانرێت لەسەریەک هێڵی عەقڵانی و واقیعی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان یەکانگیر بکرێنەوە، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بەتایبەت یەکێتی و پارتی و لەناو ئەوانەشدا مام جەلال، سەرۆک کۆماری ئێراق، هێندەی کاری بۆ ئێراقی بوونەوەی کورد و تێکەڵکردنی چارەنووسی کورد و عەرەب کردووە لە "عێراقی فیدراڵ"دا، ئەوەندە کاری لەسەر مەسەلە نەتەوایەتییەکان نەکردووە، گەر لە بەرژەوەندی چەند هێزێکی بیانی و دەرەکیدا نەبێت، سەرکردەکانی دیکەش، ئەوەندەی لەسیاسەتدا، کار بۆ دڵرازیکردن و بەجێهێنانی خواستی ئەمریکا و دەوڵەتانی دراوسێ دەکەن، بەوشێوەیە بیریان لە چارەنووسی کورد و سەروەری هەرێمی کوردستان و پارچەکانی کوردستان نەکردووەتەوە، نەیانتوانیوە هەڵوێستی بەجێ وەرگرن لە هەمبەر ئەو قسەو قسەلۆک و هێرشە ناشەرعی و نامرۆڤانەیەی دەکرێتە سەر گەلی کورد،دەکرێت ئەمانەش کۆمەڵەفاکتەرێکی نا روونی لەپشتەوەبێت.

هەمیشە کورد نەیتوانیوە خاوەن گوتارێکی ناسیۆنالیستی بێت کە چارەنوسی کورد و ئامانج و مافە سروشتیەکانی ببن بەهەوێنی ئەو گوتارە و رابردووش پڕە لەنمونەی دیار لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەهەمانکاتدا بوون بەفەرمانبەر و داردەست لای دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و تێنەگەیشتن و نەخوێندنەوەی هزر و ئایدۆلۆژیایی ئەوان، فاکتەرێکی ترە لەناواقیعبینی سیاسی کوردی و نەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و کاڵکردنەوەی سیماکانی کوردبوون و لابردنی سنوورە حەرامەکانی نەتەوە و لە ئاکامیشدا دۆراندنی یارییەکە بەجۆرێک لەجۆرەکان، هەر ئەو بێ ئاگاییەی قیادەی کورد لەباشوری کوردستان وایکرد مژووڵ بن بە مەسەلە ئیداری و ناوخۆیییەکانی وەکو و سیخوڕ و فایلدار وبێ خزمەتی و حیزبایەتی..



هتد، كه نه‌یانویست له ره‌هه‌نده‌كانی نه‌ته‌وه بكۆڵنه‌وه‌و قسه‌كردن له‌سه‌ر دروستكردنی لوبی كوردی جیهانی و پرسه نه‌ته‌وایه‌تییه‌كان قه‌ده‌غه‌بێت و تاكو ئێستاش ئه‌و قسه‌كردنه‌ی ده‌سه‌ڵات ده‌یكات، جگه له موجامه‌له‌و په‌رده‌پۆشكردنی راستییه‌كان هیچی تر نییه، له گۆشه‌نیگای حزب و خێڵ و عه‌شره‌ت و ناوچه‌گه‌رێتییه‌وه، زیندووترین نمونه‌ی پێشێلكاری توركان و بێ ئاگایی سه‌رانی كورد، كه جۆرێكه له‌ملكه‌چبوون و خۆ كه‌ڕكردن له بێ شه‌رمییه‌كی تری ده‌وڵه‌تی تورك و هێرشی فاشیزمه‌كانیان بۆ سه‌ر سه‌روه‌ری وپیرۆزییه‌كانی كورد،ناشرینكردنی شۆڕش و خه‌باتی رزگاریخوازیpkkیه كه وه‌ك سیمبولی تیرۆر له جیهاندا ده‌یناسێنن و سه‌رانی كوردیش هه‌مان هه‌ڵه‌ی توركان دووباره ده‌كاته‌وه.

بێ ئاگایی و خه‌وتووی كورد له‌وه‌دایه، وه‌فدێكی باڵای تورك دێته پایته‌ختی هه‌رێمی كوردستانه‌وه، به‌بێ بانگهێشتی فه‌رمی و له‌وێوه دێن ئاژاوه‌یه‌كی گه‌وره له كه‌ركوكدا ده‌نه‌نه‌وه، بۆ رێگری له‌ماده‌ی(١٤٠)ی حسابیش بۆ كورد ناكه‌ن.

ئه‌وه سووكایه‌تیكردنێك بوو به سه‌روه‌ری حكومه‌تی هه‌رێم و شكاندنی ئه‌ویاسا و ڕێسا و نێو ده‌وڵتییه‌ش بوو كه ده‌بوو قبوڵیان نه‌كردبا، ئه‌وه بێ به‌ها كردن و به‌كه‌م زانینی حكومه‌تی كوردستان بوو، ده‌بوو ئه‌و وه‌فده ده‌ست به‌سه‌ر بكرانایه و به‌ره‌سمی له‌لایه‌ن توركانه‌وه داوای لێبوردن بكرایه، به‌ڵام كێ ئه‌م مه‌سه‌لانه ده‌وروژێنێت؟! ئه‌و سه‌رۆكی په‌رله‌مانه‌ی ده‌ڵێت من له‌ته‌له‌فزیۆنه‌وه زانیومه وه‌فدێكی توركیا هاتۆته هه‌ولێر و كه‌ركوك.

**تێبینی: ئه‌م وتارانه له ڕۆژنامه‌كانی (هاوڵاتی، چه‌مچه‌ماڵ، كه‌ركوكی ئه‌مڕۆ، رۆژنامه‌ی رۆژنامه) و گۆڤاری (نه‌وه) بڵاوبوونه‌ته‌وه.**



# نمونەی چەند راپۆرت و بەدوادچوونی رۆژنامەوانی شەهید سۆران:

## کورد بەرەو حەویجە هەنگاودە نێت

**راپۆرتێک دەربارەی کوردو عەرەب لە حەویجە**

حەویجە، ئەو قەزایەی سەرەتا بەبۆنەی پرۆژیەکی ئاودێرییەوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دروستکرا و رژێمەکەی سەدامیش بۆ مەبەستی تەعریبکردن و نیشتەجێکردنی عەرەبە عەشایەرەکان پەرەی پێدا، سەرەتا چەند ماڵێکی کورد بنچینەی ئەو قەزا گەورەیەی ئێستا بوونە، بەڵام رژێمەکەی سەدام نزیکەی(٣١)عەشیرەتی عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراقی لێ نیشتەجێکرد و کوردەکان لەوناوچەی کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کەرکوکەوە، نفوزیان کاڵبووەتەوە.

ئێستا حەویجە ناوەندی دانانی کەرکوکە بۆعەرەبەکان، چونکە سێ ناحییەی عەرەبنیشینی، کە زۆربەیان هاوردەن، پێوە پەیوستە و ژمارەی دانیشتوانەکەی ئێستا لە (٢٢٦٠٠٦٥) کەس زیاتردەبێت، ئەوان لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نوێنەریان هەیە و پارتی گردبوونەوەی کۆماری، کە خاوەنی (٦)کورسییە لەوناوچانەدا خاوەن نفوزن، دوای رێککەوتنیان لەگەڵ لیستی برایەتی کەرکوک کە خاوەنی (٢٦) کورسییە، ئێستا نوێنەرێکیان جێگری پارێزگاری کەرکوکە، پێشتر حەویجە زۆنی مردن و کوشتن و ترساندنی خەڵک و کورد بوو .. بەهۆی هێزەکانی سەحوە و رەوشە ئەمنیەکەی بە تەواوی چاکبووە، بەڵام حەویجە زۆر بێخزمەتگوزارییە و لەناوچەیەکی دابڕاو لەژیان، بەرپرسە کوردەکانی کەرکوکیش بەئیداری و حزبییەوە ماوەیەکە هەنگاو بەرەو حەویجە دەنێت و دوای (٤) ساڵ لەحوکمکردن، دەیانەوێت خەڵکی ئەو قەزایە ئاشتبکەنەوە.

سەردانی یەکەم بەرپرسی کورد، بەمێژوویی بۆحەویجە وەسفدەکەن، رۆژی دوانزەی مانگی شوباتی ٢٠٠٨، حەمە سوور دووشیوانی بوو کە



بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانیەکانی یەکێتی لەکەرکوک، بەسەردانێک گەیشتە حەویجە و مەنگی ئەو دابڕانەی نێوان بەرپرسانی کورد و خەڵکی حەویجەی شکاند، زۆرێک لەخەڵکی کەرکوک پێیانوایە حەمەسوور توانیوێتی پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی کەرکوک لەوبارە ئاڵۆزەی پێشووتر دەربکات، بەهۆی ئەوەی سەردانی هەموو ئەولایەن و شوێنانە دەکات کە ڕکابەر، یا دوژمنی خواستەکانی کوردن و لە دەرگاکانیان دەدات و توانیویەتی دڵی عەشایەرەکانی کەرکوک، بەهەموو نەتەوەکانییەوە بۆلای خۆی رابکێشێت و بچێتە ماڵی پیاوە ئاینییەکان و کەسە زویربووەکانی کوردیش ئاشت بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەبەرژەوەندی حزبایەتی بۆپەیوەندی کورد و نەتەوەکانی دیکەی کەرکوکیش کاریگەری خۆی.

ئەو لەسەردانەکەیدا هێزەکانی رابوونی بە سەرکردەوە و نیوەرۆیش لەسەرخوانی سەرۆک خێڵەکانی (جبور) مایەوە و دواتریش لەگەڵ قائیمقامی نوێی قەزای (حەویجە) بۆ ماوەیەکی کەم لەبارەی رەوشی ناوچەکەوە دووان.. عەشایەرەکانی (جبور)، ئەوەیان بەبەرپرسە کوردەکە راگەیاند:" ئەگەر دەتانەوێت دڵمان پێتان خۆشبێت، داواکانمان بۆ جێبەجێ بکەن"، لەلای خۆیەوە بەڵێنی هاوکاری جدی پێدان، کەپەیوەندی بکات بەئیدارەی کەرکوک و بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە، (حەمەسور) دەڵێت:" مەکتەبی پەیوەندیەکان تازەدامەزراوە، ئەگینا پێشتریش دەچوین، ئەمە یەکەم سەردانی کوردە بەشێوەیەکی مەدەنی و بەبێ هێزەکانی ئەمریکا بچێتە حەویجە"، ئەو دڵنیایی دەدات لەبایەخی سەردانی بەرپرسەکانی کورد بۆ ئەو ناوچانە گرنگە و "زەرورە بچین و دەمانەوێت پەیوەندییەکان دروست بکەینەوە".

(حەمەسور)بایەخی سەردانەکەی بەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە "لەو رۆژەوە پەیتاپەیتا شێخەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە سەردانمان دەکەن و داوا دەکەن سەردانەکانمان دووبارەبکەینەوە"، لەمەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیدا نوێنەری عەرەب و تورکمان و ئاشورییەکان و پیاوانی ئاینی و چەندین راوێژکاری کۆمەڵایەتی هەیە، پەیوەندی نێوان کورد و ئەو نەتەوانە رێکدەخەن.



دوای سەردانەکەی (حەمە سور دووشیوانی) ڕۆژی پێنج شەمە (٢٠٠٨/٢/١٤) لەسەردانێکی کتوپڕدا (عەبدولڕەحمان مستەفا) پارێزگاری کەرکوک و (رزگارعەلی) سەرۆکی ئەنجومەن، بەیاوەری (راکان جبوری) جێگری پارێزگار و (ئەبو سەدام)، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای حەویجە، سەردانی ناو بازاڕ و خەڵکی حەویجەیان کردوو بەڵێنیان پێدان کە پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆجێبەجێ بکرێت و هەوڵدەدەن بودجەیەکی زیاتر بۆحەویجە تەرخان بکەن.

(ئیراهیم خەڵەف ئیبراهیم) شێخێکی گوندەکانی دەوری حەویجەیە و سەردانی بەرپرسەکان بە فەرزو واجب وەسف دەکات، "زۆر ئاسودەم بەم سەردانەی کورد بۆلامان و لە کاتی خۆیدایە"، (عەلی مەحمود جبوری)ش جوتیارێکی  باڵا ناوەنجی رەش رەنگە و عەگالێکی بۆری لە سەردابوو، باس لە گوندەکەی خۆیان دەکات بەناوی تەل عەلی، کە نزیکەی (٨٥٠)ماڵی تێدا دەژی و بەشێک لەوماڵانە کوردن، پێیوایە "مەگەر دەستی دەرەکی بێتە نێوانمانەوە، ئەگینا ئێمە و کورد پێکەوە دەژین و ئەم سەردانەی حەمە سور دوشیوانی بەڵگەی ئەوەیە کە وەک نوێنەری سەرۆک کۆماری عێراق هاتووە"، جوتیارە گوندییەکەی حەویجە، سەردانی نوێنەرەکەی مام جەلال  بەمێژویی وەسفدەکات "ئەمەسەردانێکی مێژوییە و ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆخستەوە کەساردی هەبێت لەنێوان کورد و عەرەبدا"، پێشتر حەویجە، مەگەر تەنها ئەفسەر و پیاوە سەربازییەکانی کورد، لەکاتی هەڵمەتەکانی بەتایبەت (عەمید سەرحەد) بهاتایاتە حەویجە، چونکە باری ئەمنی ناوچەکە مەترسیداربووە، بەڵام ئەم هەنگاوانەی کورد بۆ نێودڵی عەرەبی کەرکوک گۆڕانێکی بەرچاوە لەسیاسەتی شەقامی کەرکوکدا.

حەویجە خەریکە دەخنکێت و بێ خزمەتگوزارییە، جادە و بانەکەی پڕە لە تاسە و چاڵ، شەقامەکان بەتۆز و خۆڵ داپۆشراون، ناوەندی شارەکە لەسەربازگەیەک دەچێت بەهۆی ئەو بەربەست و دیوارە کۆنکرێتییانەی پێدادانراوە.

(عەلی عارەب رەسوڵ)، مامۆستایەکی باڵابەرزی رەشتاڵەیە، رەوشی ناوچەکەیان واباس دەکات کە کارەبایان زۆر کەمە و قوتابخانەکەیان



کەساڵی (١٩٨٧) دروستکراوە، "هێشتا تەواونەکراوە"، ئەو دەڵێت:" قوتابخانەیەکی دواناوەندیمان پێوستە، چونکە نزیکەی هەزارخوێندکارمان هەیە"، ئەو دڵتەنگە بەوەی پرۆژەی ئاوەکەیان بەهۆی بێ کارەبابییەوە لەکار کەوتووە وەکو پێوست خزمەت بە زەوییە کشتوکاڵیەکانیان ناگەیەنێت، مامۆستا حەویجەییەکە کە بە ئەسڵ کوردە و داوا دەکات قوتابخانەکەیان نۆژەن بکرێتەوە و پێداویستی نوێ بۆقوتابخانەکەیان دابین بکرێت.

(ئەبو ئیراهیم مەهدی)، گەنجێکی دیاری عەشرەتی (جبورە)، وتی:" ئێمە ژمارەیەک لادێین و کەموکوڕیمان زۆرە، کارەبا و سوتەمەنیمان نییە، ناحیەی واهەیە چەند رۆژە بە قەترە ئاویان نیە"، ئەو هەستی بە تەنهایی ناوچەکەیان کرد لە دووری دەسەڵاتی ئیدارەی کەرکوکەوە و داوای جێبەجێکردنی ئەو پێداوستیانەی دەکرد.

شێخە عەرەبەکە کە سەری سپی ببوو پارێزگاری کەرکوک بەبەرپرسیاری یەکەمی کەموکوڕییەکانیان دەبینێت، "بەرپرسی سەرەکی ئەم بارەی کەرکوک پارێزگارە، تائێستا پارڕێزگار بۆ (١٠)خولەکیش نەهاتووەتە حەویجە تابزانێت باری ئێمە چۆنە، دوو رۆژ دوای داوای ئەم شێخە پارێزگاری کەرکوک و سەرۆکی ئەنجومەنی کەرکوک گەیشتە حەویجە، ئەو کە کاری جوتیاری دەکات و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بەرهەم و پێداوستیە کشتوکاڵییەکانیان بۆ دابین نەکراوە و لە بازاڕیشدا نرخیان سەد قات گرانتر بووە و "بەرهەمەکانی ئێمەش وەرناگرن و نایکڕن".

(شێخ مەهدی)، نموونەی مادەی کیمیایی دەهێنێتەوە کەیەک تەن کیمیای بەیەک ملێون دینار بووە و پێیوایە جوتیار ئەمەی لەکوێ بۆ دەکڕدرێت چۆن دەتوانێت سوود لەپیشەکەی ببینێت، "ئێمە هیچمان بۆدابین نەکراوە چۆن دەتوانین بژین، ئەوەتا ئاومان نەماوە و لە دووکانەوە ئاوی پێوستمان بۆناکەنەوە و خەریکە دەخنکێین"، ئەو پێیوایە چارەسەری رەوشەکەشیان لای حکومەتی هەرێمە و هەرئەوان دەتوانن چاکی بکەن، نەک حکومەتی بەغدا.

راکان جبوریش لەسەرهەمان تەوەر قسەی کرد "گوێنەدانێک بەو ناوچانە هەیە، ناوچە کشتوکاڵییەکان بەتەواوەتی پەراوێزخراوە و بێ خزمەتگوزارییە، زۆر گرنگە لەحەویجە بایەخ بەکشتوکاڵ بدرێت".



**رابوونەکانی عەشایەر، ئارامی بۆحەویجە دێنێت**

دوای بریاری دروستکردنی هێزە چەکدارە عەشایەرەکان بۆجەنگ لەدژی چەکدارانی قاعیدە لەناوچەکانی ناوەڕاست وخۆرئاوای عێراق، لەباشووری کەرکوکیش نزیکەی (٦) هەزار رۆڵەی عەشیرەتە عارەبەکان بۆ ئەو سەحوانە چەکدارکراون، ئەوان توانیویانە حەویجە و دەوروبەری ئارام بکەنەوە و بەشێوەیەکی سەڕسوڕهێنەر توندتیژییەکان کەمبووەتەوە، لەناوچەی حەویجە عەشیرەتێکی وەکو (جبور)، ئەرکی (سەحوە) رادەپەڕێنێت و لەهەموو جادەکاندا بازگەی زۆر نزیکیان داناوە و بە ئۆتۆمبێلی مەدەنی و جلوبەرگی سەربازییەوە ئەو ناوچەیە لەکاری تێکدەر دەپارێزن، هەرچەکدارێکی رابوونەکانی کەرکوک نزیکەی (٤٠٠) بۆ (٤٥٠) هەزار دینار وەردەگرێت، رێگای (مەنزلیە)، کە دەکەوێتە پێش حەویجەوە رووەو کەرکوک، ترسناکترین ئەورێگایانە بووە کە لە دووساڵی رابووردودا بە دەستی گرووپی چەکداری توندڕەوی نەقشبەندییەوە بووە و بەرێگای مردن ناودەبرا، (ئەبوهەیسەم) کەسایەتییەکی ناسراوی حەویجەیە و بە تۆمەتی بەکرێگیراوی کوردەکان، کەوتووەتە بەر هەڕەشەی ئەوچەکدارانە، ئەوهەرچەندە خەڵکی حەویجەیە، بەڵام دەڵێت:" بۆماوەی ساڵێک و چوار مانگ نەموێرا بەم رێگایەدا بێم، ئێرە حەویجەییەکانیشی پێدا نەدەهاتن، جگە لە تیرۆرستەکان"، ئەو هێمای بۆ هێزە رابوونییەکان کرد کە ناوچەکەیان لەو چەکدارانەی (نەقشبەندی) پاک کردووەتەوە، هەر لەو رێگایەدا نزیکەی (٢٣٠) کەس سەر بە عەشرەتی جبور لەلایەن ئەو چەکدارانەوە کوژراوە، یەکێکی دیکە لەو شوێنە پڕمەترسییانەی کە بەدەست ئەلقاعیدەوەبووە، ناوچەی بریمەیە، کە بەدەیان کورد و خەڵکی دیکە لەوێدا سەربڕاون و کوژراون، بەڵام رابونەکان ئەوانییان لەو ناوچەیە دەرپەڕاندووە.

حەمەسوور دووشیوانی، کە سەردانی هێزەکانی رابوونی کرد و گوتی:" وەزعی ئەمنی حەویجە خراپ بوو ناتێگەیشن لەنێوان ئیدارەی



کەرکوک وحەویجەدا دروست بوو، بەڵام سەحوە سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێناوە و کاریگەری زۆری لەسەرە ئەمنییەکەی هەبووە"، (ئەبو ئیبراهیم مەهید)یش پێیوایە:" پێش فەوجەکانی رابوون، باری ئاسایشی حەویجە زۆرخراپ بوو، بەرادەیەک هەمووان لێی دەترساین، ئێستا حەویجە ئاسایشی بۆ هاتووەتەوە".

لەمندالانی حەویجە بێ نازتر لە دونیادا نییە، بیجامەیەکی پیازی چڵکن و بلوزێکی سووری لە بەردابوو، داوای لێکردم کە وێنەیان بگرم، لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بەدەوری مندا خولیان دەخوارد، تەمەنی لە (١٢)ساڵ تێپەری نەدەکرد، ئەو قوتابییەکی پۆلی پێنجەمە لە حەویجە و لەبارەی داواکارییەکانییەوە پرسیارم لێکرد، بەڵام وەڵامەکانی سەرسامی کردم، ئەو منداڵە لەبری ئەوەی داوای لەعابە و پێداویستیە وەرزشییەکان و شوێنی یاریکردن و پارک بکات، گوتی:" بەش بەحاڵی خۆم زۆر بێزار و نیگەرانم لەرووی دەروونییەوە، داوای ئاو و کارەبا و بەردانەوەی بەنداوی دوکان دەکەم"، من باسی ژیانی منداڵم بۆ کرد وتی:" ئێ چیبکەم لێرە نەلەعابەی لێیە و نەیاریگا و نەهیچ شتێک، بۆیەداوای ئەوانە ناکەم"، داوایەکی سەیری دیکەی منداڵە کورەکە ئەوە بوو "داوادەکەین گیراوەکانمان بۆ بەربدەن و ئیترهەڵمەت و پشکنینەکان کۆتایی پێبێت".

ئایا رێگای حەویجە برینە سیاسییەکان سارێژدەکات؟ (راکان سەعید) ئەندامی دیاری لیستی گردبوونەوەی کۆماری بوو لەئەنجومەنی پارێزگا و دوای رێکەوتنیان لەگەڵ لیستی برایەتی کەرکوک، کرا بە جێگری پارێزگای کەرکوک، ئەو خەڵکی حەویجەیە باوەری وایە سەردانەکانی کورد پەیوەندیەکانیان چاک دەکاتەوە، رێککەوتنەکەیشیان بەهۆکاری سەردانەکان دەزانێت، سەرباری چاکبوونەوەی رەوشی ئەمنی ئەو سەردانانەی نێوان کورد و عەرەب بۆ دوومانگی ئەم دواییە دەگێرێتەوە،"هیوادارم هەنگاوی باشتریشی بەدواوەبێت، ئەوهەڵوەستە لەسەر پەیوەندی کورد و عەرەب دەکات لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، تەنها سیاسییەکان و لێدوانەکانیان خراپ بوونە و کاریگەری خراپیان بۆ سەر پەیوەندیەکان هەبووە".



جێگری پارێزگاری کەرکوک، هێما بۆ سەردانی دیکەی بەرپرسانی ئیدارەکەی دەکات بۆ ناحیەکانی رەشاد و راب و ریاز و چەند شوێنێکی دیکە، حەمەسوور دووشیوانی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی پێیوایە:“ ئەم سەردانانە کاریگەری زۆری لەسەر دۆسییە سیاسیەکە هەیە و تونیدیەکان ناهێڵێت و مەترسییەکانی ئەوان لە کورد دەڕەوێنێتەوە“، زۆربەی زۆری قەزا و ناحیەکانی پارێزگاری کەرکوک لەڕووی خزمەتگوزاریی و پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیانەوە کەموکوڕییان هەیە، ئێستا کەرکوک شارێکی ئارامە و دڵی مرۆڤ تێدا ئاسودە دەبێت، ئێستاش نۆرەی خزمەتکردنە بە خەڵکی ئەوشارە دەوڵەمەندە بەنەوت.



# پیاوان چۆن دەڕواننە خۆسوتاندنی مێیینە

**راپۆرتی کۆمەڵایەتی**

(ئەحمەد)پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵەی سەر ماش و برنجی بوو، خەریکی ئیشی تاکسی کردن بوو، باسی لەبێسودی خۆسووتاندنی ژنان دەکرد هۆکاری بێسودییەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "پیاو ژنی تر دەهێنێتەوە"و هۆکاری خۆسوتاندنی کچان و ژنانی بۆ " بێدەسەڵاتی ژن" گەڕاندەوە و ئاماژەی بەوەدا"دنیام بدەنێ خۆم ناسووتێنم".

(حەبیب مەجید میران) تەمەن ٢٨ ساڵ کە دوکانی پۆشاک فرۆشتنی ئافرەتانی هەیەو پێیوایە هەموو کێشەکە کۆمەڵایەتییە و کاتێک "بووک لەگەڵ خەسودا بەشەڕدێت، ناچار بوو کە خۆی بسووتێنێت بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ژیانە بەش مەینەتە بهێنێت".

"مێردەکەی بۆی خراپە و ماڵەوەشیان پشتگیری و هاوکاری ناکەن لەکاتی کێشەدا ناچار خۆی دەسووتێنێت" ئەمە بۆچونی (ریاز عەبدولواحد مەجید)ی تەمەن ٢٤ ساڵ بوو، ریاز ئاماژە بەوە دەکات، خۆسوتاندنی کچان و ژنان شیرازەی خێزان تێکدەدات، ئەم کوڕە گەنجە کە جارجارە دەستی لە چاویلکەکەی چاوی دەدا، خۆسووتاندنی ئافرەتانی بە "هەڵە" ناوبرد، ئەوەشی روونکردوە کە ئافرەت پێی وایە بە خۆسووتاندن دەربازی دەبێت لە "لێدان و سووکایەتی پێکردن و پێنەدانی مافەکانیان" لە دەست کەس و کار و خێزان، لەلایەکی ترەوە ریاز دوکانی بە کرێدانی جل و بەرگی بووکی هەیە و زیاتر هەڵسوکەوت لەگەڵ تاکەکانی ژن و کچدا دەکات، دڵگرانی خۆی بەرامبەر بەم دیاردەیە دەربڕی کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا تابێت "پەرە دەسێنێت".

(نەوزاد محەمەد حەسەن)یش کە خەریکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرەیە و تەمەنی ٤٥ ساڵە و دوو ژن و سێ منداڵی هەیە و باس لەوە دەکات زۆر شادمانن و "لەسەریەک سفرە نان دەخۆن" نەوزاد



تەماشایەکی موبایلەکەی کرد و باسی لە خۆسوتاندنی ئافرەتان کرد، ئەو پێیوایە خۆسوتاندن "بۆ لاوازی عەقڵی ئافرەتان" دەگەڕێتەوەیان "دەست درێژی دەکرێتە سەریان" و ئاماژەی بەوەشدا لە هەندێ مافی خۆیان بێبەش دەکرێن، جگە لەمەش بۆچونی ئەو ئەمەیە کە هەندێ ئافرەت "زۆر ئازار دەدرێن و پشت گوێ دەخرێن" خەمباری بەرامبەر بەو پیاوانە دەربڕی کە "ژنەکانیان کردووەتە مەنزەری بازاڕ" و ئافرەتیش بە گەورەترین و بەنرخترین بەها دەزانێت، (نەوزاد محەمەد) ئاماژە بۆیەکسانی دەکات لە نێوان مافدا بۆ ژن و پیاو هەروەها "جیاوازی نەکردن لە نێوان ژنان و کچان"دا و لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەی دەربڕی کە "کەم و کوڕی لە رووی مادە و سێکسەوە" هۆکارێکە بۆ خۆسوتاندن و دەبێت "رێنمایی مێینە بکرێت لەلایەن کەس و کاریانەوە بە شێوەیەکی تەندروست و بەردەوام".

(مامۆستا ئاکۆ)، لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک وانەی دەروننناسی دەڵێتەوە، ئاماژە بۆ زیادبوونی خۆسوتاندنی ئافرەتان دەکات، جگەلەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە دەڵێت:"کاتێک کچ پەستانێکی لەسەر بێت ناتوانێت لێی دەرباز بێت، یان ئەو کەشەی بگۆڕێت"، بەڵام باس لە کوڕ دەکات کە دەتوانێت بەهۆی چوونە دەرەوە و گۆڕینی کەش ناهەموارییەوە کێشەکە پشت گوێ بخات، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەکات کەسوکاری ئافرەتان "کوشتنیان لەرێی ئاگرەوە" بەڕێگەیەکی "ئاسان و خێرا" دەزانن و "پۆلیسیش ئاسانتر قەناعەت" دەکەن بەو رێگایە و لەبەر ئەوەی "رێگایەکی ژنانەیە و دەڵێن خۆی سوتاندووە " ، هەروەها هۆکارێکی تری بۆ لاوازی ئافرەت گەڕاندەوە لە رووی "ئیرادەوە " کە ئەویش بۆ "شێوازی پەروەردەکردنەکەی" گەڕاندەوە, سەرەڕای ئەمانە هاتنی "شەپۆلی دیموکراسی بۆسەر ئەم کۆمەڵگایە کاریگەری هەیە"، ئەمە بەشێکی تر بوو لە قسەکانی مامۆستا ئاکۆ، باسی لە دەسەڵاتگەرایی پیاوان کرد و وتیشی "ئازادییەکانی بۆخۆی پێ قبوڵە و بۆ کچان و ژنان رەتی دەکاتەوە".



# تا ٨ مانگی دیکە چارەنووسی کەرکوك نادیارە

**راپۆرتێک دەبارەی حزبە ئیسلامییەکان و کەرکوک (گۆڤاری لیڤین)**

ئێستا مەسەلەی کەرکوک و بەتایبەتی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، خەریکە دەبێت خوانی نوێی سیاسسە ئێراقییەکان و ڕوونتر لەنێوان کوردەکان و عەرەبەکاندا، چونکە چارەنووسی شارێکی نەوتی و پڕ لەخامەی پیشەسازیو بەپیتی کشتوکاڵی، لەماوەی (٨) مانگی داهاتوودا، بەپێی بەندی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی ئێراق دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەروەکو ئێستای لەسەر بەغداد بمێنێتەوەیاخود بخرێتە سەر هەرێمی کوردەکان،یان وەک بەشێک لە تورکمانەکانی ئەو شارە داوای دەکەن دەکرێت بە هەرێمێکی فیدڕاڵی و جیا لە ناوەندو هەرێمی کوردستان، بۆیە چاودێرە سیاسییەکان وا دەڕوانن کە کەرکوک، لەم چەند مانگەدا بەرەوشێکی ترسناکو ئاڵۆزدا تێپەڕبێت، کوردەکانی کەرکوکیش ڕازی نین لە ئەدای پارتە کوردستانیەکانی ئەو شارە، بەتایبەتی "یەکێتی وپارتی".

لەوبارەوە عومەر سەیدە نووسەرو رۆژنامەنووس پێیوایە:" یەکێتیو پارتی بۆ کێشەی کەرکوک تا ئێستا هەنگاوی بەرەو پاشیان ناوە"، هەروەها باس لەوە دەکات کە نەک یەکێتیو پارتی کە دەسەڵاتن، بەڵکو:" حیزبە ئیسلامییەکانیش نەیانتوانیوە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بگێڕن بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر هەردوو حیزبەکە" لێرەدا دەمانەوێت لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە بزانین هاوتەریب لەگەڵ پارتی ویەکێتیدا، ڕۆڵو کاریگەری پارتە ئیسلامییە کوردییەکانی کەرکوک چییەو بوونو نەبوونی ئەوان لەو شارەدا چ جیاوازییەکی هەیەلە کاتێکدا ئەگەریەکێتیو پارتی لەڕووی بیرکردنەوەو بەرنامەوە عیلمانی بنو لەنەتەوەکانی تورکمانو عەرەب جیاوازبیربکەنەوە، ئەم پارتە ئیسلامییانە شتێک هەیە دەبێتە بازنەی پەیوەندیو پێکەوەژیان بۆیان ئەویش"دینی ئیسلام"ە، لەکەرکوکیش جگە لە پارتە ئیسلامییە تورکمانییەکانیو عەرەبییە مەزهەبییەکان، تەنها بارەگاو بوونی "یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان_عێراق" هەیە.



**یەکێتیو پارتی لەکەرکوک بڕیاری یەکلایەنە دەدەن**

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئێراقدا بەنێوی"لیستی برایەتی٣٦٧"لەگەڵ بەشێکی زۆری پارتە کوردستانییەکان بەشدارییان کرد و (٣)کورسی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەکۆی ٢٦کورسی لیستەکەی بەرکەوتو کۆمەڵی ئیسلامیش بەلیستێکی جیادابەزیو نەیتوانی هیچ کورسییەکی ئەنجومەنی ئەو شارە بەدەست بهێنێت، (ئیبراهیم خەلیل) لێپرسراوی مەڵبەندی (٦) ی یەکگرتووی ئیسلامی لە کەرکوک وای دەبینێت کەپارتەکەی ئەو" شانبەشانی حیزبە کوردستانییەکانی تر، ڕۆڵو کاریگەری ئیجابی هەبووە"لەسەر مەسەلەی کەرکوک وئەوە دەگێڕێتەوە کە لەکاتی مادەی٥٨ی ئیدارەی کاتی"پۆڵ برێمەر"دا ئەو خۆی وەک ئەندامێکی یەکگرتوو بۆماوەی ساڵ و نیوێک سەرۆکی لیژنەی ئەو مادەیە بووە لە پارێزگای کەرکوک، ئاماژە بەوە دەدات، هەوڵو کۆششێکی بەرچاویان پێشکەشکردووە "لە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بە مەنهەجو بەشێوەیەکی شارستانی"و باوەڕی پارتەکەی خۆی وانیشان دەدات، هەموویاساو مادەیەک، کاتێک جێبەجی دەکرێت کە" ڕەزامەندی زۆرینەی لەسەر بێتو نەک کۆمەڵێک لەگەڵی بێتو کۆمەڵێک لەدژی بێت"،یەکگرتووە وەک پارتێکی ئیسلامی سیاسی میانڕەو لەدوای ڕاپەڕینەوە هاتۆتە نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە، ئیبراهیم باسی لەوەکرد"پارتێکی میانڕەوین"، پێیان وایە دەتوانن"بەحیوار ئەو نەتەوانەی کە گومانێکیان هەیە لەجێبەجێکردنی ئەو مادەیە و توشی حاڵەتێکی نا ئاساییان دەکات" ئەوان ئەو گومانەیان بڕەوێنینەوە،ئەوەش ناشارێتەوە کەرکوک"سیراعێکی هەرێمی ونێودەوڵەتی لەسەرە،لەبەر ئەوە هەندێک هێز لە کەرکوک لەوانەیە نەتوانن ڕەئی خۆیان بەدەستی خۆیان بێتو فەرمایشتی دەرەوەیان لەسەرە"، بۆیە لەم دۆخەدا حیوارکردن قورسە.

(ڕەفعەت عەبدوڵڵا)ی بەرپرسی مەڵبەندی٢ی کەرکوکی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە پێوایە"ئەو



حیزبانەش واقیعێک هێناویانییەتیە کایەوە و بوونیان هەییە، چونکە وەک نەتەوە هەمووومان ئیسلامینو کۆمەڵگەش وادەخوازێت"،(نەجات حەسەن) بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانیش وتی"ئێمە قەومییەتمان بە ئامانجکراوە، کێشەمان لەسەر دین نییە"، باس لەوەش دەکات کەڕژێمەکەی سەدام کوردی لەسەر "نەتەوە" چەوساندووەتەوە و جینۆساید کردووە نەک لەسەر"دین"، هەروەها هێمای بۆئەوەکرد، "لە کەرکوکدا هێز و جەماوەر لای پارتیویەکێتییە و هەر ئەم دوو حیزبە کارەکان هەڵدەسورێنن"و هیوا دەخوازێت پارتە ئیسلامییەکوردییەکانیش بتوانن ئەو ئەرکەی ئەوان بگرنە ئەستۆ بۆ ئەوەی"ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانی ئێمەیە لەم شارە بەر ئەوانیش بکەوتایە"، ئیبراهیم خەلیل دەڵێت"بەشێوەیەکی فەعالتر لە کوردستان یەکگرتوو بەشدارە" ئەوەشی وت"لەکوردستان ففتی بەففتی بەشیان دەکردو هیچ بەشی یەکگرتوویان نەدەدا، بەڵام لە کەرکوک وانییە"، لەدرێژەی قسەکانیدا عومەر سەیدە دەڵێت:"بوونی پارتە ئیسلامییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی کەرکوکدا هیچ زەرورەتێک نیە, چونکە ئەوان لە کەرکوکدا ناتوانن چەکی ئایدۆلۆژیایان بخەنە خزمەتی خەڵکی شارەکەوە" بە نموونەیەک پاڵپشتی لە قسەکەی خۆی دەکات و دەڵێت:"هاوسۆزییان لەگەڵ باوەڕدارانی نەتەوەکانی دیکە لە ئاینی ئیسلام, تەنها وەکو واقیعی حاڵی کوردستان سەرقاڵی چەندایەتی کردنن وەکو حیزبە عەلمانییەکان"، لەلایەکی ترەوە بەرپرسەکەی یەکگرتوو، دڵتەنگە لەیەکێتی وپارتی کەیەکلایەنە بڕیارەکان دەدەن و پرس بە حیزبە کوردستانییەکانی دیکە ناکەن"ئەوان دوو هێزی دەسەڵاتدارنو خۆیان ئیدارەنو زۆربەی شتەکان خۆیان دەیبەن بەڕێوە و بڕیاری لەسەر دەدەن"



## * "٧٠٪ی جەماوەری کوردسان پارتییە"و پارتی لە کەرکوکدا حیزبایەتی دەکات"

بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەکەرکوک ئاماژە بە ستراتیجی پارتی ئیسلامییە کوردییەکان دەدات کە"بەرنامەی ئەوان نەتەوەیی نییەو لەسەر بنەمای مەزهەبو ئیسلامە"، سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت لەکەرکوکدا"نەتەوەییانە بیربکەینەوە" لەبەرئەوەی لای وایە"هێشتا لەقۆناغی رزگاری نیشتیمانیداین"،کەچی بەپێچەوانەی بەرپرسە باڵاکەی یەکێتییەوە، لێپرسراوی لقی سێی پارتی دەڵێت"وەکو بەرپرسێکیpdk هاتووم لەم شارە حیزبایەتی دەکەمو‌ڕایشی دەگەیەنم"، رەفعەت عەبدوڵا سەرەڕای ئەوەی بەرنامەی پارتە ئیسلامییەکانی بە"مەزهەبی و ئاینی" ناوبرد، هێشتا دەڵێت"گرنگ ئەوەیە ئەوان تەوجیهی خوارەوە ناکەن، بڵێن با ئەو مادەیە جێبەجی نەبێت و لەڕووی ڕاگەیاندنیشەوە لاوازن و قورساییەکەی لەسەر شانی ئێمەیە"، (نەجات حەسەن)یش هەمان تێڕوانینی هەیە و دەپرسێ"ئەگەر ئەم دوو حیزبە نەبوایە کێ ئارامی ئەم شارەی دەپاراست؟!"، نەجات حەسەن درێژە بە وتەکانی دەدات لەبارەی ئەوەی"لە(٧٠٪) ی جەماوەری کوردستان لەژێر دروشمی ئەم حیزبەدا خەباتی خۆی دەکات" و ئەو شانازی بەوە دەکات کە توایویەتی وەکو حیزب"(٤٧)هەزار ئەندامامان هەیە وەک ڕێکخستن"، لە هەمبەر ئەوەدا بەرپرسەکەی یەکگرتوو سەبارەت بە گۆشەنیگای ئەوان بۆ کەرکوک دەڵێت"ڕوانینێکی نەتەوەییە لەسۆنگەی دینەوە"، و ئیبراهیم خەلیل ئەوە دەگێڕێتەوە، پێیان سروشتییە کە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوک بدرێتە تورکمانو عەرەبو، بۆئەوەی تەبایی وئاشتی بەردەوام بێت لەنێوان نەتەوەکاندا و کەرکوک بگەڕێتەوە سەرکوردستان، پێی وایە"خەڵکی تر ئەم تێڕوانینەی لا غەریبە"، هەروەها باوەڕی وایە "لە کەرکوکدا سیراعی ئاینیو مەزهەبی نییە، سیراعی نەتەوەیە هیە، سیراعی نەتەوەیش لەنێوان حیزبە سیاسییەکاندا هەیە"، بۆیە دین بە چارەسەرێکی باشتر دەزانێت بۆجێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و گەڕانەوەی متمانە و زمانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان نەتەوەکانی ئەو شارەدا.



***بوونی کۆمەڵی ئیسلامی لە کەرکوک تەنها بەناوە**

جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامیش، بارەگای خۆی لە کەرکوک داناوە، ئێمە چەندجارێک بەتەلەفۆنو لەڕێگەی چەند برادەرێکی خۆیانەوە سەردانمان کردن، هیچ کەسیان ئامادەنەبوون، لەوبارەوە قسەیەک بکەن، بۆیە دەپرسین، ئایا کۆمەڵی ئیسلامی تا چەند پێی وایە بوونو نەبوونی لە کەرکوک جیاوازی دروست دەکات؟، ئایا کۆمەڵی ئیسلامی لەماوەی سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا چی کردووە لە خزمەتی پێکەوەژیاندا بێت لەو شارە؟، ئایا کۆمەڵ تا ئێستا کاریگەری شکستی هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵی ڕابردووی لە کەرکوک لەسەر ماوە کە نەیتوانی هیچ کورسییەکی ئەنجومەنەکەی بەدەست بێنێت؟

ئایا کۆمەڵ دەتوانێت چی بکات بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)؟، لە کۆتاییدا عومەر سەیدەی ڕۆژنامەنووس ئەو جیاوازییە دەخاتەڕوو کە لەفۆڕمی ئیشکردنی کۆمەڵویەکگرتوودا بەدی دەکرێت سەربارى جیاوازی فیکرییان لەگەڵ یەکێتیو پارتییدا" کۆمەڵی ئیسلامیویەکگرتووی ئیسلامی ڕاستە هەردووکیان پاشکۆی وشەی ئیسلامیان هەڵگرتووە، بەڵام لە لۆژیکی کاری سیاسییاندا جیاوازی زۆریان هەیە، بەتایبەت لەکەرکوکدا، چونکەیەکگرتوو کراوەترو بەرچاوتر کار بۆ فراوانکردنی نفوزی دەسەڵاتو پلە سیاسییەکانی خۆی دەکاتو گرەوی سیاسییانە دەکات، بەڵام هاوکات کۆمەڵی ئیسلامی لەنێوان بارەگاکانی خۆیانو لەناو ریزەکانی خۆیاندا کارەکانیان چڕ دەکەنەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە کۆمەڵی ئیسلامی بەقەباغێکی بێ سەوڵ لەنێو دەریایەکدا جێماون، ئەگەر ئەوان پێیان وایە دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە کەرکوکدا، نەک هەر ئەوان، بەڵکو هەموو پارتەکانی دیکەی دەرەوەی پارتیویەکێتی، دەبێ بتوانن ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بگێڕن، بەتایبەت لەو خەم ساردیو گوێنەدانەی پارتیویەکێتی بە کێشە سەرەکییەکانی کەرکوک".



# ”ڕەوشی ئەمنی و ژیان لە کەرکوك چۆن دەگوزەرێت“

## ڕاپۆرتێک دەربارەی چارەنووسی کەرکوک

”کەرکوک منداڵێکی هەتیوە، نەبەغداد باوکێتی ونەهەرێمیش دایکی“

عوسمان شوانی وەزیری پلاندانی حکومەتی هەرێم پێیوایە“ماوەیەکە ڕەوشی ئەمنی کەرکوک بەرەو باش بوون چووە“، ئەم ئارامییەی کەرکوکیش بەهەلێکی باش دەزانێت کەدەبێتە هۆی“ڕەنگدانەوەی باشترکردنی خزمەتگوزاری لە شاری کەرکوک“، شوانی باسی لەهەوڵەکانی حکومەتەکەی کەرکوک لەڕووی هاوکاریکردنی کەرکوکەوە“حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ڕۆژێک درێخیمان نەکردووە بۆیارمەتی دانی کەرکوک لە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پرۆژە و ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنانەوەی گوندەکانیشدا یارمەتیمان داون و بەردەوام دەبین لەو یارمەتیدانە“، ئەم وتانەی ئەو لەکاتێکدایەکە هەندێک کەس بەتایبەت لەشاری کەرکوک پێیان وایە دەبوو ”حکومەتی هەرێم کاری زیاتری بۆ کەرکوک بکردایە تاکو نەتەوەکانی دیکەڕازی بکات“.

کێشەی کەرکوک، کێشەیەکی مێژوییەو دوای روخانی ڕژێمەکەی سەدام لە (٢٠٠٣)دا لەکاتی ئەنجومەنی حوکم و دواتریش لە کابینەکەی ئەیاد عەلاوی یەکەم سەرۆک وەزیری شیعەو عیلمانی لەدوای مادەی (٥٨) بۆیەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک دانراو لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا، کێشەی شارێکی گرنگی نەوتی وستراتیجی جوگرافی و ئەتنی دەکرێتە چوارچێوەی مادەیەکەوە بەناوی مادەی(١٤٠)، ئەو مادەیەی دەبوو لە (٢٠٠٧/١٢/٣١)دا هەموو گرفتەکانی یەکلابکردایەتەوە، هەرچەندە نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق بەکارنامەی حکومەتەکیدا لەبەندی ٢٢دا بەڵێنی جێبەجێکردنی دا بەشێوەیەکی دەستوری ویاسایی ونوێنەرانی کوردیش لەهەولێرو لەبەغداد بەوەڕازیبوون وبە“سەرکەوتنێکی گەورە“ناوزەدیانکرد، بەڵام مادەکە بەهاتنە ناوەوەی(un) شەش مانگ ماوەی کارکردنی بۆدرێژکرایەوەو کارکردن تیایدا بەیاسایی دانراوە.

فاروق جەمیلی وەزیری داد لەحکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە



ناکرێت هەر ڕێگای یاسایی یان ڕێگای سیاسی بەجیا بۆ چارەسەری کەرکوک دابنرێت"هەر دوو ڕێگاکە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک پێویستە، لە ڕووی یاساوە، ئەو مادەی (٥٨)ی یاسایی کاتی بەڕێوەبردنی عێراق و مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق، ئێمە تەنها ڕێگای قانونی بگرینەبەر کێشەی کەرکوک چارەسەر دەبێت، بەڵام وەکو زانراوە کێشەی کەرکوک کێشەیەکی سیاسیشە"، وەزیری دادی هەرێمە کوردییەکەی عێراق ئەوەشدەڵێت" دەبێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و سیاسیانە مامەڵەی بەتەکەوە بکرێت"، ئەو ئاماژە بۆگرنگی پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی شارەکە دەکات لەچارەسەرکردنی کێشەکانداوڕای خۆی وادەرخاتەڕوو کەکورد هەوڵبدات ئەو نەتەوانە، وەکو "تورکمان وعەرەب"، لەپێکەوەژیان ڕازی بکات، زەرورەتی پێکەوەژیان ودڵڕاگرتنی ئەو نەتەوە نا کوردییانەی کەرکوک بۆ کورد لەسەرەتای رزگارکردنی کەرکوکەوە دەبا هەستی پێبکرێت،ڕەنگە ئەوە وەک خۆی نەکرابێت، بەڵام ئێستا چەند هەوڵێک هەیە بۆ ئەو پێکەوەژیانەن دوای ئەوەی لیستی برایەتی کە خاوەنی (٢٦)کورسییە لە ئەنجومەنی کەرکوک، بەو خاڵانەڕازی بوو کەلیستی عەرەبەکان"گردبوونەوەی کۆمارین خاوەن (٦) کورسی ئەنجومەن" بۆنێو ئیدارەی شارەکە بگەڕێنێتەوە، ئێستاش لەهەوڵێکی بەردەوامدان کەبەرەی تورکمانی خاوەنی (٩) کورسی ئەنجومەنەکە بۆ هەمان مەبەست قایل بکەن، بەتایبەت لەدوای ئەوەی مام جەلال سەردانی کەرکوکی کردو بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تورکمانی داو، ئەوەی بایکۆتی بەرەی تورکمانی هێشتۆتەوە بەفەرمی ناساندنی زمانی تورکمانیی ووەرگرتنی پۆستی سیادییە لەئیدارەی کەرکوکدا، گرفتەکە قوڵتر دەبێتەوە کەلیستی عەرەبی ڕازی نییە دوو جێگر بۆپارێزگاری شارەکە دابنرێت کەتورکمانەکان داوای دەکەن.

عومەر فەتاح جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو پێداگیری لەکوردستانییەتی کەرکوک دەکات"کەرکوک شارێکی دێرینی کوردستانە دەتوانین بۆ ئەوەش پشت بە جوگرافیا و مێژوو ببەستین"، ئەو بۆچونەکەی خۆی ڕونتر دەکاتەوە"کاتێک دەڵێین بەشێکە لە کوردستان،



مانای وانییه كه نەتەوەكانی تر لەوە بێبەشن"، هێمای بۆئەوەشكرد كەدەبێت هەموو مافێک بەو نەتەوانەی دیكه بدرێتو"بەشداری سیاسی و رۆشنبیری و راگەیاندنیان پێ بكرێت له كەركوك"، جێگری حكومەتی هەرێمی كوردستان دڵنیایی دەدات بەكەركوكان لەهاوكاری وپشتوانیی حكومەتەكەی"دەبێت خەڵكی كەركوك لەوە دڵنیا ببنەوە كه خەڵكی كوردستان پشتیوان و هاوكاریانن بۆئەوەی ئازادیان بۆ فەراهەم بێت، بەتایبەتی ئەگەر بڕیار بدرێت كەركوك بێتەوە سەر كوردستان، وایان لێبكرێت كه هەست بكەن كەركوک شاری پێكەوە ژیان و برایەتییه"، لەبەرامبەر وتەكانی بەرپرسە پایەبەرزەكەی كوردەكاندا، كەركوك پێویستی بەخزمەتی زیاتره بەتایبەت لەڕووی ئاوەدانكردنەوەو داڕشتنەوەی دیزانی شارو بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابورییەوە، فەتاح بۆ هەڵبژاردنی چارەنووسی شارەكە، نەتەوەكانی كەركوك سەرپشكدەكات لەبڕیاردان لەدوارۆژی خۆیان"نەتەوەكانی كەركوك ئازادن له بڕیاردان لەسەر دوارۆژی خۆیان" لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی گێڕایەوە"، بەڵام خۆشیان دركیان بەوە كردوه كه ئەو شاره لەڕووی مێژووەوە كوردستان بووە و ئەگەر بگەڕێتەوە سەر كوردستانیش زیاتر دەتوانن بایەخ به شارەكەیان بدەن و ئازادیان زیاتر دەبێت"، لەوسۆنگەیەیشەوە ئەو تەنگەژەی بیروڕا جیاوازەی لەوشارەدا هەیه وایكردووە"بەعێراقێكی بچوككراوە"، ناوببرێت، لەلایەكی دیكەیشەوە كونسوڵی ئەمریكا لەكەركوك لەدانیشتنێكیدا لەگەڵ چەند چالاكڤانێكی شارەكەدا پێیان دەڵێت"كەركوك منداڵێكی هەتیوە، نەبەغداد باوكێتی نەهەرێمیش دایكی".



# بەجێماوەکانی دوای ئەنفال و ژیان لە ناحیەی شۆڕش

## بەجێماوی ئەنفال: ئیمەیان هاوردەوە کەرکوك، چەند رۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو هەربەڕێوە ٣ کەسمان مردن

**راپۆرتێک دەربارەی ئەنفال**

چەند برادەرێکم راسپاردبوو بۆئەوەی کەسێکی پاشماوەی ئەنفالم بۆ دەست نیشان بکەن لە ناحیەی شۆرش بۆ چاوپێکەوتن، بەڵام ئەوان نەیانتوانی ئەو کارەم بۆ راپەرێنن، ئێوارەیەکی درەنگ بەبێ ئەوەی شارەزای ئەو شوێنەبم، ترومبێلەکەم رانی بۆ ناحیەی شۆرش، ناحییەکە تەنها شەقامێکی قیرتاوکراوی تیابوو، ئیدی هەموو خانوو و کۆڵانەکانی کۆنن و پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ نەکراوە، کە زۆرترین کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهیدانی لێیە.

کۆمەڵێک پیاوی بەتەمەن لەبن وشکە کەڵەکێکدا دانیشتبوون، دەستبەجێ ئۆتۆمبێلەکەم راگرت، دوای سەلامکردن پرسیاری مەبەستم ئاراستە کردن، حەمە خورشید حەمە سالح ئەمین، کە لە ساڵی (١٩٣٦) هاتووەتە ژیانەوە، رووی دەمی تێکردم وتی" من، من لەتۆپزاوا هاتومەتەوە "، ئەمە ئەو پێشهاتە بوو کە هەرگیز چاوەرێم نەدەکر، حەمە خورشید، بەهۆی گۆچانەکەیەوە هەستایە سەر پێ و وتی: پێشمکەون لەماڵەوە قسەتان بۆ دەکەم.

(حەمە خورشید کوێخا ساڵەح)ی دێی کچانی ناوچەی سەنگاو، (١٠) کەسی شیرینی لەپرۆسەی ئەنفالدا بێ سەروشوێن دەبن، خێزانەکەی و (٦) کچ بەناوەکانی "حەلاوە، سوهەیلە، سێوە، هەنار، چنار، یەکێکیان لەنوگرەسەلمان لەدایک بووە و ناوی نازانێ "، کورەکانی "ژینۆ، عەلی، سەنگەر، "و دوو کوڕی بۆدەمێنێ بەناوەکانی "حەمە ساڵەح وعەبدوللا" جگە لەوەی تەنها لەدێیەکەیاندا (٦١) کەسی تر ئەنفال دەکرێن.. بەهەناسەیەکی سارد و دووچاوی پڕ لە ویقار و گریان و گومانەوە گۆچانەکەی خستە ژێر هەردوو دەستییەوە و هاتە گۆ.



سەرەتا دەنگوباسی هاتنی سەرباز و سوپای عێراقی چۆن بڵاوبووەتەوە؟

-هاتن، لەبەسرە جوابیان بۆ ناردین کە جەیش دێت، کاتێکمانزانی جاش گەیشتە ئاواییەکە، ئێمە بەرەو ناو "رۆخایی" رۆیشتین، ئەو شەوە لە دێیەکەی خۆمانەوە چوینە دێی "سێ گومەتان"، لەسێ گومەتانماڵمان پێ بوو لە مەکینەکەدا "تراکتۆر" گشتیمان جێهێشت، ئینجا بەرەو "رۆخزایی" رۆیشتین، شەو چوینە "قەڵاریۆیلە"، لە قەڵاریۆیلە بەیانی وتیان "شێخ ت."ها لە سەیتەرەکە وتوویەتی هەرچ مەنتیقەی سەنگاو هەیە بێت، سەرۆک جاش بوو کە چووین لە سەیتەرەکە "ب. ح. م. ت."بوو ئێمەی بەگشتی گرت! زۆربووین هەر ئێمە نەبووین، دەور (٢٠٠-٣٠٠ )کەس ئەبووین، ئەو بردمانی بۆ لیواکە شێخ (ت). هات وتی: تۆ ئەمانە خزمی منن بۆ بردیانت بۆ لیواکە؟ وتی: وەڵا تازە ناویشیان نووسریاوە چارە ناکرێ، خێمەیەکیان بۆ هەڵداین لە ساحەیەکدا چوار دەورمان تەلبەن کراو دەوری ٨٠٠-٩٠٠ کەسی تیابوو.

***لەکوێ خێمەکەیان بۆتان هەڵدا؟**

-لەپاڵ کەلاردا، لەبەین کەلارو مەجموعەکەی کەلاردا، لیواکەیان پێ ئەوت.

***سەرەتا جاش هات ئێوەی دەربەدەرکرد؟**

-جاش هات، دوایی جاش هاتبوو دێیەکەیان رووخاندبوو، خەبەریان داپێمان لەرێ وتیان: دێیەکە تەخت بووە، لەکەلار تەقریبی (٤) رۆژ ئێمە لەو خێمەیەدا بووین، نان و ئاویشمان نەبوو، شتیان لەماڵەکانەوە بۆ ئەهێنانین ئەیاندا پێمان، ئێوارانێکی تەیارەی ئێران هات دای لە ئەو چوار رەبایەی "خاڵی چاودێری" چوار دەورمان عەسکەرەکانی کوشت، وە (١٠) دەقە عەسکەر گەییەوە سەرمان، ئێمە لە تەلبەندابووین لەوێ دوای (٥) رۆژ باریانکردین هاوردمانیان بۆ سلێمانی، لە سلێمانی "شێخ جەعفەر" (٣) ئامۆزای خۆی تیابوو گلی داونەتەوە.. ئامۆزاکانی خۆی گل دانەوە، ئەوانەی گلداوە ئێمەیان هێنا بۆ یاریگاکەی سلێمانی لەیاریگاکەی سلێمانی تۆزێک بردمانیانە ئەولاتر، حەوشەیەک بوو لەوێ (٣) رۆژ گرتمانیان، مناڵەکانمان هەر لە ئەمنەکە مابوون "ئەمنە سورەکە، مۆزەخانەی نیشتمانی"



هەرچی پیاو بوو هاوردبویان (٣٧) پیاوی تیابوو ئیشی ئەو (٨٠٠) کەس گشتی ژن و منالّ بوو، هاوردمانیان (٥)رۆژ لەویّ بووین، دوایی ئێمەیان هاوردەوە بۆ ئەمنەکە، لە ئەمنەکە لەگەڵ منالّەکاندا باریانکردین بردیانینە "تۆپزاوا"، تۆپزاوای کەرکوک، لەتۆپزاوا (٣) رۆژ ماینەوە.. هەوەڵ رۆژیان نا، دووەم رۆژ ئەوەی وەک ئێمە وابوو دوو دوو باڵیان ئەبەستن، ژن بەجیا، منالّ بەجیا.. نزیکی ٢٠هەزار کەس دەبووین، ئەوانەی لە (٤٠) سالّ بە سەرەوەبوو دەیانبردن ئەوانەی لە (٤٠) سالّ بەخوارەوەبوون نەیانبردن، ئێمەیانکردە هۆدەیەکەوە "ژوور" "١٠٠٣"کە تیابوو بەژمارە، دوای (٣) رۆژ ئەم "١٠٠٣"کەسە باریانکردین بۆ "نوگرە سەلمان" ئێمە نەمانزانی بۆ کوێیە.. بۆ نوگرە سەلمانە، ئیتر من ژن و منالّ خۆم نەدی، لەویا بڕیانکردین لەیەک، ئێمەیان برد بۆ نوگرە سەلمان، ئێوارە سەعات "٧"بوو باریانکردین، بەیانی سەعات "٦,٣٠" گەیانیانینە نوگرە سەلمان، شەو لە چۆلّییەک هێشتمانیانەوە، ئەیان وت: ئەوەی گوی تیّ، میزی تیّ با لەناو سەیارەکە بیکەن مەمنوعە دابەزین! هەر لەویادا هێشتیانینەوە لەسەماوە لە چۆلّیەک، چوار رۆژ بوو نانمان نەخوادبوو، بە زابتەکەم وت "سەیدی ئێمە چوار رۆژە نانمان نەخواردووە؟" وتی"یەکی (٢) دینار بدەن خواردنتان بۆ تێرین، بەخوایەکی (٢) دینارەکەیان لیّ سەندین کە لەویّ دایان گرتین بەو زابتەی ترم وت "سەیدی ئەمەیەکی دوو دیناری لیّ سەندووین (٢٠٠٦) دیناری لیّ سەندووین و هیچی نەداوە پێمان!" وتی"چەپ، زمال"، وەڵا زمالێکشی پیا کێشام و هیچیتر، بردمانیان بۆ نوگرە مانگی رەمەزان بوو "٤"ی رەمەزان لە نوگرە سەلمان بووین دوای ئەوە، رۆژێک بەر لە جەژن وتیان وەرن خواردن وەرگرن خواردنی ٣ رۆژمان وەرگرت، لەدوای ئەوە کە خواردنی ٣ رۆژمان وەرگرت، دووەم رۆژەکەی جەژن مقاولەکە هات وتی "بێشەرەفی- بێناموسی و ئەمانە-هەرچیمان پێبوو بردیان".!!

بەیانەکییەکی ٣سەموونی ئەوەنەکەیان داپێمان رەنگە ١٠رۆژی پێ نەچوو بێ شکێنەی مردنی تێکەوت.

**+ خواردنتان هەبوو؟**

- نەبوو، هیچ نەبوو، رۆژی ئەو (٣)سەمونەیاندەدا پێمان ئینجا (١٠)



رۆژی نەبرد ئاوەکەشیان لێمان بری.،. هەر حەفتەیە "عەجاج " لەوێ بوایە ئاوەکەی لێمان دەبڕی، ئاوێکی شۆری پیس بوو، سەمونەکان هەرسێکیت دەخوارد، ئاوەکەت دەخوارد لەخوارەوە عەیب نەبێ دات دەنا.

**+ئەو سەربازانەی لەوێ پاسەوان بوون چۆن بوون لەگەڵتان..؟**

ـ پۆلیسمان لەگەڵ بوو، پیاو حەق بڵێ پۆلیسەکان قسەیان نەدەکرد، فەقەت عەجاجێکما هەبوو مەسئولمان بوو، ئەوە کولی ئێوارەیەک (١٠-١٢) کەسی لە ئەختیارەکانی دەردەکرد، ئەیووت گۆرانی کوردیم بۆبڵێن یان هەڵپەرکێی کوردی! هەتا پێنج مانگ و(١٧)رۆژ ئێمە وشک ورەق بوینەتەوە، دوای ٤مانگ تێیکەوتن هەرچی زۆر زەعیف و شەل و کوێر و ئەختیار هەبوو هاوردیانەوە، مانگێگ دەنگ نەما، مانگ دوایی کازم لەوێ بوو هاتەوە وتی محەمەد خورشید، وتم: نعم سەیدی تۆزە تۆزە عەرەبیم دەزانی، وتی "اجا أمر تترحون للشيمال"، وەرە یارمەتییەکمان بدە، وتم ئێمە چیمان پێیە یارمەتی تۆ بدەین، بەخوا (١٧)هەزاردینارم هەبوو لەپشت ژنەکەم و کچێکمدا بوو، یەک دینارم پێ نەبوو، چوم بۆلای حاجی رەفعەت وتم: مامە حاجی کازم چشتێ وای پێموتە وەرە شتێ بکە، وتم پارەت پێە؟ وتی ئەرە وەڵا وەتم چشتێکمان بەرێ ئەڵێ ئێوە دەچنەوە بۆ شیمال، ١٠٠دیناری داپێم وتی: بۆ هەردوکمان، کوڕێ ترم ئەناسی ئەویش ٥٠دیناری داپێم یەکێ تریش (٥٠)ی داپێم، بۆیم برد ناوی ئەم ٤کەسەی نووسی، دوایی تێی کەوت (٦٠٠)کەسی نوسی لەدوای ئێمەوە.. ئەو ئێوارە لەدوای پێنج مانگ و١٧رۆژ دەریانکرین بۆ حەوشەی نەقڵ، دوو رۆژ لەحەوشەی نەقڵا ماینەوە بەبێ نان و بەبێ ئاو، ئێوارەیەک شورتەکان وتیان سەیارەتان بۆهات مونشەئە بوو، وتیان چلوچوار چلوچوار بچنە ناوێوە، ئەو زابتەی کەهات کۆمەلێکی جیاکردەوە وتی: ئەمانە هێشتا خوێنیان باشە بانەرۆن، ئەو زابتەی پارەکەی خوار دەستی کردە ملی و دورکەوتنەوە و ئینجا وتی"أربع وأربعين أركب، أربع وأربعين أركب"، سواریانکردین ئیمەیان هاوردەوە کەرکوک، چەند رۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو هەربەڕێوە (٣) کەسمان مردن.

**+ ئەی ئێوە لەنوگرە سەلمان وەک بزانی چەن کەستان لێ مرد؟**

ـ کورە لەچەند کەسا نەبوو بێ قەزابی، رۆژ واهەبوو ٣٠کەسمان لێ دەمرد،



ئێوارانێکیان بەسالح ئەمین و شێخ رەشیدم وت "بابچین بۆلای ئەم کابرایە بەشکم بمان کوژێ،!!" وتی هەرئەمان کوژێ، وتم دەمادام بابچین پێی بڵێین، چوین دامان لە قاپییەکەی من قسەم کرد وتم سەیدی "أحنا مسلم لو یهود".!! وتی "لا ألحمدالله أنت مسلم "، وتم سەیدی ئیمە مردو ئەبەین بۆ قەبرسانەکە و سەگ ئەیخوات، وتی: درۆ ئەکەی، وتم: وەرە لەگەڵما ئیستا ژنێک ئەبەین بۆ قەورسان بزانە هەیەیا نییە؟ وەختێ هات سەگەکانی دی، عەجاج خۆی دانیشت تفەنگەکەی لەعەسکەرەکان سەند سیانیانی تۆپان، شورتەکەی تریشی وت ئەوەکان بتۆپێنن، ئیتر باش بوو مردێکانمان نەهاتنە دەشتەوە.

**+ ژنیشتان لەگەڵ بوو لەوێ؟**

- زۆرتری ژن بوو لەگەلمان ئیمە تەقریبی (٨)هەزار کەس لەنوگرەسەلمان بوین ئەم (٨) هەزارە (٥) هەزار زیاتری ژن بوو

**+ ئەو مردووانەی لەئیوە دەمردن لەکوێ دەتان ناشت؟**

- هەر لەنزیک خۆمان.. قەورسانێک لەولاوە، هەبوو بە بەتانییەوە، هەبوو بەکەل پەلەکەی بەریەوە، هەبوو خامی دەس ئەکەوت، ئەو عەجاجە بەپارە خامی ئەهاورد ئەیفرۆشت، ئەگەر خامەکەمان دەست بکەوتایە باشتر بوو، خۆشۆردنەوە نەبوو ئەمان ناوە تۆی خامەکە وتۆزێ چاڵمن دەکردو پاچ و خاکەنازیان ئەدا پێمان بە (٤) کەس هەڵمان ئەکەن و دامن ئەپۆشی، ئەو سەگانە دەریان ئەهێنا ئەیان خوارد، ئینجا لەدوای ئەوەی باریان کردین هاوردمانیانەوە بۆ تۆپ زاوا، فەقەت ئێمە رۆیشتین چۆلەوانی بوو، ئیستا چوار دیواری سیاج کرابوو ئەوەنەی ئەم مەدینە شۆرشەی پشت جادە ئەبوو، لەوێ شەو ماینەوە.. شەو چوینەوە بۆلای وتی ئیستا خواردنتان بۆ ئەهێنم، بە خوا دەنکی بۆ نەهاوردین، لەو ساحەیە بەرەڵایان کردین، بەیانی سەعات (٧) باریان کردین بۆسلێمانی، سەعات (١١) برمانیانە سلێمانی کە بردمانیاننە سلێمانی، ئەهلی سلێمانی فریامان کەوت سەمون و نان و بسکیتیان بۆهینایین، لەمەلعەبەکەی سلیمانی وتیان ئەوەی کەلارە بچێتە ئەوێوە، ئەوەی چەمچەماله بچێتە ئەوێوە، ئەوەی بازیانە بچێتە ئەوێوە..، ئیمە مەنتیقەی چەمچەمال پر ٧سەیارەبیمان، کە هاتین لەیرە من گەورەکەم مابوو، "وتی باوە، بەخوا من نەمناسی.. وتی من حەمە ساڵەحم.. بوخوا



نەمناسی "! (لەم کاتەدا چاوەکانی پڕبوون لەگریان وبە قورسی قسەکانی درکاند)

**+لەسلێمانی کەستان نەبرایە ئەمنە سوورەکە بۆ لێدان؟**

ـ نا..نە، پێش ئەوە لەکچان بوین درام لەکارەبا لەسەنگاو، زەلامێک ئیخباری کرد وتی: ئەمە پێشمەرگەی داخلییە، "خەمیس" لەوێ بوو دامی لە کارەبا مەجۆل کەریم شەمسە بەری دام، هەرچی گیانم هەبوو بەکارەبا سوتانیان، ١٨ڕۆژ نەمدەتوانی هەڵسمە سەرپا.

**+ ئێوە لەناو خۆتاندا کەس هەبوو جاسوسی بکات بەسەر تانەوە؟**

–ئێمە لەناو خۆماندا دوو زەلام مابونەوە ببون بەجاش، ئەوە ئیخباری ئەکردین، یەکێکیان ئامۆزای خۆم بوو داوای چۆیلەی کچمی کرد نەم داپێ، چوو ئیخباریمی کرد وتی ئەوە پێشمەرگەی داخلییە، منیان گرت بردمیان، عەجاج هەرکوشتمی هەردوو پەنجە کەڵەمی ئاوا بەستبۆیەوە دوو کارەبای لێ ئەدا، ئەکەوتم وەختی وە هۆش خۆم ئەهاتمەوە لە گشت گیانم خوێن ئەهاتە خوارەوە، بەس لەسەرمیان نەدابوو، هەرچی گیانم هەیە کوتا بویان، لەدوای (١٠) ڕۆژ باڵیان دەگرتم هەڵیان ئەسانم، ئیسە ئەو شەلینەم هی ئەم کارەبایە، کە بەڕاڵایانکردین، هیچم نەبوو، کچێکی ئەو ژنەم هێناوە ئەویش پیاوەکەی ئەنفالە بەخوا ئەوان بەخێوم دەکەن منالیشم نییە، ئیستە بەس خۆم ماومەتەوە هەردوو کورەکەم ژنیان هێناوە و لەمن جیابونەتەوە.

**+ کەئێوە دەستگیر کران قەت نەتان پرسیوە لەسەر چی دەسگیریان کردوون لەو سەرباز و پۆلیسانە؟**

– پۆلیسی واهەبوو دەهاتە ناومان دەیوت "خوا ئەوە بگرێ وائێوەی والێکردووە، سەب ئەوەیە پاڵتان نەداوەتە سەدامەوە بۆیە وای لێکردوون".

**+ ئەی ژن وماڵومناڵەکان بۆ؟**

ـ مامۆستا ئێمە ئەوان نەهاتنایە قسەبکەن ئیمە نەمان ئەوێرا قسەیان لەگەڵ بکەین، کە ئەیوت "چەپ زمال، أمشی "، نەمان ئەوێرا بچینە دەوریانا، کولی ئێوارەیەک عەسرە کە ئەمانیان کردە ژویرەوە، (١٥)کەس (٢٠) کەس بەری ئەگرت ئەیوت یەڵا گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی، ئیمە لەکوێ ئەزانین گورانی بیڵین. تواناما ماوە هەڵپەرین؟ بەقورئانی عەزیم ئەی پلکانین بەو



قور و خۆڵ و پیسابییەوە کە پاشماوەی خۆمان بوو، ئاودەسەکانیان زێرابی نەبوو دوو ڕۆژ جارێک بەخۆمانیان پاکدەکردەوە، عقوبەی ئەوەمانی ئەدا کە ئەمان وت گۆرانی نازانین و هەڵپەرکێ نازانین.

**+بەئەنقەست کەسیان لێتان نەدەکوشت؟**

ـ بەئەنقەستە نا، بەس لەبرسا کوشتمانیان !!!

**+ئەی ئەو پۆلیسانەی لەوێ بوون نەتان دەبیست یان نەتان دەبینی دەست درێژی بکەنە سەر ئەو ژن وکچانە.؟**

– نەمان دەبینی، ئافرەتەکان و گەنجی تیا نەبوو، هەرچی گەنج بوو نەیان هاوردبوو لەگەڵا ئیمە، گەنجە کانیان لەتۆپ زاوا جیا کردەوە.

**+نەتان زانی بۆکوێیان بردن.؟**

– دوای ئیمە وەجبەیەک هات خەلکی ”کڕبچنە“ی تیا بوو، حاجی ساڵح وتی کاک حەمە خورشید، من یەکێک لەو کچانەی تۆم دی لەگەڵ ئەوتاقمە کچانەی ئیمەدا بووە هاتینەتە سەماوە ئەوانیان واوە بردووە ئێمەیان بۆئێرە هاوردە، لەسەماوە کچکەت وژنەکەم ناسییە بەرەو خوار بردییانە.

**+ئێوە کەلەوێ زیندان بوون بۆماوەی زیاتر لە٥مانگ، هیچ هەواڵێکی کوردستانتان پێ نەدەگەیشت؟**

– هیچمان نەئەزانی ئەبەد، یەک سەیارەیەکمان دی سەیارەی ئەهلی بوو دایە بەر قاپییەکەدا، یەکسەر تێیان خوڕی و گەراندیانە دواوە ئەویش بۆ دەنگوباس هاتبوو، ئیتریەک کەسێک نەهاتەت ناومان بلێ ئایا چۆنن؟ چۆن نین؟ئەو (٦٠٠)کەسەیش کەپێش وەجبەکەی ئێمە هاتن شورتەکان ئەیان وت“ئەیان بەن ئەیانکەنە ناو بەحرەوە ئەیان وت ئاوهایان لێ ئەکەن ”.

**+کە لەسلیمانی هاتنەوە یەکسەر بۆ چەمچەماڵ هاتنەوە.؟**

– ماڵی براکانم لەچەمچەماڵ بوو، لەماڵی ئەوان بووم تا تەقریبی (٤) مانگ، دوای (٤) مانگ ژنم بۆ کورە گەورەکەم هاورد، من و ئەو کورەی ترم ماینەوە، توانای ئیشکردنم نەمابوو، مەگەر کەسوکاریان دۆست و برادەر پارەیان بۆ ئەهاوردم، تا وردە وردە ژنم بۆ خۆیشم هاورد بۆ ئەو کورەکەمیش زەکاتیشم وەرنەئەگرت خۆم توانای ئیشم نییە ئیستە لەماڵی



غەزورمام ئەم کورانەیان بە خاوەنم ئەکەن.

**+ئەوکاتەی کەهاتنەوە هیچ رێکخراو و حیزبێک یارمەتی نەدان؟**

– ئەبەد! نەوەڵا هاوکارمیان نەکرد!

**+هیچ هەڵوێستیان نەبووە بەرامبەرتان؟**

– من خۆم ئەنجومەنی دێکە بووم، مامۆستا کاوە هەبوو، کادرمان بوو، لێپرسراوی دێکە بووم لەگەڵ ئەوانا بووم بەخوا یەکێکیان نەهاتن بڵێن کاحەمە خورشید تۆ چیت پێویستە ئێمە یارمەتی تۆ بدەین؟، خۆ حکومەتی تیانەمابوو.. پرسیاریان لیَ نەکردووین.

**+ئیستا ئەو کەسانەی کە لادێ خزمەتیانتان کردووە و ماون و لە دەسەلآتدان قەت ناچن بۆلایان بڵێن ئێمە خزمەتی ئێوە مانکردووە ئیوەش خزمەتمان بکەن.؟**

– بچم بۆلای کێ؟! من سەرۆکی حکومەتەکەمان (ع.ف) نییە؟

**+ بەڵێ**

بەقورعان خێزانەکەی لەگەڵ مندا دایکمان خوشکە، هێشتا نەهاتووە بەلای مندا بڵێ چی پێویستە چی پێویست نییە بۆتی بکەم، ئیتر بچم بۆلای کێ؟

**+ لەدوای ئەوەی ژن و ماڵت پێکەوەنا پێت وایە حکومەتی هەرێم دەتوانێ کارتان بۆبکات و خۆی نایکات.؟**

ـ منالەکانم ئەنفال بووە بەس دایکەکەیانیان نووسییە (واتە لە١٠کەسی ئەنفالکراو تەنهایەک کەس موچەی ئەنفالانەی بۆکراوە)، هەندێ عەرزیان بۆمان نووسییە ئیستەیش نازانین لەکوێیە وتیانە ئەتان دەینێ، ئەلەو وەختە رەهن رەهنەکە بوو (کاتی دەنگدانەکە)، لەکاتی دەنگدانەکە وتیان عەرزتان ئەدەیتێ..عەرزتان ئەدەینێ، دوو سێ رۆژ پارچە وەرەقەیەکیان داپێمان وتیان ئەوە تاپۆی عەرزەکانە ئێ کوا هیچمان نەدییە و وەرمان نەگرتووە !!!

**+پێتوایە وەریدەگرن یان هەر بەدەمە؟**

ـ وەڵا من بەتامەم بۆم بکەن بەخانوو ئینجا نازانم راستە یان درۆیە.

**+ ئێوە لە عایلەکەی خۆتاندا ١٠کەستان ئەنفالە چەند موچەیان بۆتان بڕیوەتەوە؟**



ـ بەس دایکم موچەی بۆکراوە

**+هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ حکومەت کەمتەرخەمە یان خۆیان ئەیخۆن؟**

وەڵا نازانم ، مەبەستیان چییە؟ بۆیارمەتی ئەو خەڵکە نادەن؟، سوئال لەمام رۆستەم بکە، لە مستەفا چاوڕەش..من دوو دیوەخانم هەبوو یەکێکی هەر هی پێشمەرگە بوو، فەرموویەکێکیان نایەن بڵێن حەمە خورشی کوێخا ساڵح تۆ ئەوجا لەگەڵ ئیمەدا بوی؟ شەوی واهەبوو ٣مەکینەیان پێ پەیا ئەکردم، یەکێکیان سەریان لێم نەداوە!

**+ یەعنی ئەوان گۆڕاون گەیشتون بەنانی خۆیان؟**

ـ ئەرە وەڵا.. ئەوان هاتنەوە یەکی دارێکیان بەدەستەوە بوو ئیستا گشتی بۆتە خاوەن قەسرو قسور، ئایا ئەمە هی کێیە هی ئەم میللەتەنیە؟ ئەم میللەتە قوڕ بەسەرە بەنان ئەوانەیان بەخێوکرد بەنانە رەق ، ئەو عومەرفەتاحە لە قۆپی قەراخ بوو جوابی ئەنارد بیکا لەرێی خوا بەیانی میوانم تێ فریامکەوێ قەلێکم بۆ بێری، شەو قەلەکەم بۆی ئەبرد، ئەو عوسمان حاجی مەحمووە زامداربوو بەدوو گوللەوە، بۆیە وادەڵێم بەشکم گوێی لێ بێت پێی بڵێی، کردومەتە کۆڵ و بردمەتە باڵە خانەکە، قەلێکم بۆ سەربڕییە وتمە ئەم جەرگ قەلە بخۆی نامری جەرگ قەلەکەی خوارد، جاوی قوتی دا، وتم هەر زاماریێ گۆشت بخوات نامرێ، گۆشەکەی قودا وتم ئیتر نامری وتی تۆبڵێی نەمرم؟ وتم بەقورئان نامری بەیانیش بارم کردە لە مەکینە بڕومە هەتا قەراخ لەگەڵیا چووم، چومەتە لای ئەڵێ وەڵا ناوناسم.

**+ لەدوای ئەو هەمووشتەی کەبۆت کرد؟**

ـ ئەرێ بەخوا لەدوای ئەم وەزعەی کەئیستا بۆتۆی ئەگێڕمەوە.!!

**+ ئێستا پەشیمان نیت لەوشتانەی کەکردووتن؟**

ـ بەرەوەڵا ئەوەنە پەشیمانم، خۆزگە لەوێدا خۆمیشیان بکوشتایە، ئەم وەزعانەم نەدییایە بەم نەوعە.

**+باسی موستەشارت کرد، ناوی چەند کەسێکت هێنا ئەوانە ئیستا ماون؟**

ـ ئەوە شێخ ت. ک.، ها لە سلێمانی نزیک مزگەوتی شێخ فەرید، خانووەکەی ١١لۆری بەرە ژێریەوە، ٢٠قەمەرە ئەگرێ هەر ژێرخان خانووەکەی، ئەوەی ئیمەی گر(ب. ح. م. ت.) ئیستە یەکەم کاربەدەستە لە کەلارا.



# ” ئێران وڵاتی تریاککێشەکان“

## راپۆرتێک دەربارەی ژیان لە وڵاتی ئێران

(دوو هەفتە بەر لەتیرۆر کردنی لەئێران ئەنجامدراوە)

لە پاش شەهیدبوونی لە گۆڤاری لڤیندا بڵاوکراوەتەوە.

## ”ئاخوندێکی شیعە چۆنی بوێت دەتوانێت یاسا بەسەر هەموو کوردێکدا بسەپێنێت“

کوردەکانی ئێران لەژیانێکی پڕسانسۆری ئازادی سیاسیو ئابوریو تەنانەت یاساییدا دەژین، جگە لەوەی مافەکانیان پێشێل دەکرێت، باوەڕیان بەپارتە کوردییەکانیشیان نەماوە..

### حوکمێکی دینیو خەڵکێکی نادینی

(موشتەبا)، شۆفێرێکی فارسی باڵابەرزوئەسمەرە، تاکسییەکی حکومی پێیەو زیاتر لەپانزە ساڵە ئەوکارە دەکات، پێیوایە دینداری دەبێت لەدەستی ئاخوندەکان دەربهێندرێتو دەوڵەت، دین بۆمەرامو کارە سیاسییەکان بەکارنەهێنێ، ئەو شۆفێری لە (کرمانشان) دەکاتو دەڵێت:“ئێمەش ماندووبوین لەمشێوە بەڕێوەبردنە، شۆفێرە شیعەکە کەمی خەرجی ژیانی خۆی گێڕایەوەو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کرد بەسێ چینەوە“چینێک رۆژانەیان دەتوانی بڵێی لەکاتژمێرێکدا بەملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوێت، کەکاربەدەستانو بازرگاکانی ئەم وڵاتەن“، چینی ناوەند وا وێنا دەکات، خاوەن کارگەوفاکتۆرە بچوکەکانو لەرێگای ئەوکارەیانەوە بژێوییەکی باش پەیدا دەکەن، ”سێهەمیان ئێمەین، بژێوی ژیانمان ئەوەندەیە کەپەیدای دەکەینو دەیخۆین، ئەگەر رۆژێک کارنەکەین ناتوانین بەئاسودەیی بژین“.

”دەوڵەتی ئێران دینی لەبەرچاوی جیهانیش ناشرین کردووە، نەک هەرئێمە“، ئەمە وتەی شۆفێرێکی کوردی شاری سنە بوو کەنەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، ئەو کۆماری ئیسلامییەی لەروکەشدا خۆی بەنوێنەری ئیسلام دەزانێت، هاوڵاتییەکانی لێی بەگومانن، تەنانەت کەم



کەس دەبینی دینداریەکی سادەش بکات، شۆفێرە کوردەکە ئاماژەی بۆئەوەکرد"دەسەڵاتدارەکانی ئێران بازرگانی بەخەڵکی ئێرانەوە دەکەن"، پێی وابوو "بەرپرسەکان بازرگانی گەورەن‌و دینداری بچوکیش نین".

ئێمە کەلەمەرزی پەروێزخان چوین بەودیودا، هەرلەو بازگەیەی خاکی ئێران‌و عێراق جیادەکاتەوە، بەلای ئێراندا نوسراوە"مەرگ بۆئەمریکا، مەرگ بۆئەمریکا"، کەچی بەشێکی ئێرانییەکان پێیان وایە"دەبێت ئێران ئازاد بکرێت"و ئەمریکا بەفریادڕەسێکی هەنوکەیی دەزانن بۆئەو ئازادکردنە.

## ئاخوندێکی شیعە دەتوانێت یاساکان بگۆڕێت

(فەرزەند) لەنزیک گەراجێکی شاری سنە دوکانی لەفەفرۆشنی هەیە، وەک زۆربەی شوێنەکانی دیکە، "ناسری رەزازی"گۆرانی دەچڕی، (فەرزەند) سەرەتا بەدودڵیەوە هاتە ئاخاوتن، دواتر لەقسەکانیدا وتی"کورد لێرە هیچ نییە، شیعەکان غەدر لەکورد دەکەن"، کەئەم قسانەی دەکرد، چەند هاوەڵێکی ئاخاوتنەکەیان پێ بڕی‌و ئاگایی ئەوەیاندا کە"بزانە چی دەڵێیت‌و واز لەم قسانە بهێنە"، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کەدەترسان پیاوێکی دەوڵەتی گوێی تێوەبێت‌و ژیانیان بخاتە مەترسییەوە، فەرزەند لەگەڵ کوڕەی خۆیدا دوکانەکە بەڕێوە دەبەن، دەیوت"گەندەڵی‌و دزییەکی زۆر هەیە، کەس نییە لێیان بپرسێتەوە، بەئاشکرا مافی میللەت پێشێل دەکەن"، ئەوەی زیاتر ئەوی قەڵس کردووە، ئاخوندە شیعەکانە"ئاخوندێکی شیعە دەتوانێت چۆنی بوێت یاساکان بگۆڕێت، لێرە دەسەڵاتی تەواویان هەیە، شیعەیەک ئەگەر تاوانباریش بێت، دەتوانێت کوردێک زیندانی بکات کەغەدریشی لێکرابێت".

## چەقۆکێشەکان پاسدارەکان شپرزە دەکەن

دیاردەی چەقۆکێشی‌و مافیای بچوک، لەشارە کوردییەکاندا، بەبەردەوامی بونیان هەیە، ئەوان هەندێکجار دەسەڵاتی ئێرانی شپرزە دەکەن‌و ئەو بەرپرسانەی حوکمی ئەوشارانە دەکەن لێیان دەترسن، لەدە ساڵی رابردوودا، حکومەتی ئێران کەمی لێ لەسێدارە نەداون، وەکو"پەرویزو ئاغا لەکرماشان‌و شەعبان لەشاری سنە کەئیعدام کران، یاخود بەخەڵاڵ کەpkkبوو شەهید کرا"،



ئێستاش کۆمەڵێک ناوی دیکە ئەو گۆڕەپانەیان داگیرکردووە وەکو"ئەحە چەتە لەمەریوان کەئێستا سجنەو...." ئەم چەقۆکێشان زۆربەیان کاری قاچاخچێتی دەکەن،یەکێک لەو چەقۆکێشانە کەخەڵکی مەریوانە نەیویست ناوی ببەین بە"لڤین"ی وت"ئێمە قاچاخچێتی بۆ بژێوی ژیانمان دەکەین، جاری واهەیە مەشروب دەهێنین یان شتومەکی دیکە"، ئەم چەقۆکێشانە زۆرجار شتومەکی نایاسایی‌و ڕێپێنەدراو بۆبەرپرسە ئێرانییەکانی ناوچەکەش دەهێنن"بەتایبەت کەرەستەی شەڕ وەکو دەمانچەو داری کارەبایی‌و درعو چەک"، بەڵام کاتێک لەگەڵ دەسەڵاتیشدا ناخۆشی دەکەوێتە نێوانیانەوە ئەوە دەستی خۆیان دەوەشێنن‌و ڕادەکەن"بەراستی بەرپرسەکان لێیان دەترسن، چونکە سڵ لەهیچ ناکەنەوە، بەئاسانی دەتوانن بیانکوژن، هەرکاتێکیش شتێکیان لەدەست بقەومێ دەچنە ناو حیزبە کوردییەکانەوەیان خۆیان دەشارنەوە".

## "تورکیاوسوریاوئێرانوئێراق هێندەی یەکێتی و پارتی و کۆمەڵەو دیموکرات کوردیان نەکوشتووە"

وەک چۆن خەڵکی باشور گازندە لەیەکێتی و پارتی دەکەن، بەهەمانشێوەو بگرە زیاتریش ڕۆژهەڵاتییەکان لە"کۆمەڵەو دیموکرات" توڕەن، هەندێکیان بەخوێنرێژیش ناویان دەبەن، مام عەلی پیاوێکی بەتەمەنی کەمێک توڕەیە، بڕوای خۆی وانیشان دەدات"تەنها کوردێکی دڵسۆز هەبووبێت شەهید قاسملۆ بوو، ئەمانەی دیکە شەڕی دەسەڵاتیانە"، پیاوە توڕەکە، لەزەمەنێکدا باوەڕێکی تەواوی بەشۆڕشی حیزبەکانیان هەبووەو بەرگری لێکردوون، کەچی ئێستا دەڵێت"کۆمەڵەو دیمۆکرات هیچ نفوزێکیان نییە"، ئەو زیاتر قسە دەکاتو حیزبە کوردستانییەکان بەیەکترکوشتن‌و دوژمنی یەکتری ناو دەبات"تورکیاو سوریاو ئێرانو عێراق، هێندەی یەکێتی‌وپارتی‌و دیموکراتو کۆمەڵە کوردیان نەکوشتووە"، کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەتایبەت لاوەکانیان زیاتر هەڵوێستی مەسعود بارزانی لەتاڵەبانی بەنەتەوەیی تر دەزانن، نوری ئەسعەدی کوڕێکی گەنجی مەریوانییە پێی وایە "مام جەلال عێراقچێتی دەکاتو حەقی بەسەر هیچەوە نییە، بەڵام کاک مەسعود زۆرجار بەتوندی وەڵامی دوژمنانی کورد دەداتەوەو نەتەوەیی ترە"، مام عەلی باسی ئەکرەمی کوڕی قازی



محەمەدی پێشەوای کۆماری مەهابادی کرد"نیوەی مەهاباد هی ئەوانە، سەد مەتری نەداوە بەفەقیرێک بەهەزاران مەتری داوە بەدەوڵەت"، ئەو دڵتەنگە لەوەی خەڵکی ئێران"پوڵیان بەلاوە زۆر گرنگەو هەموو شتێکە لایان"، بۆیە دەڵێت"هەرکەسێک هیوایەتی پووڵ بوو، ئەوە کەسێکی بێ فەرهەنگە"، کوڕە لەفەفرۆشەکەی شاری سنەیش پێی وایە"ئێستا بەس پژاک دەوری هەیە، زۆرجار چالاکی ئەنجام دەدەن، پاسدارەکان زۆر لێیان دەترسن، چونکە بونیان لەگەشەکردندایە"، لەبەرامبەر ئەمەدا لەشارێکی وەکو مەریواندا چەندین بارەگای جوندلئیسلام بەئاشکرا بونیان هەیە، جگە لەوەی لەچیاکاندا بارەگایان هەیە.

### "ئەوەی تلیاك نەكێشێت ژنی نادرێتێ"

هەردوو پێیو هەردوو دەستی بەزنجیر بەسترابۆیەوەو دووپاسداریش قۆڵیان گرتبوو، لەدادگای شارۆچکەی کامیارانی نێوان کرمانشانو سنە هێنایانە دەرەوە، ئەمە وێنەی کوڕە کوردێک بوو کەشەرواڵێکی زەیتونیو کراسێکی رەشی لەبەردابوو، ئەم کوڕە لەلایەن پۆلیسی ئێرانییەوە بە"چل کیلۆ تلیاکەوە لەگەڵ هاوەڵێکیدا دەستگیر دەکرێن، هاوەڵەکەی بەپارە ئازاد دەکرێت"، ئەو کوڕە کەبەو رێژە زۆرەی تریاکەوە گیراوە تەنها"بە٢ ساڵ زیندانیو چوار ملیۆن تمەن سزا دراوە".

لەوڵای ئێراندا شتێک کەلەجگەرە کێشان ئاسانترو باشتر دادەنرێت، کێشانی مادەبێهۆشکەرەکانە، ئێستا لەشارە کوردییەکانداو کرمانشان لەهەمووی زۆرتر، ئەم دیاردەیە لەپەرەسەندندایە، کەم گەنجی کرمانشانی هەیە تلیاک نەکێشێت، یاخود لەماڵەوە بەخێزانی بەکاری نەهێنن، گەنجێکی عێراقی پێی وتم"شەوێک لەماڵی برادەرێکم لەکرمانشان مامەوە، دوای نانخواردن بەنیوسەعات، سفرەیەکی دیکەیان هێنا، دایانخست"، ئەویش زۆری بەلاوە سەیر دەبێت:"پرسیم:ئێستا نانمان نەخوارد؟ ئەمە چییە، پاش کەمێک مەقەڵییەکیان هێناو وتیان وەرە تلیاک بکێشە"، کوڕە عێراقییەکەش وەک وتی هەرئەوکات ماڵی هاورێکەی بەجێدەهێڵێت، حەسەن خوێندکارێکی دانشگایەو تەمەنی تەنها ٢٤ساڵە، لەکاتی قسەکردندا بەزۆری دەستی



بۆچاویلکەکەی دەبردو دەیجوڵاندا، هێمای بۆئەوەکرد زۆرلە خوێندکارەکان مادەبێهۆشکەرەکان بەکاردەهێنن،یان وتی"لەهەندێک شوێنی کرمانشاندا وای لێهاتووە ئەگەر تلیاک نەکێشی ژنت نادرێتێ"، لای کوڕە خوێندکارە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە بەوشێوەفراوانە مایەی دڵتەنگییەو وای بۆدەچێت"دەوڵەت دەستێکی گەرەی هەیە لەم کارەداو جێگای داخە".

**کرێکارێك: ئەو تەلارە بەرزانەی تاران**
**بەخوێنی پەنجەی ئێمە دروست دەکرێت**

(١١) کرێکار لەتەلارێکی (٩) نهۆمیدا لەگەرەکی ئەفریقای باشوری تاراندا کاریان دەکرد، هەموویان کوردبوون، زۆربەیان خەڵکی سەقز بوون، گەرەکی ئەفریقا پێشتر ناوی جۆردەن بووە، خۆشترینو نایابترین خیابانی تارانە، ماڵی گەورە سەرمایەدارەکانو بەرپرسە باڵاکانی ئێرانی لێیەوبینابەرزو ئۆتۆمبێلە دوامۆدیلو باخچە نەخشینەکانی لەگەڵ روخساری دانیشتووەکانیدا ئەوەیان بەتەواویڕوندەکردەوە، ئەو کرێکارانە رۆژانە بە٨هەزار تمەن واتە نزیکەی (١١) هەزار دیناری عێراقی زیاتر لە (٨) کاتژمێر کار دەکەن، باسیان لەوەکرد خاوەن بیناکە رێگەیان نادات لەنهۆمەکانی سەرەوە بخەون"بەم گەرمایە لەنهۆمی ژێرەوەدا دەخەوین، زۆرجار کارەبامان دەبڕێت، ئاوی خواردنەوەمان نییە، خواردنیش لەحسابی خۆمان دەکڕین"، هادی لەهەموو کرێکارەکان بەتەمەنتر بوو ووتی"لەسەقزەوە هاتوم بۆئێرە کار دەکەم، ماڵومنداڵم بەجێهێشتووە، بۆئەوەی بتوانین بژێوی ژیانیان بۆدابین بکەم"، ئەو باوەڕی وانەبوو ئەم ئیشە بەخێویان بکات چونکە"هیلاکەتێکی زۆری تیایەو پوڵەکەش کەمە، بەشی هیچ ناکات"،لەدرێژەی قسەکانیدا هادی وتی"ئەو تەلارە بەرزانەی تاران بەتایبەت ئەم گەڕەکە، کەبەس دەوڵەمەندەکانو بەپرسەکانی تیایە هەمووی بەخوێنی پەنجەی ئێمە دروست دەکرێت" کرێکارە بەخەمێکەوە وتی" نایانەوێت خۆش بژین ئەگەر پێیان بکرێت پوڵمان هەرپێنادەن، ئەوەندەمان دەدەنێ کەنەتوانین پاشەکەوتی لێ بکەین، نەوەک واز لەکرێکاری بهێنین".

**گۆڤاری لڤین/ ئێران**



# بەشی سێهەم

## سۆرانی مامە حەمە و هاوڕێیەتی

سۆران مامەحەمەش وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی و بەپێی ئەو شوێنانەی ژیانی تێدا گوزەراندووە چەندین دۆست و برادەری هەبووە و سەرجەم هاوڕێیانی خۆشویستووە و لەگەڵیان کاتی بەسەر بردووە زۆر وورد بووە لە هەڵبژاردنی هاوڕێ، وەک خۆی دەڵێت:" زۆر بەترس و وردبینییەوە هاوڕێ هەڵدەبژێرم کە چەند کەسێک لە زەمەنێکدا پێم دەوتن هاوڕێ خیانەتی گەورەیان لێ کردووم، ئەوە زۆر کاریگەری نێگەتیڤی لەسەرم دانا، وای لێکردم زیاتر بەترسەوە لەگەڵ دەوروبەرەکەم مامەڵە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هاوڕێی زۆر بەڕێز و خۆشەویستم هەن کەبەهیچ شتێکیان ناگۆڕمەوە، زۆر پەیوەندیمان پتەوە، زۆرڕێز لەیەکتری دەگرین، ڕێزگرتن لە هاوڕێیەتی پەیوەستە بە کەسەکان و پلەو پایە و شەخسیات و جیاوازی ڕەگەزیانەوە، من چەندە ڕێزم لێ بگیرێت دوو ئەوەندە، بگرە زیاتریش ڕێزی لێ دەگرم".

هەروەها سۆران زۆر هاوڕێی کتێب بووە و عاشقی خوێندنەوە بووە و هاوڕێی بەردەوامی بووە، بۆیان گێڕامەوە کە سۆران ئەو سیفەتەی هەبووە کە "یەکێ بووە لەوانەی کتێبی لە هەرکەسێک وەربگرتایە بۆی نەدەگەڕاندەوە تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە نووری چاوی بووایە".



هەندێک لە هاوڕێکانی بەر لە تیرۆرکردنی پێشبینی هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی سۆران کردبوو، بەوەی سۆران لەژێر زەڕەبینی قەناسەکاندایە و هاوڕێکانی ئاگاداریان کردووەتەوە کەزیاتر ئاگاداری خۆی بێت.

هاوڕێیەکی (٨) مانگ و (٢١) ڕۆژ پێش تیرۆرکردنی لەوتارێکدا دەڵێت:"ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە سۆرانی مامە حەمەیە، چونکە هەمیشە دووربینی قەناسەکە لەسەر سەریەتی".

شەهید سۆران چەند تێکستێکی بۆ هاوڕێیانی نووسیوە لەوانە، تێکستێکی بەناوی "کۆمەڵێک شەهید لێرەوە تێپەڕین" بۆ (بەختیار جیهاد)و شەهیدانی تەقینەوەکەی (٢٠٠٧/٧/١٦) نووسیوە، هاوکات شیعرێکی بۆ (ئارام غەمبار) نووسیوە.

**تێبینی:**
**ئەم دوو دەقە، لە بەشی شیعرداو لەم کتێبەدا بڵاوبووتەوە ..**



# نمونەی ئەو تێکست و وتارانەی بۆ رووحی شەهید سۆران نووسراون

ئەو تێکستانەی بۆ شەهید سۆران نووسراون، بێشومارن و کۆکردنەوەیان لە جێگایەکی وەهادا ئەستەمە، لێرەدا چەند نمونەیەکمان خستۆتە ڕوو.



# چەند وێستگەیەك لە سەفەرێکی غەمگیندا *

شێرکۆ بێکەس

لەسەفەرێکی شیعردا
لەقەراغ دڵی ((چەمچەماڵ))
دوو لق هێرۆی سەرلق سپی
بەرزم بینی و ناسیمنەوە و
بەڕاکردن چووم بۆلایان
وتم: تۆ سەردەشت عوسمان نیت
ڕێگەم ئەدەن بۆیادگاری ئەو دڵەی
داتان بەڕۆژنامەی باران
ڕێگەم ئەدەن
پێکەوە وێنەیەك بگرین؟!
((با))یەك هات و
پێکیشەوە سەریان لەقان
((سۆران))وتی:
ئەی کێ وێنەکەمان بگرێ؟.!
شیعرێکم پێش خۆم هاتە جواب :
خەمت نەبێ
لەدوو لاوە ئەمانگرن
((عەبدولخالق)) لەسەر قەڵای هەولێرەوە و
لەسەر قەڵای مەقاماتی عەشقیشەوە ((عەلی مەردان))

* ئەم تێکستە لە دیوانی هەست و نەستدا، بۆ (سەردەشت عوسمان) نووسراوە، بەڵام ئەم وێستگەیە زیاتر تایبەت بوو بە شەهید سۆران ..



## بەشێك لە قەسیدەی (ئێستا کچێك نیشتیمانمە)

**شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس لە چامەی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) دەربارەی شەهید سۆران دەڵێت:**

**ئێوە نازانن ئەم نیشتیمانە**
**بە ناوی پیرۆزی خاك و خۆڵەوە.**
**بە شایەتی باڵندەکان**
**بە شایەتی ئەو هەموو دارستانانە ..**
**ئەو هەموو مار و مێرو بۆق و مارمێلکە و سیسرکەوە،**
**بە شایەتی ئەو هەموو سمۆرانە**
**ئەو هەموو قەتێ و مامز و کەروێشکانەوە.**
**بە بێدەنگی،**
**بە دزی ئازادییەوە**
**بە دزی ڕەنگی سپییەوە.**
**بە دزی درەختەکانەوە.**
**بە دزی چاوی بارانەوە.**
**ئێوە نازانن بە دزی خۆرەتاوەوە**
**چەند شیعریان کوشتوە.**
**چەند چیرۆکیان سەربڕیوە.**



چەند شانۆنامەیان فڕاندووە.
چەند خەویان زیندە بە چاڵ کردووە.
ئاخر ناوەکان زۆرن و بە من ڕیز ناکرێن
ئاخر من و (سۆرانی مامە حەمە)
وەکو درەخت و ئاو
مەل و هەوا
دوو دۆستی گیانی بە گیانی بووین
ئەو هەموو جارێ ئەهات و
لەسەر سنگم مۆمێکی دائەگیرسان و
ئەیوت: ئەمەشیان بۆ یادی قومرییەکی کوژراو
ئەمەشیان بۆ وتارێکی تیرۆرکراو.
ئەم دووانەیەش بۆ کەرکوك و عەلی مەردان
ئا ئەمەیش بۆ قژی (جەبار جەباری).
ئاخر (سۆران) دوا گەنم و جۆی وتاری خۆی
هەر لەسەر سنگی من نووسی.



# تاوان

شێرکۆ بێکەس

ئەو بەتەنها پەیڤێك نەبوو کوژرا!
ئەو بەتەنهایەك قەڵەم و
چرایەك و یەك ئەستێرەو
ستوونی ناو گۆڤارێك و
یەك پەنجەرەی عەشق نەبوو
کوژرا!
ئەو بەتەنهایەك دەنگ نەبوو
لەگەرووی خەمی کەرکوکدا تیرۆرکرا!!
ئەوە بەتەنها هەر جەستەی سۆران نەبوو
کەخڵتانی خوێنی عەدالەت و شیعر و
کەخڵتانی خوێنی ئاشتی و مەقامی
(عەلی مەردان)و
جۆگەی شەفەقی ڕژاوی
شۆریجەی ئەوێ کرا!
ئەوە قەڵەمی هەتاوی بەرباخەڵی
هەمووومان بوو... تیرۆرکرا
ئەوە شمشاڵەکەی من و
گیتارەکەی ئەو و
ئەوکانی ڕۆحی تۆ بوو
ئەوە جەستەی پیرەمێردی سلێمانی و
سەر و ملی حسێن حوزنی و



هەردوو چاو و هەردوو دەستی
یوسفی بوو تیرۆرکرا!
لە ئێستەیشدا
خۆ بەتەنها هەر ئەو ناوی ((سۆران)) نییە!
شاخێك وتی : ناوی تازەم
سۆرانی مامە حەمەیە!
گۆمێك وتی: مێرگێك وتی
چەند دەفتەری منالان و
چەند شەقام و چەند ئاوێنەی عاشقان و
چەندرۆژنامە و چەند گۆڤاری
برینداری
ئێرە وتیان
ناوی تازەی هەرهەموومان
سۆرانی مامە حەمەیە!
وەكو كەركوك ئاوا نابێت
ئەم خوێنەیش قەت ئاوا نابێت!
لەبێشەلانی زەمانداڕۆژ ون ئەبێ
مانگ ون ئەبێت، ساڵ ون ئەبێت
هەموو تەوەرەكان ون ئەبن..
بیرئەچنەوە
بەلام ئەوەی لەناو دلی ئەم خەلكەدا
جێنیشتەیە و جێ چۆڵ ناكا بۆ هیچ
شتێ و
قەت ون نابێ
((مانگ))ی سەری ئەرخەوانی
سۆانی مامە حەمەیە!



# نامەیەك بۆ شەهید سۆران

لەتیف فاتیح فەرەج

هەتا منداڵێك بگری
هەتا دایكێك چاوەڕوانی گەڕانەوەی
كوڕەكەی بێ
هەتا پیرێك دەست بۆ ئاسمان
هەڵبڕێ
هەتا كیژێكرۆژانی دوور
لەعەگیدێ بژمێرێ
هەتا گوڵێك چاوەڕوانی هەناسەی ئاو بێت
تاكو كۆترێك باڵ شكاو بێ
هەتا كەوێك تامەزرۆی نەمانیڕاوبێ
تا سوێسكەیەك
نزای مەرگی تەڵە و داو بێ
هەتا ماڵێك چرای ژیانی یا نەسوتێ
هەتا هەژارێ برسی بێ
تا پیرەژنێكی كوڕ ئەنفال
گیرۆدەی ئازای ژیان بێ
هەتا كچی ئەم وڵاتە لەنێو ترسا ڕۆژكاتەوە
تاستەمكار خوێنی مرۆڤ بخواتەوە
هەتا جیاوازی بمێنێ
تا گەندەڵی داری هیوامان بشكێنێ



هەتا قامچی و زیندان هەبن
هەتا مرۆڤ وەکیەك نەبن
هەتاکو وشەیاساغ بێ
تا سوڵتان ڕقی لەباغ بێ
تا تەلی کەمان بپسێنن
تا سەرانە و باج بسێنن
تا شەڕی یەك کوشتن هەبێ
تا مەرگ و خوێنڕشتن هەبێ
تا جەلاد و خوێنی مژ هەبێ
تا دڕندەی ژین کوژ هەبن
قەڵەمەکانمان دانانێین
لەدوای سۆرانێ
هەزاران
دەبنە پەیامبەری ڕاستی
لەدەسەڵاتی چوارەمدا
لەدوای سۆرانێ
هەزاران
دەبنە لەمپەر لەڕێگەی
زوڵم و ستەمدا.





# سۆران و تێبینییەك دەربارەی ڕۆژنامەگەری کوردی

## بەختیار عەلی

مەسەلەیەکی چینی ناودار هەیە کە زۆربەمان بیستوومانە، دەڵێت (سەفەری هەزار میل بە هەنگاوێک دەستپێدەکات) بە داخەوە ئەم لۆژیکە تەنها لۆژیکی کەسانی دانا نییە، بەڵکو لۆژیکی مرۆڤکوژەکانیشە، لای ئەوانیش کوشتنی هەموو شتەکان لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکەوە دەستپێدەکات، ڕاستە کوشتنی مرۆڤ لە هەموو ئان و ساتێکدا و بە هەر شێوەیەک بێت، تاوانە، بەڵام کوشتنی ڕۆژنامەنووس دیوێکی ڕەمزی هەیە و وایلێدەکات لە مەرگەکانی تر نەچێت، ئەویش ئەوەیە بە پلەی یەکەم پەلامارێکی راستەوخۆیە بۆ سەر مافی بینین و زانینی ڕاستی، جیاوازی نێوان رۆژنامەنووسان و نووسەران هەمیشە زۆر گەورە بووە و هەر بە گەورەیش دەمێنێتەوە، بەڵام یەکێک لە لێکچوونە سەرەکێکانیان ئەوەیە، کە هەردووکیان لەسەر ئەوە کار دەکەن مرۆڤ (چی ببینێت). بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ڕۆژنامەوان ئیشیان ئەوەیە نیگامان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو وەربگێڕن و وا بکەن بتوانین لە ناو جەنجاڵی دیمەناکان و ئاڵۆزی یارییەکاندا، سەیری شوێنێکی دیاریکراو بکەین، سۆران لەسەر جیهانبینیەکی دیاریکراو نەکوژراوە، ئەو رۆژنامەوان بووە، نە خەباتگێڕێکی سیاسی و نە تێکۆشەرێکی ئازادی نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوە کوژرا دەیویست شتێک ببینین، سۆران لەسەر دۆزینەوەی تەفسیرێک بۆ ژیان نەکوژرا، بەڵکو لەسەر ئەوە کوژرا کە دەیویست ببینێت و وامان لێباکات ببینین، کوشتنی سۆران بەشێکە لە پرۆسەی کوشتنی بینین



لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە کۆمەڵگایەکە (ترس لە بینین) و (ترس لەوەی بینراو بین) لە ترسە هەرە گەورەکانێتی، ڕەنگە سۆران بە مانایەک لە ماناکان لە ڕیزی یەکەمین شەهیدانی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بێت، بەو پێیەی سۆران شەهیدی بیروڕای سیاسی و ئایدۆلۆژی نییە. ڕۆژنامەگەری ئێمە شەهیدی سیاسی زۆر داوە، ئەوانەی لەسەر شێوە تێگەیشتنێکی نائایدۆلۆژی کوژراون، بەڵام شەهیدانی پیشەی ڕۆژنامەگەری، شەهیدانێک لەسەر ئەوە بکوژرێن کە (چی ببینین) نەوەک لەسەر ئەوەی چۆن ببینین و چۆن بیر بکەینەوە، ئەوە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری ئێمەدا دەگمەنن.

لە ساڵانی ڕابردوودا، ڕۆژنامەگەری حیزبی و ئەهلی نەیانتوانیوە (سنوری بینراو) لە دنیای ئێمەدا گەورە بکەن، زۆنێکی ترسناک و سور و کوشندە هەن نەیانتوانیوە بە دروستی بچنە ناوی، هەرێمێک تیایدا دەسەڵات و دراو، حوکمڕانی و تاوان تێدا لەیەک نزیک دەبنەوە و دەبنە یەک شت، زۆنێک تێدا ڕوحی گەیشتن بە ڕاستی نەوەک (پیشەسازی دروستکردنی مانشێت) ئیشدەکات، شوێنێکە هەستی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەوان لە نێویدا وەک گەڕۆکێک کاردەکات کە دەیەوێت سنوری نەبینراوەکان ببڕێت، ساتێکە تێیدا ڕۆژنامەوان وەک پەیامنێری هەقیقەت ئیشدەکات، وەک ئەو مەلەوانەی بەڕاستی دەچێتە ئەودیوی نهێنییەکان و ئەو شتانە دەبینێت کە دەبێت بیبینێت، ئەوە ئەو زۆنەیە کە لە وڵاتێکی بێیاسای وەک وڵاتی ئێمەدا بۆ ڕۆژنامەوان شوێنێکی کوشندەیە، کوشتنی سۆران لەبەر ئەوەیە چووە ئەودیوی ئەو زۆنەوە، لێرەدا بە تەنها مەسەلەی (ئازادی بیروڕا) و (ئازادی ڕۆژنامەوانی) لە گۆڕێ نییە، بەڵکو مانا و جەوهەری ڕۆژنامەوانی خۆی لە گۆڕێیە.

کوشتنی سۆران دەبێت هۆکارێک بێت، بۆ ئەوەی لە جەوهەری ڕۆژنامەگەری بپرسینەوە، ئەوەی ڕووحی ڕۆژنامەگەری دروست دەکات (بینینی نهێنی) و (وتنی نهێنی)یە، ئەوەی ناتوانێت لەو هەرێمەدا ئیش بکات، ڕۆژنامەنووس نییە، دەشێت نووسەری ڕۆژنامە بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆژنامەنووس نییە... دیارە مەبەستم لە نهێنیش هەڵکۆڵینی ژیانی



شەخسی مرۆڤاکان نییە، بەڵکو کۆی ئەو پرۆسە نایاساییانەیە، کە بە زیانی کۆمەڵایەتی گەورە تەواو دەبن، ئیشی ڕۆژنامەنووس تەنیا گواستنەوەی هەواڵ و دروستکردنی هەواڵ نییە، بەڵکو ئاگادارکردنەوەشمانە لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە نابن بە هەواڵ، بردنمانە بۆ ئەو جێگایانە و بۆ لای ئەو کەسانەی کە ژیان و ئیشیان ناکەونە هەرێمی هەواڵەوە، ڕۆژنامەگەری ئێمە لە جەوهەردا تا ئێستا بەرهەمهێنانەوەی شتە بینراوەکان بووە. لێرەوە هەر ڕۆژنامەنووسێک بیەوێت نهێنی ببینێت و نهێنی بڵێت، ئاسان دەبینرێت و ئاسان جیادەکرێتەوە و ئاسان دەپێکرێت، بە مانایەکی تر، بکوژانی (سۆران) تەنیا ئەوانە نین کە تەقەیان لێکرد، بەڵکو خودی ڕۆژنامەگەری کوردیشە کە بە دەگمەن ئیشی ڕاستەقینەی خۆی دەکات و بە ڕێکەوت دوای پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەوانی دەکەوێت، ڕۆژنامەگەری کوردیش کە ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە تێیدا تەنیایە، بۆیە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە، داوا بکەین بکوژانی سۆران دادگای بکرێن، بە سزا بگەیەنرێن، ئەوە سادەترین ڕستەیەکە کە مرۆڤ لەم ناو کۆییەدا بیڵێت، مەسەلەکە ئەوە کە ڕۆژنامەگەری کوردی دەبێت بەسەر تەواوی دنیای خۆیدا بچێتەوە، کوشتنی سۆران بەهانەیەکە بۆ ئەوەی دووبارە سەیری ڕۆژنامەوانی بکەین وەک پیشەیەکی ئەخلاقی و مرۆڤانەی زۆر سەخت، نەوەک پیشەی خەڵکانێکی نەخوێندەوار و تەمبەڵ، ڕۆژنامەوانی هونەری دروستکردنی مانشێت و ڕیپۆرتاژ و هەواڵ نییە وەک بە هەڵە بڵاودەکرێتەوە، بەڵکو بەرلەوەی ئەوانە بێت، هونەری بینینی هەقیقەت و سەلماندن و گەیاندنێتی.



# من له دووره‌وه خه‌مم له پاڵ خه‌متانایه

## مه‌ریوان وریا قانع

وه‌ک هه‌ر ئینسانێک رێزی ژیان بگرێت، کوشتنی کاک سۆران ڕایچڵه‌کاندم. تیرۆرکردنی ئه‌م نووسه‌ره گه‌نجه، کارێکه ڕووی له هه‌موو ئه‌وانه‌یه ڕێزی قه‌ڵه‌مه‌که‌ی خۆیان ده‌گرن و ئاماده نین ببنه به‌شێک له‌و ئیمبراتۆرییه‌تی گه‌نده‌ڵیِ و پڕوپاگه‌نده و ناشیرینییانه‌ی ئه‌و وڵاته‌ی له نوکی پێوه تا ته‌وقی سه‌ری داپۆشیوه. ناشیرینترین وڵاتانی دونیا، ئه‌و وڵاتانه‌ن که ڕۆژنامه‌نووس و نووسه‌ره‌کانیان ده‌کوژن، ئه‌و شوێنانه‌ن که ترس له وشه و هه‌قیقه‌ت، له ترس له هه‌موو شتێکی تر گه‌وره‌تره.

هه‌ندێک مردن هه‌ن مردنن له بری که‌سانی تریش، مردنێکن هه‌ڵگری ڕه‌هه‌ندێکی ده‌سته‌جه‌معین، مردنێکن مانا ڕه‌مزێکانیان له مانا جه‌سته‌یی و فیزیکییه‌کانیان گه‌وره تره، مردنی کاک سۆران، مردنێکه له‌و بابه‌ته، کوشتنی قه‌ڵه‌مه‌که‌ی ته‌عبیره له ویستی کوشتنی هه‌موو قه‌ڵه‌مه ڕاستگۆکانی تر. مه‌رگی ئه‌م ڕۆژنامه‌نووسه گه‌نجه، به‌شێکه له مه‌رگی هه‌ر یه‌کێک له ئێمه، ئه‌و ده‌سته خوێناوییانه‌ی ئه‌و ڕۆژنامه‌نووسه ئازایه‌یان کوشت، هه‌مان ئه‌و ده‌ستانه‌ن که ده‌کرێت هه‌ر یه‌کێک له ئێمه له هه‌ر قوژبنێکی ئه‌و وڵاته‌دا بکوژن.

من له دووره‌وه خه‌مم له پاڵ خه‌متانایه و ده‌ستی توڕه‌ییم له ناو ده‌ستی توڕه‌بوونتانایه. پێده‌چێت دونیای ئێمه به‌و قۆناغه گه‌یشتبێت مه‌سافه‌یه‌کی له نێوان نووسین به مره‌که‌ب و نووسین به خوێندا



نەهێشتبێتەوە، پێدەچێت نرخی دۆزینەوەی هەر ڕاستییەک لەو وڵاتەدا ( کە کیشوەرێک ڕاستی ترسناکی تیادا شاراوەتەوە و تەنها درۆ و دەلەسەکانی دەردەکەون) مەرگی یەکێک بێت لە ئێمە، پێدەچێت ئەم ساتەوەختە ساتەوەختێک بێت دۆزینەوە و ئاشکراکردنی هەر ڕاستییەک لە ناویدا، بەناو کوژاندنەوەی ژیانێکدا تێبپەڕێت. ڕاستە ئەم هاوکێشەیە هاوکێشەیەکی بەربەریانەیە، بەڵام ئەگەر مانایەک بۆ ژیانی هەر یەکێک لە ئێمە مابێتەوە، شەڕی بەردەوامە لەگەڵ ئەم بەربەریەتەدا. هیوادارم مەرگی ئەم هاوڕێ ئازیزە هاندەرێک بێت بۆ کاری زیاتر و دۆزینەوەی زیاتر و ڕوناکردنەوەی زیاتر.

براتان مەریوان وریا قانع
- ئەمستردام- چوار شەممە ٢٠٠٨/٧/٢٣





# وتەی چەند هاوڕێیەکی شەهید سۆران

بێ شک ناتوانرێت وتەی سەرجەم هاوڕێکانی شەهید سۆران لێرەدا کۆبکرێتەوە، چونکە دەیان هاوڕێی دڵسۆز و خۆشەویستی هەبوون، گەر لە داهاتوودا ئەو دەرفەتە بڕەخسێت، یاداشتی وتەی زۆرینەی هاوڕێکانی شەهید بکرێت، بە دڵنیاییەوە کتێبێکی ناوازەی لێ دەردەچێت، لێرەدا وتەی هەندێک لە نزیکترین هاوڕێکانی وەرگیراوە.



**ئەحمەد میرە / سەرنووسەری گۆڤاری لڤین:**

سەرەكی ترین خەسڵەتی شەهید سۆران ئەوەیە كە بوێر بووە و هەمیشە بەدوای بابەتی بووندا دەگەڕاو دەیویست كارەكانی پیشەیی بن و دوور بن لەتانە و تەشەر و ناوزڕاندن.

سۆران جیاوازتر لەڕۆژنامەنووسانی ترچاوی لە كارەكانی بوو. ئەو پشتی لەپارەی زۆری دەزگا ڕۆژنامەوەنییە حیزبییەكانی تر كرد و پێشمەرگانە لەگۆڤاری لڤیندا كاری دەكرد، چونكە دەیزانی لە بەرژەوەندی و چاكەی خەڵكە، ئەویش بەشێكی گرنگی ئەو چاوە تیژە بوو.

**ئارام شوانی:**

لەڕۆژنامەی چەمچەماڵ لە ژمارە (٢٦)ی (٢٠٠٨/٨/١٥) باس لەدوایین پیاسەی خۆیی و شەهید سۆران دەكات بەناو چەمچەماڵدا:

سۆران مامە حەمە، ئەو گەنجە خوێن شیرین و ڕۆژنامەنووسە بەجورئەتەی لەشەوی (٢٠٠٨/٧/٢١) لەناو ماڵەكەی خۆیدا لەكەركوك شەهید كرا، بەدرێژایی دەركردنی ڕۆژنامەی چەمچەماڵ و تاساتی شەهید بوونەكەی، هاوڕێیەكی لەخۆبوردەی من بوو، سەرەتای ناسیم داوای گۆشەیەكی كرد لەڕۆژنامەی چەمچەماڵ، منیش یەكسەر قبوڵم كرد (عومەرسەیدە و لەتیف فاتح فەرەج )شایەدی ئەوەن، ناونیشانی یەكەم وتاری كاك لەتیف بۆی دیاری كرد، دواتر لۆگۆی گۆشەكەی عومەر سەیدە بۆی دروستكرد ..

لەشەوی (٢٠٠٨/٧/٢٠) كاتژمێر (١١:٥٦) خولەك سۆران تەلەفۆنی بۆ كردم، ئاگام لێ نەبوو، بەیانی ڕۆژی (٢٠٠٨/٧/٢١) تەلەفۆنم بۆ كرد، وەكو هەمیشە بەزمانێكی پێكەنیناوییەوە وتی:"كاكە حەزمانەكرد ئێمەش زوو بخەوین"، كاتێ دەنگوباسیم پرسی وتی:" من ئەمشەو لە سلێمانی بووم، ئەمڕۆڕاپۆرتێكم لە چەمچەماڵ هەیە، هەندێ زانیاریم بەرێ،ئەگەریش حەزت پێیبوو وەرە لەگەڵمدا، دوای ئەوە چەند تەلەفۆنێكی دیكەی بۆ كردمەوە بۆ چەند پرسیارێك، وتی:" ئەوڕاپۆرتەمان دواخست بۆ رۆژێكی تر، من وا گەیشتمە چەمچەماڵ، تۆ لەناو بازاڕی چەمچەماڵ چاوەڕوانم بكە كەهاتمە لای پەیكەری (شێخ ڕەزا) تەلەفۆنێكت



بۆ دەکەم، پێش کاتژمێر ١٠ سۆران بەخۆیی و سەیارە سەوزەکەیەوە گەیشتە ناو چەمچەماڵ و وتی :"با پیاسەیەک بکەین جارێ زووە، پێکەوە چووینە لای باخەکەی سەرەوە لای عەریزە نووسەکان، چووینە دووکانەکەی (کەریم)، سۆران وتی:" چی ساردت هەیە من گەرمامە"، خۆی ناو موجەمیدەکە گەڕا (تایگەر)ێکی دەرکرد و خواردی، دوای ئەوەی ماوەیەک پێکەوە سووڕاینەوە، سۆران وتی:" من ڕاپۆرتێکم هەیە، بەیانی دێمەوە ئەمڕۆ دەچمەوە کەرکوک، براژنێکم بۆ نانی نیوەڕۆ دەعوەتمانە دەبێ لەگەڵ خۆمدا ببیەم دوای ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزیم و دوعاخوازیم لێ کرد، جامی ئۆتۆمبێلەکەی داگرت و وتی: "مەعلوماتی باشم بۆ کۆبکەرەوە بەیانی بۆ ئەوڕاپۆرتە دێمەوە بۆ چەمچەماڵ"، من هەر لە خەیاڵی گەڕاندنەوەی ئەودا بووم، چوونکە هەر ئیشێکی بکردایە زانیاری وردی دەویست، ئەویش دەستکەوتی تۆزێک ئەستەم بوو، سۆران گەڕایەوە بۆ کەرکوک من داوای وێنەی یاریگاکەی کەرکوکم لێ کرد بۆمی بنێرێت، کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆ مەسجێکی بۆ ناردم نووسیبوی:"ناردم بۆ ئەم ئیمەیڵەت"، چوار ڕۆژ دوای پرسەکەی من ئیمەیڵەکەم کردەوە، کاتژمێر ١:٥٣ دەقیقە وێنەکەی ناردبوو، کاتێ من لە خەیاڵی بەیانی و هاتنەوەی سۆراندا بووم، کاتژمێر (٩) شەو زەنگی تەلەفۆنێک کۆتایی بە خەیاڵەکەم هێنا و وتی: "کاکەسۆرانیان کوشت"، کە ئێستایش ئەستەمە بڕوا بەویژدانی خۆم بکەم، کەکەسێک هەبێت دەستی بچێتە خوێنی سۆران و شەهیدی بکات.

## گەردە مامە حەمە/ خوشك و هاوڕێی شەهید سۆران:

بۆ ناپرسی .. نیگای ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە

دەستی مەرگ..خۆی بۆ کێی دیکە مەڵاس داوە..

نازانم چۆن باسی سۆران گیان بکەم و چۆن دەستپێبکەم، سۆران گیان زۆر لەسەرخۆ و بێدەنگ بوو تەنانەت کاتێک بە تەلەفۆن قسەی دەکرد گوێمان لێنەدەبوو چی دەڵێت، سۆران گیان لەجیاتی ناوی خۆم لەخۆشەویستیدا بە (ناشرین) بانگی دەکردم، کەسێکی سنگ فراوان و لێبووردە بوو، بەهیچ شێوەیەک ڕێگرمان نەبوو بۆ هەر شتێک یان کارێک کە بمانویستایە..من و سۆران گیان گفتوگۆی زۆر لەنێوانماندا هەبوو من پرسیاری سەیرم لێ دەکرد و ئەویش وەڵامی دەدامەوە، دایکمی زۆر خۆشدەویست، پێم



دەوت : من لەجێی تۆ بوومایە ئەم وڵاتەم بەجێ دەهێشت، ئەویش وەڵامی ئەوە بوو کە : لەبەر ئێوە و دایە جێی ناهێڵم. ئەو بڕیاری دابوو ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێنێ، لەساڵیادی شەهیدانی تەقینەوەکەی (٢٠٠٧/٧/١٦) دا داوای لێکردم لەگەڵی بچم بۆ نەمام چاندن، بەڵام نەچووم کاری زۆرم بوو، ئەو فێری خوێندنەوەی پەرتووکی کردم و هانیدام ڕێچکەی ئەدەب و هونەر بگرم و لەڕۆژنامەکاندا نووسین بڵاو بکەمەوە.

سۆران گیان شەوانە تا درەنگانێک کتێبی دەخوێندەوە، زۆرجار پێمدەوت: تۆ دەبی بە (والی) شاری کەرکوک، ئەویش وەک هەمیشە زەردەخەنەیەک دەکەوتە سەر لێوەکانی، سۆرانی برام لەمردن نەدەترسا، لە (٢٠٠٥/٢/٢٨) ئەم دێڕەی نووسیوە:"مردن یەکێکە لە گرنگترین ساتەکانی ژیانی مرۆڤ، تەنانەت لە لەدایک بوونیش گرنگ ترە".

من لەوە بێزار دەبووم بە دەستەکانی سەرو پرچی دەشێواندم و تووڕەدەبووم، ئەویش بەبەردەوام وای لێ دەکردم، کاتێک سەفەری کرد بۆ ئێران هەمووڕۆژێک پەیوەندی پێوە دەکردم، کەهاتەوە دیاری جوانی بۆ هێنابووم..

زۆر هۆگری (جیڤارا) بوو، تیشێرت و کڵاو و ملوانکەی هەبوو کە وێنەی جیڤارای لەسەر بوو، بە کەسایەتییە شۆڕشگێڕ و خەباتکەرەکان سەرسام دەبوو .. بەردەوام هاوکاری یەکتریمان دەکرد، هەندێکجار ئیشی ماڵەوەی لەگەڵمان دەکرد بەبێ جیاوازی،ڕۆژێک من نەخۆش بووم چوین بۆلای دکتۆر، منداڵێکی دکتۆرەکەی لێ بوو، سۆران قسەی لەگەڵدا ئەکرد بۆ ئەوەی نەترسم کەکانولەی بۆ دانام، پزیشکەکەپێیوتین: منداڵتان هەیە؟ سۆرانیش وتی خوشکمە، پزیشکەکە وتی: داوای لێبووردن ئەکەم.

سۆران گیان خولیای زۆر شت هەبوو، لەوانە بڕوانامەیەکی بەرز بەدەستبهێنێت و ببێت بەڕۆژنامەنووسێکی زۆر بەتوانا بۆ دەرخستنی هەموو ڕاستییەکان، حەزی لە جل و بەرگی زۆر جوان و وێنەگرتن و خۆ جوانکردن و جوانکاری بۆ قژ و دەموچاوی ئەکرد، هەروەها خولیای وەرزش بوو، پێش پرۆسەی ئازادی لە تیپی وەرزشی (ئەستێرە) و (دواڕۆژ) وەرزشکار بوو لە سلێمانی، خولیای شیعر و ئەدەب و هونەر و شانۆ بوو،



خولیایەکی تری کتێب بوو، کتێبی زۆری دەکڕی و بەدیاریش بۆی دەهات، ئەگەر جارێک کتێبخانەی شاعیریان نووسەرێکی پیشان بدایە لە تەلەفزیۆن دەیوت: ڕۆژێک دێت کتێبخانەی منیش پیشان بدەن، ئەگەر لەژیان مابێتم یان مردبێتم ..

ئەو بەکەمی لەماڵ بوو، بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانییەوە سەفەری زۆری دەکرد بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر، بەشداری یەکەمین خێوەتگای گەنجانی کوردستان کە لەڕەواندز لە (٢٠٠٧/١١/٢١) بوو کرد.

سۆران دووجار بریندار بووە، یەکەمیان لە شاری سلێمانی و دووەمیان شاری کەرکوک لە تەقینەوەکەی شۆریجەی بەردەم نووسینگەی کوردستان ڕاپۆرت، ئەوا (٩)ساڵە من سۆرانم نەدیوە، هەتا بیر بکەمەوە،یادگارییەکانی سۆرانم بیردێتەوە، چونکە زۆر پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبوو، زرۆ لەیەکەوە نزیک بووین.



**کارزان نجم / هاوڕێ و پورزا:**

من که کوڕی  خاڵی شەهید سۆرانم،  لەهەمان کاتدا هاوڕێیەکی نزیکی یەکتری بووین کەسێکی دەستپاک و ڕاستگۆ و متمانەپێکراوبوو، ئەگەر باسی یادەوەرییەکان بکەم لەگەڵ سۆران بە چەندان دێڕ کۆتاییان نایات، پێکەوە کاتێکی زۆرمان بەسەر بردووە، سۆران لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵم بووە،یان من دەچووم بۆماڵیان،یاخود ئەو دەهات، یەکیک لەویادەوەرییانە ئەوەیە، سۆران زۆر حەزی بە کتێب بوو، کاتێک کۆمەڵێک کتێبی دەکڕی و دەچووینەوە بۆماڵەوە دایکی(پورە شازادە) پرساری دەکرد و دەیگوت: کوڕم ئەم هەموو کتێبەت بۆ چییە؟ سۆرانیش بۆ ئەوەی دایکی دڵگران نەبێت دەیگوت: دایکە کتێبەکانم هەمووی دیاری دەستی کارزانە.

هەروەهایەکێکی تر لەیادەوەرییە خۆشەکان ئەوەبوو، شەوی بەرات لەشاری سلێمانی کەیەکێکە لەشەوە گرنگەکان، سۆران قتویەک نوقڵی بەدەستەوە دەگرت و دابەشی دەکرد بەسەر منداڵانی گەڕەکەکەدا و پرسیاری ناویانی دەکرد و هیوای تەمەندرێژی بۆ دەخواستن..ئەمانە و دەیان یادەوەری تر کە هیچ کات لەبیرم ناچنەوە.

کاتێک لە شەوی (٢٠٠٨/٧/٢١) هەواڵی شەهید بوونیم بیست باوەڕم نەدەهات، ئەو هەواڵەڕاستبێت، تەلەفۆنم بۆ ژمارەکەی سۆران کرد وەڵامی نەدامەوە، پاشان تەلەفۆنم بۆ فەرمانی برای کرد لەڕاستی ئەو هەواڵە دڵنیای کردمەوە و گوتی: لەبەردەرگای ماڵی خۆمان شەهیدیان کرد.

بەڕاستی تووشی شۆک بووم، زۆر زۆر بەداخەوەم بۆ لەدەستدانی هاوڕێکەم، گەندەڵەکانی ئەم وڵاتە دەستیان بە خوێنی سۆران سوور کرد، چونکە پەردەی لەسەرڕاستییەکان هەڵدەماڵی، هەرچەندە سۆران بەجەستە بەجێی هێشتم بەڵام لە دڵی مندا هەمیشە زیندووە و هەرگیز لەدڵم دەرناچێ و لەیادی ناکەم.ڕووحت شاد بێت هاوڕێ خۆشەویستەکەم.



## مەحمود نامۆ
## هاوڕێی منداڵی و هەرەتی لاوێتی سۆران مامە حەمە

چەمچەماڵ، سلێمانی، کەرکوک سێ وێستگەی هاورێیەتی من وسۆران، ماوەی ١٩ بۆ ٢٠ ساڵی خایاند بەدابڕانیشەوە

سۆرانی مامە حەمە ئەو کوڕە دڵپاکە، روح سوکە، گۆشەگیرە، زۆر نزیکم بوو، زۆریش درەنگ لەیەکتر دەگەیشتین، زۆربەی کاتەکانیش بەیەکەوە بووین، زۆریش یەکمان خۆشدەویست، لەدوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و راگواستنمان لەکەرکوکەوە بۆ چەمچەماڵ، بووین بەدراوسێی ماڵی مامە حەمە، واتە ماڵی شەهید سۆران، دونیای مداڵی من و سۆران بەشێکی لەخانووە هەژارنشینەکانی چەمچەماڵ بوو، لەوێوە نەخشەی ژیانی هاوڕێیەتیمان کێشا و خەونی گەورەی ژیانمان بناغە دانا، دواتر بەهۆی کێشە سیاسیەکان و کوردبوونمان لێک دابڕاین و کۆڕەوە بەهاریەکەی ساڵی (١٩٩١) لێکی دوورخستینەوە، جارێکی دیکەو دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری کوردان، من و سۆران لەڕێگەی چلورە فرۆشییەوە بووینەوە بەهاوڕێ، بێ ئاگا لەوەی پێشتر دراوسێ وهاوڕێی دونیایەکی پاک بووین، کە تەمەن و قۆناغی منداڵییە، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و رزگارکردنی شاری کەرکوک و گەڕانەوەمان بۆ شاری کوردایەتی ومەردایەتی، لەگەڵ شەهید سۆران بۆ جارێکی دیکەش یەکترمان دۆزییەوە و کاک فەرمانی برای بەدیاری کراوی لەمانگی (١٢ی ساڵی ٢٠٠٧) بەئێمەی وت ئێوە ئەزانن هەر لەمنداڵیشەوە ئاواهی بەیەکەوە بوون؟، ئەوکات پێکەوە هەردووکمان سەیری فەرمان مامە حەمە-مان دەکرد و بەتیلەچاو ئاماژەمان بۆ قسەکانی دەکرد، ئەمە وێستگەکانی ژیانی هاوڕێیەتی نێوانمان بوو.

سۆرانی رەحمەتی بەردەوام جیاواز بوو، لەقسەکردن وبیرکردنەوەکانی، بیرکردنەوەکانی لەچاوتەمەنەکەی زۆر گەورەتربوو، هەموو کاتێک هەرچی بکردبایە دەبووە جێی سەرنجی دەوروبەری، مامۆستا عوبێد ئەحمەد



مامۆستای من و شەهید سۆران-یشە، دەیگێڕێتەوە و  دەڵێت: "ڕۆژێک کەچوومە هۆڵی وانە وتنەوەوە، هەموو خوێندکارەکان هەستانە سەرپێ بۆ مامۆستا، بەڵام سۆران هەڵنەستایە سەرپێ، لێی نزیک بوومەوە پێم ووت کوڕم بۆ هەڵناسی، وتی: باوی ئەوە نەماوە لەبەر مامۆستا هەڵبستی، بۆیە لەوێوە سەرنجی راکێشام وئومێدێکی زۆری لەلادروستکردم."

سۆران زۆرت بیردەکەم، بیری قسە وشک و رەقەکانت دەکەم، ئەوەی قسانەی هەمووی بۆنی خۆشویستنی لێ دەهات، ئارام بنوو هاوڕێ گیان، وەکو خۆت وتت بۆ هەتاهەتا ناوت بەزیندوویی ماوەتەوەو دەمێنێتەوە.

**مەحمود نامۆ**

**هاوڕێی منداڵی وهەڕەتی لاوێتی سۆران مامە حەمە**

**محەمەد تاهیر ..**

من و سۆرانی مامە حەمە جگە لەوەی هاوڕێ بووین هاوپیشەش بووین، ئەو کوڕێکی بەتواناو ژیرو لەسەرخۆ بوو، سەرەتا حەزی لە کاری ڕۆژنامەوانی بوو ناو بەناو شیعریشی دەنووسی، بەڵام پێیوتم کە هەم توانای هەم ئاستی نووسینەکانی بەدڵی خۆی نییەو داوای لێکردم سەرنجی خۆمی پێبڵێم، ئیدی بەپێی توانای خۆم هەندێ تێبینی و پێشنیارم بۆی کرد، ئیدی زیاتر حەزی ئەکرد دەربکەوێت، تا ڕۆژێک بردم بۆ کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، لەوێ بە کاک عومەر سەیدەی شاعیرم ناساند، کە لە ڕۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ ) کاری دەکرد، ئەو بووە هۆی ئەوەی شەهید سۆران زیاترو جوانتر شیعر بنووسێت، پاشان بەکاک لەتیف فاتیح فەرەج، سەرنووسەری رۆژنامەی کەرکوکی ئەمڕۆم ناساند، ئیدی بۆ ماوەی دوو ساڵ پێکەوە لەو ڕۆژنامەیە کارمان دەکرد، تا چوینە کەناڵی العراقیە، لەوێ تێستمان کرد تاکو وەکو پەیامنێر کار بکەین؛ من وەرگیرام، لەپاش ئەمە سۆران کۆڵی نەداو بەردەوام بوو لەکارکردن لەچەند رۆژنامەو گۆڤارێک، ڕاپۆرت و ریپۆرتاژەکانی جێی بایەخ بوون، بابەتی زۆر قورسی دەوروژاند، تا وای لێهاتبوو چەن جارێک هەم من هەم هاوڕێکانی تریشی



پێیان دەوت ئەم کارانە مەکە زیانت پێدەگات، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەو شێوازە کارکردنەی، بەوتەی خۆی چەن جارێک هەڕەشەی لێکراوە، سۆران کەسێک بوو تا لەنزیکەوە نەتناسیایە درکت بەجوانی ڕۆحی و ناسکی هەستی نەدەکرد، مرۆڤدۆست و بەویژدان و ناخ پاک بوو، ئاشنایەتی من و ئەو لەپاش پرۆسەی ئازادییەوە بوو واتا لە (٢٠٠٣) هاوڕێیەتی زۆر کەسی نەدەکرد کەسایەتی جوان بوو، ڕێزی لێدەباری، زمان شرین و شەرمن و لەخوا ترس بوو، بەداخەوە ناحەزانی ئازادی و گرگنەکان نەیانهێشت بەردەوام بێت و چرای ژیانیان خامۆش کرد، ئەمەی وتوومە لەسەر شەهید سۆران بەشێکی بچوکی ژیانتێتی.

## لەتیف فاتح فەرەج:

سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی سۆرانی مامە حەمە لەشارەکەدا بەچاو نەترس ناوی بردووە و دەڵێت:" قەڵەمەکەی سۆران لەدوای پرۆسەوە بەجدی کاری کردووە، یەکێک بووە لەو قەڵەمانەی کەلەهیچ نەدەترسا، بەردەوام لەناو کارەساتەکاندا بووە، بەردەوام خەڵکی خۆشدەویست، دووژمنی نەبوو، تەنها کاری ڕۆژنامەگەری وای لێکرد، لەبەر ئەوەی دەستی بۆ زۆر کاری هەستیار دەبرد، ئەگەر قەڵەم و وشەی ئازاد نەبوایە هەرگیز نەیان دەکوشت".

سۆران لەیاداشتەکانیدا دەڵێت: هەمیشە لەتیف فاتحی فەرەج ڕەخنەم لێدەگرێ و ئاگادارم دەکاتەوە و ئامۆژگاریم دەکات.



# ڕێزلێنان

سۆران پێش و پاش شەهیدبوونی لە لایەنە جیاوازەکانەوە چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە، بەڵام هیچ کام لە خەڵاتەکان وەک خەڵاتی شەهیدبوون مەدالیای سەروەریان نەبەخشیوە، مەدالیایەک ئەستمە بە هەموو کەس ببەخشرێت، مەگەر کەسێک وەک سۆران دووبارە ببێتەوە.

(سۆرانی مامە حەمە)، لە ژیاندا بەرامبەر بە کار و چالاکییەکانی چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی پێبەخشراوە:

١.لە ٢٠٠٣/١٠/٧ خەڵاتی خولی پیشەیی لە یەکێک لە مەخزەنەکانی uonops لەسلێمانی وەرگرتووە.

٢. یەکەمین پێشبڕکێی شیعری لاوان ٢٠٠٥/٧/١١. دەزگای هەواڵ بۆڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی ـ پاشکۆی پەرەموچ/ ڕێزنامە.

٣. ڕێزلێنانی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، نووسینگەی سکرتارییەت، لە سێهەمین فیستسڤاڵی لاوان بۆ شیعر و چیرۆک ٢٠٠٦/٥/٢

٤. ڕێزنامەی بازنەی لێکۆڵینەوەی ئەسیری سەبارەت بە بەژداری و هاوکارییان لەسەرخستنی بازنەی لێکۆڵینەوەی ئەسیری شاعیر، لە ٢٠٠٦/٦/٤ لەکەرکوک بەڕێوە چووە.

٥. خەڵاتی گۆڤاری لڤین بۆ باشترین چاوپێکەوتن لە مانگی تەموزی٢٠٠٦

٦. ڕێزنامەی بەڕێوبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوک، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٧. خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠٠٧ بەڕێوبەرایەتی خێوەتگەی ڕۆشنبیری ٢٠٠٧/١١/٢١

٨. وەزارەتی ڕۆشنبیری لەیادی ١١٠ساڵەی ڕۆژنامە گەری کوردیدا لەژێر ناونیشانی (ڕێزگرتنتان هاندەرێکە بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی کارە هونەرییەکانی بواری ڕۆژنامە گەری).

٩. ڕێزنامەی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک سەبارەت



بە هاوکاری و بەردەوامی لەبرەودان بە بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی لەشاری کەرکوک.

١٠. ڕێزنامەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک بەشی ڕاگەیاندن.

١١. بڕوانامەی دەرچوونی بنکەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەکرەجۆ بەشی کۆمپیوتەر.

١٢. بڕوانامەی خولی ڕاهێنان، وەزارەتی پەروەردە.

١٣. ڕێزنامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لقی کەرکوک، لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

١٤. بڕوانامەیڕێزلێنانیkurdsh huma
Rights watch, I N C

١٥. دوا بڕوانامەی شەهید سۆران دوومانگ پێش تیرۆرکردنی بوو، کە لە ستافی لڤین و دوا بڕوانامەی ڕۆژنامەوانییەتی کە پێش شەهیدبوونی بەدەستی هێناوە لەلایەن ڕێخراوی (پریس ناو)ی هۆڵەندییەوە لە ریکەوتی ٢٠٠٨/٥/٢٢ لەبەرامبەرراپۆرتێکی کە بۆ پریس ناوی هۆڵەندی ئەنجامی دابوو.



# لەدوای تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە چەندین ڕێزلێنان بەخشرایە بنەماڵەکەی:

خەڵات و ڕێزلێنانی سۆرانی مامە حەمە لە دوای شەهیدبوونی سۆرانی مامە حەمە، گۆڤاری لڤین وەک نەریتێک ساڵانە خەڵاتی سۆرانی مامە حەمە دەبەخشێت بەو ڕۆژنامەنووسەی جێ دەستی لە پیشاندانی ڕاستی و خزمەتی ئازادی ڕاگەیاندندا دیارە. لە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە ئەم خەڵاتە ساڵانە دەبەخشرێت و ماوەی هەشت ساڵە بەردەوامە. بڕیار ئەم ساڵ لە هەمان ڕۆژی شەهیدبوونی سۆرانی مامە حەمەدا گەڕی نۆیەمی ئەو خەڵاتە بەڕێوە بچێت.

١.خەڵاتی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک ڕێزلێنانێک لەقەڵەم و کارەکانی شەهید.

٢.خەڵات، لەیادی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی.

٣. (١١٤) ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی، قەڵغانی لقی کەرکوکی سەندیگایڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٤. خەڵاتی ڕێزلێنانی(ڕێگا) لە دووەمین ساڵیادیدا. ٢٠١٠/٦/١٠.

٥. لەیادی (١١٥) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٦. خەڵاتی ڕێزلێنانی بیستەمین ساڵیادی دامەزراندنی دەنگی یەکگرتووڕادیۆی سلێمانی ٢٠١٤ ز.

٧. دەزگای هەواڵ چوارەم خەڵاتی جەمیل ڕۆژبەیانی ٢٠٠٩/٤/٢٢.

٨. خەڵاتی سەردەشت عوسمان.

٩. مەکتەبی پیوەندییە نیشتیمانی و کوردستانییەکان (ناوەندی کەرکوک) ساڵی ٢٠٠٩.

١٠. بڕوانامەی ڕێزلێنانی کەرکوکی نوێ.

١١. مەدالیای سەرای ئازادی، لەسەرای ئازادی سلێمانی.

(ئەمانە و چەندانی تر).

# پەنجەرەی دووهەم
# سۆرانی مامە حەمە وەك شاعیر

وێڕای کاری ڕۆژنامەنووسی، سۆران نمونەی شیعری نەوەی نوێ بوو، سۆران لە هەموو بوارێک زیاتر دەیویست شاعیر بێت، چونکە خەونی بە جوانییەوە دەبینی، لەم پەنجەرەیەوە دەیڕوانییە باخچە ڕازاوەکانی شیعر.



# سۆران، چامەیەکی تەواو نەکراو

سۆرانی مامە حەمە بۆ خۆی شیعرێکی تەواو نەکراوە، شیعرێکە لە سەرەتای ڕێگاکەوە گیانی سپاردووە، شیعرێک پێویستە هەموومان پیت بە پیت و وشە بە وشە رەوانی بکەین، ئەوە مەرگی سۆران بوو پێی وتین، دەشێ لە جوانترین قوماش ناشرینترین کفن بدورن، ئەوان خەیاتی کفنن، شارەزای تابوت و قوڵی گۆڕ و بەرزی کێڵ و سکێچی گەورەترین گۆڕستانی جوانان.

کاتێک کتێبی (شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە)، (١) دێتە پێش چاوت، ڕاستەوخۆ ئەگەڕێتەوە بۆ دنیای شیعر لای (سۆرانی مامە حەمە)، ئاخر (سۆران) ڕاستە خولیا و پیشەی رۆژنامەنووسی بوو، لێ خەونی بە نووسینەوەی دەقی نەمرەوە دەبینی و دەیویست بە مانای وشە شاعیر بێت، (نیلس هاو)، (٢) لەو کتێبەدا کاتێک دەبێژێت شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە، ئاگاداری ئەوە نییە شاعیرێک لەم کونجەی دنیادا لە سەر وشە و وتنی هەقیقەت دەکوژرێت، بەڵکو دەیەوێت پێمان بڵێت شیعر بۆ ئەو ترسنۆکانە نییە کە ترسی لە دەستدانی شتێکیان هەبێت، شیعر بۆ کەسانێکە بە ڕاستی شاعیر بن، شیعر بە کەسێک نانووسرێت ترسی لە دەستدانی شتێکی هەبێت، بەڵکو شیعر بەوانە دەنووسرێت، پشت لە دنیا دەکەن و دەیانەوێت نەمری بخولقێنن، شیعر بۆ ئەوە دەشێت هەمیشە زیندوو بێت، وەک چۆن نالی بۆ هەمیشە زیندووە.

---

١ - کتێبی (شیعر بۆ ترسنەکەکان نییە) باس لە بەرهەم و ژیانی شاعیری دانیمارکی نیلس هاو دەکات، ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئالان پەری، چاپی یەکەم ٢٠١٦، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

٢- نیلس هاو، شاعیر و چیرۆکنووس، ساڵی ١٩٤٩ لە دانیمارک لە دایک بووە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.



سۆران بۆچوونەکەی (نیلس هاو) لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسیەوە پەیڕەو دەکات و لە ڕێگای دنیای شیعرییەوە دەیەوێت شیعرێکی نەمر بنووسێت.

لە پەیوەندی نێوان (شیعر و سۆران)دا، ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە بۆ دوو چیرۆک، نا بۆ دوو ژیانی هاوشێوە، (بەکر عەلی)، ([٣]) لە لایەک و (کامۆ)، ([٤]) لە گۆشەنیگایەکی ترەوە.

ئەو ڕۆژەی (بەکر عەلی) تێدا شەهید بوو، (سۆران) هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوو بە دەساڵان، لێ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان بەکر عەلی و سۆرانی مامە حەمەدا، بەکر عەلی کە ژیان تەنگی پێ هەڵچنیبوو، تەنانەت گیرفانەکانی بەشی چایەک پارەی تیادا نەبوو([٥])، ئەو کاتە ئاوارەیی زۆرێک لە کەرکوکیەکانی زەلیلی دەستی ڕاگواستن و دەربەدەری و ماڵ بەکۆڵی کردبوو، ئەو کاتە ماڵی سۆرانی مامە حەمەش لە نێو ئاوارەکاندا لەنێو پاشماوەی شوێنەواری بەعس و نەخۆشخانەی سەربازی حامییە دەگوزەرێن، لەو کاتەدا بەکر عەلی شاعیر، بۆ بەرگری لە ئاوارەکان و هاوپشتی بەشداری خۆپیشاندان دژی وەدەرنانی ئاوارەکان لەو سەربازگەیە دەکات و بە داخەوە لە لایەن پارێزەرانی شارەوە شەهید دەکرێت. (بەکر) ناڕازیەکانی هێنایە سەر شەقامەکان و هەر لەسەر شەقامەکان لەسەر کەرکوکیەکان لە پەنای باخی گشتیدا شەهید کرا، لێ (سۆران) دەنگی ناڕازی بوونی لە نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە بەرز کردەوە، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا و لە بەردەم کۆمپیوتەرەکەوە پەنجەی ئەخستە سەر برینەکانی شار، بۆیە لە نێو دەرگای ماڵەکەیدا و لە دەمی چاوەڕوانی میواندا شەهید ئەکرێت،

---

٣ - بەکر عەلی شاعیر، ساڵی ١٩٩٤، لە لایەن دەسەڵاتی خۆجێی ئەو کاتەی پارێزگای سلێمانی، بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندان دژ بە وەدەرنانی ئاوارەکان لە کەمپی حامییەی ئەو کاتە، کە ئێستا پارگی ئازادییە، شەهید دەکرێت، کتێبی کاسکێتەکەم بە پایز بسپێرن، شیعر و ئەزموون و ژیاننامە و بەرهەمەکانی بەکر عەلی، ئامادەکردنی فەرەیدون عارف، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠.

٤ - کامۆ کاتێک بکوژانی دەیانەوێت بیکوژن، لە نیوەشەوێکدایە، وەک دوا ئارەزوو سەر هەڵ ئەبڕێت و ئەلێت با دواجار تەماشای مانگ بکەم.

٥ - سەرچاوەی ژمارە سێ.



سۆران دەرگای بەڕووی بکوژاندا کردەوە، بەرەوپیری دەنگی دەرگاکە ڕۆیشت تاکو لەگەڵیان چای ئەوشەوە بخۆنەوەو کەمێک گفتوگۆ بکەن، لێ ئەوان دەرگای دنیایان لەسەر داخست، لە سەرەتای ئێوارەیەکی تازەدا هەر چۆن، بکوژانی (کامۆ) ئەیانبرد بیکوژن، کەچی ئەو تەماشای جوانی مانگی ئەکرد، بە هەمان شێوە (سۆران) ڕۆیشت بۆ پێشوازی، کەچی ئەوان ماڵئاواییان پێ کرد.

بە داخەوە بە شەهید کردنی (سۆران)، بە تەنها ڕۆژنامەنووسێکی بوێر و چاونەترسیان شەهید نەکرد، بەڵکو دەنگێکی شیعریی نوێشیان لە ناوبرد، ڕەنگە بە ژیانی چەندان دەقی ناوازەی بنووسیبایە و وەک خەسڵەتی کەرکوکی ئاسای شیعری نەمری بەرهەم بهێنایە، ئاخر (سۆران) و کەرکوکییەکان سەروەسێتی (جان دەمۆ) و (سەرگۆن بۆڵسن)، ئەوانەی شیعریان لە قۆناغی چەقبەستنەوە گواستەوە بۆ سیحری وشە، ئەم شارە ڕۆژانێک لانکەی گروپی کەرکوک و ئەو داهێنەرانە بوو، شیعریان لەنێو کۆڵانە پەڕپووتەکانەوە گەیاندە شەقامە ڕووناکەکانی دنیا، کەچی دەسەڵات شیعرەکان لەناو ئەبات و ئەمانهێنێتەوە بۆ سەردەمی تاریکی، سۆران لەم باخە وێرانەدا ئەیویست بپشکوێت، لێ باخەوانەکان کەمتەرخەم و بێ دەربەست لە بوونی جوانی، پشتیان کردە هەڵوەرینی گوڵ و تەماشای خوێن بەربوونی خونچەیان کرد، بۆیە کەرکوک هەمیشە خوێنی لەبەر دەڕوات.

ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەزموونی شیعری (سۆرانی مامە حەمە) بدەین، ئەبینین لەبەردەم ئومێدێکی جواندایین، ئومێدێک ڕەنکە بە بەردەوام بوونی چەندین دەقی جوانی بەرهەم بهێنابایە، ئەزموونی شیعرنووسینی (سۆران)، کەمتر لە پێنج ساڵی تەمەن بوو، سەرەتایەکی غەمگین و دنیایەک خەونی بەدینەهاتوو، سۆران هێشتا لەسەر فۆڕمی نووسینی شیعر و دنیای خۆی یەکلایی نەبووبووەوە، گیانیان لێ سەند، هێشتا بڕیاری نەدابوو کام شیعرە بنووسێت، کام ڕێبازە بگرێت، هێشتا زمانی بۆ خۆی چێ نەکردبوو، هێشتا بە دوای فۆڕمێکی نوێدا ئەگەڕا تاکو پیشانی بدات، شیعری سۆرانی مامە حەمە شیعری ئەوانەی پێش خۆی نییە، ئەیویست بە واتای وشە و بە ڕاستیش شاعیر بێت، ئەو بە دوای شعریەتدا دەگەڕا، گوێی ئەنا بە



دڵی ئاوەوە و تەماشای ڕووتبوونەوەی وەرزەکانی ئەکرد و لەبەردەم مەینەتییەکاندا دۆش دائەما کە ناتوانێت ئەو برینانە بگوێزێتەوە بۆ سەر کاغەز، سۆران جگە لە شیعرە تەواو نەکراوەکانی بۆ خۆی قەصیدەیەکی درێژە و پێویستە هەریەکەمان لە جێگای خۆیەوە تەواوی بکات، ئەوە شیعر بوو سۆرانی نووسییەوە، ئەوە ئەو دەنگە زوڵاڵەی هەقیقەت و جوانی ناو ناخی سۆران بوو، کاتێک ئەیویست بە گژی ناشرینیەکاندا بچێتەوە، لە گەرویدا کوشتیان، ئەوان دەنگەکەیان لە گەرویدا کوشت، بەڵام بۆ هەمیشە لە گوێیان دەرناچێت، بۆ هەمیشە دەنگدانەوەی ناوی سۆران لە گوێی بکوژانیدا ئەمێنتەوە و دڵنیام نایەڵێت ئارام بنوون.

ئەوەی لەم کۆکراوەیەدا ئەخرێتە ڕوو، کۆی ئەزموونی شیعرنووسینی (سۆرانی مامە حەمە)یە، مەخابن تا خۆی لە دنیادا بوو، وەکو کتێب رووناکی نەبینی، پاش مەرگە دڵهەژێنەکەی شەهید سۆران، بەشێک لە دەقەکانی بە ناوی (وەرزی بێتاقەتی) لە کتێبێکدا لە لایەن کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکەوە، چاپ دەکرێت، پێشتریش زۆرێک لە دەقەکانی شەهید سۆران، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و وێبسایتە ئەدەبیەکاندا بڵاوبووەتەوە، ئێمە لێرەدا تەنها پۆلێنکاریەکی سادەمان تیادا کردووە، لەسەر بنەمای ئەوەی پێشتر کتێبی (وەرزی بێتاقەتی) بڵاوبووەوە، وە خۆشی کتێبی (بەغداد)ی وەک درافت ئامادە کردووە، ئەو دەقانەی لە دەرەوەی ئەو دوو کتێبەن، لێرەدا وەک کتێبی سێهەم، پۆلێنمان کردووە. ئەوەی پێویستی بە ئاماژە بۆ کردنە، پۆلێنکارییەکە ڕەچاوی بەرواری نووسین یان بڵاوبوونەوەی دەقەکانی نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای کتێبەکان دانراوە، بۆیە تێکەڵیەک لە ڕیزبەندی بەروارەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا هیچ دەقێکی سۆران وەلا نەنراوە، ئەگەرچی هەندێکیان ئەزموونی زۆر سەرەتایین و مێژووەکەیان ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتای نووسینی شیعر لای سۆران، بەڵام بە پێویستمان زانی وەک خۆی دایبنێینەوە.

جگە لەمانە هەر لە ئەزموونی نووسینی سۆراندا، سێ نامەی شیعری هەیە و وەک خۆی لێرەدا داماناوەتەوە، هاوکات لەو دەقانەی سۆران کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی بیانی سێ شیعرمان لەبەردەستە و لە کۆتای شیعرە کوردییەکاندا دانراوە.

# کتێبی (وەرزی بێتاقەتی)

چاپی یەکەمی کتێبی وەرزی بێتاقەتی، دوای شەهیدبوونی شەهید سۆران، لە لایەن کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکەوە چاپکرا، لیرەدا جارێکی دیکە دەقی شیعرەکانی کتێبی وەرزی بێتاقەتی بڵاودەکەینەوە، کە مامۆستا لەتیف هەڵمەت پێشەکی بۆنووسیوە ..



# پێشەکییەکی سپی بۆ کۆمەڵە شیعرێکی سوور

**لەتیف هەڵمەت**

لەدوای پرۆسەی ئازادی و رزگاربوونی کەرکوکی تاجی کوردستان و بەرجەستەبوونی هەندێک لە خواستە جوانەکانی جەماوەری کوردستان لە زەمینەی بینراودا، بەڕێز سەرۆکی کۆمەڵەی رووناکبیریی و کۆمەڵایەتیی کەرکوک، سەرنووسەرێتی گۆڤاری (بانەڕۆژ)ی پێسپاردم، کە کۆمەڵەی رووناکبیریی لەکەرکوک دەریدەکات، ئیدی ستافی بانەڕۆژ، لە دوو سێ ژوری بیناکەی کۆمەڵەدا جێی خۆی کردەوەو کەوتە کارکردن بۆ بەرجەستەکردنی گۆڤاری (بانەرۆژ)، لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەو بەشداریکردن تیایدا بە شیعرو چیرۆکو بابەتی دیکەی جوان جوانو بەو بەشداریو سەرگەرمیو دیدەنییەیان، شوێنکاری گۆڤارەکەو کۆمەڵەی روناکبیریی، چوستی و چالاکییەکی وەکو چوستیو چالاکی کوورە هەنگی بەخۆیەوە دی، رۆڵە بە ئەمەکەکانی کەرکوک بە هەنگوینی عیشقو دڵسۆزی، وشەی (کورد)یان شیرینتر کردوو دەقی کوردییان جوانترو ئەفسوناویتر کرد، کۆمەڵەی روناکبیریی کەرکوکو گۆڤارەکە، بوون بە بڵندگۆی ئازادیخوازی و تەبایی و برایەتی و یەکسانیخوازیو بەرگریکردن لە کوردێتیو کوردستانێتی کەرکوک، ئەم دڵڕەوانی و بیرفراوانییەیش، بەپێچەوانەی خواستەکانی کۆنخوازانو بیرتەسکەکانو ناحەزانی ئازادی بوو، هەر لەبەر ئەوە چەند جارێک کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوک و شوێنکاری گۆڤاری بانەڕۆژ، چەند جارێک لەناکاودا بە چەکی سووک و بە ئاربیجی هێرشی کرایە سەرو جارێکیشیان کردیان بە سووتەمەنی تەقینەوەیەکی گەورەو چەندین شەهیدو برینداری لێ کەوتەوە، یەکێک لەو شەهیدانە نووسەرو وەرگێڕو ڕۆژنامەنووسی جوانەمەرگ (مستەفا



گەرمیان)ی بوو، گیانی خۆی لەپێناوی وشەی کوردیدا بەخشی، هەروەها لەبیرمە لەساڵی (٢٠٠٤)دا، جارێکیان هێزێکی ئەمەریکایی گەمارۆی بینای کۆمەڵەی ڕووناکبیریی و کۆمەڵایەتیی کەرکوکی دا و سەربازە ئەمەریکییەکان لە زریپۆشەکانەوە رژانە ناو کۆمەڵەو سەربان و بنبانیان پشکنی و ژوورە داخراوەکانیان بە پێلەقە و پاژنەشەق شکاند، تەنانەت ژووری سەرنووسەریان بە شێوەیەکی دڕندانە بەسەریەکدا داو ئەگەر برای بەڕێزم (کاک عەلی حاجی غەفور) تکای بێدەنگبوونی لێنەکردمایە، ئەوڕۆژە تووشی کارەساتێک دەبووم.

حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بێنمەوە یاد یەکێک لەو لاوە چالاک و ورە بەرزو دڵسۆزانەی وشەی کوردی کە هامشۆی کۆمەڵەو گۆڤارەکەی دەکرد، شەهیدی جوانەمەرگ (سۆران مامە حەمە) بوو، سۆران بە ڕواڵەت زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەڵام لەناخەوە بزێوو چەلەنگ و یاخی و بزۆز بوو، تەنانەت هەندێ جار ئەویاخێتی و بزۆزییە لە جۆری جلوبەرگەکانیدا بەدیدەکرا، سۆران شاعیروڕۆژنامەنووس بوو، زۆر جار بەڕیکۆردەرێکەوەو هەندێک جاریش لەگەڵ ستافی تەلەفزیۆنی کەرکوکداو جارجاریش بەناوی گۆڤاری(لڤین)ەوە کە کاری تیادا دەکرد، چاوپێکەوتنی لەگەڵ نووسەران و ڕۆژنامەنووساندا ساز دەکردو چالاکی و بزێوی دەنواندو دەیسەلماند کە لاوێکی ستەمدیدەی کەرکوکەوڕۆژی لێبووەتەوە لەجەنگەڵستانی تاریکی دەرباز بووەو ئێستا ئازادو سەربەخۆیەو دەیەوێ خزمەتی وشەی پیرۆزی کوردی بکات، گەلێک جار بۆ هەر بنکەیەکی ڕۆشنبیری بچوومایە لە کەرکوک، سۆران لەوێ بوو، سۆران لەپێناوی ڕۆشنبیریی کوردیدا پێیەکی لە کەرکوک بوو، پێیەکی لە سلێمانی.

بەڕاستی ئەم لاوە کوردە کەرکوکییە، بۆ ئەوە لەدایک ببوو خزمەتی وشەی کوردی بکات و هەندێک جار وەکوو دەڵێن: ئەو سەرگەرمییەی سۆران بۆ خزمەتکردنی رۆشنبیری کوردی دەگەیشتە سنوری ئاژاوە، بەڵام ئاژاوەیەکی شاعیرانەی جوان.

لە مانگی پێنجی ئەمساڵدا شەهید سۆران بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و پێیوتم: دیوانە شیعرێکی هەیە حەز دەکات پێش چاپکردنی من



بیخوێنمەوەو سەرنجی خۆم لەبارەی شیعرەکانەوە بنووسم و ئەگەر حەزیشم کرد پێشەکییەک بۆ دیوانەکەی بنووسم، پێموت: دەستنووسی دیوانەکە لە کۆمەڵەیڕووناکبیریی لە لای(کاک نەوزاد شێخانی) دابنێ، لە ناوەندی مانگی شەشدا سەرم لە کۆمەڵەی ڕووناکبیریداوڕەشنووسی دیوانەکەم لە کاک نەوزاد شێخانی وەرگرت، دوای خوێندنەوەی شیعرەکان و ئەو نامە تایبەتییەی کە بۆی نووسیبووم، بە تەلەفۆن پێم گووت: کە شیعرەکانی و نامەکەیم خوێندۆتەوەو شیعرەکانم ئەوەندە بە دڵە شایەنی ئەوە بن پێشەکیان بۆ بنووسم، بەڵام لەبەر گەرماو باری ناتەندروستی خۆم ناتوانم پەلەی تێدا بکەم و ئەویش وتی: کەی بوارت بۆ ڕەخسا، ئەو دەمە بینووسە.

شیعرەکانی سۆرانی مامە حەمە، شیعرگەلێکی سەر بە ڕێبازی شیعری نوێی کوردین، ئەو ڕێبازەی گرووپێک لاوی شاری کفریی سەر بە پارێزگای کەرکوک، لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دایانمەزراندو لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ دەیان لاوی دیدا پەرەیان پێداو کردیان بە ڕێبازێکی هەرەدیاری شیعری نوێی کوردی.

لە شیعری سۆراندا خەیاڵی فراوان و وێنەی جوان بە دی دەکرێت، مرۆڤ بە خوێندنەوەیان سەرسام دەبێ و تاموچێژی شیعری ڕاستەقینە دەکات، لە دووتوێی وشەکاندا جیهانێکی نوێ دەدۆزێتەوە، هەر بۆ نموونە: شەهید سۆران لە شیعری (وەرزی بێتاقەتی)دا دەڵێت:

بەسە چیدی گوڵ بە باخەکەوە نەما
ئەم قارە تاکەی
تەنافێکمان لە بێدەسەڵاتی هەڵواسی
فەنتازیای کەلەپوری
پەلکەزێڕینەی وشەکانمان پێ دەخنکان >>

لە کۆپلەیەکی دی هەمان شیعردا، زۆر بە شاعیرانە و بە ناسکی و بە کپی باسی کوشتنی حەقیقەت و جوانی و شتە پاک و پیرۆزەکانمان بۆ دەکات، بەبێ ئەوەی گوێمان لە شریخەی هەڵکێشانی خەنجەرێک بێت، هەست بەوە دەکەین کە تاوانی گەورەگەورە ڕوو دەدەن، ئەوەتا دەڵێ:



مرۆگەلێک
وەکو بایسکیل سواری ویژدانیان بوون
دۆگماترین بەقالێکن
چۆلەکەی بنگوێسەبانەکەی خۆمان
بەڕووتکراوەیی پێ دەفرۆشنەوە
ئەم ئاسمانە شین دەکاتەوە
نەک لەبەر ئەوەی بێگەردە
بەڵکوو زەوی دەستی ناوەتە بیناقاقای و
دەیەوێ باران ڕاونێ»

زۆرن ئەو شیعرو کۆپلە شیعرە بروسکانەی کە شایەتیی ئەوە دەدەن، سۆرانی مامە حەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان خەسڵەت و مۆرکی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەپێوانەو بەراورد کردن لەگەڵ زۆرێک لە شاعیرە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆیدا، هەر بۆ نموونە هەندێ دێڕە شیعری شاکاری لە سەرانسەری دیوانەکەیدا دەخەمە ڕوو لە:

*گەر چەپەڕنەی گوڵەکان نەبووایە
بۆ یارە پەشیمانەکانمان
کێ پەپوولەی دەناسی
شیعری (وەرزی بێتاقەتی)
*دەرگا کرایەوە
کۆچەکان پڕ بوون لە تاریکی شەو
شیعری (مەرگ پێمڕادەبوێرێ)

*ئاو گۆڕمە
کێلەکانی ژوور سەرم
بەفروتەرزە
شیعری (ماڵئاوایی لە ئاو)



*ئای کە شێت دەبیت هەموو شتێک
وەک ڕەنگ دەفڕێت
شیعری (پەرستۆ.. ڕەنگی چوارەمی سروشت)

*پەنجەرەیەک یەخەم ڕادەوەشێنێت و چاو تاریکییەکەی
ئەودیو کوشتنی زات
هەستپێدەکات
شیعری (بێسالّی)

*قەقنەس سڵ لە تارمایی لوولەی با دەکات
شیعری (تەرمەکەم نشینگەی مێروولە پیرەکانە)

*تەنانەت ژێرکراسی پاییزیشی
تەڕ کردبوو
شیعری (ماچە هەڵواسراوەکان)

*دەریا بەردێکی بە دەستەوەیە
شیعری (پیاسەیەک لەگەڵ باوکمد)

*پەپوولەیەک پێم دەڵێت:
بمسپێرە بە ڕووکەشی
شیعری (دڵنیا بن کچەکانی دنیا، دڵنیا بن شەیتانەکان)

*خەون بە ئەلبوومێکی نوێی ئەم نیشتمانەوە دەبینم
کە پڕە لە ژیان
پڕە لە ئاسوودەگی گەورەنەبوون
شیعری (چاوەڕوانی.. یانی تەرمیناڵی تەرم)



*گۆچان سیحری بۆ مەرگی پاڕانەوەی
ڕەنگەکان دەکرد
هەورەکە قاقایەکی لێ دا
دان سپیەکانی ئاسمان لەپڕ
بریسکەیەکیان گرتە چاو
شیعری (شەیتان و باڵی با) .. هتد

ماوەتەوە بڵێم: شەهید سۆران لە سەرانسەری ئەم دەسکە شیعرەدا، هەوڵی جوانی داوە بۆ بەرجەستەکردنی هەندێ وێنەو خەیاڵی سوریالیانەو لەم بوارەیشدا بە سەرکەوتوویی شوێنپێهەڵگری هەندێ لە شاعیرانی کوردی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەو کاریگەری ئەوانی پێوە دیارە.

لەکۆتاییدا دەڵێم: جێی داخە کە شەهید سۆران ئەم پێشەکییە ناخوێنێتەوە، سەیریش ئەوەیە شەهید سۆران لەم شیعرانەدا وشەی(مەرگ و مردن و کۆچ) و هاوچەشنەکانیان کە مانای نەمان دەدەن، زۆر بەکاردەهێنێ، تۆ بڵێی لە ناخەوە خۆی پێشبینیی شەهیدبوون و جوانەمەرگی خۆی نەکردبێت؟.!





# پەرستۆ
# ڕەنگی چوارەمی سروشت

لەچی ڕەنگێك پێکهاتوویت؟
من گەلەرییەکم
نەسرەوتانە کار لە چیاکانی دۆزەخدا دەکەم..
بە دەیان فیردەوسی عیشقە سادەکان
وەك کاروانسەرا.. لەمندا پشوویانداوە..
بە کانیی زاماری موژەی بێئۆقرەییان
چەندین باقە وێنەی شکاوم تێدا نێژراوە..
هەرچەندە ناتوانم سۆسیۆلۆژیای منو تۆو پرسەی چاوەکانت
لە پرۆفایلی سێ پەنجەدا بۆ باس بکەم..
بەڵام دەزانم فڵچەیەك مەلەق لە (ئاو) بێنم بەگەرووی نیگارەکەتدا
بەم شێتییەتەوە تۆ دەتەوێ بگەیتە کوێی ئاوەکان؟!
کەنارەکانی؟
بندینی؟
سەفەری شەپۆلەکانی؟
یان فڕینی هەڵچوونی؟
ئای کە شێت دەبیت هەموو شتێك وەك ڕەنگ دەفڕێت..
هیچ شتێك نییە وەك ڕەنگ بفڕێت
دوور، دوور بفڕێت
بە زمانی کەڕوڵاڵی تاكو تەرایی من و شێتی تۆ لە ڕەنگ بفڕێت..
شێتیی خۆر لە هەڵفڕین



شێتیی قەناعەت لە کورتی
شێتیی گۆرانی لە ئاوازی تەڕی لە وتن
شێتی لە ژیان
شێتی لە هاوڕێتی
شێتی لە بەشێکی سکێچی ڕوخساری نازەنینان
شێتی لە شێتبوون
شێتی لە کچی دراوسێکەمان
شێتی لەڕەشترین ڕەنگی سروشت
واتا لە من..
ئای کە شێت دەبیت.. هەرچیی ئەسپە دەفڕن
هەرچیی عەشقە دەتەزن
هەرچی ڕەنگە دەتۆقن
هەرچیی ناونیشانە زراویان دەچێت
هەرچیی ماڵە دەڕۆن
هەرچیی شارە دەبن بە پاستیلێکی چەور..
هەرچیی قوماشە دەبن بە هەور
هەرچیی بەفرە دەبن بە تەختەدار
هەرچیی بازاڕە دەبن بە زیندان..
هەرچیی ئاگرە دەبن بە پەیکەری هەڵم
هەرچیی گەڕانەوەیە دەبن بە خەون..
کەس ناگەڕێتەوە کە ڕەنگی بەشەرییەتی پێ بێت
هەرچیی خەمە دەبن بە پەشیمانی
پەشیمانی لە ڕەنگە خەشەبییەکانی چلەی تابلۆیەکی سوریالیی تۆ..
تۆ..
تۆ وێنەیەکی
فتوحاتی شمشێری هیچ شێوەکارێ
ئیمانی بەژێی کۆڵانە شێهەڵهێناوەکانی



گەڕەکی نەسیمی شێوەت نەبردووە..
تابلۆیەکی جێی ئەمانەتی چۆلەکەیەکی منیشت تێدا نەماوە
تا ڕووبارەکانم پڕت بکەن لە (ئاو)
پڕت بکەن لە جەنگ.. جەنگی ئاشتەواییەکی بوولێڵ..
ئاشتەوایی خنکاندنی ڕەنگەکانی تەنهایی
تابلۆی ئەوینی دزراوی خۆکوشتن..
هاوڕێ نەزانەکەم.. پەرستۆ
گوریسی عەشقی من کورت نییە کە ناگاتە چێوەی زەینت
ڕێگەم بدە..
ڕێگەم بدە.. تا سکێچێك لە گریانە ملەوەنەکانی ئارایشتێکت بکێشم..
ڕێگەم مەدە کە نەیەمەوە بۆ سەردەمی چاچەقوڵێی زمانگرتنم
تۆ سەهۆڵی خۆنەگرتووی شەوکوێری زستان و قیبلەی گومانی
ڕێگەم بدە.. با تەنیاییت لە مەزاری دێڕێکم مارە بکەم
دەیبەم لەماڵی پێکەنینێکمدا هەڵیدەواسم..
بمگرە وەکوو خوا کە دەمگرێت
بۆ باوێشکدان لە قەراغی نیگارێکت
واز لەم عەشقە بێنە !!
ئاخر ڕووبار نە دیواری تێدایە هەڵتبواسێت بەخۆیەوە..
نە لێویکیشی هەیە بۆ ماچکردنی لای سەری تابووتێکت..
ئا.. خۆ دەریا ئاسمان نییە
کورتەنامەیەکی باران‌و زەنگێکی هەورەتریشقەو
گڤەی کوڵاوی خۆرت پێ ببەخشێت..
منیش (چات)*ی کەلاوە بەهەڵمبووەکانی فیراقی عەزاب نیم
ڕۆژێك دەمبینی بەسەر زەمبیلی دێوەرەیەکەوە
وردورد دەبمە ڕەنگی کلاسی گێلاس..
ئازیزم پەرستۆ گەر ونیشت کردم بمناسەوە..
لە سەرماو سۆڵەی باڵە بچووکەکانم بگە..



بەم باڵە گچکانەوە دەمەوێت بە (خودا) بگەم
ئیدی تۆ کەی بوویت بە کچی تەتەری دەریا؟
دەریا هەرچەندە قوڵ بێت
ناگات بە قوڵیی زامی ئەوینی دەڵەمەی من..
بۆ هەڵواسینی تابلۆی چاوەکانت
گوریسەکەم بگرە با نەبم بە سەهۆڵ
کەس وەکو من خیرەتی فڕێ ناداتە گۆمی بێ شعوری کۆمەڵگایەکەوە
ڕەنگی لیباسەکەی ژێرەوەت دەزانن
وشەی لە دەمدەرنەهاتووت  پێ دەڵێن..
عەشق بە عانەیەك..
ئاخر کەس وەکوو من بەرگەی گزیی تۆفانی نزا بێتامەکانی ناوجوودیی
دیداری عادەتیی ئەڤینت ناگرێت..
تابلۆ بێنازەکە..تۆ لەونی چوارەمی تەبیعەت و من هەنگاوێکی بێ سلاید
من دڵێکی (کۆد) کراو و
تۆ شێوەیەکی خۆڵاوی سیخناخ بە پایز
تۆ هارمۆنییەتی وانەیەکی بزربوون و
من مستێك هەڕەشەی مامۆستا..
من سەرەتای بیرکردنەوەو
تۆ کۆتایی لەبیرکردن..
تۆ نازانیت نا..
تۆ نازانیت بەکەرویشکەی شەپۆلی پیاوەتیمان هەڵتدەلووشین
هەڵتدەقوڕێنین‌و هەرگیز ڕووبارەکان ناگەنەوە ماڵی بیابان !!
دە مەڵێ لەوێندەر.. لەکن (حەمامۆك)ەکەی جاری جاران..
چاوەنواڕی ئەوەتم  دەست بخەیتە سەر چاوەکانم
کە هەرگیز دەست نادەیتەوە لە پەنجەی تەزیوی شەقارشەقارم
چ فیکرێکە بە  دوای ئەدرەسی (با)دا وێڵیت‌و
پشتت لە سێبەری حەقیقەتت کردووەو



لەسەر بۆردی (ئاو) خوێندنەوە بۆ گەڕیدەییم دەکەیت.؟!!
وای.. وای لەو کچانەی سەرمیان جۆگەنمی  کرد
بەناو کەناراوەکانی کچێنیدا پەلکێشیان کردم و
لەو سەری هاوکێشەیەکەوە
کەڕەتی تەفرەدانی خەزان بوومەوە !!
کەڕەتی بۆنی پیاوەتی
بۆنی خۆشۆردنی ئاشبەتاڵ
ئاشبەتاڵی قڵپبوونەوەی ڕەنگ بوومەوە..
کەڕەتی ڕەنگی بوراوەی کەڕەنا
کەڕەنای خەواڵووی مەلابانگدان
مەلابانگدانی شەڕبوومەوە..
کەڕەتی شەڕی وێنەیەکی دی
چاوێکی دی
بیرێکی دی بوومەوە
تابلۆ قەشەنگەکەی دیوی دووەمی (مۆنالیزا)و دڵە واقیعییەکەی من..
چۆن دەتوانی عەیامێك بە شەهوەتی بەستەڵۆکی
قەدەرەوە دووگیان بیت؟
ئەو نازانێت ئاواز چییە و لە نۆتەکانی فڵچە ناگات
بەسە عەسفی خوڕەوگڤەی کۆنسێرتێك دەتگرێت
مەڕۆ.. چونکە گەڕانەوە درزێکی ترە لەسەر شوێنپێی بەفری سەفەر
درزەکانیش هەنگاوێکن.. بەشێکن لە بەرنامەی دوولەتبوون
دوولەتبوونیڕەنگ.. حەقیقەت.. شەهادەت.. نیشتیمان..
هەموو بێئاگاین لەو ڕاستییانەی پەراوێزمان خستوونو
خەبەریشمان لە گرنگیی شووناسی قەفەسینی ڕەنگ هەیە
پەرستۆ لەقەبی حەوتەمی بۆیە
ئەو نیگارکێشەی تۆی بۆ تەنها جارێك خەیاڵ کردبێت..
ویستوویەتی بتکرێتەوە لە گەردوون گەر بۆ فرۆشتنەوەش بێت بە خودا



**ترسی شەکەتی گلۆربوونەوەی زەمەن دەکەم**
**بۆنی یەقینی خیتابی ماسیگرێك دێت**
**بەدیار زەریایەك شەختەوە**
**تۆ سەر ئاوی قەدەر کەوتووی**
**گەر دەستم ناگریت بۆ پەڕینەوەی شەوەکانی بەتەمابوون**
**جارێکی دی مەیەوە..**
**مەیەوە بۆ خاڵی تەنهایی دەستپێکردن**
**مەیەوە بۆ کوژانەوەی ژن لە دێڕی ژیاندا**
**مەیەوە بۆ تەریقکردنەوەی نیشتیمان لە سەر ڕێگای دێ**
**مەیەوە بۆ سوێکردنەوە بەخۆشەی پێستی خۆشەویستی**
**خۆشەویستی مرۆڤایەتی دەوێت..**
**مرۆڤایەتی یانی مانەوەی ئەسەری پاکی**
**یانی سروشت**
**یانی هەڵاوێردی وجوود**
**مۆنتیڤی گوڵ**
**یانی خۆدۆزینەوە**
**گریانی پەپوولە**
**یانی ئاشتبوونەوەی منداڵەکان بە ڕەنگ..**
**مرۆڤایەتی.. یانی عەشق و گەڕانەوە بۆی**
**لە لای لێبوردەیی ئێمە**
**ئێمە کە قەرەجین**
**قەرەجی نیشتمان.**

نەورۆزی ٢٠٠٦ / کەرکوک

*پارچە پەڕۆی کۆن
*گومەزە، کە منداڵان لە خۆڵ دروستیدەکەن بۆ یاریکردن.



# مـاچە هەڵـواسراوەکان

ماچ
بەنرخترین گەوهەری یاخیبووەکان
موگناتیسی شاراوە
شەپۆلی دەریا خەمگرتووەکان
جریوەی ئەستێرەکانی شەوگار
وەك فریشکی ئاوێتەبوونێك
لەلێوی کوتراوی باڵندە نۆشدارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە..
جریوەم دی بە باڵای شەودا
دەرژایە خواری خوارەوەی
ئەو چارشێوەی
سینەی زەوی گوڵزار کردبوو..
نکەنکی بوو
لێزمەی عەشقێکی خەرابات
تەنانەت ژێرکراسی پاییزیشی





تەڕ کردبوو..
تەڕبوون.. گەرمبوون.. شانۆیە
هەموو شتێکە بۆ تێکشکانی لەشکری فەنابوون..
شانۆی ئەو کچانەی خۆیان بەخشی بەخودا
شانۆی شاخە بێئامێزەکان
ماچی سەر لێوی گوڵەکانی بەیانیان..
شانۆی ڤینۆسەکانی وڵاتمە..
ئێرە.. بەڵێ ماچستانە
وڵاتی تینوو.. دوورگەی تینوو.. دەریای تینوو
دوامەنزڵگەو سەنگەری یاد کردنەوەیەکی خەراباتە
لەسەر ئەم لێوانلێوە
تا دوا ئاهی ماچی نامۆبوون
ئارەزوومان پێوە دەنێت
ئێرە بیابانی تینوو
ئاسمانی ماچەباران
مەڵێن کوا عەشق بۆ دیار نییەو بەندە؟
پێدەچێت هەر ئێستا
بەدەم لەدایکبوونی ماچێکەوە وەنەوز بدات
چواردە ماچ
چواردە چرکە
چواردە خولەك
چواردە کاتژمێر
چواردە ڕۆژ
ئێشکگر بێت بۆ لەدایکبوونی نۆبەرەی
نازی ماسییەکی کوێر
لە ئەتڵەسی قەوزەکانی ڕوئیای وەهمدا
لەجێی (گیڤارای عیشق)



کە هەمیشە زیندووە
نەك لەڕۆم
نەك لە یۆنان
لە دڵی ئاوازو ئەو بەهارانەی بوون بەپاییز..
کە عەشق
دیوارە سامناکەکانی خۆشەویستی
وەك بکوژانی (ڤالانتاین)
بەماچدا هەڵواسیوە و
وردوخاشی کردوون
وەك ئاوێنە لێڵەکانی
کوفر..
کوفر..
کوفر..

١٦-٢٢/٢٠٠٥ کەرکوک







# ماڵئاوایی لە (ئاو)

ئـاو گۆڕمە ..
کێلەکانی ژوور سەرم
بەفر و تەرزە..
هەستم قرشێکی نەوسن و
دەریاوانێکی بێعەقڵە
سڵاو.. ئەی دەریا سڵاو..
منت لەبیرە؟
زەمانێك بەسەری پەنجەکانی گوڵەباخ
فلوت و کلارنێتی خوڕەوهاژەتم
دەچڕی..
دەمکردە پەخشانێکی سوور
بۆ جلی ئاهەنگ و سەیرانەکانت؟
منت لەبیرە ئەی دەریا؟!
شەوێك لەسەر بندینی قەڵبەزە پۆشت
سەمام بۆ کردی؟
دووڕۆژیش
هەر خەریکی تێکئاڵان بووم
لەگەڵ ڕەنگی تۆدا؟!
ئەی ( ئـاو)
شەپۆلان نامگەیەننەوە کەنار



ئەی ئاو وەرە !!
بە تورەیی (ڕەشە با)بڵێ بمبات
بەرەو
ڕەبەقترین..
پیرۆزترین..
ترسناکترین..
خەمناکترین..
چاڵی خودا وهەر لەوێ بمسپێرێ..
ئەی (ئـاو)..
ئێرەماڵی پر لە ژیانە
بەکەڵکی من نایە کە هەمیشە دەجەنگم بۆ مەرگ..
مەگەر ڕێبوارێکی بێسەرەو بەرەی وەك تۆفان
لەگەڵ تۆدا بژی..!!
بمبەخشە (ئـاو) گیان
من کوڕی خاکم
گوڵانی هاودەمم وەنەوز دەدەن
هێندە بانگیان کردم
هەناسەمان تێکەڵ بەیەك بوو
(ئـاو) گیان
ماڵئاوا (ئـاو)ی دەستگیرانم
با ماسییەکان زویر نەبن و نەگرین
بە بێدەنگ.. دەچمەوە باوەشی خاکم
چونکە سونەتی کوفرم زۆری ماوە..؟!
ماڵئاوا (ئـاو..)

٢٠٠٥/٥/٤
کـەرکـوك



# وەرزی بێتاقەتی

کاژی مار..
نیشانەی لەدایکبوونی قومارچیەکی منالْبازە
بەدەر لە قاپووتەکەی بەری..
من بۆیە عاشقی پەپوولە بووم..
دەمزانی دڵی نییە تا خراپەو ناشرینییەکانی
پەنجەرە بەڕووی گوڵی ناو ئینجانەکاندا بیتۆرێنێ..
کێ رازییە؟
بە بینینی وێنەی هاودژەکەی لە ئاوێنەی خۆیدا
کێ پەپوولەی دەناسی؟
گەر چەپەڕنەی گوڵەکان نەبووایە بۆ یارە پەشیمانەکانمان..
ئەو.. جیهانێکی هەبوو
بێدەنگی شەرمەزار بە چپەی رۆندەکانی
لێوی من و کلیلی جەللادو تاشەبەردی روومەتی
کەوانی تۆ لە مالێکدا ئۆقرە ناگرن
پچڕاندنی دارلاسیکی خۆشەویستی لە گەڕەکی شووشە سورەکاندا



واتای کوشتنی وەرزی مناڵیمە
دروستکردنی پەرژینی باخچەکان بە کەللەسەری پەپوولە
واتای لەدایکبوونی ئەهریمەنە
بۆیە من لێرەوە سوجدە بۆ شیعری ئەو شاعیرە دادەدەم
چونکە ئەو وتی: «وەرینی هەموو گوڵێ..
هاتنی پاییز نییە»
گوێگرتن لە شەپۆلی تینوێتیو..
تەماشاکردنی رەشبەڵەکی تەرزە باران و..
خانە خوێی ئێوە لە ماڵی میوانی ئێمەدا ملکەچی نییە
بۆ پاکی وتارە بێتامەکانی ئەوان.. بەڵێ
بیر لە کەسی چوارەمی کۆ دەکەمەوە بەر لەوەی
تاکەکان لەدەست بدەین
ئەهریمەنەکان زادەی خراپ جووتبوونی
پەپوولەیە.. درکەکان
لە ناسکی وەرینی گوڵەکانەوە ئەتروکێن
دە باوەشم پیا مەکە
پەپوولەیەکم لە دۆزەخەوە هاتووم بۆنی سەربڕینی وەرزو
بەشداری پرسەی جوانی بکەم
راستی جوانییە
بەڵام هەموو جوانییەك راستی نییەو درۆش زانستێکە
سیاسەتی وشە لەسەر پەتی گومان یەکاڵا دەکاتەوە
منیش هاتووم درۆیەك بکەم
بڵێم: ژیان حەرامە بۆ ئەو دەللاقانەی ناکرێنەوە
بەڕووی تریفەی تەنیایی و
لاولاوی غوربەتدا..
بڵێم: گوشینی دڵی شەقامە رووزەردەکان
کفرە.. بە پیاسەیەکی شەقاوانی من و تۆ



شێر هەمیشەپێچەوانەی خەت دەنوێنێ
وەرە با واز لە خۆمان بێنین..واتا لە درۆ
با ژیان ناشرین کەین.. ئەگەر بەدرۆوە جوانە
وەرە با درۆ لەگەڵ خۆمان بکەین.. لە پێناوی نەزیفنەبوونی ئەم باخچەیەو
لەبارنەچوونی بێدەنگی
بەدەست ئەو پێنکرۆشانەی..
سێوو ئادەمیان زویر کرد
بەسە چیدی گوڵ بە باخەکەوە نەما
ئەم قارە تاکەی؟
تەنافێکمان لە بێدەسەڵاتی هەڵواسی
فەنتازیای کەلەپوری
پەلکەزێڕینەی وشەکانمان پێ دەخنکان
ئاتەشگەی سەرفرازی پڕە لە سێبەری پەیکەری
ونبوونی دۆزەخ
وای.. لەدارێك دەچین
گەڵامان سەر بۆ وەیشوومەی پایزیش نەوی نەکا
جگە لە خۆمان ئاخر گەنیویی عەقڵە لە مێشکی تەپیوی مندا
وا باخچەی ساواکان
پڕ دەکەم لە پیرە پەپوولە..!!
زروانی* تەمتومانی "ژیاو"*ەکانی ئێمەیە
وا لە دووکانێکی لەشفرۆشیدا
ئەشێ لە شەوێکدا
چەند جارێك دەستگیرانەکەی خۆت
وەك جلکە کۆنێك ئەمدیو ئەودیو بکەی
خەیاڵپڵاوی کەنارییەکانە
لە قەپاڵی پشیلە دانکەوتووەکان ڕادەکەن
ئەم چەشنە میکرۆبانە



**ڕەدووی پەپوولە کەوتوون.. وان لە کۆڵان بە کۆڵانی شاری**
**گوێچکەماندا**
**ماڵ.. بە ماڵمان شارەزان**
**بۆیە گوڵ لە پەپوولەکان و**
**ئەوانیش لە سروشت و نیگا بێزارن وای لەم وەرزە تابوتییە..**
**وەرزی تاربوونی عەشقێك**
**بە فیکەفیکی جوانبازێك**
**ئەگینا گەردوون**
**تابلۆیەکی بێ گوناهە لە گەلەری مرۆکاندا**
**ڕقم لەو نیشتمانەشە کە خۆری تیا کوژا**
**بەهۆی یاخیبوونی عەقڵەوە**
**مرۆ گەلێك..**
**وەکو بایسکیل سواری ویژدانیان بوون دۆگماترین**
**بە قاڵبێکن چۆلەکەی بن گوێسە بانەکەی خۆمان**
**بە ڕووتکراوەیی پێ دەفرۆشنەوە**
**ئەم ئاسمانەشین ئەکاتەوە**
**نەك لەبەر ئەوەی بێگەردە**
**بەڵکوو زەوی دەستی ناوەتە بیناقاقای و**
**دەیەوێ باران ڕاوبنێ**
**گەرووی هەورە تریشقە بنووسێنێ**
**چ سەیرێکە خزوی دەم..**
**ناکاو.. ناکاو دەکرێتەوە**
**بەڵام وشەکان دەترسن!**
**دەڵێن: گەمژەیی شاعیرەکانە بەدیار چرای هەڵبەستێکەوە**
**وەسفی پەروینی پەپوولە دەنووسن ئەو پەیڤانە بشکێنە کە نووسراوە**
**پەپوولەیەك ئەهریمەنی دەبێ»**
**تازە بوویەتی.. مەگەر ئێمە بفڕین**



نەك خزانی گۆچانی دەستی پەیامهێنەرێك
ئەم مانشێتە درۆیە..بیسڕنەوە..!!
بەرد چۆن بە ئاو سکی پڕ دەبێت؟
کەی بەبێدەنگی ئاسودە دەبێت؟
قیبلە بەچی ئەتك ئەکرێ؟
ئەگەر وەرزی بێتاقەتی نەبێ..
مرۆڤ هەرچەندە گەورە بێت
عەشق بچووكو زەلیلی دەکات
بەڵام نەمدیوە..
پەپوولە عاشقی ئەهریمەن بێ!!
جگە لە باخچەکەی ئێمە دانەبێت.



# مـەرگ پێـم ڕادەبوێـرێت!!

ئاسمان..
گریا.. گریا.. گریا
بەسەر لاشە پەمەییەکەی وەنەوشدا
گریانێك وەك کۆچی قەرەج..
بەردێك شەقی بردو
شاخ درووستبوو.. بیابان نەما!
سەوزەڵانی ڕاکشا..
ئەجەل گەشتیارێکی مودمینە بە پێکەنین!!
دەیەوێت لە فڕۆکەی زەمەندا..
دەست لەملی مێگەلێکی کەوی بکات..
خەزانیش بە پەڕەشووتی مینگەمینگدا
بەر بداتە نێو
ئەتڵەسێکی پڕ شەپۆلی بێ بەندەر..
دەرگا کرایەوە



کوچەکان پڕ بوون لە تاریکیی شەو !!
شوعلە بزر بوو..
گێژەڵۆکە ماچێکی بەخشی بە ئارامی..
مەرگیش بە زۆر سەمای بە ئارامی دەکرد..
پێوەرەکان بەدووی شەقامێکی نارنجیدا دەگەڕێن..
بۆ ئەوەی دیدارێکی ئەرخەوانی
لەبن پاییزی پرتەقاڵێکی پاڵاسئاسادا
مۆمیا بکەن..
بۆنی خاك
هەر لە ورتەورتی  پیرەژنێك دەچێت
کە چەند شەو لەگەڵ مەرگدا ڕایبواردبێت و
ئیستا تەماشای ئەو پەردە کرچوکاڵانە بکات
کە لەو دیویانەوە
چەندین شەوی سوور  نەشتەر دەکرێن..
مەرگ.. بەڵێ وا هاتووە لەم کەرەبانە پڕ پەنجەرە ئاگرینەدا
تاوێك بە دەمارەساردەکانی بەختەوەریم ڕابوێرێ و
لەگەڵ سەحەردا
بە عەشقێکی دەرزیلەیی
پێش عەرشی عەزیم  زیندووومان بکاتەوە

٢٠٠٦/٥/٣٠ کەرکوك:
شەوێکی خنکاوی دووشەممە.



# شـەیتان و باڵی با

ئەژدیهاو هەناسەکانی..
پیاسەیان بە ڕۆحی هێلکەشەیتانۆکەکان دەکرد..
منیش نوکتەی بیابانم بۆ تەڕیی باران دەگێڕایەوە
ئاسمان بزەی هاتێ
سەرەمان بۆ مەراقی لاشەیەك
لە توڕدانی هەوەسبازی گرتبوو..
گۆچان سیحری بۆ مەرگی پاڕانەوەی
ڕەنگەکان دەکرد..
هەورەکە قاقایەکی لێ دا
دانە سپییەکانی ئاسمان
لەپڕ بریسکەیەکیان گرتە چاو
خۆم دایە پاڵ سێبەری خەمێك
بیرم لەشەیتان دەکردەوە
چۆن ئەو هەموو ساڵە لە دۆزەخدا دەژی؟!
ئەوەتا ئێمە هێندەی هەناسەیەکی ئەو ناژێین
هەزارویەك تف دەگرینە ئەو زنجیرەی
تاڵە قژێکی جاویدانی پێوە بەستراوە



دووکەڵ لەسەرم بەرز دەبوویەوە
دوو باڵم لێ ڕوا..
تاشەڕەنگێزترین پرسیارم لێ دەرچێت‌و
خۆم لە پێناسە ون بکەم..
هەمیشەش بیر لەشکاندنی دەلاقەکانی
بێوەڵامی‌و بێئومێدی بکەمەوە..
ئەوەیە دەستلێدانی شەیتان
لە کرانەوەی پەنجەرەکانی پێکەنین بەڕووی (با)داو
کۆبوونەوەی رۆحی هێما ترسنۆکەکانی
نێو سندوقێکی مێشکم..
وەرە ئەی لوسترین ترس
زبرترین پێکەنین لەسەری پەنجەکانمدا
هەڵوەریوە.. ئاگر هەر ئاگرە
جا نەوەی شەیتان نەوتی پیادا کردبێت
یان پەڕەسێلکەیەکی خاوەن ئیمپراتۆرییەتی
تەمبەڵی پێمان بڵێت..
چۆن باڵەکانمان تامی هەورو بۆنی
(با) دەکەن!
ئەی خۆشترین گوناه
ئۆزۆن کون بووە
بە کەس ناخرێتەوە دەمیەك
مەگەر هەمووی بدڕێت
درۆیە.. ئەم باڵانەش درۆن
ئەگینا هەرگیز باڵەکانی ئێمە
بەجووت نافڕن
مەگەر بەمردوویی..
وەکوو نەیزەکی خنکاو لە تەختەڕەشی شەودا



شەیتان لە ماڵمانە
بەهێزترین پێناسەمان هەموو وشەکانی ئاوییەو
بەس لەتاراوگەدا سیحر دەکەین..
وەرن سەیر بکەن
خەنەی قووڵترین مەرگم بۆ مەعشوقە
ناسکەکەم گرتووەتەوە
تیایدا نووسراوە:
جا چییە با بکەویتە دەریایەک ئاوەوە
خۆتۆ بەقومێك دەخنكێی!
با لە ئاسمانێكدا بفڕیت هەمووی ئاواز بێت
خۆ دەستگیرانی تۆ توانای باڵەفڕەیشی نەماوە
تا لەرەنگەکان گۆرانی ژیان بهۆنێتەوە
با ببییە کیمیاگەر
گەر نەتوانی توخمێك لەنەفامی بدۆزییەوە
ئیدی چی؟!
یان نەتوانی دەرگاوانی (با) یەکڕازی بکەیت
بە ئاشکراکردنی شوێنی لەدیکبوونی..
ژیان وەك منو تۆ وایە
یەکێك ئاو.. ئەوی دی ئاگر
هەی شەنگە بێریە بێوەفاکە
کەم گوڵی سوورم بە دیاری بۆهێنایت؟!
خوێنی ئاو بەمن دەدرێت؟
ڕمی قەدەر بگرمە کێ؟
ئەی وادەزانی لەپەڕینەوەی غوربەت دەترسم..
جا ئەم باڵانەم بۆ چییە
غوڵام هەر پێت دەگەم
با عاشقترین چەمکی لەززەت



ئاوزنگی خۆی لێ بدات
یا من (پێ)بم‌و تۆ(باڵ)
ئای له (دۆزەخ)ی من‌و (بەهەشت)ی تۆ
(سپێتی)ی تۆو (رەشێتی)ی من
(بیابان)ی من‌و (باران)ی تۆ
(بەهار)ی تۆو (پایز)ی من
(بچووکی)ی من‌و (گەورەیی) تۆ
(ئامۆژگاری)ی تۆو (گوێگر)ی من
(مەحکوم)یی من‌و (حاکم)یی تۆ
ئەی حەکیم..
ئەم دەستورە دائیمییە کەی هەڵدەوەشێتەوە؟!
دەبێ رۆژێك ئەم فەلسەفەیە بەدی بهێنم
:»خۆر دەبێت بەئاو و ئاویش بەخۆڵ..
هیچ بوونەوەرێك ناتوانێك بستێك زەوی داگیر بکات.. رزگار بکات..
مەگەر بە پچڕاندنی خزوی کڵمدراوی
تاریکی و شکاندنی قفڵی دەرگای بێدەنگی پرسیار«..
ئەگینا باڵەکانی (با) نامانفڕێنن
لەم باخچە بەربڵاوەدا
گەر من‌و دڵدارەکەم سێوێك نەدزین
گەر سەرکەشیی نەنوێنین
باڵەکانمان نادەن لە شەقەی خەم‌و ژان
لەم باخەدا دەمانگرن..
باڕابکەین ئەی (با)
ئەگینا تۆش دیل دەکرێیت
وەرە وەك شەیتان ڕابکە.. ڕابکە لەززەت لێرەیە!!

٢٠٠٥/١١/٢٣



# پیاسەیەك لەگەڵ باوكمدا

پێنووسی شکستی باوکم..
وەك شۆڕەبی لەسەر تەوێڵی پڕ (گۆتاوەڕۆ)م دەلەرزێت
دەیەوێ چاوی کتێب و جەستەیەکی هەڵوەشاو لە گۆڕ نێت..
خەریکە هێرش بۆ (خرتۆڵی) هەناسەم دەهێنێت
شەوم دەکات بە رۆژە گەمژەکانی تەوەزەلیم..
رۆژیشم شەوە
تف لە چەتاوەرویی ئەو (چیل)ە دەکەم
کە چەند بێبەزەییانە
لێوی (چێرەی) قەتماغبەستووی باوکم دەلێسێتەوە..
لەم گۆڕەپانە چوار گۆڵیەدا
ئێمە چارەنووسێکمان هەیە بەبێ سنوور..
وەنەوز دەدات
ئەو لایلایەی بۆ دەکات من توورەی دەکەم..



من چەلەنگی خۆمی پێشکەش دەکەم
ئەورۆحم ئاوەژوو دەکات..
کەچی لە یەك باخی عەدەندا..
دەبینە لالەو نەسرینو نێرگزو گوڵەجاڕی..
دەم ئەم زێیە
هەردووکمان خۆمان پێ حەرامە
ئاوازێك نەما.. هەڵبەستێك نەما
دەیان جوانووی هەراشی دەربەندی درۆی پێ خەفە نەکەین
باوکم هەرچەندە جووتیارێکی باش نەبوو
زوڕنایەکی باشی بۆ بەجێهێڵاوین
ڕۆژێ من لەناوەڕاستەوە فوی پێدا دەکەم !!
ڕۆژێ ئەو لە هەردوو سەرەوە
ڕووباری تیا قەڵس دەکات..
دەریا بەردێکی بەدەستەوەیە
ئەیەوێ ئەو زوڕنا کۆنە بشکێنێت
سروودەکانیشمان ئازاد دەکات
بەڵام خۆر ئەو زوڕنایەی خۆش دەوێت
لە باخەڵی شاخدا شیری داوەتێ
نایەڵێ هەروا بە ئاسانی
ئەستێرەیەکی بێ ورشەی ئاسمانی خاڵی
بەگرەوێك ئەم میوان دارییەی باران بباتەوە
بێگومان منو براکەم
وەکو باوکی ڕاستگۆمان
بەم زوڕنایە بانگ دەدەین و
شاییەکەش گەرم دەکەین !!
کەچی دڵنیاشم
ئێمە واز لە درۆ بریسکەدارەکانی دارستان ناهێنین



بەڵام دەڕۆین‌و
گۆرانییەكانی (دۆنكیشۆت)ی باخەكەمان
هەرچەندە (ئارافتە)یە
بەڵام لێرە زەمەنی پێڕاو دەكرێت..
(ئارهان)و (ئاخباران)ی ئەم دەڤەری سڕبوونە
هەر دەمێنن
ئەم زوڕنا (ئاتە شپارەیە)ش هەر كۆڵ نادات
چەندین شایی بەبێ دەهۆڵ بەڕێ كردووە
لەسەر ریتمی پیاسە كۆنەكەی باوكمان
بەسەر هەمان شەقامدا ئاژاژك دەدات..
لە خەویدا گۆرانیی بۆ دەستگیرانە ماندووەكەی
خۆی دەڵێت..
لەم ئاهەنگەشدا
من‌و كاكم لەسەر چۆپی تا گاوانی.
هەر خۆمان هەڵدەپەڕین..!!!!

٢٠٠٥/٥/١٢ كەركوك پ
ێنجشەممەی بێهیوابوونێك لە نیشتیمان



# چاوەڕوانیی
# یانی تەرمینالّی تەرم

بەیانییەو جریوەی هیچ تەیرێك
خەبەرێکی نوێی بۆ ژیانێکی نوێی ئەم دەڤەرە پێ نییە..
ئەگەر هاتی لەنێو بێستانە زەردهەڵگەڕاوەکانی
ئەم قەراغ شارەدا خۆتم پێ مەناسێنە..
قەلەباچکە نابووتەکانی ئەم سەحەرە هەر خۆیانن
داهۆڵەکان.. کۆمەڵێك پەپوولەی بێحەوسەڵە
پێڵووی چاوەکانم ختووکەی کۆچ دەدەن..
هەست دەکەم لەنێو پەنجە شینەکانتدا
قژەکەم لە تەرمە گەڵای سەر ئاوێك دەچێت
کەبەرەو مەلەکوتێکی نا وجوودیی پەلکێشم دەکەن
لەسەر چیمەنێکی سەوزی کاڵی خەیاڵیی ڕادەکشێمو
خەون بە ئەلبوومێکی نوێی ئەم نیشتیمانەوە دەبینم
کەپڕە لەژیان
پڕە لەئاسوودەگی گەورەنەبوون..
پڕپڕە لە لێبوردەیی گوڵی گوێچکە فیل
بۆ تیشکە هەراسانەکانی بەغیلی هەتاوو
وێنەکانی هاوڕێیەتیی عەدەنیان پێیەو



مۆژدەی زیندووکردنەوەی
ئەو هەموو جەستە ڕزاوەی عاشقان دەدات
کە بەدووی گەمەی ڕووناکی
فانۆسی دەستی جادووگەرێکەوە ون بوون..
ونبوون و بۆ هەمیشە ئەوین لێرە باری..
بۆ قیامەت گوڵەبەڕۆژەکان بەشەو هاتنە دەرەوە تا ناکۆتا تەمەن..
شەمشەمەکوێرە لەبەرهەتاو هەڵکورما!!
تۆ دێیتو من خەون دەبینم خەون بە گەڕانەوەی تۆوە
تۆ بیرت لە هاتن نەکردووەتەوەو
دڵی منو پێڵوی هەنارو فەرشی سپی ڕچاوی غەمگینی دەریا
پێکەوە شەق دەبەن ئەی نوێ
نوێترین ئەوینی ئێمە
دەربازمان بکە لەهەڵنەهاتنی خۆر
لەبەیانیانی تەنیای کفندرووەکان
هەمووان لەپێناوی مانەوەدا مەترسییەکان دروێنە دەکەین
چۆلەکە دەرباز بکە
ئەو بۆمانەوەییەك وەرز مێشکمان پڕدەکات لەجریوە
ئێمە ناتوانین چەند گاڤێك یەقینی بۆ حاسڵ بکەین
گوڵ بۆمانەوە دەوەرێتو
باخەوان بۆ مانەوە ڕقی لە گۆڕانە جەمسەرییەکانی زەمینەو
زەردەواڵە بۆ نەفەوتانە حەکیمانە پێوەمان دەدات
قوربانی بۆ ژیان هەڵدێتو جەللاد لە بۆمانەوە دەمانکوژێت
دەربازیان بکە..
ئەم مەخلوقاتە نەفەسکورتانە دەرباز بکە
تۆ جەستەی من لە ژووی تەنگەبەری زیندانی
کام بیرکردنەوەتدا یەخسیر دەکەیت
کەخەیاڵم بە دیار دنیاوە تێفکریوە؟!



ناسکتر لە کوڵمەی پەمەیی کانییەك
کە لەگریانی سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە
تەبیعەتت دەچێتەوە سەر وەحشەتی خەم
بەبێ ئەوەی نیازی تۆڵەسەندنەوەمان بۆ باس بکەیت
خوێنبایی کوشتنەکەمان دەخوێنیتەوە
کە بڕیارە لە نیوەشەودا بێیت
گازندە دەکەم کە لەکەشتییەکدا بمپەڕێنیتەوە
جەللاد ئیفتیتاحیی کردبێت
دەمەوێت تۆبێیت ئەی ژیانێکی نوێ
قاچەکانم لە قوڕی ئەم نیشتیمانەدا چەقیوە
دەنگم پایزەو مجێوری وەرینە..
وەرەو لێرە فێری ئایەتێکی نوێم بکە
لە خۆمدا من بدۆزەرەوە
تۆ ناتوانی من بکەی بەخۆت
وەرە دەرگاکانم گشت لەسەرپشتن
ئەوە عەقڵم کوێراییەتی
کە لووتی بەپشتەملی لەمپەرە بێهودەکاندا دەتەقێت
وەرە دوو قسە لەژیاندا بکەو
دڵی ئێمە جوان بخوسێنە لە بێدەنگیدا
ئەی نوێ.. نوێتر لە ئێستا وەرە..

٢٠٠٨/١/٢١





# دڵنیا بن کچەکانی دونیا
# دڵنیا بن شەیتانەکان

**CV کوڕێك بەر لەوەی لەدۆزەخی کچێکەوە بچێت بۆ دۆزەخی خودا**

**«بارڕبی مارمێلکەیەکەو پێی گرتووە**
**ئەمە ناکاتە ئەوەی من گەمژەم**
**ستایشی ئێواران دەکەم**
**سڕی قالۆنچە کچی بۆ هەڵمالێم..**
**ئەمە بیرکردنەوەیەکی خراپ نەبوو**
**بۆ غوسڵدەرکردن لە دڵداری حەشەراتەکان**
**تاق تاق**
**تاق تاق**



دەنگی  قاپقاپەی سۆزانییەك لە گوێمدا
چوون تەقینەوەی نامە نارنجییە نارنجۆکییەکان وەڕسی وەدڵ دەبەخشن..
سوپاس بۆ ناشوێنی ناشتن
سیرسکە کچ مەرحەبا
تەمومژ بەخێر..
جەهەنم ئاوا بۆگاڤێك خاڵی لەبێدەربەستی کچەکان»..
هەموو کچەکان
کچە جوانەکان
کچە زۆر عەیارەکان
شەیداییتان بۆ پیاسەیەك لەگەڵ خەیاڵی منیشدا
پووچییەکە وەك ژیان
نەزیفبوونێکە لە خوێنی شەیتاندا دەتانگەوزێنێت
ڕامانێکە هەستەوەرەکانتان بەدەم بای خەواڵووی زەردەپەڕێکەوە
تەسلیم دەبن..
حوکمێکە هەر خۆتان تێیدا تاوانبار دەردەچن‌و
ئێوە دەبن بە زیندانی‌و دڵی منیش زیندان..
دڵی من زەریایەکە لەگەنین‌و حەژمەتەکانی
خاڵیبوونەوەی شەهوەتی پووچ..
هەڵدەوەرم‌و کچێك ماچ ناکەم
دەبم بە خوێڕیترین باڵندەو فڕین ناناسم
نیگایەك بۆ کیژۆڵەیەکی گزنگ بەهەدەر نادەم
نا.. کچەکان
کچە زۆر ناشرینەکان
ئەوانەی دەفتەری پێڵووی ئەوینتان پڕە لەزیندەخەو لەگەڵ مندا..
پڕە لەشەیتانییبوون
لەباوەشی خوێناوی کەسێکدا کە لەخەمی زەرنەقوتەیەکدا وشك هەڵگەڕا
مەلەقتان دێت لە حەسوودیی ئارەزووە گڵاوەکانی من



ئەو ئارەزووانەی بۆنی ئێوە
هەرەسی کرد بە سیمبوڵی‌و
گەمژەیی وەك ویقاری فەلەکناسەکانی دۆڕانێك تەماشا دەکرد..
با هەموو کچەکان
کچە ناسك‌و زۆر شیکەکان دڵنیا بن
گەمەیەکی نوێم پێیە
ئیدی چیتان بۆ بهێنم
بارانێك زووخاو خۆشی بوێت؟
قوڕو لیتەیەکتان لە شیری مەمکەکانی خۆتان بۆ دروست دەکەم
تێیدا بخنکێن
دنیایەکتان بۆ بینا دەکەم
من تێیدا نەبم
من خەیاڵێك بم‌و لەخەویشدا نزیکبوونەوەم مەحاڵێك بێت
مەمکتان پڕ دەکەم لە (tnt)و لەشێوەی بۆمبە چێنراوەکاندا دەیتەقێنمەوە..
لێوتان وەك پشتوێنێکی بەمینچێنراو
لەهەناسەم دەئاڵێنم‌و خۆم نایەم بەلاتاندا
ئێوە پێم دەڵێن:"ئەی شەو پەڕە شیکەکە تۆ دەتوانی
لەیەك ڕێگاوە بەدووی بەختەوەریدا بگەڕێیت
لەئێمەوە..
لە کچەکانەوە ئومێد بدوێنە»..
من دەڵێم:"هەمووڕێگاکان تاقی دەکەمەوە
ئەو ڕێگایانەی بۆنی ئێوەی (٧٠) سەعات لێوە دوورە..
لەسەرەڕێی جەللادەکاندا خۆم دەکەم بەپرد
بەو مەرجەی بەختەوەری لەئێوەیاخی بێت»..
پەپوولەیەك پێم دەڵێت: بمسپێرە بە ڕووکەشی
گوڵان ئێستا ماڵیان وا لە گەڕەکی ئینجانەی
سەر لێوی بەلەکۆنە هەتیوبازەکانە..





من دەڵێم: ئەوان جوانترن کەئێمە بۆ کچەکان
کچە فێڵباز و دڵبەرەکان، ملیان هەڵناکێشین
دەڵێم: گەورەم پەپوولە.. تۆ چەند فرسەخێك ببڕە بۆ ماچی گوڵ
تۆ بمرەو تەنها بۆنی یەك گوڵ بکە
تۆ لەوە ناسکتر مەبەوەو باگوڵەکان لە چەمۆڵەی کچەکان
کچە شۆخو کیوبیدەکان دەرباز بکەین..
منیش یەخسیرێکم لە سێبەری وەریوی گوڵی نێو پەنجەی ژەنگاویی
کچە سۆزانییەکانی ئەم شارەدا
ئەوین موعتادم دەکات
وەك ئەوەی کچەکان دڵمیان لەنێو
لێوە تەزیوو کەزیبە بزماریو خەوی سەر مەمکە چەرپای
خەزەڵوەرێدا کرۆشت
تاعون لێم دەداتو سستەرەکانی بیماراستان
دڵم بەدەرزی ئەوعیشقە نەخۆشەیان
ئاژن ئاژن دەکەن..
فگور دەبمو پەڕەی شیعرەکانم چوون پارچە پەڕۆیەك
لەسەر شوێنڕاگوزەری سۆزانیخانەکاندا ڕادەخەم
کچەکان پێ دەنێن بە هەڵبەستەکانمداو
(مەمکلغ)ەکانیان دەئاژوونە سەر پەڕەکەو
لیباسە ئاگرینو خوێنلێبڕاوەکانیان دەکەن بەخێرێ پێم..
ئاواز بۆگۆرانی سەفەرێك داپین دەکەم
بەرەو میهرەجانی بیابان بچێتەوە
کچە شەوگەردەکان لەنێو دەنکە لمێکدا دەمخوێننەوە
لەژێر گوڵە هەنجیرێکی دڕکاویدا شەوێکم بۆ دروست دەکەن
ئالتر بێت لەناشتنی تەرمی وەفا
نەخشینتر بڕوانێتە کەڵەگەتی ئەو خیانەتانەی بە(با)دا پۆستیان کرد
جرجە کچەکان فیلتەرێك لە زەینم دەدەن



تەلیسمەکانی پاڕانەوە لە چاومدا هەوار هەڵبدات
ئاە لە کچەکان..
کچە زۆربڵێو منجڕ و کاتبەفیڕۆ دەرەکان
گەشتەکانتان دەستپێبکەنو کۆتایی بە مەکری کوشتندەی
چاوە بزۆکەکانتان بێنن
گەشتێك بکەن بۆ خۆرئاوای ویژادنو
پرسەی دڵشکانی کوڕەکان بەسەر بکەنەوە
لەهجەیەکی نوێ بۆ پاکبوونەوەی تەرمەکانتان
لەشەهوەتی پیاوەتی لەکاژی درەختەکانی فڕین بەشەرابدا هەڵبکۆڵن
مەرحەبایەکی راستگۆیی لەخەودا بکەنو
دۆستایەتی دۆڕانتان دەنگی منداڵی بیرهێنامەوە
کچەکان.. کچە زۆر شەیتانەکان
ئەو کچانەی لە خۆم تەرەم دەکەن..

٢٠٠٨/٣/٣ کەرکوك





# بێساڵی

ئاوڕ مەدەوە..
زەمان کاتژمێرێکە بە دەستی هەموو کەسێك ناکات
ئەی ڕەشتر لە مەخلوقەکانی سەردەمی کۆنکریتی وشەو
تەمەڵتر لە میوانی جەنگەڵەکانی دامەزرێنەری خوێن هەڵکشان..
تەرمێك بدە بەشانتاو ئاوڕ مەدەوە..
تەمەنێك بنێ چاڵی ساڵەوەو ئاوڕ مەدەوە..
گوزگییەك بشکێنەو ئاوڕ مەدەوە
خۆشەویستییەك بنێژەو ئاوڕ مەدەوە
مناڵی بخەوێنەو ئاوڕ مەدەوە
باران بخنکێنەو ئاوڕ مەدەوە
(ئاوڕ)ێك بتۆرێنەو ئاوڕ مەدەوە
ئومێدێك نییە ئاییندەمان کامەرانییەکی ڕەزاگران پیشان بات..
ڕووناکی ون مەکە
ساڵنامەو
جەژنانەو تەورنامەو



باویشکنامەو
ڕۆژگارو کاتژمێرە خەوتووەکەت هەڵگرەو بڕۆ..
لەم گوزەرە بێساڵییە.. ئەی (پەپولە) خۆ تۆ دەزانی بێساڵییە
خۆ تۆ ساڵ ناناسی..
چەند شادومانی ئەی پەپوولە ساڵ ناناسی
بۆ دێیتە باخچەکانی وەرینەوە؟
بۆ دێیتە دڵی کرمەژنەی مجێورەوە؟
بۆ دێیتە پیاسەکانی سەری ساڵی سەهۆڵەوە؟
بۆ دێیتە ناو وێنەی یادگارییەکانی بیابانەوە؟
بۆ..؟
ئاخر خۆش نییە (ئاو) وەڵامی ماسی نەداتەوە..
هەنارێك گوێ لە زەنگیانە نەگرێت..
بۆ.. پاییز لە گەڵای زەردی مردن نەچێت..؟!!
بۆ.. بۆ ماچ لەیادگاری شەوێکی تاڵی تۆ، قێز بکاتەوە ئەی ساڵ.؟
بڕۆ.. مەیەوە
پەنجەرەیەك یەخەم ڕادەوەشێنێتو
چاوم تاریکییەکەی ئەو دیو کوشتنی زات هەست پێدەکات
کە ژیان لای پەنجەرەکان نەماوە
پێویستە گوڵەکان بە زویر بوون لە خۆر و
پەنجەرەش بەداخستن لە (لاولاو)ی ڤایرۆسی
هەڵبزرکانی بێدەنگی سزا بدەین..
ئەوان ڕێیان پێ گرتم.. ئەگەرنا (با) پۆلیسمانەکان
پرچی تریفەیان کردبووە تەناف و ساڵیان ئەدایە بەر خۆر..
لەگەڵ دارتەلی کارەباکانیشدا بەدەم (ملە تاتکێ)وە
دڵدارییان دەکرد..



دووڕوویی ئاڵای سەر وێستگەکانی نائومێدیش نەبووایە
کۆترە باریکەیەکی بێهیوا  سیخوڕی بۆ (بابانوئێل) دەکرد..
کێ وەك من هەناسەی سیخناخ و
کۆکتێلی هاوڕێیەتی و
گوێلی بەختەوەری و
(دڵگەش)یی ناهەمواری بن دڕکو
گەشبینی لە قومارخانەکانی ساڵدا دۆڕاندووە بە مەخسەرەیی سەراب؟
لەم خاڵە خەجاڵەتەوە دەستپێدەکات ژیان..
منیش وای دەبینم
ساڵم لێ ون دەبێت..
کەس نییە بەدوایدا دۆزە دۆزە بکات
عیشقم لێ دەکەوێت..
پەڕەسێلکەیەك شوێنەکەیم بۆ ئاشکرا ناکات
یادەوەریم قلْپ دەبێتەوە..
پرتەقاڵێك خۆی ناگوشێت  تا لیمۆیەك بۆی بگرێت
ڕۆژێك وەسیەت بۆ ساڵێکم دەنووسێتەوە..
هەفتەیەك ئامۆژگاری مانگی ئەخیری زەیستانیم بەساڵێکی تازەوە دەکات
قەلافەتی پەپولە حەیران  بۆ ساتێك مەستبوونی باخچە دەڵێت:
ئەم ساڵ (بێساڵییە)
لەقلەقێك وای جاڕ دا..
ژنێك وای بە کچەکەی وت: کە ئەم ساڵ وەرزی دڵداری نییە و
ساڵی (شوو) پێڕانەگەیشت.. !
تابووتێك ئەمەی چرپاند بە گوێی تەرمی شەهیدێکدا ئەمساڵ (بێساڵییە)
جۆلانەیەك لە شاری یاری بەمنداڵێکی وت:“کوڕم مەفرە“ (بێساڵییە)..
سەدەفێك بە قرخەقرخی دەریاوە وای وت:



(ئەم نائومێدییەی کەنار بێساڵی پێوەیە).!
گلۆپێك لە نیوەشەودا بەدەم خەوەوە هاواری بەسەر
شۆستەیەکی بووراوەدا دەکرد (سەری ساڵ نابینم، دەشکێم!.)
تەلەبەیەك لە مەسجێکدا بۆڕەحلەکەی (ئەمساڵمان لێ ناچێتە سەر،
هەموو دەمت پڕ دەکەم لە قۆپییە بۆ (سەری ساڵ)
گۆرانییەك لە پیریی تووڕە دەبێت
ئەم جوێنانەی لەدڵی بارانەوە پێتدەڵێت:" تف لە ساڵ
وا گەیاندوونی بەم خەراباتە»..
من سەهۆڵێکم پێم بڵێن (ئاو) ناگەمە سەری ساڵ دەتوێمەوە..
عارەقێکم، تا بمێنمەوە ترشاوترو کەفتەکار تر دەبم..
بێساڵیە ئەزیزم..
ئیتر بیر لە (کریسمس) مەکەوە
نا.. بۆ لەمەودوا نابێت بچینە دەرەوە..
قولانجێکمان نابێت بۆیارییە ئاگرینەکان
خولەکێکمان نامێنێت بۆ تەماشاکردنی مانگ لە ئاوێنەی کانی
ئای چ ڕۆژێکی سەختە!
ناتوانین (بابا نوئێل) ببینین؟
چاوەڕێی دارسنەوبەریرۆحی بەیامهێنەرێك ناکەین
خۆی بکات بە ماڵداو ئاشتمان بکاتەوە
سەرهەنگێکی مڕومۆچ.. راهیبێکی مەست.. سەرکردەیەکی حەوسەر
دەبن بە (با بانوئێل)
هەر لە ئێستاوە فێڵ لە منداڵەکانمان دەکەن
ئەم ساڵە شەرمنانەی من هەر ڕۆژێك بێت تەسلیم بە مێژوو دەبن..
ژیان بەشی شەوێکی پێ نەماوە.. تا من پیاسەکانم بەو سەرمایە بفرۆشم
بە جادە پڕ لە ئینتیزارەکان..



ئێمە بەوڕۆژە ڕووناکانەی لای تارماییەکان بارمتەن
ناتوانین، لەسەر کێلی گۆڕەکان بنووسین: ژیان مرد..
ئێمە ناتوانین بە ڕێکەوت گوڵەکانی( باپیرە) ئاو بدەین..
وا من بووم بە قوتبی نائومێدی  لەم زەمهەریری عیشقەدا
بووم بە پەیکەر..
بووم بە شەپۆل و نەگەیشتم بە کەنار
بووم بە کرێوە..
بووم بە (سیمپارە)و ساڵێکی ژەنگاویم خاوێن نەکردەوە..
چەند نا بەختەوەرە ئێستا
ئەو سەوڵەی قیافەتی لە ئەستوورایی ئاوی ئەویندا
تووشی فەقەراتی پەژارەی بەلەمەکان هاتووە..
چەند مولحیدە  ئەو ساڵەی بیەوێت
گەردنئازادی لە گوناهی وەرزە هەڵدێرەکان بکات
وەرز چەند کافرە
بیەوێت  بەتەوقەیەك ئەستێرەیەکی پەراش پەراش
بخاتە حوکمی نیگایەك
لە پەڕانەوەوە بۆ مانگ..
هەفتە و ڕۆژەکان ڕەجم دەکرێن،
ئەگەر بەیەکەوە تەماشای کاتژمێرەکانی دەستی پەڕینەوە لە (سزا) بکەن
ژیان وەك جاران نەماوە
ئێستا لە خۆی بایی بووە..
نارەحەتە بەو گوڵانەی کلێتەی بەفری کارەسات لەسەر لا دەبەن
ژیان خۆی پێی وتم کە: نا بەختیارە بەو ڕوانینانەی
لە هەورە ئەسکڵێیەکانی خەیاڵی ماشوبرنجی ئاسۆیەکی گەردوونەوە
(بۆران)ەکان پەست دەکەن



**ئەی (با).. لە سەفەرکردنی گوڵ و**
**ڕاکەڕاکی باخچە توڕە مەبە بەدواتەوە..**
**ئەوان لەترسی (کات)ەکان.. (مەکان)ەکان جێگۆڕکێ دەکەن**
**گوڵ چەند پاك و سەلارە کە ساڵەکان نابینێت**
**چەند خۆشگوزەرانە گوڵ لەوڕووەوەی  لای ئەو (ساڵ) بوونی نییە..**
**ئەو دەردی کریسمس ناکێشێت**
**نازی ڕێحانە چارەڕەشەکان نادات..**
**گوڵ نازانێت ناخی ئێکسپایەری شەوبۆیەك**
**بۆ پیربوونی مەینەتی پاییزێك بدزێت**
**ئەو کاڵفامە بیر لە زۆر شت ناکاتەوە..**
**وەك باخەوان و باخچە لەسەری ڕێك کەوتوون..**
**ئەو دەچێتە ماڵی بوراقی مستەبەستووەکانی ئیرەیی و**
**میوانی ڕەشتاڵەیی دڵڕەقی ئیفلاسی دیلێك بە دادی توانەوە دەبێت**
**گلەیی مەکە.. ئەمساڵ ناتوانم کارتی پیرۆزبایی**
**وەرینی گەڵاکانت بۆ بنێرم**
**نەناسێك هەر لەخۆیەوە پێی وتم:“**
**ناشرینترین سەپانی دنیای (بەتاڵ)یی، بمرە جوانتری»..**
**ڕاهیبێك لە بەینی دەرگای دێرەکەیەوە ئێلنجی**
**هیمۆگلۆبینی ئیمانەکەی دەدات**
**ئەی ساڵ.. تۆمان پێوە نایەت حەسودتر لە (ئاو)..**
**ڕاوکەرێك دەیەوێت بە (خوێندن) ڕاوم بکات و بانگم دەکات..**
**نێچیرەکان بزەیان هاتێ  هەموو ڕۆیشتین..**
**ئەو دەیوت: بارووەدەکان بخەینە مێشکمانەوە، فیشەکەکان**
**لەسەر زارمان قاو نەدەین، تا ئاوس بوونی گوللە..**
**کاژمێرەکان (١٢) یان تێدا نەماوە..**



(١٢)ی ڕێك ڕەدوو کەوتووە
ڕەدووی بیرەوەری..
بیرەوەری ئێمە دەژێنێت
بیرەوەری.. بەلەسەو منجڕمان دەکات..
بیرەوەری  ئاییندەمان لێ دەشارێتەوە
بیرەوەری ئێمە، (داخ)مان دەکات..
بیرەوەری لە دەریادا دەمانفرۆشێت
ئەو کاتە دەمانفرۆشێت
کە کەشتییەکان نایەنەوە بۆ گوزەرکردن بە تەراتێنی دەریادا
(با)یەکانیش بێکەسترین دەستەواژەی ناو دێڕەکانی (ئاو)ن..
لە دەریا بێساڵییە و هەڵکشانەکانیش ڕوو نادەن
لە ڕەگەزنامە بێساڵییەو کەس لەدایك نابێت
لای غەریبان بێساڵییەو نا (ئاگا)ن لەوەی گۆڕستان کۆدەکانی کەشفەو
نیشتیمان قفڵێکی ژەنگاوییە وەکوو سەرم..
باوەڕم بە داهۆڵەکان نەماوە.. گەر فێڵ لە دزیکردنی خۆشمان نەکەن..
باوەڕم بە جەنگاوەرانی ڕێی (پاکی) نەماوە
گەر نەسەبی خۆیان لە تاقیگەکانی پرسیاردا نەشۆنەوە..
باوەڕم بە گۆڕهەڵکەنەکان هەیە..
ئەو درەختانەی لە گۆڕستاندا بژین
ناتوانن زیندەگی بەدەست بێنن..
باوەڕم بە دارگوێز نەماوە ڕۆژێك ببێتەوە بە نیشتیمانی (سمۆرە)
یان کوڕێکی ببێت بە دارهەلوك..
پەنجەکانی کچێنی ببێتەوە بە شوڵەکەی دەستی (مامۆستا کەریم) و
ببێتەوە بە تەختەشۆر و بەرگی ساڵ لەبەر بکات
ساڵی من رای گرتووم.. لە وێستگەیەکدا ڕای گرتووم



دەیەوێت کۆتایی بە بەربوونەوەی ئاورنگی پلیکانەکانی گەڵا بێنێت..
پێش ئەوەی بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێم
دەبێت هەوڵ بۆ (ژیان) بدەم..!!
ژیان سەری هارووماری تێدایە.. وەرە با بژین خۆمان بەختەوەر دەبین
ئاە لە مووردمینبوونی دڵم.. لەسەر خواستنی قودرەت
لە سووریی ڕوومەتی کورسییەك
بۆ پشوودان..
بەختەوەر بە.. ئەو کاتەی ئازارەکان هی خۆتن  هی مرۆڤایەتین..
هی پەنجەرەی ئاسمانن کە وەك فارگۆنی ڕزیو دۆشداماون..
تەوەزەلی دیوار.. بەدمەستی دەرگا..
لەبیریان چووەتەوە ئێمە پێچەوانەی ئاڕاستەکان دڵەکوتێمانەو
ویژدانی ساڵ وایە:
چکلێتی نوزەنوزی هەفتە و مانگەکانی ڕێحانە کوشتن
بۆ باخچەکانی (ئاو) ببەینەوە..
ئای چەند عەریزەنووسێکی نا (ئاگا)ین
نا(ئاگا)ین.. لە بڕینی قۆناغەکانی تەواوبوون  لەلایەن ساڵەوە
ئیدی کەی شەوی زاکیرە وجودی ڕۆژ بێت؟
(با) کەی سیستەمی نا جوامێری و (دووشەفتی) هەڵکردنی دەگۆڕێت؟
ئەی (با) کەی لە قووڵی برینەکانی مەلەکوت دەگەی؟
زلفنج لە دارسنەوبەرەکان دەبارێت کەی دێت؟
ئەم (پیاوە) کەی دێت بۆ ڕاکشان؟
من و بەردێك لە عیشقا سووایین، تێر تێر کوڵاین..
بەرد عاشق و من (ساڵژمێر)ێك  ڕەق و تەنیا
بۆ شاییەك لە گەردوونی دەلالەتەکانی ئومێدما هەیە.. ناوم ناوە (بێساڵی..)

بەفرانباری ٢٠٠٦
کەرکوك



# تەرمەکەم
# نشینگەی مێرووولە پیرەکانە

نامرم.. کە مردووم
زیندوم ئەو کاتەی مێروولە پیرەکان ژمارە مۆبایلەکەم لەبیر دەکەن
رزان لە وەختی ئەڵقەگۆڕینەوەی(گەنین)و (وردبوون)دا
مامەڵەم پێوە دەکات
دەمفرۆشێت هەڕاجم دەکات
کڕیارێکی زۆری بێخوێن
لە دووپشکی تەریقەتو
هەزارپێی بێئینتیمای دزی حەوسەڵەدرێژو
بزنمژۆکی شاگرد لە کافتریای دۆزەخی گۆڕە داخوراوەکەمو
شەوگەردی خانومانو عەیاری زانکۆی ئالوودەبوون بە ترسو
سیرسکەی مێباز کە سەر کۆڵانی هەموو wcیەکی گرتووەو
مارمێلکەی بێدەنگی کینە لەکلکی غەیبەتچیو
عەنکەبووتی توکنی بەدینی بەدینو



له دووریشه‌وه: مێرووله پیره‌کان.. هاوڵاتییانی نیشتیمانی گۆڕمو
دوورتریش جرجه غه‌نییه‌کانی ناهه‌تاو
سه‌ودام ده‌که‌ن..
کڵۆڵییه‌ك ئینجانه‌ی مه‌رحه‌مه‌ت گلۆر ده‌کاته‌وه
قه‌قنه‌س سڵ له تارمایی(لوره‌ی با) ده‌کات
توتییه‌ك.. له که‌شتییه‌کی نائومێددا..
خه‌ونه ئاڵۆسکاوه‌کانی کونه‌په‌پوویه‌کی تیرۆریست
له سه‌ردابه‌کانی ته‌نگه‌ده‌روونیی گیادا شیته‌ڵ ده‌کاتو
ریوایه‌ته‌کانی دۆلفینێکی ڕیوه‌ڵه
له گه‌شتێکی ئاوی سوارچاکدا بۆ حه‌زینیی ئه‌رشیف ده‌کاتو
به‌خته‌وه‌ری.. ئه‌و کاته‌ی له ریکۆتی گێلیدایه
به‌سه‌رمای به‌فری خۆشگوزه‌رانی
میوانخوانیم ده‌کات..
مێروله پیره‌کانی ئه‌م دۆڵی حه‌ساره‌تی شادومانییه
له‌په‌نجه‌ی پێمه‌وه ده‌ست به‌خواردنم ده‌که‌ن
مێروله‌کان.. ئه‌و ته‌رمه گه‌وره‌یه‌ی من له نووکی چڵێکه‌وه
به‌ره‌و ماڵه ده‌رزییله‌ییه‌کانیان راپێچ ده‌که‌ن
چی له‌مێرووله بچوکتره..؟!
کێ ته‌رمی مێرووله به لۆری ده‌گوێزێته‌وه؟
کێ له‌ئاگرێکدا لاشه‌ی مێرووله به‌بێ سروتی ئاینی (گڵ) ده‌سوتێنێت؟
مێرووله ده‌مسپێرێت به ورته‌ورتی ئیشکردنی ورد
بێچووه‌کانیان جۆلانێ به پێڵووه‌کانم ده‌که‌ن..
قوڵایی چاوه‌کانم ده‌که‌ن به مه‌له‌وانه‌گه
مێروله پیره‌کان.. نه‌خشه بۆ نه‌وه‌کانیان داده‌نێن
ته‌رمه‌که‌م له خۆم جیا نابێته‌وه



وەك خوانێكی خودایی لەژێر پێی(مێروله باڵدارەكان)دا (تل) دەدەم
مێروولەیەك لە جێی فیشەكێكی سەرمەوە
بە یەك پێك شەرابی دەماغ سەرخۆشە..
مێروولە گچكەكان تەرمی من ونجڕ ونجر دەكەن
پاسارییەكان كوێوە چوون؟
كوێوە چوون پاسارییەكان؟
پێش ئەوەی گەڵا ئێسكەپەیكەری نەگبەتیم بەسەرلێشێوان داپۆشێ
بەپاسارییەك دەڵێم: بە منداڵی نەمكوشتی..
هاوڕێیەكی بەوەفابە..
وەرە رۆحم بكێشە: مێروولە خواردمی.. مێروولەی گچەكە گچكە ..

٢٠٠٨/١٢/٢١ كەركوك



# گریانی گیانەڵای گیا

دایکم بۆ گیا گریا..
قوڕگی پڕ بوو لەڕەیحانە
بە دەستێکی تەزییەحاتی بەدەنکە ترێ دەکرد
بەدەستەکەی دیکەی هێشووی بۆ شەراب دەکردین
گیا وشكو برینگ وەك شەرەفی
پاساریی مێبازی دەملیکاوی..
دەشتسوتاو
کانیاوی کورتەباڵا کەنەفتەو لاواز
چۆمی ئۆغر دەکرد..
درەخت بێکاژ و
من بێئەوین و
نیشتیمان بێحەقیقەت و
جوانی لە مەزادخانە و



گریانی دایکم بۆ گیا و
ئێستای باخچەی شار لە فێستیڤاڵێکی ئینجانەدا هێشتا گوڵ بوون..
دوو مێرووولە لە پاژنەی پێڵاوەکانی گەڵادا خەوتبوون
وەرین ئابڕووی بردن..
میلۆدی مرۆڤایەتی لە زۆربەی wcییەکاندا
دەسی بەلووتی ئازادییەوە گرتبوو..
منداڵەکانی هەورو نارنجو درۆی گلۆپەکان
هاوتەریبی شیلەی لێوی پشیلەو تووڵە دڵدارەکان تووڕ دران
مێژوو خەتفی کردن..
حەقیقەتی ژیان
وەك حەقیقەتی تۆپین گەشو نەخشین دەینواند
کەچی دایکم بۆ گیا گریا..!
لە گیادا قوربانیی تاوانو
لە تاواندا مرۆڤـ و
لە مرۆڤدا تاوانی بینی..
دایکم خوای بینی کاتێك: مرۆڤ ژیان ئازار دەدات
خوایش گیایەکان سزا دەدات..
دایکم چەند وردبینە! بۆ گیا گریا..

٢٠٠٨/٤/٢٥ کەرکوك




# ئاو لە ئیلحای تیشکدانەوەدا
# کرژ دەبێتەوە ڕەنگی

ئیلحای تیشکدانەوە
وێستگەیەکی دیکەی کرێکارانی کۆمبارسی بندینمان بۆ کەشف دەکات
پڕاوپڕی خیانەت.. هیلاکبوون
دەرد بۆ بزوێنەری تەنیایی دابین دەکات..
بەفر.. نەسەبی ئاوەو شەڕ بە بێتاقەتی ڕەیحانە لە زستاندا دەفرۆشێت..
خیانەت بەفری ناساند بە چیاو
هاوەڵکاریی شەقامی پێ کردو
باخچەی دڵکزیی وەنەوشەی دەگەڵ ئاشنا کرد..
هەر ئیلحای خیانەت بوو
بەفری کرد بە واریسی یەکەمی ئاو لەبیابانداو
باڵوێزێکی سپی لە ئاسمان پێ بەخشی..



**چۆڕە ئیلحا لە خۆی دەکات**
**کاتێك لە گوێسەبانەی دڵەوە دەتکێت**
**نێرگزەجاڕ بۆیە شێت دەبێت..**
**گومانی هەیە لە"گرافیکی گوڵ" لە چاوی جەللاددا سەوز نەبێتو**
**پەنجەی ئاسن هەڵنەوەرێت لە باخی نارنجی ئاگردا**
**ناسکیی ڕێبوار لەوەدا خۆی دەنوێنێت**
**هەر شوێنێك چۆڵەوانی بێت بۆ تیایدا دەگریو**
**لەئاوەدانی مەیخانەکاندا تەنیایی دەرزییەکی ئایدزە و لە ناخی دەدرێت**
**تەماشای شوێنپێی شێتەکان بکەن..**
**بۆت فەرامۆش ناکرێت ئەو غرووبە ناهەموارەیان لەگوماندا**
**بۆ ئاسەوار**
**ئاسەوارو ئیدراکی ئاو شیزۆفرینیا حوکمی دەکات**
**حەنینی لە دۆزەخدا قومارچییەکی بەمانایە**
**دۆزەخ ئیلحایەکە**
**بۆ پاکبوونەوەی جەسارەتی مێروولە لەنزمیدا..**
**پاکبوونەوەی مێژووی مێرولە بە میز مردووەکان ناهاوسەنگ دەکات**
**تا لە بەهەشتدا ناکۆتا بژێتو هەست بەتام نەکەن..**

**٢٠٠٧/١٢/٢١ کەرکوك**



# لێرە سێبەرەکانی مردنیش برسییە

لەم مەزارگەی ئافاتەوە
گوڵە پەژمووردەکانی ئاوابوون
پرچی ئێوارەیەکی پیریان دەڕنی..
ئێوارەیەکی شکاو
عەرشێ ئاوی لێ بوو بە هەڵمی سوور..
ئەو هەیڤەی خودا..
لەژێر پێی مەراقی تەنیایمەوە بەرەنیسکی دەدا
هەر لەو ناوەختەدا بوو
گۆڕی شاعیرێکم لێ بوو بە کۆنە شار
شاری سپی..
هەنسکی ڕووتبوونەوەی منداڵێکی بەجێماو لەخۆی دەسڕی
کە دەیویست بڵێت: ئای خودایە.. سندوقێك بۆ سکاڵاکانمان دانێ
پاڕانەوەکانمان لەنێو دەستەکانماندا باڵەکانیان شکاوە و هەڵوەرین..
ئەگەرنا بۆ هەر دۆی دادەی ئێمە دەڕژێت..؟؟
بەر لە کڵۆمدانی پەنجەرەکانی دڵشکان و
دڕینی ویلاشی برسێتی..



ئەمەیە خوداکەم..
پێم دەڵێت :"تۆ دەکەم بە فەرمانڕەوای
خەیاڵە بزێوەکانی نێو دڵی شەیتانی بەرەی ئاوابوون..
بە نووسەری ڕەشنووسی شانشینی تاوان..
بە چەتری سێبەری قورسی خوێن..
بە تراویلکەی لێڵبووی ئاسۆی خولیا زیزەکان..
بە ڕەنگی سپێتیی پرچی دیلی..
بە هەوای زەبوونی کاهینێك بەدەستی ژیانەوە»..
وای ئەم ئازارانە چەند بچووك و خرپنن!
کەچی لەسەر نەخشەی هێلکەیەکی پیس کڕکەوتوون..
لێرە سێبەرەکانی مردنیش برسییە..
لەودیو تەلبەندەکانی ئەجەلەوە هاوار دەکات :"ڕاپەڕین»
ڕاپەڕین.. نامۆیان دەکات بە سروشت.. بە نیشیمان..
بە تەڕیی ڕەنگەکان لەسەر وڵاتی فلچە ڕیشنەکان
ڕاپەڕینێك.. وەك گەمەی منداڵی نێویاریگای خەفەبووی
ئارەزووە کوژراوەکانی حەزرەتی ڕەقیب..!
لەتێك نان بۆ پیاسەیەکی برسی بنکی کەڵەکەکانی سوێبوونەوە
پیاسەیەك وەك سواربوونی خۆشەویستێکی خودا
لە گالیسکە تەڕەکانی دۆزەخ و
ڕاکێشانی بەدبەختی بە هێڵەکانی ناولەپی کاریلەیەکی دڵپەتی..
چاو.. ون هەناسە.. لوول
وەك لوولی گێژنەی پێکدادانی پێکەکان..
ڕاپەڕینی برسێتییە..!!! کنا.. ئەو زارۆیە هەستێنە لە خەو
لەناو ئەو سەلەی خۆڵەدا..
نەبادا خەو بە هەرەسهێنانی گومانەوە ببینێت..
دوایی هەستێت پرسیار دەکات..!!



من دەزانم ئەم زارۆیە زۆڵە
تەماشا.. تەماشا
بەهەر چوارپەلییەوە داوای هەڵفڕین دەکات
بەرەو باڵەکانی ئەزەل..
بۆنکردنی بەرد لە جێی گوڵ و
مژینی فرمێسکەکانی سێو بێ حیکەمەتییە..
هێندە توێکڵی چرۆکانمان ماچ کرد لێومان هەڵوەری..
ئەوەتا بۆقەراغی قەرەجبوون دەچین
تکا دەکەم جارِ فرۆشەکان..
من نامەوێت لە پەنجەرەیەکەوە دونیا ببینم..
سەفەرەکانیشم بە پەنجەیەکەوە بکەم.. !!
هێندە نانم دەنێ
ئیدی نەگریم.. بۆ ونبوونی قاچەکانم
چەرپاو جۆلانەم ناوێ.. !!
نە باخچەی منداڵان.. نەفەرمووده و دەستووری کەنیسە و مزگەوتەکان
تکا دەکەم.. گەر دەتوانن کێلەکان بە خۆڵ بەرز بکەنەوە
چونکە زۆرمان لە برسا مردووین..!
هێندەمان بەرد کرد بە کێل
وا خەریکە شاخەکانیش دەتاشین
گەر شاخ نەما.. ئێمەی برسی
هاوار بۆ کوێ بەرین..
هاوار بۆ کوێ..
هاوار بۆ..
هاوار..
..

(٢٠)ی حوزەیرانی ٢٠٠٥
کەرکوك



# بەشێك لە قەسیدەی
# کۆمەڵێك شەهید لێرەوە تێپەڕین

بۆ بەختیار جیهاد

ئێمە لەڕەشنووسی ئەم گریانە تێناگەین
تاقیکردنەوەی چی بۆ باخچەکانی ئومێد ئەنجام بدەین
لێرەوە تێپەڕین کۆمەڵێك شەهید..
لێرەوە..
لێرەوە لەدایکبوو غوربەت
لێرەوە سەری خۆی هەڵگرت نائومێدی
لێرەوە گەشەی کرد شەهادەت
لێرەوە کۆتایی هات بیرەوەری
لەوێوە دێتەوە ڕابردوو
لەوێوە زەمەن بەماقپەڕیوی، بەدەستی چەپی
ئارەقی مێژوو پاك دەکاتەوەو
بە دەستەکەی دیکەی پرووشەی هۆن هۆن گریانی خۆر دەسڕێت
زەمەن لەم سەفەرەدا هەر لە چاوەڕوانی دەچێت...
«چ کارەساتێکە ئازیزم»!!



کراسی بێ (کووژەکە)ی دڵم، وەك (گوڵەبەڕۆژە) بەزەردەی خۆرتان دەگەشێتەوە..
شەقامەکان جمەیان دێت لە پێڵووی شەهید
شەقامەکان قەڕەباڵغی قامەتی شەهیدن..
شەهیدێك کراسە (ئووتوو)کراوەکەی پێیە و پێم دەڵێت: خاڵۆ کیلۆیەك لەئافاتی چارەنووسی جوانم بۆ بکێشە لە خۆشەکەی
ئێوارە میوانمان دێت..
شەهیدێك.. وەك ئەوەی کاتی قسەکردنی نەمابێت
هەر بەسەر هێمای سەڵاوکردنم بۆ دەکات
منداڵێکی دیکەی شەهید (لەعابە)کانی لە باوەشدا و تووڕە لە خودا
جەلادەکانیش لە کافتریای ئەوبەری شەقامەکەوە نیسکافەیەك فڕ دەکەن
شەهیدەکان سەرکۆنەمان دەکەن
منداڵیی شەهیدو
گەنجێتی شەهیدو
کامڵبوونی شەهیدو
پیریی شەهید
نیگای ئێوارانی شاریش دەڵێی لە بندینی چەمی خوێنیندا زیندانی ئەوینە
ئەم تەرمە تەمە خەتمکراوە ببەنەوە بۆ نیشتیمان
نیشتیمان لەوێ دانیشتووە
لەسەر بەرزاییەکانی پشت دێ
نزیك تووڵەڕێیەکە
چاوەڕوانی گەڕیدەیەکە تەفسیری جەنگی بۆ بکات
هاوڕێم.. هەرچی توایەوە ئەوین بوو..
ئەوینی ژیان دەمانمرێنێت
ئەوینی شار دەمانباتەوە بۆ تەنزیماتکردنی شەقامەکان و



شاردنەوەی نهێنییەکانی کۆڵان بەمەرگەوە
ئەوە ئێمەین دڵمان دەمرێت
ئەوە ویژدانی ئێمەیە بارگاوی نەکراوەتەوە بە ئاسوودەگی
ئەتککردنی حوزنێك شۆڕش تووشی حەیز دەکاتەوە
شەهیدەکان کۆمەڵێك بوون..
بەجلیرەنگاورەنگەوە
بەنهێنی ترش‌و شیرینەوە
بەشەڕی ناسکی نێو پاسێکی خەتخەتی شینەوە
بە دڵداری و چەند دەسکێك سەوزەی زەردەوە بووەوە
بە باقەیەك نووسینی ئاوییەوە
شەهیدەکان.. لێرەوە تێپەڕین
لەم لایەوە.. بەدەستی ڕاستدا دوو کۆڵان بەرەو خەفەت سەرکەوتن و
بەرەو باخچەی ماڵئاوییرۆیشتن..
لەوێوە سەفینەیەکی زەردیانگرت‌و گشتیان بەچەپەڵە لێدان‌و
بەخۆشییەکی پەمەییەوە تێپەڕین
«چ کارەساتێکە ئەزیزم»!!
کێ ئەم هیلاکەتە لەسەرم دەردەکات ویژدانمی خەڵات دەکەم
بلوێری تووڕەیی ئەم شەهیدانە
ئالوودەی کردین
کەچی پاسۆردی گوێمان لەبیر چووەتەوە
شەهیدەکان هیچیان ناوێت
جگە لە عەشقی گەڕانەوە
سەرم پڕ بووە لە ڕۆیشتن
ڕۆیشتن شۆڕشێکە مەعسوومیەتمان پێ دەبەخشێت
زاکیرەی شەهید پڕە لە کامەرانی..



پڕتره له بەختەوەریی
(لیپاولیپ)ە له دۆڕانەکانی منداڵی شار به ئێستای بەدبەختی
بەدبەختی ئەوان ئەوەیه
لەحیکمەتی فڕینیان تێناگەین
شەهیدەکان فێریان کردم که له خودا دڵنیا نەبم
چونکه هەر ڕۆژێك بێت دەمکوژێ و
ترسی لەرزین دەخاته گیانمەوەو
موالیدی پەپوولەکان بۆ سەربازی دەخوێندرێتەوە:
ئەوەی تازه چاو بەژیان هەڵدەهێنێت
له جێگەی مەمکەمژە گولەهاوەنێکی بدەن بەدەستەوە
ئەوانەی تەمەنیان گەیشووەته چوار ساڵ له باخچەکانی ساوایاندا
گۆرانی "من دڕندەم.. من دڕندەم، کەس
له دڕنده نابێت گەورەتربێت"یان بۆ بڵێن..
دەبێت منداڵەکانی ئێمه فێری گەورەیی ببن
ئێمه به گەورەیی له دایك دەبین و به منداڵی سەر دەنێینەوە
ئەوانەیشی تەمەنیان دەگاته شەش ساڵ
لەسەر چۆنێتیی کوشتنی براکانیان پرۆڤەیان پێ بکرێت
ئەوانەی قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکەن
دەبێت بەدروستکردنی چەکی ئەتۆم گەیشتبن
که لەم تەمەنه گەورەتر بوون
ئیدی بەڕەڵایان بکەن
خۆیان فێری ژیان دەبن و حەز به خۆشەویستی دەکەن!!
ئیدی مرۆڤیان خۆش دەوێت..!!

٢٠٠٧/٨/٦ - کەرکوك



# درێژترین شیعری دنیا

خودا

کەرکوک

٢٠٠٧



# کتێبی بەغداد

ئەم کۆمەڵە شیعرەی لەم بەشەدا لەژێر ناوی کتێبی بەغداد بڵاویان دەکەینەوە، لە لایەن خودی شەهیدەوە لە فۆڵدەرێکدا لە کۆمپیوتەرەکەیدا جیای کردووەتەوە و هەر خۆشی ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە.



# گوڵەبەڕۆژەی ئاونگ بە خوێنی هەتاو

ناعارییەکانی تۆو تەمبەڵی ڕەوێك ئەستێرە
من دەڵێم: تۆ دەمکوژی«باخچەی دڕك»
کوشتن، "بەچەقۆیەکی کول»
کوشتن، "بە وشەیەك لەزەرداوی مار بچێت»
کوشتن، "بە تەورداسی ماچێك»
کوشتن، "لە ڕێگای بارینی بەفرێکی زۆرەوە
کە ڕێگای باخچەی وەفا داپۆشێت»..
تۆ دەڵێی: وەرە باپیاسەیەك بکەین"وەك مارێك لە زوقمدا»
پیاسەیەك، "لەشێتخانەی مۆمدا»
پیاسەیەك، "با هەناوی گوڵێکی پێ بخەین»
پیاسەیەك، "با زەرفێك ناوکەشوتیمان بەدەستی چەپ گرتبێت»
پیاسەیەك، "لەتاریکیدا خوێنرشتن چەپڵە لێ نەدات»
** **

تۆ مۆبایلەکەت دادەخەیت‌و
تیشکی سەرخۆشی گڵۆپەکانیش لە ئاود، چاوانی من
من لەچەلەنگیدا، بەدووی سێبەری مێروی ئاقیقدا، دنیا فەرامۆش دەکەم
نوشتەی پەپولە لەتەمەندرێژی ئەوین، شادمانت دەکات
نوشتەکەت بکەوە ئەویندارەکەم..
نوشتەکەت بخوێنەوە تەلبەند: شتێك نییە لەم سروشتە ئەفرێنراوەدا
لەیەك بچێت، دڵی من و پێڵاوەکانی تۆ نەبێت».
** **

سروشت کارێزی مرۆڤایەتییە
ڕەوت بۆ جیهان دابین دەکات،
کەچی لەبوونی من‌و هامشۆ زیتەڵەکانی پەڕەموچەکەم خێسە دەکات.
** **

چ تەرقبوونەوەیەکی ئابڕووبەرانەیە بۆ ژیان..
کە مردن، زیندووبوونەوەیەکی دیکە بێت..
*** **

چ دڵتەنگییەکە لە مەحزوونی مندا



ژیان ببێت بە پێشانگایەکی تایبەتی خوداو
بەرهەمەکانی خۆیمان بۆ نمانیش بکات(هەمووان بانگێشتی
گوزەرێکین تیایدا، مەگەر هەستمان شلۆق بوویێت»
بڵێی منیش تابلۆیەك نەبم دیواری ڕەوت هەڵنەچنم!!
**   **

خودا خۆی لەدڵمایە..
گەر عومری گوڵ بەدەستی من بووایە..
تا تەعاروفی گشت وەرزەکان سێدارەم لە"با" بۆ هەڵنەدەخست
**   ***

بەپێی ئەو سیستمەی خۆشگوزەرانی دانیاوە
بۆ ژیان..
من جگە..
لە کۆڵانێکی چۆڵی تەنگەبەر
کێرڤی بەدبەختیم هەمیشە لەهەڵکشاندایە..
**   ***

من خەڵکی هۆسەم
قاچم لەم بێدەنگییە کەیفی نایەت
بێزوو بە بێدەنگیی خاکەوە دەکەم
لەم مەنفای تەزینەدا، چاوەڕوانی پاسپۆرتی ڕچینی ئاشتبوونەوە دەکەم
لەنیشتیماندا بەدوای نیشتیمان و
لە عیشقدا بەدوای ئەوین و
لە بازاڕدا بۆ سەودا و
لە فێرگەدا بۆ خوێنەوارو
لە جەنگدا بۆئاشتی و
لەترسدا بۆئارامی و لە خۆمدا بۆتۆ دەگەڕێم.
**   ***

سروودی پاساری
کۆنسێرتی شیوەنی درەخت دەشارێتەوە
چوون تەرمی گەڵا بەسەرشانی ئاوەوە
بەرەو گۆڕسانی گێژەڵۆکە دەچێت..

٢٠٠٨/١/٣



# نامەیەك لە قوربانییەكی تەقینەوەكەی٧/١٦ەوە

من بەو پەنجەیەی شەهادەتی پاکی ئیلاهیم پێ هێنا
مەمکی کیژۆڵەیەکیشم پێ گرت..
بەو دەمەی وتم: ألله‌أکبر
لێوی کەنیشکەیشم پێ ماچکرد
تۆ ئەو پەنجەیەی شەهادەتی نەفامیت پێ هێنا
خستەر سەر ڕیمۆنکۆنترۆڵی قیامەتو
نیوەی شارێکت پێ خەلاس کرد
بەو دەمە هەڵوەریوەی وت: ألله‌أکبر
گشت جیهانت کافر کرد
من بەو عەقڵەی دینم پێ هەڵبژارد
سێکسیشم کرد
تۆ بەو دینەی عەقڵتی یەخسیر کرد
من و خۆت و ژیانیشت کوشت..

٢٠٠٨/٢/٥



## شەمشەمەکوێرە ئێژێ:

مرۆ دەبێت لە یەک ڕێگاوە وەدووی بەختەوەریدا بگەڕێت..

ڕێگای

ر

و

ن

ا

ک

ی

ئەگینا نایدۆزێتەوە

*** **

پەپولەیەک:

بمسپێرە بەڕووکەشیی

گ

و

ڵ

ا

ن



**ئیستا ماڵیان لە گەڕەکی ئینجانەی سەرلێوی بەلەکۆنەکانە**

** ***

**تراك تراك بمکوژە**

**با دڵم**

**خ**

**ا**

**و**

**بچێتەوە..**

** ***

**کۆدی هەموو مرۆڤایەتی**

**لەنێو حینجەی ئەم خاکەدا ونبووە.. تەنها**

**م**

**ر**

**د**

**ن**

**دەیدۆزێتەوە**

** ***

**هەنگێك گیزاندی:**

**گیانەوەرە جوانەکان دوو ڕۆحیان هەیە**

**روحێك بۆ**

**ژ**

**ی**

**ا**

**ن**

**روحێکیش بۆ**

**ع**

**ی**



ش

ق

**ئەوەی هەرکامێکیانی نەبێت**

**لە مردنی تەپوتۆز مسۆگەرترە بوونی..**

***   **

**گوڵی نیلۆڤەر لە وتارێکی کورتدا دەفەرموێت:**

**تاکو گوڵ، "سوراوی پەرژین" بە لێوی باخچەوە**

**کاڵ بکاتەوە..**

**دڵی ئەویندارا ن لە جەمسەرە دوورەکانی**

ە

ە

ڵ

و

ە

ر

ی

ن

**نزیك دەبنەوە..**

**٢٠٠٧/١٢/٣٠**



# قاچاخچییەك بووم لەنێوان
# هەورو گۆڕستاندا زەندەقم چوو

رۆیشتن فێریکردن
چاو لەسێبەری هەورەکانیش نەنووقێنم..
ئەو هەورانەی هاووڵاتی هەموو نیشتمانێکن
ئەوانەی هەتاو دەستگیریان دەکاتو ناگەن
بە کازیوە
هەور، لە قۆناغی هەڵخەڵەتاندنی گۆڕستاندا وای وت
** ***
لەرینەوە، شەیتان تورە دەکات
ورتەورت بە لێوی خورەی گوڵەباخ بکەن
تەوبە، کۆنسێرتێك لە خەوی گیایەکی سۆزانیدا ساز دەدات
لەرینەوە، بێدەنگیی توتڕکی حەسرەت قەڵس دەکات
لەرینەوە، هەورەکان بۆ مردووی گۆڕستان دەلاوێنێ



**هەور، ئەو کاتەی ئیمان لەگۆڕستاندا ڕایدەژەند**

** ***

**پەپولە لە ئینقیلابی بەهاردا**

**سەدان لۆری ناسکیی فەرهود کرد**

**پەپولەش بیر لە شتی خراپ دەکاتەوە!**

**پەپولەش پڕە لە کینە!**

**تۆ چوزانی، لەگەڵ هەنگی کەمینەدا، لەسەر فیدراڵی ئاونگ شەڕیان نییە**

**هەور، حیکایەتی دڵدانەوە بۆجەللادەکانی گۆڕستان دەڵێت**

** ***

**دەموقەپۆزی مێرووولە بشکێنە!**

**چاوبەشقەڵی لەهەناسەی ژەهراوی عەنکەبوتدا فریوی دەدات**

**مێرولە بچوکە..**

**بچووکترە لەوەی دەنکەگەنمێك ئیختیساب بکات**

**ئای مێرووولەی خوێنمژ..**

**ئای زیندەوەری بچوك، جەللادو دزی گەورە..**

**هەور، لە خەیاڵی جەللادێکدا کە بیری گۆڕستانی نییە ..**

** ***

**هەور میز بەزەویدا دەکات**

**بەهار بەسەوزەگیا بیجامەکەی دەشوات**

**میزی هەور، جوانترە لەگوڵی شەیتان، جوانترە**

**زۆر جوانتر..**

**هەور لە باڕێکدا کە لێی نووسراوە"تەنها ئێرە گۆڕستان نییە»**

** ***

**مەستم بەدارخورما..**

**گەڵا ناڕەحەتەکانی لە باوەش دەگرم**



چاوی خورما ماچ دەکەم..
دارخورما دوژمنمە!
دەبێت ئاوها دارخورما فریو بدەم، بەو شێوەیە بیناسم..
هەور، لەو کاتەی تیغی دارخورمای دارستانێك فشی دەکاتەوە
***   **

تفەنگێك هاتە خەونم دەگریا!
لە بێکەسی و مەنگی جاویدانیم ترسا
تارماییەك دەستی خستە دەمی تفەنگەوە
بە فیشەکێك منی هەژان
ئەویش ژیر بوویەوە..
هەور، لە گۆڕی تیرۆریستێکدا ئەم خەوەی بینی
***   **

هەور
خەیاڵی مردووەکان بە شەبەنگ تەڵقین دەکاتەوە
مشتومڕێتی گۆڕستان فێری جووڵەی کلکەئەستێرە بکات!
هەوری یاخی
خەیاڵی مردووەکان بۆ هەموو نیشتمانێك دەبات
هەوری مردوو
لەسەر شەقامی برووسکە پیاسە دەکات!
هەور لە موحازەرەی گۆڕستانییەکدا بۆئەم دیڕانە گریا
***   **

هەور بە وشە باری:
مرۆڤ فێری کردم لە وێستگەی هیچ جەنگێکدا ئۆقرە نەگرم
نەبا ببمە گولەی وێڵی "با"یەکەوە، یان



وشکەساڵیی بمکات بە چاوەوە ..
هەورێك کە۲۰۰۸ ڕێی کەوتبووە گەرمیان
***   **

گۆڕستان تەڵقینی ئەم وشانەیدا:
من براوەترین جەنگاوەری جەنگەکانم..
دەبم بە عەتاری ئەو جەنگاوەرانەی
جارێکی دیکە تەقە لە دەرگای ئەوین هەڵناسێنن
براوەترین منم،
منم براوەی هەموو جەنگەکان
هەور، لە ڕۆژێکی هەتاودا ئەمەی لەگۆڕستان بیست

۲۰۰۸/۵/۹
***   **

وا هەست دەکەم، ئێوارە بیرمدەکەی
ڕەنگە هەڵەش بم..
بەڵام وا هەست دەکەم تۆزێکی تر
چەند کاتژمێرێك کەمتر..
کە ئێوارە دادێ
تەواو تەواو بیرم دەکەی
۲۰۰۸/٦/۱
***   **

بۆ ماچی دڕك ناکەی
تا بزانی چەند دۆستی گوڵە؟
گوڵ درۆ دەکات!
هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی دڕکە..
بۆ بۆنی دڕك ناکەی



**تا بزانی بۆنی شەوخەوتنەکانی گوڵی لێنایە؟**
**گوڵ درۆ دەکات!**
**سۆزانییەکی تەواوە، لە باوەشی دڕکدا رۆژ دەکاتەوە**
**بۆ تامی دڕك ناکەی**
**تا بزانی لەگەڵ گوڵدا گیراوەیەکی تەواو یەك نین؟**
**گوڵ درۆ دەکات!**
**مەسێکی مدمنە بە شەرابە زەرداوەکانی دڕك..**
**دڕکیش ماچ بکە**
**با گوڵت بیرنەچێتەوە، دڕکیش ماچ بکە**
**دڕکیش..**

**٢٠٠٨/٥/٢٠**

***   **

**سروشت منداڵێکی چ ترسنۆکە!**
**کە باوکەپایز دێت**
**شنەی سەوزەگیاکان**
**سێپەڕەو لاولاوی دڵگەش**
**گوڵەهێرۆی چاوکاڵی لێوئاڵ**
**کانی ناوقەدباریکی بێپشوو**
**لەگەڵ درەختەکاندا هۆڕهۆڕ دەگرین**
**ورد ورد**
**درەخت فرمێسکەگەڵا دەرژێ، کاتێ باوکەپایز دێت**
**چ ترسنۆکە سروشت**
**کە باوکەپایز دێت.**

**٢٠٠٨/٧/٩**



# بهێڵە با سوپاست بکەم

خودایە..
بەر لەوەی بە مردن سەرزەنشتم بکەی..
بهێڵە با لەبری ئەو پەپوولانەی بە نیانی خەڵقت کردوون
لەبری ئەو جەللادانەی کۆرسەکانی خوێنت پێ وتنەوە
سوپاست بکەم..
هەموو سوپاست دەکەن..
پەپوولە لەبەر نازکیو جەللاد لەبەر کرمەژنی دڵەڕەقەکەی
من لەبەر هیچیان..
شۆکگرتوومی، کەمن نە پەپوولەم، نە جەللاد..
بهێڵە با سوپاست بکەن..
وەك لە قوڕ دروستکراوێك، وەك شتێك خۆت ناوی بنێ..
بهێڵە با سوپاست بکەم.

٢٠٠٧/١١/٣ کەرکوك

**   ***



**وەك منداڵێك**
**پیاسەیەکم لەکن دەکەیت**
**هەرچی هەنگاوە ئومێدەوارەکانمە بۆ خۆت دەیانبەی..**
**نا نزیك لە سۆزی کەرنەڤاڵی وشە ئیرۆتیکییەکانت**
**پڵپڵەی تەمەنم دەبێت بەگەڵای ڕزیو..**
**شادییەکانم، خۆشگوزەرانییەکانم، لە نهێنیی مەسجێك دەشاریتەوەو**
**بە نیگای خەمی سەحەرێك کەنایەتەوە بۆ دەمەوبەیان**
**خۆشەویستیم لەیەقین یاخی دەبێت**
**نازانم من وەك منداڵ گەمان دەکەم؟**
**یان تۆ، وەك منداڵێك ئەم شەڕی ئەوینە دەکەی؟**

**٢٠٠٨/٢/٥**
**کەرکوك**

***

**زیندووم، ئەو کاتەی عیشقی تۆ دەمکوژێ**
**لەسەر لمی کەنار کاغەزێك**
**ویستم بە گوێچکە ماسییە قەڵەمێك بنووسم:**
**ئیتر خۆشم ناوێی، ئیتر نامەوێ لە مردنەوە نزیك بم**
**کەچی کارەبا، عەجوولی خۆی نواند**
**پێش ئەوەی لەو خەیاڵە ڕابم، تاریکی دەستگیری کردم**
**تا بۆتم نەنووسی خۆشەویستم: زیندووم، ئەوکاتەی عیشقی تۆ ئەمکوژێت**
**ڕووناکیی ئاشتی نەکردمەوە.**

**٢٠٠٨/٢/٥**
**کەرکوك**



# «قەڵب“ەکان

ژ
ن
ە
ك
ا
ن
لە خۆشترین ئاهەنگەکاندا سەما دەکەن
بەختەوەر نین ..
ئامانجێك نییە پێی بگەن
بەرزاییەك نییە تێی بڕوانن با ناودارترین کەسی دونیاش بن
گرنگ ئەوەیە
ب
ە
خ
ت
ە
و
ە
ر
نین..

*** **



**ژنێك دەناسم هەموو خۆشەویستیی خۆی دەدات بە پیاوێك**
**پ**
**ی**
**ا**
**و**
**ێ**
**ك**
**ناناسم، بەشێك لە خۆشەویستیی خۆی نەدابێت بە شارۆچکەیەك**
**ژ**
**ن**

** ***

**عیشق جوانترین دارسنەوبەرێکە**
**هەمیشە سەوز..**
**لە بارودۆخەکاندا.. لە پیاسەی ئاوەکانیشدا**
**هەر سەوزە، عیشق سەوزە**
**واتە هەیە..**

** ***

**ئێمە، ناتوانین بڕۆین**
**بۆ شۆخی بەوانە بکەین کە رادەکەن؟!**

** ***

**واز لەهەموو شوێنێکت بێنە**
**ئەگەر هەستت بە تەندروستیی مێشك و ئەندێشەت کرد**
**ئەوان بڕیار دەدەن**
**ئەوان شۆڕش دەکەن**

** ***



هەموو پرسیارێك بكە، تەنانەت ئەوانەی وەڵامەكانیشیان لای خۆتە
دەكرێت، پرسیارێك چەندین وەڵامی هەبێت،
هەریەك لە گۆشەنیگایەكەوە
لەوانەیە "ژیان"یش هەر وا بێت.
**   ***

تۆ كە رۆیشتوویت
بیر لەوانە مەكەوە چۆن هەڵدەستن بۆ رۆیشتن
ئەوانە ئەرشیفی تۆن هەوڵ بدە لەوانەوە فێر بە
ئەوانەی پێش تۆ شێوازەكانی ڕۆیشتن..،
بگەڕێ، بۆ دۆزینەوەی ریگاكان
ك
ل
ی
ل
ە
ك
ا
ن
لەسەر ڕێگای دەرگاكان شاردراونەتەوە
گەڕانێكی ورد، هەرچەندە بچوكیش بێت
دەتگەیەنێت بە
ئ
و
م
ێ
د..
**   ***



هەموو شێك كاتی خۆی
مردنیش..
دەكرێت بتوانرێت ستایلەكانی بگۆڕدرێت
**   ***
**     *

رووناكی،
با هەمیشە مشتێكت لێی پێ بێت
ئەگەر ڕەفتاریشت ونیكرد
با لە زاكیرەی ئەندێشەتدا بمێنێتەوە.

٢٠٠٦/١١/٥
كەركوك



# هەڵەبجە ناچێت بۆ بەغداد

هاتن..
ئەوان هاتن، بە بۆگەنی هاتن
دەرپێی چۆلەکەیان لەپێی بۆن و بەرامەی نەوەی فتوحات کرد، ئەوان..
ئێمە
ڕەزێك چواله بووین
ئێواران بۆ پیاسەی قەدپاڵی باپیرە چیا
حیلکەحیلك و چریکەی ڕەوەنی و
پێکەنینی مزرو دەسماڵی تەنیای ماڵی خودا و
پشتوێنی سەوزی مەحوی ومەنجەڵێ چامەی نالیمان دەبرد
لەگەڵ کەمێ حەسرەتی مەولەویدا
هەڵەبجە قەت ناچێت بۆ بەغدا
ئەو وای وت
من نا..
سەنتەری یارمەتی نێوان پەڕەسێلکەو گوێسەبانەیەك..
کەژاوەی بەڕازیانە هەڵپەسێراوی
تەڕە خونچەیەکی ڕژاو
من نا..!!
تەرمی کەمانچەیەك وای وت:



**یاع.. بۆن هات بۆن**
**کۆڵان بە کۆڵان**
**ماڵ بە ماڵ**
**ژوور بە ژوور**
**گەروو بە گەروو**
**قاسپە بە چریکەی تەمەنی ئێمەی کردە پسلان**
**من نەموت.. ئەو وتی:**
**هەڕەمی ئەو منداڵەی بۆ هەمیشە چاوشارکێ دەکات لەگەڵ غەمدا.،**
**مەمکە شووشەیەکی بێ لێو وتی،**
**کە لەسەر ڕێگای گشتیی پردی سیرات دانیشتبوو..**
**دەگریا..!!**
**دەمژمێرێکی بێ چرکەو زروان**
**گەڕەکێکی پانتۆماین.،**
**باخچەیەکی پڕ لە چۆلەکەی کۆمبارس**
**جگەرەیەکی بێ سووتوو**
**جۆلانەیەکی بێ پەتیڕیزالڕیزاڵ**
**زەردەپەڕێکی بێ ئێوارەی ڕەوەنی**
**کلاو جامانەیەکی بێ سەری لای ڕەزی بەلەنگاز**
**ئائا..ئەوان وتیان**
**پرسەیەکی بێ فاتیحا..**
**هەڵەبجەیەکی بێ خودا..**
**ئەستێرەیەکی پەڕ لێڕواو..**
**پەپوولەیەکی قژڕنراو..**
**وتیان : ئێمە ناچین بۆ بەغا..**
**بەغا شاری حەشرییەکان،**



شاری نوقڵی خوێن و دوورگەی بێتامی بەشەرییەت..
لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری عەقڵما
لەگەڵ دەستبەکاربوونی
نوێنەری هەست و نەستمەوە..
هەڵەبجەم ئەرشیفی فیراقێك کردووە لە خۆمدا و
بەدیوار دیواری مۆزەخانەو گەلەری زمانمەوە هەڵم واسییوە..
دە نما بکەن، بۆ خوا..
بە خێری خەزەڵی کانییەکەوە بگرین
نمایش بکەن بۆ تریفە..
هەڵەبجە کەوتۆتە بۆنەوە..؟؟
کانی عاشقانیش بە نەعناوە..!!
هڤەرێك دەرکەوێ مامە شێخ
هەڵەبجە کەوتۆتە بۆنەوە ناچێت بۆ بەغا
چونکە لەلای سیروانەوە نووستووە
خەون بە ئازادییەوە دەبینێ؟؟!
ئازادییەك بۆ مردن
ئازادییەك بۆ باڵبەستکردنی پێکەنین
ئازادییەك بۆ بەڕەڵابوونی گریان..؟!!!

٢٠٠٦/٣/١٥
کەرکوك
***   **



# شـقـارتـه

**یاسای عەشق و**
**پێکهاتەی دەنکە شقارتە.. وەك یەك وایە**
**لە غەم  وسۆزو وردە ئەوین دروست بووە..**
**یەك جار دادەگیرسێن، ولاتێك دەسووتێنن**
**جیاوازیشیان تەنها ئەوەیە..ئەو دووکەڵی نییە**
**عەشقیش.. ئەشێ شارێ بخنکێنێ..**

***   **

# دووانە

**ئەشێ من وگوڵاڵەسوورە**
**دووانەی، ئاواییەك پێدەشت بین..**
**سەرو کڵاوی لوتکەی چیایەك بین..**
**چونکە هەردووکمان جەرگمان بڕاوە**
**ئەو لەداخا بوو بە گوڵ**
**چی بکەم دڵم هەر بە خوێنی ماوە..**

***   **

# شـــار

**گەوجییە لەشارێکدا بژیت، شێتی تیا نەبێت!!**
**چونکە عاقڵیشی تیا نییە..**
**مەرجیش نییە..هەر شارێ شێتی زۆر بوو**
**پڕ نەبێت لە عاقڵی گەوج..!!**

***   **



# کــلـیل

**هەستان کلیلە بۆ ڕۆیشتن**

**ڕۆیشتن بۆ ڕاکردن..**

**لەدایکبوون کلیلە.. دەرگای ژیان بۆ مردن دەکاتەوە..**

**گەڕان کلیلە.. بۆ دۆزینەوەی ونبووەکان.**

*****   ****

# ستیان..

**شتێك لە مندایە**

**من لە ماڵێکدا..**

**ماڵمان لە ئاو، درۆش لە ژیان..**

**ژیان، لە ستیانی نائومێدی و مەرگدا خۆی حەشار داوە.**

*****   ****



## وەرز..

**پاییز**
**زستان**
**بەهار**
**هاوین**
**ساڵ وەرزی لێ پێك نایەت**
**مەگەر سەدەیەك.. ساڵێك دروست بكات پڕ بێت**
**لە وەرزی نوێبوونەوە؟**
** ***

## راهـێنان

**واز لەو شێرو پڵینگانە بێنن..**
**مەیان كوژن..**
**با هەوڵبدەین ڕایان بێنین بە ژیان!!**
** ***

## زیـنــدان

**زۆر نووسین و وێنەمیان لەتلەت كردوو**
**هەموویان سوتان..؟؟**
**تەنها لەبەر ئەوەی لە دێڕێكدا**
**ژیانم ناونابوو زیندان..؟؟**
** ***



# شێـو

لەیادمە ئەو ئێوارە..
هەموو ماڵەکانی گەڕەك درەنگ شێویان کردەوە
چونکە دوو ماڵ ..
لەسەر مشتێ قسەی کاڵ تۆوی یەکیان بڕییەوە.
** ***

# قوماش

مرۆ وەك قوماش وایە
هەرجۆرەی ڕەنگێك..
جارێ کراسین، جارێ پانتۆڵ
من ئادەمی
تۆش نەوەی زۆڵ
سەیرە!! هەردووکمان
دەممان، پڕ دەکەن لەخۆڵ..
** ***

# - چ -

یەسوعیان کوشت بەقەد خاچا
منیش
لە دوو توێی ماچا.
** ***



# تەریقبوونەوە

**خودا بەتەنیا تەماشای دەکردین**
**ئێمە، خۆمان رووتکردەوە، جووت بووین..**
**تەنانەت تیخی تاریکیش کول بووبوو**
**بەس، مانگ ملە قوتێی دەکرد**
**پزیسکی ئاوی لێوی..دای لە ووتی جەستەمان**
**بەپەلە خۆمان کۆکردەوە،**
**خودا پێکەنی ومانگیش تەریق بۆوە.**
*** **

# شیعر

**سیاسەتی زلهێزەکان شکست دێنێ**
**تاوانباری لای دادگرە پارەپەرستەکان ئازاد دەرێ**
**بەڵام هەر دەمرێ!!**
**چینی ئۆزۆن کون دەبێ و نیوەی جیهان نامێنێ ..**
**کەچی شیعری شاعیران..**
**هەمیشە زیندوون، وان لە هەموو شوێنێ!!**
** **

# نارنجۆک

**بەو خوایە..**
**مەم نارنجۆکیش بووایە**
**دەبێ، خۆم پێی بکوشتایە..**
*** **



## کوێـرەبا

«کوێرە با“ خۆی لە شتە کان دەسوێ..
ئەگەر دەست بخەیتە سەر دەمی
باخنێ.. ناچار ..
یا باخن وەك گۆزەی کۆنە شار دەڕزێ
یا ”با“ دەخنکێ
***   **

## هامبەرگر

من، هەرگیز گۆشتی کەنداو و هامبەرگری بیانی ناخۆم
دەترسم !! مەمکی کچە ئەنفالکراوێك بێت
بیفرۆشنەوە بەخۆم؟؟
***   **

## تەرازوو

مەمکەکانت، دوو تای تەرازوون
هەرگیز لەنگ نابن..
عەدالەترین یاسایان پێیە
تا لە دنیادا مابن..
جگە لەو کاتانەی من خۆم
لە ژێرەوە بەتایەکیاندا هەڵدەواسم..؟
نەك بۆ ئەوەی فێڵ بکەم،
بەڵکو بۆ ئەوەی خۆم بناسم..؟

٢٠٠٥/١٢/١٧-٢٠٠٦/١/٦
کەرکوك
***   **



# گەوجیپێو

**نازانم مۆمیا کراوم**
**یان پەیکەری موختەبەرەکەی مەکتەبم**
**هاتوومە دەر؟؟**
**ئەوەندە دەزانم دڵێرەشم لێ کەوتووە..**
**عەشق دەرزییە لەنێو قوڵیی رۆحما**
**غیرە دەدورێتەوە..**
**تۆ هەم غیرەی، هەم عەشقی**
**لەلایەك دڵمی، لەلایەك دەرزییەکەی موحیتی رۆحم**
**دەم، دەمی پێیەك نام**
**تۆش بەدەم بەلەنگازی مۆرەیەکی مۆرەوە**
**بەرەو شاری ئەشك دەڕۆیتەوە..**
**لە گەوجیپێوی ئەم تاقیکردنەوە شڵەژاوەی پۆلەکەماندا**
**توخمێك دەردەچێ تف لە گەردەکانی خۆی دەکات و**
**بێوەفایی ئەو دەبێتە سەروەری بۆ قوتابخانەکەمان**

**٢٠٠٦/٧/١٠**
**کەرکوك**
*** **

# مردن هاتە لام

**تەکلیفی لێکردم کە ئیزائیل ماوەیەك میوانم بێت**
**پێم وت»دەمێکە فەرشی ئاوابوونم بۆ راخستووە«..**

*** **



# هەر بـەتۆی دەبەخـشـم •

گوڵـم
دڵـم بەشێکە لە تاڵی زولفت..
یان، تاوانبارێکە..
لە جەللادخانەی ئەم خێڵەدا..
دڵـم موولولەی خوێنینتە ..
یان، یاساغترین کەسی نایاسایی..
ژێر سەرپۆشی سنوورمە..
گوڵـم،..
پارچەیەکم لەتۆ..
یان.. خواردنی
قرشەکانی دەریای بێ کەناری ئەزموونمە..
دڵـم فەرشێکە بۆ رۆحتی ڕا دەخەم،
یان،، ژێر پاژنەی سۆزانییەکی..
دوور.. دوور لە وڵاتی منە..
بەڵام ژیان هەر لە ئامێزی تۆدا جوانە و
دڵ..
مەدالیای پەنجەکانی تۆیە و
هەر بە تۆی
دەبەخشم"دڵ»

٢٠٠٤/١٢/٢٧

سلێمانی

*** **

---

• – هەربەتۆی دەبەخشم / یەکەم شیعری بڵاوکراوەی شەهید سۆرانە، لە ژمارە سفری ڕۆژنامەی (ئاسۆی پیشەسازی)لە ٢٠٠٤/١٢/٢٧ بڵاو کراوەتەوە و لە ئێوارە کوڕی (یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوک ) خوێندراوەتەوە، ئەم کۆڕە بۆ پێنج شاعیری لاوی کەرکوک ڕێکخرابوو.لە ٢٠٠٥/٥/٢٦، لە هەمان کۆردا خەڵاتی پێبەخشراوە.



# مەسیح دەستەکانی دادەگرێت

وەرە خوارێ!
ئەگەر تۆ باڵەکانت شل نەبوون
ئێمە ملمان شکا..
هەنگاوێك بنێ با ئێمە رابکەین!
پشت لەخاچەکەت هەڵکەو وەك گەلاَ بوەرە
لەو خاچە رزیوە دوورکەوە، با لێت نزیك ببینەوە
** ***

وەرە خوارێ
دەزانین تۆ نافڕیت، بەڵام باڵندەکان کفت بوون
نە گەرمیان دێیت و نەکوێستانیشت لەبیرماوە
پێمان بڵێ ئەی کاروانسەرا، ئەو ئاوفرۆشانە لە کام چاڵی ئاگرەوە
زوخاو بۆ ژیان دەهێنن
تۆ هەموو شت دەزانی، پێمان بڵێ
هەموو شت دەزانی نهێنیی ئەویندارەکەی من نەبێت
تەنها ماڵی ئێمە ناناسی
ژمارەی دەرکەکەمانت لەبەر نییەو
بەخەیاڵتا نایەت، کۆڵانەکەمان قیرتاو کراوە
یان وەك جاران چەوڕێژە بە کاڵفامی..
** ***

زۆر جاران تۆ دەبینم، بەدیار خۆتەوە دادەنیشیت
نازانم، بیر لە خاچەکەت دەکەیتەوە، یاخود لەماڵە وێرانکراوەکەی ئێمە
٢٠٠٦ کەرکوك



# کتێبی سێهەم:
# فوو لە چرای وشە مەکەن

بەدەر لە کتێبی وەرزی بێتاقەتی و کتێبی بەغداد، شەهید سۆران چەندین شیعری دیکەی نووسیوە، لەبەر ئەوەی خۆی جیای نەکردوونەتەوە و ناونیشانی بۆ دانەناون، ناونیشانی یەکێک لە دەقەکانمان بۆ هەڵبژارد و وەک کتێبی سێهەم لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.



## بۆچی هاتووم..؟

هاتووم تینویێتیم بە بەرد ئەشكێنم..
لەم نشێوی و كەندەڵانی عەشقەدا چۆك بە ئیرۆتیكای زەینم دابێنم
هاتووم باقەیەك تەنیایمت لێ مارە بكەم
قەپاڵێكیش لەگورجی ئازارت بگرم
چیە لالۆ نامناسییەوە من كوڕی فیرعەونی عیشقم..؟
دایكم ڤینۆسی لەبار چوو
خزووی گیرفانیم قورس كردبوو خوداش پاڵێكی پێوە نام
كەوتمە سەرلەپی سێپەڕەیەك مانگایەگ وەخت بوو
هەڵم لوشێ ڕام كرد، وتیان: ئەوە ژیانە..

٢٠٠٦/٥/٢٨
كەركوك

## جێ ماچ

هەمـوو شـتـێك ڕۆیــی
بەسـەرچــوو بـڕایــەوە ..
بەس جــێ مـاچـەكـەت
لەسـەر گـۆنـام مـایـەوە..
كە دەچـمە بـەر ئاوێـنـە
بەچەنـد شـێوە دەگـۆڕێـم..
بـەو گــۆڕانـە بـــــراوەم
كەچـی بەو ماچـە دەدۆڕێـم..



# «کـۆڕش» ڕۆیی.. سـەلامیشی نەکرد

نا هاوڕێ نەناسەکەم
نا..
کوا بەرد ئارەقە دەکات..؟
کوا زمان خۆی دادەکەنێت و پێیەکانی بەخوێن
ناشوات..؟
کوا؟
کوا جەللاد سەری هەڵدەبڕێت و
بڕبڕەی ویژدانی بەدەر دەکەوێت..؟
ژیان درۆی کرد
چۆن نەتناسی؟!!!
خۆ دەزانی ئێمە مووعتادین بە ژیان..
رۆژێك هەر دەمانکوژێت
ئیدی بۆ سەلام ناکەیت؟

*　　　**　　　*

کۆڕش رۆی، دەسەڵات سەری هەڵنەبڕی..
ئێوارەیەك، زەردەپەڕی نەکردە پرسە ..
کۆڕش سەلام لە کەس ناکات..
کەس، کەس
لە هەموومان تووڕەیە
«نەخۆشخانەکەی ئەو و



باخچەی پێکەکانی دەسەڵات، قولانچێکیان بەینە
مەیخانەکەی ئەو و
فرۆکەخانەی خەیاڵی دلڕەقی ..
لە شەقامێکدان..
سووتووی جگەرەکەی و بڕوانامەی دکتۆرا و ناسنامەکەی ..
لەیەك تەپڵەکدا سووتان»
کۆڕش رۆی و تەماشایەکی نەکردم
کۆڕش سەفەر ئەکا
نەجانتا ئەبا، نە ماچی چۆلەکە و نە بۆنی گوڵ دەکات،
سارد، سارد
وەك شەختەی زستانی سلێمانی شەقار شەقار دڵی
ئەم دەرزییەی لێ نەدامەوە
نا.. کۆڕش سەلام ناکات
قەت، قەت
ئەو ناچێت لەبەر مزگەوتی گەورە حەب و دەرمانەکانی بفرۆشێتەوە..
ئەو ناچێت
بڕوانامەکەی بنێتە ناوگەڵی مەغریبانێکەوە و
بیباتە ماڵی خنکاوی ئاو..
ئەو حەزی لە تەڕییە..
تەڕ، تەڕ
کەچی بەو وشکییە ئاوڕی نەدایەوە

* ** *

دکتۆر ڕۆی..
لێرەوە، بەشۆستەی گوماندا و
لە فولکەی سێدارەی خنکان پێچی کردەوە



دکتۆر نووسی و نەیفرۆشت
دکتۆر، وەك بەرد تەقی و دەسەڵات نەمرد
دکتۆر بە برین پێچێك خۆی خنکان
بۆ بەیانی لەکفڵی ڕووشاوی سۆزانییەکیان پێچابوو ..
دکتۆر چاویلکەکەی کوشت و ئیتر بیری چاوی نەکەوتەوە
چاوەکانی بۆ ئەبەد لە زەمبیلی منالێکی بەردەم پەیکەری ڕەش بەجێمان
دکتۆر ڕۆیی و نەخۆشەکانی مردن
دکتۆر مرد و کورد نەخۆشتر
حەیا هەرزانتر
هەستکردن بە بەلاش
ئینتیما بە ماچێك قوڕ
کرێی خانووەکەی دکتۆریش بە هەموو دوونیا

* ** *

لاڕکەڕێکانی ژیانت دیبوو، شەڕیشت بە قەدەر دەفرۆشت.؟؟
ئەم قومارەت بۆ کرد؟ هاوڕێ دژوارەکەی مەرگ
دەڵێن کۆڕش تووشی شیزۆفرینا بووە
ژیان ناناسێت
ئەبەدییەت و زیندەگی تەڵاق دا..
ئیتر کۆڕش بە پێ ناچێت بۆ نەخۆشخانە
سەیری کاشییە زەرد و سەوزەکان ناکات
بەر دەرکی سەراو چاوپیاخشانی وتارێکی قەڵسی خۆی
تەرك دەکات..
لەوێستگەی هیچ پاسێکدا تەمەنی نافەوتێنێت و
بیرەوەریی دوو دڵیشی لەگەڵ هیچ نەخۆشێکدا باس ناکات
کە هەموومان نەخۆشین..



**نەخۆشییە، کەسمان حیرسی لێڕامانیمان نییەو**
**خۆمان لە وجوودیەتی گێل دەکەین..**
**ئا.. ئیتر ئاسیا مەسج بۆ دکتۆر کۆڕش نانێرێت**
**جەژنان ناچێتە ماڵی خودا و مۆڕە لە بێدەنگی ناکات**
**بێدەنگییەك، ئەوی کوشت**
**کەچی هەر غیرەت نەهات بەلامانەوە**
* ** *

**ئەو کەسی نییە**
**کەس، کەس**
**ئەو خوداش کەسی نییە،**
**ئەو ماڵی نییە**
**هیچ، هیچ**
**گۆڕیش بەماڵی خۆی نازانێت**
**ئیتر ئەو تابووت دەناسێت**
**من نەمناسی و ژان گرتمی**
**بەخەمی قڕوقپی نوخبەیەك دەست بە ئاسمانەوە**
**بە لاڕەشەی کاسەلێسەوە مردین**
**لەلۆی خەفەتا..گینگڵ دەدەم**
**ئەو هەر نایەت دەرزییەکم لێ بدات..**
**دێت و نامناسێت**
**پەستان پێوەکەی دەردەهێنێت  لە جیاتی ئەوەی لە قۆڵی منی ببەستێت**
**زەختی دەسەڵاتی پێ دەپێوێت.!!!!!**
**نمرە، نمرە شەرمەزارتر دەبێت، کورد**
**دکتۆر کۆڕشیش**
**کانیۆلایەك وەك پەلکەزێرینەی ماتەمی خۆر دەکاتە ملی و**



نەك بیر لە ئاییندەی موحیبەتی خۆی ناكاتەوە بۆ ژیان
بەلای مندا تێدەپەڕێت و
تەنها دەپرسێت "تۆش دێیت"؟؟؟
من دەڵێم"پرسیارێکم پێیە دەی فرۆشم
سەلامێك ناکەیت"؟؟؟
*                    **                    *
هاوڕێ تۆ چیت کرد؟!
مێژووی شێتیت دەست پێکردەوە..
من پێمنەوتی ڕق لەو کچانە مەگرە
کە لەبەر ئاوێنەی حەزێکدا دەمرن.؟؟
سنوورەکانی خۆکوشتن هێندە کاڵبووەتەوە
وەك بۆیەی سەر نینۆکی کچی تەتەرێك
دێت و دەمانبات،
هاوڕێ، بۆ نەتزانیوە ڕەنگ من و تۆی تیا توایەوە
ئێمەش توخمی کۆمەڵگەیەك لە مەحفبوونەوە ..

٩/ ٩ / ٢٠٠٦ کەرکوك
شەممەی پەراشپەراشبوونێکم



# له دڵی پاییزدا..

**بۆ» ئاو»، چونکه لەو دەچێت قەت نایەیەتەوە»مەرزییە**

**ئارام بنوو..**
**سڵاوی گەرمی دڵی پڕ ئومێدی مەستت لێ بێت**
**ئەی "ئاواز"ی پێشمەرگە..،**
**قفڵی ئاو بەمن ناشکێت**
**تا لە کونی دەرگا بەردینەکانی ئەو دیو ئەجەلەوە**
**قەترەیەك رۆح لە مردن بدزم ..**
**ئاواز لەرۆحم ناخواتەوە ..**
**تا بە دەستماڵی خەم، تولەڕێی مەراقت بۆ پاك بکەمەوە..**
**شەم نەدەسووتا ..**
**گەر پەروانە بەسەر دەرگاکانی عیشقەوەو**
**لە پەنجەرەکانی عیشوەوە**
**شەوی شانە نەکردبا.**
**ئەمە خەمە**
**ژیان سەری لێ تێك دەچێت و دوو کۆڵان**
**لە توخمی توحفەیی خۆی دەخات و**
**مەیلی تەنهاییان دەشکێنێت..**
**ژیان بەسەر ئەسپی عەرشەوە گرەو**
**بە زیندووبوونی هەنارێکەوە دەکات**
**هەنارێك..**
**پێکەنین لە هەناسەیدا ماڵییە**



ماڵییە، وەك "دان"ەكانی ناودەمی گۆرانی رۆحكێشان و..
شمشاڵی نیشتمان و..
مرواری بەر پەنجەرەو..
پەنجەرەی غوربەت و..
غوربەتی لێوانلێو لە سۆز ..
شەپۆلێك لە نیگای خەم
ئەوینێك لە چڕین ..
لە ئێوارانی دوو باڵداری ناوەخت
لە كراسی شیعر و وەنەوشەی مناڵانی خەڕات
لە چەمی بەهەشت..
ئا.. ئەوانە تۆی ڕەنگاڵە ..
ئۆپەریتی دەنگت
زەپەری بە شەختەی پیری بردبوو
وایییی...
ماڵێكت هەبوو لە بێدەنگی
بێدەنگی جوانترین ئاوازێك بوو هەمیشە دەتوتەوە
پیریت، بە پێخاوسی..
بەڕەڵای نێو دڕكەڵانەكانی مردن كردبوو
وەكو شێرێك، نێچیرت تەنها
هۆنراوە و هەڵبەستی قاوەیی كاڵ و ناسك
وەك سپێتی رۆحت ..
ئاوازت مزر و
هەڵهەڵەی ئەرخەوانی و
«یەڵا چەپڵە"ی نێو كۆنسێرتێكی نارنجی بوو
وەرەوە.. وەرەوە؟!



**موحیبەت چۆڕاوەی لەبەر بڕاوە**
**مەلە تارەکەی نێو ئاسمانێکی چوار باڵ**
**لەم دەشتی ئاسمان و بیابانی ئاسمان وبەهەشتی کەوکەبانەدا**
**هێلانەی کڵاوکۆڕەیەکی ئەوسای شاخت پێ نەبڕا**
**دڵپەیەك ئاوی بن مەتارەی شەڕێکتیش بۆنەمایەوە؟**
**بۆ....**
**بۆ....**
**بۆ......**
**بە سروشتی بەرد و**
**تەزیوی بەفر و**
**خوڕەی حەسرەت و**
**ئاونگی ناو لەپی گەڵایەك و**
**سێبەری تەڕی سەدای "ئەی ئەمان"ێکی**
**ناسری ڕەزازی دەژیای**
**ئاە.. مەرگ چەند ناشرینی**
**ئەم هەموو جوانییەی ناسکیمان چ لێدەکەی.؟!!**
**مەرگ .. چەند جوانتری کە نهێنییە دەگمەنەکانمان لێ دەشاریتەوە و**
**بۆ ئەبەد دەرگای شادی دادەخەی و**
**نازانی**
**وێنەیەکی ژیانمان وا بەسەر سەری**
**دۆزەخەوە هەڵواسیوە**
**«شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم»**
**سڵاوێك بنێرە**
**هەر بۆ تۆیە ئاخ وداخ وناڵەی مەلەکان**
**با مەرگی تۆ درۆی سەرکردەیەك بووایە و لەبیرمان بچوایە**



با کۆچی هەڵکشانی ئاو پێشمەرگی ماسی با
چ دەبوو؟!
گەر لافیتە ڕەنگاورەنگەکان
هەمووی پڕ سەبان
هێندە تفی نائومێدیمان بۆ هاویشتن، خۆ کاڵ بوونەوە ..
چ دەبوو زیندەگی، تۆزێك دوا کەوتایە لەدڵی پاییزدا هەڵی نەگرتیتایە
کەرنەڤاڵێك ..
دوو کەرنەڤاڵ
سیان ..
.....
چاوەڕوانیی گەڕانەوەی گوڵن لەم سەفەری پاییزە
بۆ لێواری ئینجانەکانی تەئویل
ئەی دۆست
غەریبی، بکە بە کلیپێکی ئەم جارەت و
پڕ بەبێ کەس کرماشانیش بچریکێنە
چۆلەکە تەڕەکان
لەو خەوە سینەما، تراژیدییە، بێدار بێنەوە
مەرزی مەرزان..
هەرچەندە تۆ لەم وڵاتی کزە خوێنە، نەمردی و
لەناو دڵی تەکنەلۆژیادا تەسلیمیان کردی
بەڵام، مەرگ بکە بە کۆنە کەشتی کەناری هیوایەك
خۆت لە سیروان هەڵبکێشە
لە خاسە دەتبینمەوە، پێت دەڵێم
«سڵاو..»
بەختەوەر بە



زیاتر نەژیای، بێدەنگی بۆتە جەللاد، مەهێڵە نزیك ببێتەوە
ئێستا دەبوو لە دژی خۆت سروودێکت بگووتبا..
ئەها، لە دوودڵێدا
دەبینە هاوڕێی، منالّیی پیری..
پیری گۆرانی..
پیری عیشق..
پیری نیشتمان..
پیری شارستانییەت..
پیری عەقڵ..
پیری شەو
کە تۆ چووی، ئەو شەو
خەوم بەتریفەوە دی ..
لە سنەوە دەهاتە خوارێ
کۆڵێك گۆرانی دابوو بە شانی مەریواندا
فەقیانەی دڵی، سەرچۆپیکێشێکی
مەریوانی بەدیاری بۆ هێنابووم..
پرسیاری گوڵفرۆشێکی خەڵکی سلێمانی لێ کردم
وتی "من چەند ڕۆژی ئافاتە .. چەند ساڵ شوومە بەرێوەم
کەمانچەیەکم پێیە، لەلایەن خۆرهەڵاتییەکەوە پێم دراوە..
هێناومە بۆ گوڵەباخ
عەزفی تەریقەتی بەهاری پێ دەکات
تا ژیان غەدر لە ئاو نەکات»
کەمانچەکەی کە لە تابووتەڕەش پۆشەکەی دەر هێنا و ووتی
« ئاو..، یەك جار سەر دەنێتەوە»
لەسەر کاغەزێکی نیوەزەردبووی کۆن نووسرابوو



١٨ / ٩..،
ئاوازی مەرگ..
بە دەنگی ژنێکی کەمانچەیی دوورە وڵات
هەڵبەستی عەشقێکی بێڕازی، دڵنسرم..
لە ئامادەکردنی..
غەمژەنی بەناو بانگ " کۆتری ئاسمان " و
مۆسیقاش ..
تیپی شیوەنگێڕانی نێو خەباتی شاخ
هەڵپەڕکێی ڕەشپۆشانی خوێندنگەی بەردی کچانی..»
ئەم کلیپە
ڕەنگی تیا نییە و کەس نازانێت کێ دەریهێناوە "مەگەر خودا!»
دەنگێکی تیایە ئاونگ دێنێتە قسە
لە گوێی هەمووماندایە، کەس لێی ناگات.. نا
ئێمە گوێمان تەنها بۆ قسەی ڕەق و ووتەی زل هەیە
بەس زمانی بەرد شارەزاین..
ناسکی ڕێبوارێکی شڵەژاوە بەگوێچکەمان
جێ پێی حەسرەت بە جوودایمانەوە دیارە
لە دەشتایی دڵە بێڕەحمەکانی نیشتماندا
هیچ گەردەلولێك تینوێتی ئەم ڕێگا دوورەی پێ ناشکێنێت،
ڕازی ئەم گوڵی سەحەرەی پێ نادرکێنرێت
جگە لەوەی خۆی گۆرانییەکمان بۆ نەڵێت..

٢٠٠٥/١٠ /٢٢
کەرکوك



# ئاشووب •

ئەی تارمایی: ئەو مۆمانە دەشکێنم کە دەیانەوێت
ئیشراقی زوڵمەتی خۆیان
لەنێو پانتایی ونبوونی تۆدا نمایش بکەن
بارانێکم هەبوو، دڵۆپەی پەپولەی ناوبوو
جریوەیەکم دیبوو، باسی کیژۆڵەی تەپوتۆزی بۆ دەکردم
کەنارییەك لە قەفەسی ناو باخچەکەماندا قورئانی دەخوێند
ئێستا باخچەکەمان سەربازگەیە
کەنارییەکە لە مەلهایەك دەگێ و رەقس دەکات!
لەسەر تەختەشۆری مرۆڤایەتی رامکشێنن
نەغمەی جەفام پەپولە قاپووتی ماسی دەوەراند
دەریا هەستی بەشکاندنەوەی رەنگە نەمرەکان نەدەکرد
لە لێوی چرچولۆچی کەوێکی گەرمیانییەوە بیستم
"ئەوکات حەقیقەت ئاژاژکی دەدا"، چونکە ئەو وتی:
کاتێ تراکتۆرەکەم بەرەو لەیلان لێ دەخوڕی،
چاوەکانیم کوژاندبۆیەوە..

ئەو ناوە هەمووی تاریك‌و نووتەك بوو، گوندەکەی خۆم نەبێت دەسوتا"!!
سووتان چییە ئەمیرم
وشەیەك بۆی هەیە ژیان بسووتێنیت

• لە پێشبڕکێی شیعری (پەرەمووچ)دا لەپاشکۆی رۆژنامەی هەواڵدا پلەی پێنجەمی بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی کوردستان.



**ئەگەر کچێك رووخسەت لە ویژدان وەرگرێت، دەتوانێت**
**بە ماچێ هەرچی پێشمەرگە هەیە بیانکات بە رەژووی هەناسە**
**فیشەکێك شیاوی ئەوەیە لەکاتی نووستندا گوێ لە ورێنەکانی بگیرێت**
**ئەتوانێ ئەو، ماڵی حورمەت لە گەڵ تەویلەی جەسارەتدا دەمج بکات..**
**فیشەکێك نەزانێت بۆچی لەگوڵی تفەنگەوە ئەوەرێت**
**بۆ بچێت لە دڵی ئەویندا مشەخۆری بکات..**
**من نەزانم بۆچی دەست پێدەکەم، تەواوبوون**
**لەچ کۆڵانێك دڵداری دەکات!**
**ئەمیری گەلۆ: کۆڵانی کوردانە، عەرەبان دڵداری تێدا دەکەن..**
**من پرسە بۆ شەهید نەبوونم دەگێڕم**
**عەجاجیش شەریکی بوغزمە..**
**شەربەی شەرمی کچە کاڵەکانمان، لە لێوی عەسکەری**
**عاجباتیی گۆج و گەوجدا تەقینەوە..**
**ئیقاعی مانۆڕی مامزەکانیان لێگۆڕین؟! ئەوان**
**ئێمە پیاسەی گوڵەگەنمان نەناسییەوە، ئەوکاتەی**
**لە خۆر لە زەردەی ئاوابوونی ترسەوە**
**لە کۆڵوانەی ئیماندا بردیان.**
**دەچینە ماڵی هەموو دەنکە لمێکەوە..**
**دەرکەکەم لێ بکەرەوە ئاشووب، لەنیشتمان گەڕەلاوژەیە**
**ئاشووبی ئەمساڵە لەمێژووی توحفەیی پایزدا چڵێك خوێنی لێ زا..**
**چڵ دەفڕێ بەباڵۆنی"با"**
**"با" دەیبات بۆ کەناری دەریا**
**چڵ دەنوسێ"ئەگەر گەڕایتەوە، قیامەتم لەدەسرازەی**
**برازای فەتوایەکدایە..**
**رای مەژەنە.. نیشتمان رامەژەنە...**



ئاو رامەژەنە..
کانی رامەژەنە..
هەنار رامەژەن..
دەچینە دڵی هەموو بێئیمانێکەوە
پەنجەرەکەم لێ بکەرەوە، هەتاو کوشتمی..
کچو هەتاو سووراوێك نەبووایەن بەخاچەوە
لێوی ئاسمانی سەحرا ژاکاوەکانیان سوور نەکردبا
بۆچی؟ دەنکەهەنار دەباری
بۆچی؟
ڕەزی ئێمە، بێستانی ئێمە..
تەیری ئێمە.. کولانەی سوکنەتی ئێمە
چاوەزاری ئێمە وا عاشق دەبوون..
عاشق بەهۆگریی خەمێکین سەدەفی گشت ئەتڵەسەکان
نوشتە بۆ ماسی دەنووسن
دەچینە پەڕەمووچی هەموو ویساڵێکەوە
بەلەکۆنەکەتم لێ مەشارەوە، مانگ زەیزستانە و منداڵانەش گۆرانی دەڵێ
باوکم لەگەڵ شەیتاندا چەڵەمشکێنەی لەسەر حەقیقەت دەکرد
بای باشووری تەمبوور، عەزفی ئاوازی ئەنفالی هێنا..
کە گێژەڵۆکە هەڵدەکات، گوڵ ئەمرێ و درەخت
"یاسین"بۆ گیا دەخوێنێت
لەبن دیوارەکانی بەرەنیسکدا، کۆمەڵێك کەڵەکوێوی"دامە"یان دەکرد
لەشیوەکاندا، گوڵەبەڕۆژە شمشاڵی سەهۆڵینی هەتاوی دەژەنی
ئەم خاکەی من سەدان ساڵ پاییزیی بێت، بەبەهارێك
تێر تێر دەگەشێتەوە
سەفەر لێرە ئاشوبەوە



**گەڕانەوەیش کوفرە، وەکو ژیان**
**وەکوو کورد**
**وەکوو زریزەکەی زارا**
**وەکوو گەڕانەوەی ئاو بۆخەجاڵەتی..**
**لەم زستانە سەختەدا ژیان فێری مەیین بووە**
**تا ئێستا چەندین جار وەك چلورەی جەهەنم**
**لەئاونگی گوڵی گەرمەسێردا ژاکاوە**
**ئێوە رەنگی ئاو و**
**ئاو رەنگە موتوربەکانی ئێوە بە عەزراکانی بیابانی هەڵزنانو**
**کونە دەدووریتەوە**
**پەپویەکیش دانیشتووە**
**لەشێوەی پیرەژنێکی جادووگەردا**
**بەدەم دوکەدوکەوە کڵاوڕۆژنەی هەڵتلیشاوی مێژوو ..**



# شەوێکی زستان

لە شەوەکانی زستان
ڕەهێڵە و باران
دنیایەك پارچە سپی
ئاسمانێکی ڕوو هەوراوی
ئەستێرە سپییەکان دادەبارین
وەکوو دیارییەکی جوان و شیرین
لەمەڕمەڕی کۆشك و تەلاری ڕازاوە
نیشتمانەکەم بووە شاجوانی ئەم ناوە
لەداری بێ گەڵای زەردهەڵگەڕاو
لەعاشقی دڵدار زوو پیروو تۆراو
لە بێجێگەیی و لانی ئازادی
ئەبارێت بەفر، بەفری شادی
لە دووکەڵی دیوەخانی گەرمی باو
لە گاڵتەوگەپی کۆ بەجێ ماو
لە چەرەسات و میوەی زستان
لە چای ڕەش و دۆشاوی کوێستان
لادێ بەیەك ڕەنگی جوان
خۆزگەیە بۆ ئارامی ژیان
لە شاری پڕ لەسەمای دڵداری
لە جادەی ڕووناکی و بەختیاری
لەشێرەبەفرینەی بچووك و گەورە
لەخزمەتی دڵانا نەبووی لەورە ..



# دیەی سەفەرکردووم

نە شیعرێکی بنووسرێیتەوە
نە پەرداخێك ئاوی بخورێیتەوە
نە گوڵێکی لە پایزدا نەگەشێیتەوە
نە مۆمی عیشقی و بتوێیتەوە ..
نەئاوی ڕووباری و ئیتر نەیەیتەوە
نە مەرگی و دییەی، ژین بەریتەوە
نە تەلە شقارتەیەکی دڵداری و دانەگیرسێیتەوە
نە ڕۆژژمێرێکی بەسەرچووی و ببڕێیتەوە ..
تۆ تەقولبابی هەمیشە وەختی
تۆچرای شەوی زستانی سەختی
تۆ بەهاری سەفەر نیت و دوری
تۆ قیبلەگای بندین نیت و نەبوری ..

ساڵی (٢٠٠٣)



# تیرۆر

بۆ ناپرسن دنیا سوور هەڵگەڕاوە؟
بۆ ناپرسن هەوا ئاڵۆزە بێ ناوە؟
دەستی مەرگ خۆی بۆ کێ مەڵاس داوە؟
خوێنی کام؟؟ چەندی تر ڕژاوە؟
قەسابخانە لەکام خێڵی تر دانراوە؟
چەند کورد بووە بە نەمام و نێژراوە؟
چەند دایك و باوك جەرگی سووتێنراوە؟
دەستی تیرۆر کام لای تری گرتووە؟
کام ڕۆڵەی ساویلکەی بردووە؟
دڵی کام باوك و لاوت گۆڕی؟
عەقڵیت نایەوە و خستە ناو گۆڕی؟
کوردستان بووینە بەقەسابخانە؟
ئەمە خەڵاتە نێردراوە بۆ ئەم جوانانە
ئەمانە قۆچن بۆ جەژنی قوربان
ئەمانە مەڕن بۆ تیرۆرستان
تیرۆر دڕکە تەنها سینگ ئەدڕێنێ
نووکی شمشێرە تەنها مرۆڤ ئەتۆقێنێ
تیرۆر حۆرییە،کۆترە، بەڵام خەیاڵە!!
ئەوەی ئەوان ئەیگێڕنەوە هەمووی بەتاڵ
تیرۆر ئاگرە جەرگ ئەسووتێنێ
دەستڕەشە مەرگ بەزۆر دێنێ ..



# چۆنی؟ •

**چۆنی ئازیزم، چۆنی گوڵەباخ**
**چۆنی عاشقی،هەناسەئاخ**
**چۆنی ئەی ماسی گلێنەی چاوم**
**ئەی بارانی، دڵەی سوتاوم**
**ئەی هەوری سپی پڕاوپڕ نیگا**
**تیمار کارەی بریندارى جێگا**
**خەندەی قەترانی زوڵفی خاو**
**ماچی لیمۆیی پڕ بە لێوی ئاو**
**ڕوح سڵاوت لیَ دەکا گشت کەسم**
**گیانی پاراوی وەك حەسحەسم ..**

• یەکەمین دەقی لە پاش گەڕاندنەوەی بۆ شاری کەرکوک نووسیویەتی لە ٢٠٠٤/٩/١٢.



# فوولە چرای وشە مەکەن

با تاریکی سەرتان نەخوات
گلێنەی قەڵەم کوێر مەکەن
با مێژوو نەفرەتتان لێ نەکات ..
لە هەر شوێنێ زمانی ڕەخنەیان بڕی
لە هەر شوێنێ ڕەنگی ڕاستییان گۆڕی
لەو شوێنە ئازادی لغاو دەکرێ
دەسەڵات ترسنۆکە......

# دیدار

دیداری خۆشەویسترینم
سارێژ بوو زام و برینم
نەورەسی چانسم کرایەوە
فرمێسکی چاوم وا بڕایەوە
بە سەفەری حەز و خەونەکان
لێوی تامەزرۆ بوو بە گریان
ئاهەنگی کۆچت خەیاڵی کردم
شەیدا و عاشقتم بۆیە نەمردم ..



# ڕووتبوونەوە•

**پاییزێك تەوبەی دەکرد.!!**
**کەچیتر گەڵای درەختەکان نەوەرێنێ**
**وەرزیش..**
**بۆنەزرگەی بەهاری دەبرد**
**بەهاری پشتێن سەوز، ڕدێن سیمین**
**لێ.. بەهاریان گرت و..**
**لەپەتی سێدارەیان مارە کرد.!!**
**ئاسکێك پەلکەزێڕینەی ڕژاوی، دوای نەرمە گریانی**
**ئاسمانی..**
**بو گەردنی خۆر دەچنییەوە..**
**وەك جامانەش لەسەری چیای تۆقیوی دەنا.!!**
**کەچی بە بۆنی گوڵێ مرد.؟!**
**درەختێ سەمای دەکرد**
**رەشەبایەك هات**
**نەیتوانی کەواو سەڵتەکەی کۆ بکاتەوە ..**
**مەخابن**
**ئەوان رووت رووتیان کردەوە.!!**
**شوانێ خەمی بەبا دەکرد ..**

---

• لە ژمارە (٨٠)ی ڕۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ) ١٤/ئاب/٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.



دنیای حەیران دەکرد ..
”جەهەمی“یەکان هاتن، بێزمانەکانیان بار کرد
”شوان“ەشیان..
لە خوار ئاواییەوە زیندەبەچاڵ کرد.!!
گولیلکە سوورەیەك
ناولەپی لە خەنە دەگرت..
بۆ ئەم بەهارە..
سەرچۆپی پەپوولەی بۆ چۆلەکە دەگرت ..
بەڵام پێش بەهار
هەردوو دەستیان بڕی و
چاویشیان کوێر کرد!!



# وەك منداڵێك

پیاسەیەکم لەکن دەکەیت
هەرچی هەنگاوە ئومێدەوارەکانمە بۆ خۆت دەیانبەی..
نا نزیك لە سۆزی کەرنەڤاڵی وشە ئیرۆتیکییەکانت
پڵپڵەی تەمەنم دەبێت بەگەڵای ڕزیو..
شادییەکانم، خۆشگوزەرانییەکانم، لەنهێنی مەسجێك دەشاریتەوەو
بەنیگای خەمی سەحەرێك کەنایەتەوە بۆ دەمەو بەیان خۆشەویستیم لە
یەقین یاخی دەبێت
نازانم من وەك منداڵ گەمان دەکەم؟
یان تۆ، وەك منداڵێك ئەم شەڕی ئەوینە دەکەی؟

٢٠٠٨/٢/٥ کەرکوك



# زیندوم ئەوکاتەی عیشقی تۆ دەمکوژێ

لەسەر لمی کەنار کاغەزێك
ویستم بەگوێچکە ماسییە قەڵەمێك بنووسم:
ئیتر خۆشم ناوێی، ئیتر نامەوێ لە مردنەوە نزیك بم
کەچی کارەبا، عەجوولی خۆی نواند
پێش ئەوەی لەو خەیاڵە رابم، تاریکی دەستگیری کردم
تا بۆتم نەنووسی خۆشەویستم: زیندووم، ئەو کاتەی عیشقی تۆ ئەمکوژێت
رووناکیی ئاشتی نەکردمەوە.

٢٠٠٨/٢/٥ کەرکوك



# ئەوەی بە وتن ناچوێندرێت

تۆ هیچت نەبوو، جگە لە جوانی
هەموو شتم هەبوو، بەڵکو ئەوین نا..
هێندەی ئاسمان بارانیان هەڵگرتبوو.. چاوەکانت
سەد هێندەی ئیزرائیلیش ترس..
چاوەکانم، کەمتر لە شەمشەمەکوێرە ئاشنای جوانیت بوو
ملیۆنان هێندەی چاوەکانی گشت مرۆڤ
تەماشای تۆی تیا حەپەسا بوون، چاوەکانم..
قاچەکانت، پڕ بوون لە وزە
ناسیاویتیان لەگەڵ شکان گرتبوو، قاچەکانم
لێوت، باڵی پەپوولە، گەردی نەگرتبوو
ئەمە جێی باوەڕ نییە!
کە وشەیش لەو لێوانەوە دێنەدەر!
شۆستەی شەقامێکی قەرەج، قەرەباڵغە بەهیچو
جمەی دێت لە (نا) گووتن.. لێوم
ڕەقترە لە خوێن، تیژترە لەتیشکەکانی خووسانی گەڵای نێو قوڕاو لەبەر باران..دڵت
دڵم، ئاوێنەیەکە پەڵەی خوێن قاوەی بۆ گرتووەتەوەو وێنەی دڵت نەبێت
هیچ شتێك لەبەر ناگرێتەوە..
ئای لەمن
ئای لەتۆ
کەتەنها ئەوینە دووریمان نزیك دەکاتەوە.
٢٠٠٨/٢/٥ کەرکوك



# هێشتا بۆنی سەگەکەم لێ دێت

ئۆتۆمبێلێکی سوور ڕەنگی شڕ
تولەسەگێکی ماتی ڕەشتووك..
چەند مەترێك لەپێشمەوە ئەمە ڕویدا:
بۆرە تایەی تاریکی دواوەی لای ڕاستی ترومبێلەکە
سەریڕەشەتولەکەی پژان..
شۆفێرە ئیماندارەکە بێباکانە سەگەکەی تێپەڕاند
من ڕاسکە ڕاسکی مردنی تولەکەم بە چاوی خۆم بینی
دەستبەجێ، هەڵم گرت و خستمەی لای ڕاستی شەقامەکەوە
مرۆڤەکان هەموو هاواریان دەکرد:
گڵاوە.. گڵاو.. گڵا..
کافر فڕێی بدە گڵاو بووی..
من ئەمەم چەند جارێك بەگوێی خۆم بیست
گیانسپاردنی تولەسەگە برسییەکەم بەڕۆح هەستپێکرد
من گڵاو بووم!
من کافر بووم!
من کەی مرۆڤم، من سەگم
باشتر کەمرۆڤ نەبم.

٢٠٠٨/١/٢٦ کەرکوك



# چەند خۆشە بە تەنیا پیاسە بکەیت

لەکاتێکدا، هەمووان وا بڕوانن کە بیر لەوان دەکەیتەوە
چەند خۆشە بەتەنیا پیاسە بکەی
بیرت نەچێتە سەرهیچ شتێك
ئەمە لەکاتێکدا بێت..
هەمووان وا بڕوانن کەبیرلەوان دەکەیتەوە
خەیاڵت لە کەزیی جوانی کچە ئەسمەرو
ڕەنگی گەنمییەکانی نێو باخچەکەیش
گیر نەبێت..
بێدەنگییەکەت بوون ئیحراج بکات
ڕوخسارت لەگەڵ گەڵا هەڵوەریوەکانی
ژێر درەختەکاندا لێك جیا نەکرێتەوە
ئەمە لەکاتێکدا بێت..
هەمووان وا تێبگەن کە لەوێدایت، کەچی وایش نەبێت!

٢٠٠٨/١/٢ کەرکوك



# چرپەیەك•

**هات.. هات**
**بەهێواشی... زۆر بەئارامی**
**چرپەیەك لەتەزووك**
**لەنووکی لووتمەوە...**
**چووە**
**ناو دارستانە چڕەکانی**
**ئازارمەوە!!!**
**خورپەیەکی دا... خورپە**
**بەسەر لقە شکاوەکانی کەناردا**
**بازی دا...باز**
**بازی دایە ئەوبەری عەشق**
**مستێ**
**دوو مست ئاوی**
**لە کانییە هەڵبزرکاوەکەی**
**چەمی خەیاڵێ..**
**نۆشکرد**
**هۆرەی کرد..هۆرە**

---

• بەپێی نووسراوێکی نێو دەفتەری یادەوەرییەکەی: ـ لە بەرواری ٢٠٠٣/٧/٢٠ ەوە لەبواری هونەر و شیعر نووسیندا بۆ زیاتر برەودان بەشیعرم دەستم کرد بەنووسینی شیعری سەربەست (حور/ئازاد) کە یەکەم شیعری سەربەستم بەناونیشانی (چرپەیەک) نووسی.

**به لەهجەی عاشقانە**
**پایز دیوی..**
**فرمێسك**
**قەترە..قەترە**
**بەبێ پرسی چاو..!!**
**دەریایەكی دروست كرد**
**لە گریان...**
**بۆ پەپوولە باڵزەردەكەی**
**تەنیشت هەوار...**
**جیهانێكی دروست كرد.. جیهان**
**لەغەم و پەژارە...**
**بۆ هەنگە لادێییە**
**عاشقەكە!!!**
**ئینجا**
**بزەی پێكەنین**
**لەشكەوە لەدایك بوو..**
**بۆ پەپوولەی ئاڵتوونی**
**بەچرپەوە**
**بۆ هەناسە بڕكێیەكی ئۆلۆمپیانە**
**خۆشم ئەوێی.. خۆش**
**ئاخر چۆن؟؟ كەی؟؟**
**بەدڵ.. دڵی دنیا!!**
**ئاخ دڵ**
**دڵم.. دڵت..**



# دایك

دایك ئەو ژانەی
بۆنی بەهەشتی لێ دێت
سنگی دایك
ناوەندی تێکەڵاوی
تۆڕی هەژان دڵە
سۆزی دایك مامۆستای مرۆڤی خوێندکارە
بۆنی هەستی
ژان و ئارامی
گڕی هیوای هەژار و بێلانەیە
فرمێسکی چەکی کۆکوژی بەرانبەرە
هەڵقوڵاوی
مەرگ وگیانە
دایك..ئاخ دایك
دایك
مۆمی
تاریکە دنیایە کە درەنگ و زووی
بۆ نییە
ڕۆژگارێکی بێناونیشانی تەمەنە
ئەگریجەی پەرچەمی ناسك و
نازداری عەشقە
لانکەی خەمی تاراوگەیە
دایك.. دایك
گەورەترین مامۆستای ژیانە ..



# بیرکەوتنەوەی شتەکان لە بێتاقەتیدا

**پێشکەشە بە «ئارام خەمبار»، کەسی تر نا..**

**شێتبوون چییە لە ئایۆنی تەنیایدا؟؟**
**هاورێم دەستم بگرە مەرگ رۆحم دەکرۆشێ..**
**تەنیایی چی لە من دەوێ لە شەوانی بێئومێدیدا**
**دڵم بەوە خۆش بوو کە خوا ئاگای لە هەموومانە**
**من وتۆش...**

** ** **

**کتێبێك دەخوێنمەوە لە دوالاپەڕەی مەرگی نووسیندا**
**لێی نووسراوە "رۆڵە، تۆ زۆڵی یان باوکت شەوێك لەژێر زەمینی**
**جەللادا بە تەنهایی ژێر کراوەتەوە «..**
**«جیهان بەسەری پەنجەیەك دەخولێتەوە**
**منیش بەدەست نەخوێنەوارێکەوە»**
**ئەمە دواین وەسییەتی شیعرێکم بوو..،**
**لەسووچی خوارەوەی دوالاپەڕەی رۆژنامەیەکدا**
**کەلە حەمامی ژنان..**
**کچێکی ناسك لە کاتی گوێزان پاککردنەوەدا لێی نووسیبوو:**
**خودا حەق بە تۆیە.. لەلای هەمووەمانە.. کەسمان نایناسین.؟!**
**تەنیا لە زەلیلیدا..**



**                          **

«بێزەحمەت دەتوانی دیلێتم بکەی“؟
کچێك دەمێکە وام پێ دەڵێ
من بە کڵاشینکۆفەکەی براکەم..
تەنیایی، بە چەنەبازی من و دووسێ گەنجی یاخی.،
هیلاکبوون بە ئەوپەڕی پلەی جوێنەکانی حیزب.،
... سەرەتای تەنیایی
ماندویێتیی منجەمنجەکانی مامۆستایەك لەدەست
تەلەبەیەکی سەربە عەشرەتی مۆنیکافرۆشەکان

٢٠٠٦/٧/٩ کەرکوك
شەوێکی زەلیلی یەك شەممەیەکی داماو



# وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی عەرەبی

چەند شیعرێکی شەهید سۆران، وەرگێردراون بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئێمە سێ پارچە شیعرمان لەبەردەستدایە، یەکەمیان لە لایەن دکتۆر (ئازاد عەبدولواحید کەریم)ەوە وەرگێڕدراوە، لێ دوانەکەی دیکە ناوی وەرگێڕەکەی لەسەر نییە، بۆیە بێ ناوی وەرگێڕ دانراوە.



# القبل المعلقة

شعر: سورانامة حەمە*

ترجمة: د. ازاد عبدالواحد كريم*

القبلة، أثمن جواهر العاصين
و المغنطيس المخفي
وتيار البحور المهمومة،
و تنعكس شبق نجوم الليالي
كشهوة مركبة بفم مهضوم للطيور الشاربة
رأيت الشبق ينزل متدليا بقامة الليالي
و الظل الذي
أورد صدر الارض
كان يأن
بلل مطر الخرابة حتى الملابس الداخلية للمطر،،
البلل، الآحترار مسرح
وهوكل شيء من أجل الظفر بجيش الفناء
و مسرح الفتيات اللآتي وهبن أنفسهن لله
و مسرح الجبال الخالية من الاحضان
أما قبلات فم الزهور الصباحية
هن مسارح جميلات بلادي
هنا...
نعم...
مكمن القبلات



**بلد عطشى،. جزيرة عطشى،. بحر عطشان**
**و اخر معقل و ساتر للذكريات الخربة**
**على هذا الآمتلاء**
**و الى أخر قبلة الاغتراب**
**يجعلنا مشتاقين**
**هنا...**
**صحراء عطشى سماءها تنهمر منها القبل**
**لاتقولوا أين..؟**
**لماذا لا يتأتى العشق، وهو مأسور..؟**
**يبدو، الان ينعس مع ولادة ( قبلة )...،**
**اربعة عشر قبلة..،**
**اربعة عشر ثانية..،**
**اربعة عشر دقيقة..،**
**اربعة عشر ساعة..،**
**اربعة عشر يوما**
**كلهم يسهرون... لولادة البكر**
**لدلال سمك أعمى في اطلس طحالب الرؤيا الوهمية**
**بدل (( جيفارا العشق ))**
**الذي يحيا دوماا**
**ليس في بلاد الروم..،**
**و لا في بلاد اليونان..،**
**بل في قلب الحان ذلك الربيع الذي أمسى خريفا□..**
**الذي علق حيطان العشق الرهيبة كقتلة (( ظالانتاين ))**
**بالقبلة و مثل المرايا الظليلة**
**حطمهم في الكفر...**
**الكفر...**
**الكفر...**



## مثل الشوارع..

كمثل شرطي كادح..
بعد طرد العصافير الغريبة..
وتنصل الشمس من عتب الرياض..
يقبض رويدا رويدا..
على مشوارنا
ولكن لا أكف عن الطيران..

***** ****

## «أطير نحو الجنون»*..

حتى أعلم..
ماهو أسرار الحب الحجرى فى العصر المائى..
وماهي خصائص الرجل الفضولى..
في زمن النظرات المكسورة..
كي أستكشف..
خسارتى في حرب عينيك..
ومواقف وسبل دم يدي..
على جسر صدرك وخيال طفل غير موجود فى الواقع..

*أقتبس من عنوان شعر لممدوح عدوان

# کتێبی چوارەم: ئەڤیننامە

شەهید سۆران، وێڕای ئەزموونی شیعر ئەزموونی نووسینی نامەی ئەدەبیشی هەیە، ئەم نامانەی لێرەدان، هێند بە زمانێکی شیعری نووسراون، سەرشارن لە جوانی و پاکێتی، لێوانلێون لە راشکاوی و بەیانی ناخی خۆی کردووە.



# نهێنیی ونبوو، گەڕانەوە بۆ سەرەتای خۆم

ئیدی من و تۆ شتێک نامان بەستێتەوە بە خەم و ژانەوە، بۆیە نە سڵاوت لێ دەکەم، نە پێشەکیت بۆ دەنووسم، نە نامەی تەڕ و مزر و ماچاویت بۆ دەنێرم، ئیدی نە هەواڵی دایە لە تۆ دەپرسم، نە دەڵێم "پێم بڵێ (چـۆۆنیییـی)"، نا.. بەلەمی ئازارێکی وات نەخستۆتە دەریای شەختەیی ژیانمەوە، کە جارێکی دی دڵم کزر کاتەوە و ماسییەکانی ئەوینم بەدەم حەسرەتێکتەوە .. جارێک بتریقێنەوە و جارێک بچنە شەرارەی مەرگەوە، عیشقم بدەوە، من پێم وتیت "جوانێ"، هیچ گزنگێک نییە ئازارێکت دەست نەخاتە بیناقاقای خۆرەتاوم و هیچ خەوێک نییە تاوێک چاوەکانت راوم نەنێن و نەمدەن بە فەتارەدا، "گوڵێ".. ئاخر زۆرم وت باوەڕ بە خەڵکی مەکە زۆرم پێوتی " بڕوا مەکە بەو کەسانەی کە تاسەر ئێسقان نەخۆشن، خۆیان لە ناخا دۆڕاون، شەڕ بەمن و تۆ دەفرۆشن*..."، خۆ لەبیرتە گەمەم بە ئاییندەی خۆمەوە دەکرد و وەک چۆن تۆ خۆت داوە دەست قەدەر منیش خۆم داوە دەست تۆ، وەکو هیچ نا، تەنها وەکو "ئازیز"ێک بۆ یەکتری.

برادەر گیان، بێ شەرمییەکەت وای لێ کردووم من زمانم نەیەتەگۆ.. بەڵام ئەم جارە چوویتەوە بۆ شار لە گشت ئەم شوێنانە بپرسە، کەسیان، هیچیان تێپەڕ نەکەی لە سەکنی پاسەکان، لە پاسەوانی بەربارەگاو پۆلیسی بەردەرگاکان، لە ماستفرۆش و درۆزەکەرەکان، لە هەموویان، لەپەنجەرەی بینا باڵابەرزەکانی ئەوبەر نیشینگەکامان...بپرسە بزانە من خیانەتم کرد یان خیانەتیان لێکردین.. بەڵام ئەوەش بزانە... ئەم بێوەفایی و دڵڕەقییەت خیانەتێکە لە من، لە خۆت لە ئازارەکانما..

ئەوسا پێمدەوتی تۆ مامۆستای بوارەکانی، ئا.. تۆ مامۆستای، ئێستاش مامۆستای، ئەوجا تۆ مامۆستا بووی بۆ ناسکی و نهێنی بووی بۆ شتە بچوکەکان و ئاواز بووی بۆ گرفتەکان...، ئێستا مامۆستای بۆ بێدەربەستی ژیان و تێنەگەیشتن لە ماناکانی حەقیقەت ولێکنەدانەوەی راستییەکان..ئیتر هەرگیز پێت ناڵێم " أذ ما جلست گویلا أمامی.. کملکە فی عبیر و مرمر...

فلا تحسبی أننی لا أراک.. د عینی أراک کما أتصور....*



“دڵێ”، ڕێگەت پێ نادەم زەنگی مۆبایلەکەی من بەکاربێنیت بۆ مەسجە ترسنۆکەکانی بێشەرمیت، هەرچەندە ناتوانم نکۆڵیی لەو راستییانە بکەم کە تۆ گوڵ بووی، تۆ هاوڕێیەکی باش بووی، تۆ کەسێکی ئارام و نەرم بووی.. تۆ ئەوینێکی نوێ بووی، بەڵام هەموو ئەوڕەفتارانەت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی بوو، ویستت بمکەی بە پرد بۆ پەڕینەوەی هیوایەتە پووچەکانت لە سەرڕییانەکانی قەدەردا.

ئاخر “ڕۆحێ” چۆن توانیت بە من بڵێی “ناتەواو“.. خۆ من هەر ئەو کوڕە بووم کە پێت دەوتم“ تۆ لە خەڵکی ئەم وڵاتە ناکەی، حەیفە تۆ لەناو ئەم ئاژەڵستانەدا دەژیت“، ئەی ئێستا بۆ.. ئەی ئێستا کێ ئاژەڵی ناو ئەم تەویلەی ژیانەیە؟

من بەترس و گومانەوە لە دایک بووم.. بەژان و گومانەوە گەشەم کرد، بە عیشق و گومانەوە ژیانم دەست پێکرد، بە ئەوین و گومانەوە لەگەڵ تۆ هاتمە زمان.

ڕۆژێک هەر دێت،بۆیەکلابوونەوەی گومانەکان و چرۆکردنەوەی ڕاستی، لەژێر گەڵا زیز و وەریوەکانی پایزی درۆ و خیانەتەوە!!!...

برادەر گیان، لەخۆت ناپرسی من خیانەتم لە تۆ کرد، یان تۆ خیانەتت لە ژیان کرد؟ لە خۆت ناپرسی “جەلادێک“ خیانەتی لە من و تۆ و ژیان کرد، خۆ من پێم وتبووی ئەو غیرە دەکات.. ئەو دەیەوێت چیاکان بخاتە نێوانمانەوە.. ئەو حەز دەکات سڵاوەکانمان لەت و پەت بکات.. ئەو ئومێدەوار بوو منو تۆ بمرێنێت وەکو مراندی.. مردنی ئومێدەکانمان، خۆزگەکانمان، مردنی خۆمانە، تۆ بیرت لەوە نەکردەوە من ڕابردووی پڕ دەردەسەری خۆمم بۆ تۆ هێنایەوە بوون.. دەستم کرد بە بنمیچی سندوقە ئەبەدییەکانی دڵمدا و مێشکی خۆم ڕاماڵی و دووبارە بۆ تۆو لەسەرەتاوە بۆ تۆ ژیامەوە؟

نەتزانی.. هەر دەبێت بزانی تۆ بەمنەوە خۆت بووی، من هاتم تۆم گێڕایەوە بۆ ناو حەقیقەت و دەرم کردی لە خەیاڵ و ئەفسانەکان و فێرمکردی ژیان واتە جەنگ، نزار قەبانی ڕاستی وتووە.. جوانی تۆ لەمنە و بەبێ من هیچ نەدەبووی.. “جمالك مني... فلولای لم تك شيئا ولولای



لن توجد.❋“ ناشمەوێت وابزانی ئەو کردارانەی لەگەڵ تۆ کردوومە ئێستا باسی دەکەم و دەمەوێت بیدەمەوە بە چاوتا.. نا، زۆر کەسی دیکەم لە بیبانەکانی جەهالەتەوە هێنایەوە بۆ ناو بەهارەکانی تێگەیشتن و لێبوردنم کرد بە بەریاندا و بە کەسانی پاک و هەستبەرزم ناساندن، بەڵام کەسیش وەکو تۆ نەیکوشتم، نەیسووتانم، نەیتارانم لە ژیان.. چونکە“تۆ درۆت کرد !!؟”

تۆ درۆت کرد لەگەڵ خۆت و خۆت لە راستییەکان و پاکی من گێل کرد، لەبەر ئەوەی نەتدەتوانی بەرگەی تانەی شمشێری پیاوە خوێنمژەکان و چەقە چەقی سۆزانییەکانی شار بگریت.. خۆ من ئەم فیلمانم پێ پیشاندابووی!

ئیتر هەرگیز بیرمەکەرەوە لەو قسانەی کەدەتوت ” تۆ گەورەی.. هێندەی ژیان گەورەی، ئەوەتا ژیانت لەژێر پێنا و هەستت بە لەزەتت لە جوانییەکان نەکرد.. ئاخر کەمم پێوتی ” لا تبحپی عن خلال کتابتی.. شتان مابینی و مابین قصائدی.... أشعلت فی حقب ألنجوم حرائقا و أنا أمامک کالجدار ألبارد.“ ..❋.

ئەمە دوایین چیرۆکی حەسرەتەکانی تەمەنێکی تر و دونیایەکی ترم بوو یاداشتم کرد و هەرگیز بیر لەوە نەکەیتەوە کە شاشەی مۆبایلەکەت بە زەنگی ژمارە ”...٠٧٧٠“ یان بە مەسجێکی شیرین تاڵییەکانی دڵت بشۆمەوە..

ئەمە نە پاکانەیە بۆ ئەو شتانەی تۆ لێکی دەدەیتەوە، نە بۆ ئاشتکردنەوەشمە لەگەڵ تۆدا.. چونکە تۆ نازانی ژیان یانی ”چی“، منیش هاتووم لە ژیان بگەم و بۆ هەمیشە پێنەکەنم، بەختەوەربە ”کەسم“، کامەران بژی وەک چۆن چێژی دەبێت بۆت؟.



# سوپاس بۆ ئەو فرمێسکانەی بۆت ڕشتم

خودا تواناو گەورەیی خۆی لە دڵی بچوکی تۆدا دەرخستووە ..

ئەم نامەیە بۆ ئەو.. "هەرچەندە خۆشی ناوێم، ڕقیشی لێم نییە"، ئەو ئافرەتەی لە دەستووری ژنانەی خۆی لای داوە، ئومێدەوارم یاساکانی عیشقیش بگۆڕێت ..

روحی "سوو سوو"، هەناسەم، ئەی ئەو مرواربییەی لەبنی گۆمە لیڵەکانی تەنهایدا دەتدۆزمەوە و بەرەو کامەرانیم دەبەی، نازانم چ بڕگە و وشەیەک دەوێرن ستایشی هەڵوێستی ژیرانەو بەویقارت بکەن، چ زاتێکە دوای ئەوەی بڕیارت دابوو بۆ ئەبەد، بۆ مردن، بۆ فەوتانم، بۆ مەجنوونبوونم، نەمخەیتەوە ناو مەسجی مۆبایلەکەتەوە و هەرگیز پێم نەڵێی "ناشرین ڕقم لێتە"، دوای ئەو هەموو ئازارەی باوەڕم نەدەکرد بە کۆتا بگەن، پێت وتمەوە"ناشرین"،پێتوتمەوە"ئیتر ئەم شارە چۆڵ مەکە"، وتت"خەفەت مەخۆ ئیدی، با گوڵ لەسەفەر بێتەوە، وامنیش ئاشتبومەوە"، ئەی ماسی دەریای خۆشەویستیم، دەزانی من کوڕی مەرگم و لە دەشتی ئەجەلەوە گەورە بووم و درۆ دەکەم بڵێم جاویدانیم پێ دەبڕێت، گەر تۆ نەبی.

شیرینەکەم.. سوپاس بۆ ئەو فرمێسکانەی بە پەنهانی و بە بێدەنگ بۆ ڕۆحی بریندار و ماندووی منت ڕشت..

لێرەدا دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم : کە ئێستا هەست دەکەم من هاوڕێیەکم هەیە پاکە وەکو ئاوی ئومێدبەخشین، ناسکە وەکو هەنار و گوڵی نێرگز، بێدەنگە وەکوو پێکەنینی پەپوولە، دڵی هێندەی زەنگیانەیەک دەبێت، کەچی دنیایەک خەموخەفەتی تەپوتۆزاوی منی برینداری عیشق و ژیان و ئازادیو ئاسمانێک دڵڕەقی کۆمەڵگەو پڕی هەموو هەورەکانی ئەوین فرمێسکی ئەویندارانەی بێسنوورت هەڵگرتووە.



سەرباری ئەوە بە زەردەخەنەیەکی ماتی من شاگەشکە دەبیت و دڵی منیش وەک سوغمەی هەنارە هەراشەکانی شار شەق دەکەی و بۆ ساتێک دەمبەیتە ناو فەزایەکی سۆفییانەی ڕۆمانسی جیاوازەوە، لە جیهانی خەڵوەتگای عاشقانی ڕووح.

دڵە بچووکەکەت چ سیحرێکی لێ کردووم، ئەم عیشقە پاک و بێگەردەی هاوڕێتیمان بەو هەموو گەورەییەوە هەڵدەگرێت، خودا تواناو گەورەیی خۆی لەدڵی بچوکی تۆدا دەرخستووە .. دڵێکت هەیە ئاڵ وەکو ئەوین .. ڕوویەکت هەیە قەشەنگ وەکو پەلکەزێڕینە .. هەستێکت هەیە سۆزدارە وەکو ژیان.

لێرەوە سوپاسی ئەو هەستەت دەکەم، کەبیستم لەکاتی ئەو ڕووداوەی بەسەرمدا هات کانی چاوەکانت تەقیون و بەهاریان لەوەرزێکی ناوەختدا هێناوە، بۆیە پێتدەڵێم گوڵی منیش لێرەوە چرۆی کرد، ئەشکی منیش پێکێک خەمی رۆژگاریان هەڵگرت و چاوەڕێی دیداری رۆمانسییانەی هاوڕێ ئازیزەکەمم.

ئەمەوێ داوای لێبوردنت لێ بکەم، کە چەند جارێک تێلت کردبوو خۆم نەمتوانی وەڵامت بدەمەوە، بەڕاستی هیلاکی هزر و هۆشی پڕوکاندبووم، ئەوڕووداوەشی هاتە سەر و ئازارەکانی زیدەتر کردم، بەڵام هیوایەکی گەورەم بەخۆم هەیە کەبتوانم لە داهاتوودا ڕۆڵێکی بەردەوام بگێڕم بۆ خزمەتی کارەکەم، دەخوازم تۆش هەمان گوڕوتینت مابێت بۆ خزمەتکردن بە کارەکەمان.

ئێمە دوو گۆشەنیگامان هەیە دەتوانێت ژیان بەرەو ئاسودەیی ببات.

تکا دەکەم، تکاااا.. وەرە بالێکتێگەیشتنەکەی جارانمان، گوێگرتن ولێبوردن ومتمانە و عەشق و ڕاستییەکەی جارانمان هەوێن بێت بۆهاوڕێتیمان، هەرچی بووە، وەلام نا، هەرچی بووە وەلای بنێ.

حەیاتی دڵ، لە کۆتاییدا دەستەکانم شل بوون لە نووسین، چونکە زۆر بێزار وبێتاقەم، خۆت دەزانی من هەمیشە لە زۆربەی خەڵکی ئەم شارە و ئەم کاولییە بێزارم، بەڵام بڵێم چی ئەمە ناتوانم هەموو کاتێک بدرکێنم، چونکە کەرکوکم خۆش دەوێت، کەرکوک تۆی تیا گەورە بووی، تۆ تیایدا



دنیا دەنووسیتەوە.

ناشرین، دڵت لەخۆت دانمێنێ، بەشی تۆشم هەڵگرتووە لەخۆشەویستی پاک ..

ببوورە لێرەدا ڕات دەگرم.. فلاشباگێک بکە وبگەڕێرەوە بۆئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجاریەکمان بینی، بیرێکیش لەئێستا و داهاتوو بکەرەوە ..

دووبارە دەڵێم: بەقوربانی دڵۆپ بەدڵۆپی ئەو فرمێسکە ناسکانەتبم کە بۆت ڕشتووم، ئەو فرمێسکانە بۆ من دەریان، منیش مەلەیان تێدا دەکەم تا دەگەم بە کەناری ئەوین، بە کەناری هاوڕێیەتی.. تکا دەکەم لێم تێبگە من هەر هەمان کەسم، کەناسیوتەو ناخۆشییەکان لەبیر بکە، ئەگینا ژیانڕەش دەبینیت.

کاتێکی شاد، خەوێکی خۆش، شەوێکی پڕ خرۆش، باااای ..



# تۆ ناسکتری لە باڵی پەپولە، مەمبە بۆ دۆزەخ

ئەی پەپولە..

ئەی ئەوین، ئەوەی هەر لە رەنگی کیژۆڵەی حیکایەتی نێو ئایەتەکانی خودا دەکەی، خۆشەویستیت باش، دڵت پێشکەش، گەورەییت پێشکەش..

رەنگە بڵێی شێت بوویتە، یان گرەوێکی دیکەی ئەم ئەوینەم لێ دەبەیتەوە، ئەم گەمە زمانەوانییەم لەگەڵ دەکات.. وانیە؟!

پێم دەڵێی: عەیامێکە بەسەر خاکی ئەم وشانەدا گوزەرم نەکردووە، لەمێژە دڵت بایکۆتی ئێوارە یاقوتییەکانی خەیاڵی لەبیر کردووە..

رەنگە..

ئێستا دوانیوەرۆیەکی گەرم بێت و بەهۆی بێکارەباییەوە خەوت یاخی و ئەم پارچە ئەویننامەیە بخوێنییەوە، لەوانەیشە ئێستا کاتژمێر ١١ی شەوی تێپەڕاندبێت و پاش تەواوکردنی کارەکانت هەوڵ بۆ پشوو بدەی، ئەشێ ئەم نامەیەم کە دەمێکە چاوەڕوانی دەکەیت، وات لێ بکات فرمێسکەکانت برژێن و قیامەت هەستێنی، ئەشێ تەواوی نەکەیت و بیخەیتەوە نێو جانتا بچوکەکت وخۆت بەsmsی تولباڕی تیڤییە لۆکاڵییەکانەوە مژۆڵ بکەی، بزانی کام لە هاوڕێ ناشرینەکانت مەسجت بۆ دەنێرن..هههههه ..

تیتە گیان..

گەلێک سەرقاڵی کارم، دەوامی پەیمانگا و کاری دووەمیشم زۆر ماندووم دەکەن، ئێمە دەبێت ئیش بکەین، بۆ ئەوەی داهاتوو بۆ خۆشەویستی دابین بکەین، دەبێت لەگەڵ ئەم مێشک پوتانەدا، زانایەکی مێشک پوت بین، دەبێت رێوییەکی ماڵی و کەروێشکێکی سرک بین لەپێناو ژیاندا، لەپێناو تۆدا ئەمە دەکەم..



بیرت دەکەم..

تۆ بێویژدانانە ئازاری من دەدەی، تۆ لە خۆشەویستیدا دەمنێژی، بەسەر باڵی پەپوولەدا دەمبەی بۆ جەهەنەمی یادەوەریی چاوەکانت، بۆ زەردەخەنە و دیمانەکانمان، بەردەوام دڵم لەلاتە و تا دووربیت زیاتر هەست بە بوونت دەکەم..

کاتێک بۆ دیدار دانانێیت وتیلێکیش ناکەی، مەگەر دوای تەقینەوەکان مەسجێک بنێری و بڵێی "دڵە ماوی.. نەمری دوای ئەتکوژم".. ئەوە ماوەیەکە وەڵامی مەسجەکانیشم بەکەمی دەدەیتەوە، ئەمە شێتترم دەکات، لەگەڵ هەورەکاندا کۆچم پێ دەناسێنی..

دەمەوێت دەست لە کاری رۆژنامەکەم بکێشمەوە.. بۆ ماوەیەک لەم جەنجاڵییە دوور کەومەوە.. پێدەچێت سەفەری وڵاتێکی عەرەبیم بۆ ساز بدەن، ئەمە ئاسودەم دەکات، هەرچەندە کورتیش بێت، ئیدی نازانم گوڵە هەمیشەیاخییەکەم پێی باشە یان نا.. حەز دەکات ئەم وڵاتە لە تورەکەی سەفەرنێم یان دەڵێت"بڕۆی، دەڕۆم"!!!، هەندێک لەهاوڕێیانم وا دەزانن دەمەوێت لەوێوە بەرەو ئەورپا بڕۆم، بەتایبەت دوای ئەو مەترسییانەی لەسەرم زیادی کردووە، من ئەمە ناکەم، چونکە رۆحم لێرەیە ئەگەر بشمنێژن، تۆیش وا بیر مەکەوە رۆحم..

گوڵی بچوکم..

لێت تێدەگەم، دەزانم تۆ لەسەر هەقی، ئێستا دڵت لەئاوریشم بە بریسکەترە و ناسکترە لە رۆژی قیامەت.. دڵتەنگتری لەو چۆلەکانەی هاوڕێکانیان لە کەنار چۆمەکاندا سوور دەکرێنەوە، بەڵام خۆشەویستریشی ناشرین..

لەبیرم نەکەی.. بیر لە جوانییەکانمان بکەوە، تەنها بۆ ئەوەی عیشق زیندوو بێت، دەبێت منو تۆ هەبین.. لەبیرم نەکەی، خۆشم دەوێی.

کاتێکی خۆش..



# له پەراوێزی شیعردا

**شیعری لاوی عاشق..**

شیعر لە ناخی شاعیردایە، زۆر کەس ناتوانێت پێناسە بۆ شیعر بکات، بەتایبەت لاوان چونکە شیعر لە دڵدایە لە جەستەدایە و هەر شاعیرە و شوناس و ڕیتمی تایبەت بە خۆی هەیە، گەر پێناسەی تەواوی شیعر بکات ئەوا ڕەنگدانەوەی شیعرەکانی خۆی تیا بەدی دەکەین، ئایا شاعیر کە شیعرەکانی کێش و سەروایە یان لە بەحری حوڕدا مەلە دەکات، شیعرەکانی وێنەیی یان مۆسیقین یان گۆرانی یانیش لیریکییە، یان سەر بە چی ڕێبازێکە، (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم) لاوی شاعیرمان کەمە بەڵام بە بڵاوکراوە و نامیلکە و بەناو شاعیر و بەزۆر خۆکردن بە شاعیرمان زۆرن و خاوەن نامیلکەی زۆرمان هەیە، بێ ئەوەی لەمانای شیعر و زمانی شیعری بگات و بەهرەیەکی تیا بێت و مافی شیعریش پێشێل دەکەن، تەنها لەبەر عاشقەکەی بەتایبەت لاوە کوڕەکان لەپڕ شتێک بڵاو دەکاتەوە و ناوی لێ دەنێت شیعر و ناوی خۆیشی بە گەورەیی بە نازناوەکەیەوە نووسیوە، چەند وێنەیەکی گەورەی خۆی و ژمارەی مۆبایل و وێنەی کچێک کە لەبەرگی نەستەلە و یان لە ئینتەرنێتەوە دەری دەهێنن بۆ ئەوەی ڕەواجی کتێبە (١٠٠٠) دیناریییەکەیان زیاتر بکەن، ئەوە نەبێت لاوی شاعیرمان نەبێت، چەندین شاعیری بەتوانامان هەیە وەکو: ڕەنج سەنگاوی و عومەر سەیدە و ئاوێزان نووری و زۆری تریش .. وەزارەتی ڕۆشنبیری بەبێ ئەوەی "شاعیرەکە، نەک شیعرەکە" بخوێنێتەوە، مافی لەچاپدانی دەداتێ و چەند جارێکیش لە چاپی دەداتەوە و ساڵی چەند کتێبێک بڵاو دەکاتەوە، ناوی شیعر و گەنج



و خۆشەویستیش ئەشێوێنن، ئەمە تەنیا لەبەر دڵدارەکەی یان بڵێین فڵان شاعیرە، کاکە تۆ شەخسیاتێکی جیاوازت هەیە لە کۆمەڵگەدا پێویستە هەوڵ بۆ مانەوە و گەشەسەندنەوە بدەیت، یاخود کەسانێکی کەمی دڵسۆزی شیعرمان ماوە کە بەزەیی بە شیعردا بێتەوە و لاوە عاشقەکان وریا کەنەوە و هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە، عیشقیش ئێستا خۆشەویستی نییە، بەڵکو دڵدارییە، بەهۆی نەزانینی بەهاکانی خۆشەویستییەوە لاوی کچ و کوڕی ئەم سەردەمە تووشی دەیان کێشە و ناکۆکی دێن لە ڕێگەی عەشقەکەیەوە بەهۆی لە یەکتێنەگەیشتن و کەمیی ڕۆشنبیریی هەردوو لاوە.

ڕۆژنامەی دەنگ

# ئەلبوومی وێنە

# شەهید سۆران وەک فۆتۆگۆافەر



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی سۆران مامە حەمە




فۆتۆی سۆران مامە حەمە



فۆتۆی سۆران مامە حەمە



فۆتۆی سۆران مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە



فۆتۆی شەهید سۆرانی مامە حەمە

# گەنجی و کاری ڕۆژنامەوانی و هونەریی



شەهید سۆرانی مامە حەمە - لە کاتی نمایشی شانۆیدا



شەهید سۆرانی مامە حەمە لە بارەگای ڕۆژنامە



شەهید سۆرانی مامە حەمە لە کاتی چالاکی شانۆی لە ناو زانکۆی سلێمانی




شەهید سۆرانی مامە حەمە لەبەردەم دیواربەندی هونەرمەندانی کورد، لە کوردستانی رۆژهەڵات



شەهید سۆرانی مامە حەمە ناو قەڵای کەرکوک



شەهید سۆرانی مامە حەمە کاتی نەخۆشکەوتن.



شەهید سۆرانی مامە حەمە- ئێران



شەهید سۆرانی مامە حەمە- ئێران



شەهید سۆران کاتی برینداری



پێناسی ڕۆژنامەنووسی شەهید سۆران بەدەستی خۆیەوە، دوای
تەقینەوەکەی بەردەم کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک.



شەهید سۆران لەگەڵ دوو لە برازاکانی



شەهید سۆران ماوەیەک بەر لە شەهیدبوونی

# لەگەڵ کەسانی دیکە



شەهید سۆران لە نەخۆشخانە، لەگەڵ خاتوو شازادەی دایکی و کاک فەرمان مامە حەمەی برایدا



شەهید سۆران لەگەڵ ئیدریسی حاجی سەعید و لەتیف فاتیح فەرەج



شەهید سۆرانی مامە حەمە و ئارام شوانی



شەهید سۆران کاتی بریندار بوونی لەگەڵ مەریوان و شاهۆ



شەهید سۆران لەگەڵ خزمان
(کارزان نەجم، مەریوان صالّح، سوارەی حاجی ئەحمەد)



شەهید سۆران لەگەڵ شازادە خانی دایکی و
خانمانی خێزانەکەی



شەهید سۆران لەگەڵ مامە حەمەی باوکی و چەند خزمێک




شەهید سۆران لەگەڵ هەندێک لە هاورێکانی پەیمانگا



شەهید سۆران و کاک عومەر سەیدە

# منداڵیی



سۆران مامە حەمە ئەو ماوەیەی یاری تۆپی پێی دەکرد



منداڵیی شەهید سۆران- باخی گشتی - سلێمانی



منداڵیی شەهید سۆران - باخی گشتی - سلێمانی



منداڵیی شەهید سۆران



منداڵیی شەهید سۆران- چەمچەماڵ



پرسەی ژنانی شەهید سۆران لە گەڕەکی (لەتیفاوا/ شۆڕیجە) کەرکووک



پرسەی شەهید سۆران لە مزگەوتی نوور لە گەرەکی شۆرجەی
شاری کەرکوک



ئازیزان، لەسەر گۆڕی شەهید سۆران